شیدان وثیق

# لاییسیتە چییە

ڕەخنەیەک لە سەر تیۆریزەکردنە ئێرانییەکان
سەبارەت بە لاییسیتە و سێکولاریسم




وەرگێڕانی
فازڵ مەحمود وەلی

لائیسیتە چییە
شیدان وثیق
و: فازڵ مەحمود وەلی



کتێبی یانەی قەڵەم

- ناوی کتێب: لاییسیته چییه؟
- بابەت: لێکۆڵینەوەی فیکری
- نووسەر: شیدان وەسیق
- وەرگێڕانی: فازڵ مەحموود وەلی
- نەخشەسازی: یانەی قەڵەم
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپ: چاپی یەکەم (٢٠٠٩).
- چاپخانە: یاد، بازاڕی سۆز–نهۆمی سێیەم
- نرخ: (٣٥٠٠)دینار

ژمارەی سپاردنی (٢٦٢٨)ی وەزارەتی رۆشنبیری بۆ ساڵی ٢٠٠٩دراوەتێ.


# لاییسیته چییه؟

و

## ڕەخنەیەك لە سەر تیۆریزەکردنە ئێرانییەکان سەبارەت بە لاییسیتە و سێکولاریسم


شیدان وەسیق

وەرگێڕانی: فازڵ مەحموود وەلی



سلێمانی ٢٠١٠

لەچاپکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم
زنجیرەی ژمارە (٦١)

سەرپەرشتیاری پرۆژە: جەبار سابیر
جێگری سەرپەرشتیار: ئارام سدیق

ناونیشان: یانەی قەڵەم، سلێمانی، سابونکەران، بینای هەورامان
نهۆمی سێهەم. ژمارەی تەلیفۆن: ٠٧٧٠١٥٧٥٧٢٦
Pin_clap2008@yahoo.com



## پێڕست

بەشی یەکەم:
پێشەکی و پێناسەکردنێکی سەرەتایی و لێکدانەوەی هەڵەکان.......................٩
١.لابیسیتە: وشەیەکی نوێ لە گفتوگۆ سیاسییە ئێرانییەکاندا.......................١٢
٢.لابیسیتە: بەرهەمێکی دروستکراوی فەرەنسا.......................١٥
٣.پێناسەیەك بۆ لابیسیتە و جیابوونەوەی دەوڵەت و ئایین.......................١٩
٤.لێکدانەوە هەڵەکان بۆ لابیسیتە.......................٢٠
٥.هارچەشن سازی لە ڕادەبەدر.......................٢٤
ئەنجامی بەشی یەکەم.......................٢٧
ناوی سەرچاوەکانی بەشی یەکەم.......................٢٨

بەشی دووەم: وشەکان و ڕەگەکان و زەمینەکانی لابیسیتە.......................٢٩
بەسەرهاتی وشەیەك: لە سەرەتادا.....لایۆس بوو!.......................٣١
((لاییك))ی کەنیسە و ((لاییك))ی مۆدێرن:دوو واتا!.......................٣٣
وەرنەگێڕدرانی! ((لاییك)) و ((لابیسیتە)) بۆ زمانەکانی جیهان.......................٣٦
((تاکی لاییك))؟ ((کۆمەڵگای لاییك))؟ نە.....دامەزراوەی لاییك!.......................٤٠
سەرچاوەی یاسا لە ناو کۆمەڵگا خۆیدایە:پێشەنگەکان!.......................٤٢
((مەڵبەندی من پەیوەست نییە بەم جیهانەوە)):دوالیزم!.......................٤٥
شاری ((کافر)) بەرامبەر بە کەنیسەی پیرۆز:کەلەبەر!.......................٤٩
ئەنجامی بەشی دووەم:دوو لۆژیك!.......................٥٤
ناوی سەرچاوەکانی بەشی دووەم.......................٥٨

بەشی سێیەم: بنەما فەلسەفییە-سیاسییەکانی لاییسیتە.................. ٦١
بنەمای فەلسەفەی لاییسیتە: ((پەیمان))........................... ٦٣
هۆبز: ((لاییسیتە)) بە بێ ئازادی........................... ٦٤
لۆك: ((لاییسیتە)) یا بە ڕەوازانینی سنووردار........................... ٧٢
ئیسپینۆزا: لاییسیتەیەکی تەواو........................... ٧٧
ڕۆسۆ: ((لاییسیتە)) یا ((پەیمان)) لە گەڵ ((ئایینی مەدەنی))........................... ٨١
کانت: ((لاییسیتە)) یا دەوڵەتی ((بێ سەرپەرشتیار)) ........................... ٨٦
هیگڵی گەنج: ((لاییسیتە)) یا جیابوونەوەی دەوڵەت ........................... ٩٠
مارکس: ((لاییسیتە)) یا ((هەنگاوێکی گەورە بۆ پێشەوە........................... ١٠١
١.ڕزگاربوونی سیاسی، ڕزگاربوورنی کۆمەلاّیەتی نییە........................... ١٠٢
٢.دەوڵەتی لاییك هەنگاوێکی گەورەیە بۆ پێشەوە........................... ١٠٤
ـــ پێکەوە ژیانی دەوڵەتی لاییك و کۆمەڵگایەکی بە هێزی ئایینی........................... ١٠٦
ـــ هەڵوەشاندنەوەی سیاسی ئایین........................... ١٠٨
ڕزگاربوونی سیاسی هەنگاوێکە بۆ پێشەوە بەلاّم........................... ١٠٩
دەوڵەتی مەسیحی بێ خەوش،دەوڵەتێکی بێ خودا و ........................... ١١٠
ناوی سەرچاوەکانی بەشی سێیەم........................... ١١٢

بەشی چوارەم: لاییسیتە لە فەرەنسا........................... ١١٥
لە شۆڕشی ١٧٨٩ تا یاسای جیابوونەوەی دەوڵەت و........................... ١١٥
١.شۆڕشی ١٧٨٩: دەستپێکی پراکتیکی لاییسیتە........................... ١١٩
٢.لە ڕێکەوتننامەکەی ناپلیۆنەوە (١٨٠١) تا کۆماری سێیەم (١٨٧١)........... ١٢٤
٣.چاکسازییەکانی لاییك لە کۆماری سێیەم دا........................... ١٣١
٤.یاسای ١٩٠٥ یان یاسای جیاکردنەوەی دەوڵەت و کەنیسەکان........................... ١٣٥
مسۆگەرکردن و دابین کردنی ئازادییە مەزهەبییەکان........................... ١٣٥
٥.لاییسیتە لە دەستوورەکانی فەرەنسا........................... ١٣٧



٦.چەند سەرەنجێك سەبارەت بە چارشێوی ئیسلامی لە فەرەنسا........................... ١٣٩
ـــ لاییسیتە ـــ جیابوونەوە........................... ١٤٤
ـــ لاییستە ـــ بێ لایەنی........................... ١٤٥
ـــ لاییسیتەی ڕەواپێدەر و کراوە........................... ١٤٦
سەرچاوەکانی بەشی چوارەم........................... ١٤٨

بەشی پێنجەم:لاییسیتە لە ئەورروپا
لۆژیکی لاییسیزاسیۆن و لۆژیکی سێکولاریزاسیۆن........................... ١٤٩
لاییسیتە و سێکولاریسم:دوو دیاردەو لۆژیکی جیاواز........................... ١٥١
ولاّتە کاتۆلیکەکان ـــ لۆژیکی لاییسیزاسیۆن........................... ١٥٤
ئیسپانیا........................... ١٥٤
ئیتالیا........................... ١٥٧
پورتوگال........................... ١٦٠
بەلژیکا........................... ١٦٢
ولاّتە پرۆتستانتەکان ـــ لۆژیکی سێکولاریزاسیۆن........................... ١٦٦
ئینگلیز........................... ١٦٦
دانیمارك........................... ١٧٠
ئەو ولاّتانەی کە چەند مەزهەبی تێدایە........................... ١٧٤
هۆڵەندا........................... ١٧٤
ئەڵمانیا........................... ١٧٧
ئەو ولاّتانەی کە ڕووبەڕووی مەسەلەی نەتەوایەتی بوونەتەوە........................... ١٨٤
ئێرلەندا........................... ١٨٤
یۆنان........................... ١٨٨
کورتەی سەرچاوەکانی بەشی پێنجەم........................... ١٩٤

بەشی شەشەم: ((لاییسیتە)) و ((سێکولاریسم))

ڕەخنەیەك لە سەر تیۆریزە کردنە ئێرانییەکان......................................١٩٧

برەوی ئەم دوو چەمکە..........................................................................١٩٧

لە شێواوی تیۆری لە ئێران دا تا ((مشتومڕی سێکولاریزاسیۆنا.....................٢٠١

شەش تەوەرە سەرەکییەکەی ڕەخنەگرتن..................................................٢٠٣

١.جیاوازی ((سێکولاریسم)) و ((لاییسیتە))................................................٢٠٩

(موحەممەدی بەرقیعی،موحەممەد ڕەزای نیکفەر سەبیدجەوادی تەباتەبایی)

٢.تێکەڵکردنی ((سێکولاریسم)) و ((عورف)) و ((جیابوونەوەی دەوڵەت و ئایین))..........................................................................................٢٢٠

(موحەممەدی بەرقیعی،عەلی ڕەزا عەلەوی تەبار،عەبدولکەریمی سروش)

٣.تێگەیشتنە یەك لایەنەکان بۆ ((سێکولاریزاسیۆن)).........................٢٢٦

(عەبدولکەریمی سروش سەبیدجەوادی تەباتەبایی،موڕادی فەرهادپور)

٤.لێکدانەوە سادە و دڵخوازەکان بۆ ((سێکولاریسم)) و.........................٢٤٨

(موحەممەد ڕەزای نیکفەر)

٥.تێکەڵکردنی ((سێکولاریسم)) و ((دیموکراتی)) و ((حکومەتی دیموکراتی ئایینی))..........................................................................................٢٥٢

(موستەفای مەلەکیان،عەلی ڕەزای عەلەوی تەبار)

٦.ئەنجام: شاراوەیی دوو لایەنە لە ((سێکولاریزاسیۆن)) و لە تیۆرە ئێرانییەکان..........................................................................................٢٥٧




## بەشی یەکەم
## پێشەکی و پێناسەکردنێکی سەرەتایی و لێکدانەوەی هەڵەکان

لاییسیتە[١] وشەیەکە کە لە دەیەی حەفتای سەدەی بیستەمدا لە فەرەنسا خولقێنراو دوای ئەوە هاتە ناو تێزو گفتوگۆی سیاسی یەوە. لاییسیتە دەستکەوتێکی سیاسییە کە بە پێی ئەمە لە لایەکەوە دەوڵەت[٢] و ناوەندی گشتی[٣] لایەنگری لە هیچ ئایینێك ناکەن و لە لایەکی تریشەوە، ئایین بە بەهرەمەند بوون لە هەموو ئازادییەك لە کۆمەڵگای مەدەنیدا، هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی بە کارناهێنێ.

بەو بزووتنەوەیە کە لاییسیتە و دەوڵەتی لاییك[٤] (نائایینی) بەدی دەهێنێت دەوترێت لاییسیزاسیۆن[٥].لاییسیزاسیۆن لە ولاتانی کاتۆلیکی ڕۆژئاوا بەرامبەر بە کەنیسە سالاری[٦]درووست بوو لە کاتێکدا لە ولاتانی پرۆتستانتی ئەوروپا لاییك، لاییسیتە ولاییسیزاسیۆن نەناسراون.لەم زنجیرە ولاتانە بە پرۆسەی بە دونیایی بوون و گۆڕان و گۆڕانکاری لە دەوڵەت و ئایین دا ـــ ئایینێك کە کەنیسەیەکی دەسەڵاتداری وەك کاتۆلیسیسمی نەبێت - دەوترێت سێکولاریسم.لاییسیتە و سێکولاریسم لە گەڵ هەبوونی لێکچوون لە نێوانیاندا، بەڵام دوو وتەزاو دیاردەی سیاسی - مێژوویی لە یەك جیاوازن. لە هەمان کاتدا لاییسیتە بەشێکە لە ((جیابوونەوەی دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی)) یا (جیابوونەوەی ناوەندی گشتی یە لە ناوەندی تایبەتی) کە ئەمە یەکێك لە بنەماکانی سەردەمی مۆدێرن[٧] پێك دەهێنێت.

---

1.Laïcité 2.Etat 3.sphére publique 4.Laïque Laïc 5.Laïcisation
6.Cléricalisme 7.Modernité

جیاکردنەوەی ئایین و کۆمەڵگای مەدەنی یەکەم مەرجی لاییسیتەیە.لە سەدەی ناوەڕاست و لە سیستمە دیکتاتۆرییەکان،چونکە کۆمەڵگایەکی مەدەنی جیاوازو سەربەخۆ لە دەوڵەت بوونی نییە و یا زۆر لاوازە، بۆیە لاییسیتە بە مانای تەواوی ووشە نەیدەتوانی بە دی بهاتبایەت.لاییسیتە دژە ئایین نییە بەڵکو چالاکییە ئایینییەکان لە هەموو بەشە کۆمەلآیەتی و سیاسییەکاندا مسۆگەر دەکات.ئیمانداران وەك بێ ئیمانان دەتوانن ئەنجوومەن و بزاوت و پارتی سیاسی پێك بهێنن و هەڵبژێرن و هەڵیانبژێرن.سەربەخۆیی دەوڵەت بەرامبەر بە ئایینەکان و ئازادی ئایینەکان لە کۆمەڵگای مەدەنی دا بە دوو مەرجی پەیوەستی لاییسیتە هەژمار دەکرێت.بە بۆچوونی مارکس،جیاکردنەوەی دەوڵەت و ئایین کۆتایی پێهاتنی ئایین نییە بەڵکو پەرەسەندنی ئایینە لە ئاستی کۆمەڵگادا بە چوونە دەرەوەی لە دەسەلآتداری سیاسی دا.لاییسیتە و لاییسیزاسیۆن بە پێی ئەم پێش زەمینانەی وەك چاکسازی ئایین،رۆشنگەری و لیبرالیسم، دیموکراتیسم...و پەرە پێدانی پەیوندییە سەرمایەدارییەکان پێك هاتوون.رادیکالترینیان لە فەرەنسا بە شۆڕشی گەورەی ١٧٨٩و بزووتنەوەی دژ بە کەنیسە سالاری[1] دروست بوو.لە ولآتە ئەورووپاییەکانی تر دەتوانرێ باس لە لاییکێکی سنووردار،ناتەواو یا نیوە لاییك و یا تەنات نەبوونیشی بکرێت.لاییسیتە جیابوونەوەی ئایینە لە دەوڵەت نەك لە سیاسەت، دەوڵەتیش سنوودارنابێت بە حکوومەت یا دەسەلآتی جێبەجێکردنەوە.لاییسیتە ئایدۆلۆجیا،فەلسەفە یا ڕێبازێکی نوێ نییە کە جێگای ئایین بگرێتەوە چونکە لەم کاتەدا دەبێتە ڕەتکەرەوەی خۆی.

1.Anti-cléricalisme



لاییسیتە لە گەڵ ئەوەی کە لە ڕەگی ((لایۆس[1]))ی یۆنانی هاتووە کە بە مانای چین و توێژەکانی خەڵك دێت، بەلآم جیاوازە لە دیموکراسی، کۆماری،عەقڵ گەرایی ومافی مرۆڤ و یا پلورالیسم"ئەگەر چی بوونی ئەم هەموو بنەمایە مەرجی بەدیهاتنی لاییسیتەیە.لاییسیتە وتەزایەکی سۆسیالیستی یا مارکسی نییە ،ئەگەر چی هاوکات سۆسیالیستەکان وەك یەکێك لە بنەماکانی دیموکراسی لە بەرامبەر بە ((بوونی دیموکراسی راستەقینە)) و سیستمی سەرمایەداری،داکۆکییان لێکردووەو دەیکەن.شەڕی ((بوونی سۆسیالیسمی راستەقینە)) لە (شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ تا هەڵوەشانەوەی بلۆکی رۆژهەلآت) و لایەنە هەوادارە چەپەکانی لە رابردوودا لە گەڵ ئایین،لە پێناو بەدیهاتنی لاییسیتەیەکی ڕاستەقینە نەبووە بەڵکو بە مەبەستی دەسەلآتداری دەوڵەتێکی ستەمکار و تاکە حیزبی بووە بە ئایدۆلۆجیایەکی تۆتالیتار لە جێگای ئایین دا.لاییسیتە ریگای خۆی لە گفتوگۆ سیاسییەکانی ئۆپۆزۆسیۆنی ئێرانی بە جێگیر بوونی ئایین سالاری(تیۆکراسی) لە ئێران دا لە دوای شۆرشی کانوونی دووەمی ١٣٥٧دا بە تایبەت لە ماوەی ساڵەکانی رابردوو کردووەتەوە.لە گەڵ ئەوەی کە لە کاتی ئامادەکردنی تیۆری شۆڕشی مەشروتەوە تاوەکو ئەمڕۆ رۆشنبیرانی ((لاییك)) و نوێخوازانی ئایین باسیان لە کۆمەڵگای عورفی وجیاکردنەوەی دەوڵەت و ئایین کردووە بەلآم لە ئێران عورف و عورفییەت وەرگێڕانی هەڵەی فارسی ئەم چەمکەن،بۆیە هاوکات هەروەك ئاسۆیەکی دووری سیاسی و کۆمەلآیەتی چاوەڕوانی لێدەکرێت.دوو لەمپەڕی گەورە لە بەردەم لاییسیتە لە مێژووی هاوچەرخی ولآتی ئێمە دا ،دەوڵەت و ئایینن.

1.Laos

لاییسیته به بێ گۆڕانی بناغەی دەوڵەت و بـە بـێ چاکسازی (ریفـۆرم) لـە ئاییندا دروست نابێت.لە لایەکەوە گۆڕان لە داموودەزگای دەوڵەتێکی بە هێزو کارا کە بووەتە لەمپەڕ بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی مەدەنی ئازاد و سەربەخۆ لـە دەرەوەی دەسەڵاتدارییەتی دا دروست بێت،لە لایەکی ترەوە ریفۆرم و گۆڕانکاری لـە ئـایینی ئیسلامدا،کە بانگەشـەکەری خـستنەگەڕی دەسـەڵاتی سیاسـی یـە.لاییـسیتەیەکی بـەم شـێوازە ئێرانییـە هـەم ڕکەبەرییـە و هـەم گرفـت هێنەریشە.لەم ڕێگـا ئـاڵۆز و ناخۆشـەدا دەبێـت باڵی چـەپی ئۆپۆزسـیۆنی سەربەخۆ و رەخنەگەر و سۆسیالیستی و ئازادی خوازی ئێرانی رۆڵێکی بەرچاو ببینێ، یا دەتوانێ رۆڵێکی بەرچاوی هەبێت. ئێمە ئەم خالانـە لـە بەشـەکانی تردا دەخەینە ژێر باسەوە.ئێستا لەم بەشەی یەکەمدا پێناسـەیەکی سـەرەتایی لە لاییسیتە دەخەینە روو و باسی ئەو لێکدانەوە هەڵانەش دەکـەین کـە بـۆی کراوە.

### ١. لاییسیتە: وشەیەکی نوێ لە گفتوگۆ سیاسییە ئێرانییەکاندا

ئەمڕۆ کەسانی چالاکی سیاسی ئێرانی ــ بە تایبەت لەنێوان کەسانی چەپی دیموکرات و کۆماریخوازـــ دوو ووشەی فەرەنسییان کەوتووەتە سەر زمان کـە ((لاییک[1])) و ((لاییسیتە))یە کە یەك رەگی یۆنانییان هەیە ئەوەش laos واتـە (خـەڵك، یـا چین و توێـژەکانی خـەڵك بەرامبـەر بـە سـەرکردەکان- هۆمیرۆس).(ئێمە لە بەشی دووەمی ئەم باسە باس لە ڕەگ و ڕەوتی پێکهاتنی مێژوویی واتایی لاییك و لاییسیتە دەکەین).

1.Laïque



برەو و پەرەی ئەم دوو چەمکە بیانییە لە گفتوگۆ سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی دەتوانرێ لە راگەیاندنەکانیان وەك ((کۆماری لاییك))،((کۆمـەڵگای لاییك))؟،((تێکۆشان بۆ لاییسیتە لە ئێران)) و ((لاییکـەکانی ئێـران)) و هتد...بە دی بکرێت.لەوەی کە دروست بوونی دەوڵەتێکی ئایینی بۆ یەکـەمین جار لە مێژووی هاوچەرخی ئێران دا ((جیاکردنەوەی دەوڵـەت و ئـایینی)) ی وەك بابەتێکی مێـژوویی و بەرجەسـتە خـستووەتە روو،هـەروەها لـەوەی کـە یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی لاییسیتە ( لە مانای رەسەنیدا) هەر بابەتی جیابوونـەوەی[1] تـەواوی (دامـەزراوەی) دەوڵەتـە[2] لـە دامـەزراوەی ئـایین و (ئایینەکانە)،کەواتە بەکارهێنانی ئـەم وتەزایـە لـە ئـەدەبیات و گفتوگـۆی سیاسی ئۆپۆزسیۆن دا هەنگاوێکی دروستکراو و نابەرجەستە نییە بەڵکو بـە بەراورد لە گەڵ هەلومەرجی مێژوویی ئەمڕۆی ولاتی ئێمەدا،ئافراندنێکە لە جێگای خۆیدا و زۆر سروشتی و بەجێش دەردەکەوێ.بەلام خـستنەگەڕی ئـەم وتەزایە لە هەلومەرجی ئێران دا،وەك بە کارهێنانی هەر وتەزایەکی سیاسی تـر کـە لـە کولتـووره سیاسـییە بیانییـەکان (یۆنانی،رۆمی،ئـەوروپایی) هەڵقوولاوەو هاتوەتەوە ناو رۆژهەلاتەوەو و بەرهـەمی پرۆسـەو پێکهـاتنێکی مێـژوویی دیـاریکراوە بـە هـۆی هەلومـەرجی ئـابووری، کۆمەلایـەتی وسیاسییەوە،بۆیە کێشەو گرفتی نادیاریشی لێدەکەوێتەوە.لە بەرئەوەی کە بە کارهێنـانی چـەمکەکانی لاییـك و لاییـسیتە لـە گفتوگـۆ سیاسـییەکانی ئێرانییەکاندا بە تەواوی شتێکی نوێ یە.

1.séparation 2.Etat

نه پێشەنگەکانی مەشروتە و نە مەشروتە خوازان و نە نەتەوە گەراکان و ریفۆرم خوازانی ئایینی و نە ڕۆشنبیرانی لاییك و چەپ ڕەوەکانی ئێرانیش لە ماوەی سەدەی رابردوودا تاوەکو بەدی هاتنی کۆماری ئیسلامی،هیچ لێدوانێکیان لە بارەی لاییسیتەوە وەك ئەم ناونیشانەی ئێستا نەداوە.هەڵبەت باسیان لە جیاکردنەوەی (عورف لە شەرع) و ((جیاکردنەوەی مەزهەب لە حکومەت)) کردووە.

وەك نموونە دەتوانین ناوی میرزا فەتحعەلی ئاخونزادە بێنین کە لە نووسینەکانی خۆی پێش کەسانی تر باسی جیاکردنەوەی مەزهەب لە سیاسەت و بە عورفی کردنی کۆمەڵگای کردووە.هەڵبەت ئەگەر چی ئەو شارەزایی لە چەمکە سیاسییە بیانییەکان هەبوو،بەڵام نەدەکرا کە لاییسیتە بناسیٚ چونکە بە هەمان شێوە کە دەبیینین ئەم چەمکە لە دەیەی ۱۸۷۰بە دواوە لە گفتوگۆ سیاسییەکان ئەویش لە فەرەنسا باو دەبێت و ئاخونزادەش هەر لەو ساڵانەدا ماڵئاوایی لە جیهان دەکات (۱۸۷۸).بە گشتی دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە بە پێچەوانەی وشەکانی ((دیموکراسی)) (گەل سالاری)، ((دیسپۆتیسم)) (ستەمکاری)،((کۆنستیتۆسیۆن)) (دەستوور)....کە تا رادەیەك لە سەردەمی مەشروتە بە دواوە لە فەرهەنگی سیاسی ئێرانیدا بە کارهاتوون و هاو واتای فارسییان بۆ دانراوە،چەمکی لاییسیتە هیچ کاتێك لە لایەن ئێمەوە بە باشی نەناسراوەو تا ئەم ساڵانەی دواییشەوە نەهاتووەتە ناو وشە سیاسییەکانی ئێرانییەکانەوە.لە ئەنجامدا هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەم وتەزایەو دۆزینەوەی هاو واتەیەك لە زمانی فارسیدا بۆی،ئەرکێکە کە دەکەوێتە سەر ئەستۆی ڕۆشنبیرانی ئەمڕۆ.

جێگای ئاگادارکردنەوەیە کە لە لایەکەوە هەر دوو وشەی ((عورف)) و ((عورفییەت)) بە هەمان شێوە کە باسمان کرد و دواتر شی دەکەینەوە بە هیچ شێوەیەك ناتوانن مانای راستەقینەی لاییسیتە بگوازنەوە،لە لایەکی



تریشەوە لە زمانەکانی تر بۆ نموونە ئەڵمانی کە بۆ دروست کردنی وشەی هاو واتای بیانی زۆر دەوڵەمەندە،دەبینین کە لاییسیتەی فەرەنسی بە هەمان شێوە دەنووسن و بە کاری دەهێنن.بەڵام نائاشنایی ڕۆشنبیران و کەسانی چالاکی سیاسی ئێران لە گەڵ وتەزای لاییسیتە هۆکاری سیاسی و مێژوویی جۆراوجۆری هەیە کە لە جێگای خۆیدا شییان دەکەینەوە.بەڵام دەتوانین هۆکارێکی تر لە تایبەتمەندی و تازە بوونی خودی ئەم وشەیە لە کولتووری سیاسی رۆژئاوا (لە فەرەنسا خۆیشی) بزانین کە بابەتی ئەم باسەی ئێمەیە لەم بەشەدا.

۲.لاییسیتە: بەرهەمێکی دروستکراوی فەرەنسا

لاییسیتە وشەیەکی تاڕادەیەك نویٚ یە کە فەرەنسییەکان دۆزییانەوە.ئەم وشەیە بۆیەکەمین بۆ جار لە ۱۱ ی تشرینی دووەم ۱۸۷۱ واتە (تا رادەیەك شەش مانگ دوای تێکشکانی کۆمۆنی پاریس) لە رۆژنامەیەکی فەرەنسی بە ناوی ((نیشتمان[1])) بە کارهێنرا. (دەبێت دووپاتی کەینەوە کە وشەی لاییك لە زمانی فەرەنسی بە هەمان شێوە کە دەبیینین دوو مانای جیاوازی هەیە و خاوەنی پێشینەیەکی دوورودرێژە).

1.Patrie

رۆژنامەی ناوبراو لە راپۆرتێکدا کە لە وت و وێژەکانی ئەنجوومەنی شار سەبارەت بە ((خوێندنی لاییك)) دەیخاتە ڕوو باس لە دەنگدان دەکات لە بارەی ((لاییسیتە)) لە ((سیستمی خوێندن دا))، ئەندامێکی سۆسیالیستی ئەنجوومەنی شار ئەو رۆژە بۆ یەکەمین جار ناوی لاییسیتەی هێنا.لەم مێژووە بە دواوەیە کە وشەی لاییسیتە دێتە ناو زمانی فەرەنسییەوە بە هەمان شێوە کە دەیبینین سەرەتا لە پەیوەندی بە لاییك کردنی((لاییسیزاسیۆن))ی سیستمی خوێندن واتە سیستمێکی بێ ئایینی یا دەرهێنانی ئەم سیستمە لە ژێر دەسەلاتی کەنیسە دەخرێتە ڕوو.وشەی لاییسیتە لە ساڵی ١٨٧٣دا لە تێزەکانی لاروس و چوار ساڵ دوای ئەوەش بە چەند پێناسەیەکی چوون یەکەوە دێتە ناو فەرهەنگی لیترە[1] .لاییسیتە ئەو شتەیە کە ((خەسڵەتی لاییکی)) هەیە،هەر لەوێشدا لاییك بە ((نا مەزهەبی)) یا ((نا ئایینی)) پێناسە دەکرێ.لە لایەکیشەوە بزووتنەوەیەکی کۆماری خواز لە فەرەنسادا دژ بە کەنیسە سالاری[2] و بۆ جیاکردنەوەی دامەزراوەی دەوڵەت لە دامەزراوەی ئایین (کەنیسەکان) بوونی هەیە.

بزووتنەوەیەك کە لە راستیدا لە شۆرشی گەورەی فەرەنسا (١٧٨٩) بە پێش زەمینەی فەلسەفی، کولتووری، کۆمەلایەتی، سیاسی و ئابوورییەوە دەستپێدەکات.بزووتنەوەی رێنیسانس، ریفۆرماسیۆن و سێکۆلاریسم، بزووتنەوەی رۆشنگەری، دامەزراندنی دەوڵەت ـــ نەتەوەکان و کۆمەڵگا مەدەنییەکان و جیاکردنەوەی ئەم دووانە...

---

1.Littré        2.Cléricalisme



لە دوای هەڵوەشاندنەوەی شێوازە کۆنە سیاسی و ئابوورییەکان و هاتنەکایەوەی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان.... هەموو زەمینە و هەلوو مەرجە پێویست و بە جێکان بۆ لاییسیتە دەستەبەر دەکەن.

لە لایەکی تروە لاییسیتەی فەرەنسی بەرهەمی بزووتنەوەیەکی تایبەتە کە بە تایبەت لەم وڵاتە و بە شێوەیەکی رادیکاڵ و گرژی هێنەر دروست دەبێت: ریفۆرم بۆ خوێندنی خۆڕایی و گشتی. ئەم بزووتنەوەیە بە ئامانجی دروست کردنی ((قوتابخانەیەکی لاییکی کۆماری[1]))، سیستمی خوێندنی فەرەنسای کە تا ئەو کاتە لە ژێر رکێفی سیستمی کەنیسە بوو(هەروەها بۆ مەسەلە کۆمەلایەتییەکانی تر) دەهێنێتە دەرەوە.بەم شێوەیە ((جیاکردنەوەی دەوڵەت و کەنیسە)) و ((قوتابخانەی لاییك))، گشتی(دەوڵەتی) ـــ نا ئایینی،دوو بنەمای سەرەکی لاییسیتەی فەرەنسی پێك دەهێنن.ئەمە لاییسیتەیەك بوو کە لە راستیدا بە یاسای ١٩٠٥ و دەستووری کۆماری پێنجەمی فەرەنسا لە ساڵی ١٩٥٨ دادەمەزرێ و جێگیر دەبێت و دەبێتە دامەزراوە.

یاسای ١٩٠٥: سەبارەت بە ئایینەکان کە بە ((یاسای جیاکردنەوەی دەوڵەت لە کەنیسەکان)) بە ناوبانگە، لە ماددەی ١و٢ دا لە لایەکەوە ئازادی ویژدان و ئازادییە ئایینییەکان و لە لایەکی تروە سەربەخۆیی دەوڵەت بەرامبەر بە کەنیسەکان رادەگەیەنێرێت:

ماددەی ١:کۆماری ئازادی ویژدان مسۆگەردەکات.کۆماری ئازادی لایەنگرانی ئایینەکان لە بە جێ هێنانی ئەرکەکانیان دابین دەکات، بە مەرجێك کە بەرژوەندی و ئاساییشی گشتی ڕەچاو بکەن.

---

1.Ecole laïque de la république

ماددەی ٢:کۆماری هیچ ئایینێك بە فەرمی ناناسێ، مووچەو و یارمەتی هیچ ئایینێك نادات و لە ئەنجامدا لە مێژووی یەکەمی کانوونی دووەمی ١٩٠٦ دا بە بلاوکردنەوەی ئەم یاسایە،تەواوی خەرجییە پەیوەندیدارەکان بە مەسەلەی مەزهەبەوە لە بوجەی دەوڵەت و پارێزگاکان و کۆمۆنەکان لادەبرێن.

لە دەستووری ساڵی ١٩٨٥ دا لاییسیتە بۆ یەکەمین جار و بەناو هێنانی، دەخرێتە روو.دەبێت بڵێین کە لە نێوان تەواوی دەستوورەکان لە جیهان دا تەنیا دەستووری فەرەنسایە کە ئاماژە بە لاییك بوون لە ژێر ئەم ناونیشانە دەکات.

دەستووری فەرەنساءی تشرینی یەکەم ١٩٥٨

ماددەی ٢: فەرەنسا کۆمارێکی دابەش نەبوو،لاییك،دیموکراتی و کۆمەلایەتییە کە یەکسان بوونی هەموو هاوولاتیان لە بەرامبەر بە یاساو گوێ نەدان بە جیاوازی لە سەرچاوەو،نەژاد یا مەزهەبی ئەوان مسۆگەر دەکات و رێز لە هەموو بیروباوەڕەکان دەگرێت.

لە بەشەکانی تری ئەم لێکۆڵینەوەیە،ئەوە شی دەکەینەوە کە چۆن ولاتە جیاوازەکانی جیهان و بە تایبەت ئەوروپاییەکان و لەوانە ولاتە پرۆتستانتەکان کە داموودەزگایەکی دەسەلاتدار و چەق بەستوو و هیرارکییەتی ئایینی وەك کەنیسەی کاتۆلیسمیان نییە،پەیوەندی نێوان دەوڵەت وئایین (کەنیسە)یان لە ڕووی مێژووییەوە چارەسەر کردووەو هەروەها پیشانی دەدەین کە ئەم ولاتانە رێگای جیاوازو جۆراوجۆریان گرتووەتە بەر.بە بۆچوونی زۆر کەس،لاییسیتە لە ڕاستیدا شتێکی شازی فەرەنسییەکانە.ئێستا لەم ولاتەدا،بە سەرنج دانی گۆڕانە کۆمەلایەتی و کولتووری و مەزهەبییەکان و بە سەرنج دانی بوونی ئایینی ئیسلام وەك دووەم ئایینی ولات دوای مەسیحییەت و ئەم مەسەلە سیاسییە ـــ کۆمەلایەتییە



نوێیانەی کە دروست بووە (بۆ نموونە ڕووداوی ((چارشێوی ئیسلامی)) کچانی موسڵمان لە قوتابخانەکان)، لاییستەی ڕووبەڕووی کێشەو گرفتی نوێ کردوەتەوە.هەروەها باس لە لاییسیتەی جۆراوجۆر دەکرێ و داکۆکیەرانی خاوەن تێڕوانینی جۆراوجۆرو جاروباریش جیاوازن.

۳.پێناسەیەك بۆ لاییستە و جیابوونەوەی دەوڵەت و ئایین

لە پێناسەیەکی سەرەتایی و پێشەکیدا دەتوانرێ بوترێ کە لاییسیتە، بە هەمان شێوە کە لە شوێنی لە دایك بوونییەوە پێك هاتووەو پێناسە کراوە،شتێکە کە لە یەکێتی دوو ناوەڕۆکی سیاسی و جیانەکەرەو و پەیوەست بە یەکەوە پێك هاتووە: ١.جیابوونەوەی دەوڵەت ( کە سێ دەسەلاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری لە خۆ دەگرێ) و بەشە گشتییەکانی تری کۆمەلگا لە دامەزراوەی ئایین و کەنیسە و سەربەخۆیی دەوڵەت سەبارەت بە ئایینەکان و سەرچاوە مەزهەبییەکان.

٢. دابین کردن و مسۆگەر کردنی ئازادی لە لایەن دەوڵەتی لاییك بۆ هەموو بیرو باوەڕە مەزهەبی و نامەزهەبییەکان.

ئێستا ئەگەر مانای ئازادی ئایینەکان روون بێت، ئەوا هێشتا مانای جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت ئاشکرا نییە.ئەم کارە لە فەرەنسا بە شێوەی جیاکردنەوەی سەربەخۆیی تەواوی دامەزراوە گشتی یەکان لە دامەزراوە کەنیسە بەدی هات.بەلام دەوڵەت دەتوانێ ئایینی بێت،بە بێ ئەوەی کە داموودەزگایەکی وەك کەنیسەی کاتۆلیکی لە سەر کورسی دەسەلات هەبێت.دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران یەکێکە لە نموونە بەرچاوەکان.جیاکردنەوەی دەوڵەت و ئایین بەم مانایە دێت کە هاوولاتی، واتە هاوولاتی بوون و بەهرەمەند بوون لە مافی هاولاتی بوون" کە ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە مەزهەبی ئەندامانی کۆمەلگاوە نییە.دەوڵەت و دامەزراوە

کۆمەلایەتییەکان سیاسەتەکانی خۆیان بە پێی بنەمای ئایین،لە ڕووناکایی ئایین و یا بە گونجاندن لە گەڵ بنەماکانی ئایین پێك ناهێنن.سەرەنجام دەوڵەت و دامەزراوە گشتی یەکان بۆ دیاریکردنی ماف و ئازادی هاوولاتیان، بیروباوەڕە مەزهەبییەکانی ئەوان بە هیچ شێوەیەك بە پێوەری خۆیان نازانن. بەلام بۆ خستنەڕووی پێناسەیەکی تێروتەسەل لە لاییسیتە دەبێت پێش هەموو شتێك رەخنە لەو شتە بگیرێ کە لاییسیتە نییە و یا مایەی لادانییەتی،واتە بە رەتکردنەوەی ئەو لێکدانەوە نارەواو، هاوتاکردنە گومراکرانە کە بۆی کراوە.

## ٤.لێکدانەوە هەڵەکان بۆ لاییسیتە

لاییسیتە دژە مەزهەب نییە، چونکە کاری بە سەر ئایینەوە نییە، بەڵکو تەنیا دەیەوێت کاروباری دەوڵەت لە کاروباری ئایین جیابکاتەوە.

هەڵبەت لەوانەیە ئەم جیاکردنەوەیە شەڕ و کێشەی تێبکەوێ،بە هەمان شێوە کە لە فەرەنساش ڕوویدا.بەلام لاییسیتە بە پێی بنەماکانی خۆی،مسۆگەر کەری ئازادییەکی تەواوە بۆ چالاکییە ئایینییەکان لە کۆمەڵگادا.نا ئایینی کردنی دەوڵەت و دابین کردنی ئازادی ئایینەکان،بە دوو ڕووی لاییسیتە هەژمار دەکرێت.لاییسیتە، لە هەمان کاتدا، مشتوو مڕێکە.بەلام دژ بە ئایین مشتوومڕ ناکات،بەڵکو مشتوومڕ دەکات بۆ پاراستنی خەسڵەتی نا ئایینی دەوڵەت و ڕێگرە لە گەڕانەوەی ئایین بۆ دەسەڵاتی سیاسی.لاییسیتە جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت نییە و نایەوێ ئایین بگۆڕدرێ بۆ فەرمانێکی تاکەکەسی.لێرەدا هاوکات هەڵەیەك دروست دەبێت.لەوەی کە لاییسیتە، ئایین لە ((ناوەندی گشتی)) واتە (دەوڵەت و دامەزراوە گشتی یەکان) دەگوازێتەوە بۆ ((ناوەندی تایبەتی))، هەندێ کەس وا دەگەنە ئەنجام کە ئایین تایبەتی یا تاکە کەسییە و نابێت دەست لە سیاسەت وەربدات.



هەڵەشەی زەینی لەوێدایە کە زۆرێك ((ناوەندی تایبەتی)) لە گەڵ ((فەرمانی تاکەکەسی و تایبەتی)) تێکەڵ دەکەن و لە ئەنجامدا باس لە جیاکردنەوەی ئایین و سیاسەت (نەك ئایین و دەوڵەت) دەکەن.دەبێت بە ڕاشکاوی بڵێم کە ((کەرتی تایبەتی)) لە ڕۆژئاوا و لە کولتووری سیاسی ڕۆژئاوایی دا لە مانایەکی یاساییدا باس دەکرێ کە ئەویش کۆمەڵگای مەدەنییە لە سەربەخۆییدا بەرامبەر بە دامەزراوەی دەوڵەت.کۆمەڵگای مەدەنی لە تەواوی بەشەکانی،بۆ نموونە چالاکی ئایینەکان،نە تەنیا کاری بە سیاسەتەوە هەیە بەڵکو زۆر چالاکانەش دەست تێوەردانی تێدەکات.

بە پێچەوانەی هیگڵەوە کە کۆمەڵگای مەدەنی بە بەرەنجامی دەوڵەتەوە دەزانی و لە ئاکامدا دەکەوتە پیرۆز کردنی دەوڵەت،لێرەدا بیروڕای مارکس تەواوە کە دەوڵەتی بە بەرهەمی کۆمەڵگای مەدەنی دەزانی و لە ئەنجامدا بانگهێشتی بۆ توانەوەو هەڵوەشاندنەوەی دەکرد.مارکس پێش سی ساڵ لەوەی کە وتەزای لاییسیتە بخرێتە ڕوو،لە ساڵی ١٨٤٣ دا لە ڕەخنەی بۆ برونۆ بائۆ و بە پێچەوانەوەی ئەوەوە کە ((جیابوونەوەی ئایین و دەوڵەتی)) بە کۆتایی هاتنی ئایین دەزانی، پێی وابوو کە بەم جیاکردنەوەیە،ئایین تەنیا لە بواری دەسەڵاتی سیاسییەوە کەنار دەگرێت بەلام لە پانتاییە بەرفراوانەکەی کۆمەڵگای مەدەنیدا ئامادەبوون و چالاکی خۆی بەردەوامی پێدەدات و تازە لێرەو لەم کاتەیە کە ئیشی سەرەکی و ڕاستەقینەی ئایین دەستپێدەکات.کەواتە لاییسیتە ئایین تەنیا لە دەسەڵاتی سیاسی دووردەخاتەوە،بەلام ئیمانداران لە دەست تێوەردان لە سیاسەت لە گەڵ هەر ئیمان و بیرو ڕایەکیان ئازاد دەکات. ئەمان ئازادن کە هەر وەك هاوولاتیانی تر لە گەڵ هەر فەلسەفە و ئیمان و ڕێبازێکیاندا،بەشداری بکەن لە دروستکردنی ئەنجوومەن و حیزبی سیاسی و لە ژیانی دیموکراتیدا و لە هەموو ئاستەکانیدا بەشدار بن لە هەڵبژاردن و هەڵبژێردرانیان.

لاییسیته و سێکولاریسم وەك یەك نین.چونکە وەرگێڕانی دوو لۆژیکی جیاوازن لە مێژووی رۆژئاوادا.من ئەم بابەتە لە بەشەکانی تردا شی دەکەمەوە.بەلام لێرەدا جارێ هەر یەك پێناسەی گشتی لە لاییسیزاسیۆن و سێکولاریسم بە لایەنە جیاوازەکانیانەوە دەخەینە روو. لۆژیکی لاییسیزاسیۆن بەهەمان شێوە کە وتم تایبەتمەندییەکی وڵاتە کاتۆلیکەکانە.ئەو جێگایەی کە داموودەزگای بە هێزو چەق بەستووی هیارکیبیەتی کەنیسەی کاتۆلیك خۆیان لە بەڕێوەبردن و رێبەرایەتی ژیانی کۆمەڵایەتی،بە خاوەن پەیام دەزانن.لە ئەنجامدا وەك هێزێکی بەرەنگاری کەری دەوڵەت،بەرامبەری دەوەستنەوە.ئیتر لێرەدا دەوڵەت و کەرتی گشتی بۆ رزگاردنی خۆیان لە دەسەڵاتی کەنیسە یەکدەگرن و شەڕ دەکەن دژ بە کەنیسە سالاری و دەسەڵاتی سیاسی لە چنگی کەنیسە دەردەهێنن و ناوەندی کاری کەنیسە لە دەسەڵاتداریەتی سیاسییەوە دەگوازنەوە بۆ کۆمەڵگای مەدەنی.بەلاّم لە لۆژیکی سێکۆلاریزاسیۆن، ئێمە رووبەڕووی گۆڕانی هاوکات و بەرەبەرەی دەوڵەت و ئایین و بەشە چالاکە جیاوازەکانی کۆمەڵگا دەبینەوە.ئەمە لۆژیکێکی تایبە بە وڵاتە پرۆتستانتەکانەوە.لەوێ کە کەنیسەی پرۆتستانت،بە پێچەوانەوەی کەنیسەی کاتۆلیکەوە،نە تەنیا وەك هێزێکی بەرهەڵستکاری دەوڵەت خۆی دەرناخات بەڵکو دامەزراوەیەکە لە دەوڵەت و تا ڕادەیەکیش ملکەچی دەسەلاّتی سیاسییە.کەواتە لێرەدا، پرۆسەی بە دونیایی بوونی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بەرە بەرە و لە سەرخۆ و بە بێ ڕووبەڕوو بوونەوەی دەوڵەت لە گەڵ کەنیسەدا دەستەبەر دەبێت.لاییسیتە تەنیا جیابوونەوەی ئایین نییە لە حکوومەت،جیاکردنەوەیەکی سادەی نێوان کاروباری دونیایی و رۆحی نییە.لاییسیتە هەوڵ دەدا کە لە نێوان دەسەلاّتی سیاسی و ئایینی جیاکردنەوەیەکی راستەقینە دروست ببێت، کە دامەزراوە گشتی یەکان (دەوڵەتی) خەسڵەتی ئایینیان نەبێت واتە سیاسەت و کرداریان لە هەر چەشنە گەڕانەوەیەك بۆ ئایین و مەزهەبێکی دیاریکراو بێ بەری بێت.هەندێ



کەس حکوومەت لە باتی دەوڵەت یا بە پێچەوانەوە دەزانن و لە ئەنجامدا باس لە جیاکردنەوەی ئایین وحکوومەت دەکەن.لە کاتێکدا حکوومەت[1] یا دەسەلاّتی جێبەجێکردن بەشێك لە دەوڵەت[2] پێك دەهێنێ و تەواوی دەوڵەت نییە.

کەرتی گشتی پێك دێت لە دەوڵەت و دامەزراوە گشتی یەکان وەك نەخۆشخانەکان و قوتابخانەکان و دامەزراوە دەوڵەتییەکان، دەوڵەتیش سنووردار ناکرێت بە دەسەلاّتی جێبەجێکردنەوە و دەسەلاّتی یاسادانان و دامەزراوە دەوڵەتییەکانی تریش دەکەونە ژێر دەسەلاّتدارییەتی[3] گشتی یەوە.جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت لە لاییسیتە دا دەبێت لە ڕەگ و ڕیشەوە بێت.ئەمە بەو مانایەیە کە لە یەك لاوە،دەوڵەت هیچ ئایینێك بە فەرمی ناناسێ واتە لە دەستووردا هیچ ئایینێك ئەگەر ئایینی زۆرینەش بێت،وەك ئایینێکی فەرمی لێی ناڕوانێ و دانی پێدا نانێت"لە لایەکی ترەوە ئایینەکان بەهرەمەندن لە چالاکی ئازادانەو و دەوڵەتیش هیچ کۆنترۆڵێکی لە سەریان نییە.هەم دەوڵەت بە تەواوی سەربەخۆیە لە ئایین و هەم ئایینیش لە دەوڵەت.لاییسیتە ئایدۆلۆجیا نییە.کەسانێك لە لاییسیتە ئایدۆلۆجیایەك بە پێی بنەمای عەقڵ و زانست و پێشکەوتن.....دروست دەکەن لە کاتێکدا وا نییە.لاییسیتە فەلسەفە و ڕێبازێکی نوێ نییە کە بیەوێ بە لابردنی ئایین جێگای بگرێتەوە.لاییسیتە جیهان بینی و مەزهەب و یا ئیمانێکی نوێ نییە. پیرۆز نییە بەڵکو دژە پیرۆزییە.لەم ڕووەوەیە کە کەسانێك باس لە چاکسازی لاییسیتە دەکەن لە ئەگەری لادانی و گۆڕانی بۆ ئایدۆلۆجیا یا ئایینێکی نوێ لە ((لاییسیزە کردنی لاییستە)) یا ((لاییسیتەی بێ ئایدۆلۆجیا)) دەکەن کە لە حەقیقەتدا پارادۆکسێك زیاتر هیچ نییە.

1.gouvernement 2.Etat 3.souveraineté

لاییسیتە لە مانای رەسەنیدا ئایدۆلۆجیایەکی سیاسی - کۆمەلآیەتی رێنوێنی کەرنەبووە بەلکو تەنیا تێروانینێکی سیاسییە لە سەرجیاکردنەوەی ئایین و دەولەت (دەسەلآتی سیاسی) نە هیچی تر. لاییسیتە وەك وتەزایەکی رەتکەروە نەك سەلماندن، ناتوانێ بچێتە چوارچێوەی فەلسەفەیەکی سیاسی و کۆمەلآیەتییەوە و یا ڕۆلی پرۆژەیەکی سیاسی ببێنێ، چونکە لەم کاتەدا شوناس و تایبەتمەندی خۆی لە دەست دەدات. لاییسیتە بە مانای دەولەتێکی بێ ئایدۆلۆجیا نییە.کەسانێك دەولەتی لاییك بە دەولەتێکی بێ ئایدۆلۆجیا دەزانن و لە ئەنجامدا بابەتی ((جیاکردنەوە)) لە لاییسیتەیان،جگە لە ئایین،بە ئایدۆلۆجیاکان دەبەستنەوە.بەلآم راستییەکەی ئەوەیە ئەگەردەولەت لاییکیش بێت ئەوا هەر خاوەن بیرو ڕایەکە و لە ئەنجامدا ناتوانێ کاریگەری ئایدۆلۆجیاکانی لە سەر نەبێت.ئایا دەولەتە لاییکەکانی ئێستا لە ڕۆژئاوا لیبرالّی نین؟ ئایا لیبرالّیسم یا ئۆکۆنۆمیسم و یا ناسیۆنالیسم شێوازێك لە ئایدۆلۆجیا نین؟ دووپاتی دەکەینەوە کە بابەتی لاییسیتە چ لە پێکهاتنە مێژووییەکەیدا و چ ئەمڕۆ لە گەلّ ئەو پرسیارە تازانەی کە ڕووبەرووی دەکرێتەوە،هاوکات بریتی بووە لە جیاکردنەوەی دەسەلآتی سیاسی لە ئایین و نە شتی تر وەك ئایدۆلۆجیا و .... هتد.

**٥. هاوچەشن سازی لە ڕادەبەر**

وتمان کە لاییسیتە وتەزایەکی رەتکەروە یا (رەتکەرەوەی ئایین سالارییە) نەك پۆسۆتیڤ بێت و بیەوێ بەهایەکی ئەرێ بۆ ئایین سالاری دەستەبەر بکات،هەروەها بە تەنیا شتێك دروست ناکات و بەهایەکی پۆسۆتیڤ ناخولقێنێ.لەم لایەنەوە کەسانێك هەولّ دەدن کە چەند بەهایەکی پۆسۆتیڤ و بەجێ بۆ لاییسیتە بخولقێنن و ئەم وتەزایە لە گەلّ چەند چەمکێکدا هاو واتا و یەکسان بکەن کە هیچ پەیوەندییەکیان بەم دیاردەیەوە نییە.لە ئەنجامدا چەند پێناسەیەکی سادە لە لاییسیتە دەخەنە روو بە شێوەیەك کە ئەم وتەزایە



بەرە بەرە مانای خۆی لە دەست دەدات و دەگۆردرێت بۆ شتێکی تر. ئاوەهایە کە لاییسیتە لە گەلّ دیموکراسی، کۆماری، عەقلّی رەخنەگرانە، مافی مرۆڤ، پلورالّیسم و یا ئازادی ویژدان یەکسان دەکرێت.لە کۆتاییدا لە ڕووناکایی ئەم هاوچەشن سازییە لە ڕادەبەدەرە،لاییسیتە دەبێتە شتێکی هەڕەمەکی و شێواو کە هیچ لێکچوونێکی لە گەلّ ئەوەی کە لە ڕاستیدا وایە نامێنێت.

لاییسیتە یەکسان نییە لە گەلّ دیموکراسی،کەسانێك هەولّ دەدەن لەو مانا هاوبەشەی کە لە ڕەگی هەر دوو وشەی لاییسیتە و دیموکراسی دا هەیە (لایۆس لە لاییسیتە و دیمۆس لە دیموکراسی کە هەر دوو لە زمانی یۆنانی بە مانای ((خەلّك)) دێت)، لاییك بە (خەلّك) و بیروڕای لاییکی بە بیروڕای خەلّکی و لاییسیتە لە گەلّ دیموکراسی بە یەکسان بزانن. بەلآم ئەگەر چی لە نێوان لاییسیتە و دیموکراسی نزیك بوونێك هەیە ،بەلآم پەیوەندییەکی راستەوخۆ و ڕەها لە نێوانیاندا بوونی نییە.

یەکێکیان چاودێرە لە سەر((جیاکردنەوەی ئایین و دەولّەت)) و ئەوی تریان لە سەر ((حکوومەتی خەلّکی)). لە لایەکی تروە لاییسیتە بە بێ دیموکراسیش بەدی دێت. بەهەمان شێوە کە لە ڕژێمە تۆتالیتار یا دیکتاتۆرییەکانی هاوشێوەی سۆڤیێتی جاران، مەکزیك و یا تورکیا بینیومانە و دەیبینین.(لە بەشی پێنجەمی ئم کتێبە لێکۆلّینەوەیەك لە سەر بارودۆخی لاییسیتە لە ولآتە جیاوازەکانی ئەوروپا دەکەین). لاییسیتە لە گەلّ سیستەمی کۆماریدا یەکسان نییە.کەسانێك بە پێی ئەزمونی فەرەنسا و ئەم ڕاستییە مێژووییەی کە پێکهاتنی لاییسیتە لەم ولآتە بە گەشەو پێکهاتنی کۆماری تێکەلّ کراوە،پێیان وایە کە لاییسیتە و کۆماری پەیوەندییەکی بنەمادار و جیانەکەروە لە نێوانیاندا هەیە.

هەلّبەت ئەمە ڕاستە کە دەولّەتێکی کۆماری تەواو،دەولّەتێکە کە بە تەواوی سەربەخۆ و جیا بێت لە هەر ئاینێك.بەلآم هەر لە فەرەنسا خۆیدا کۆماری

پێش لە لاییسیتە دروست بووە،بەڵام لە وڵاتانی وەك ئەڵمانیا،کۆماری بە بێ لاییك (لە مانای ڕاستەقینەی دا) بەردەوامە لە سەر ژیانی خۆی.کەواتە لاییسیتە جیاوازە لە گەڵ کۆماریدا لە گەڵ ئەوەی کە بە مەرجێکی پێویست بۆ بەدی هاتنی هەژمار دەکرێت.

لاییسیتە یەکسان نییە لە گەڵ عەقڵ گەرایی، کەسانێك لاییسیتە بە عەقڵ گەراییەکی ڕەخنەگرانە[1] بەرامبەر بە دۆگماخوازی ئایینی بە یەکسان دەزانن.

لاییسیتە بە لای ئەمانەوە دەبێتە بیرۆکەیەکی ڕەخنەگرانە، دەبێتە ڕەتکەرەوەی حەقیقەتی ڕەها،دەبێتە تیۆری چەند لایەنەو ئاڵوگۆڕکاری بیروڕای گشتی،دەبێتە پرسیارکەرێکی بەردەوام.بەڵام لە گەڵ ئەوەی کە تەواوی ئەم بنەمایانە و شێوازە سیاسی و تێفکرینانە سەرنج ڕاکێش و دروستن،بەڵام بە دانە پاڵی ئەمانە وەك لاییسیتە،پێناسەیەکی وا بەرفراوانی لێوە بەدەستەوە دەدەین تا جێگایەك کە ئەم وتەزایە مانای تایبەتی خۆی لە دەست دەدا و دەگۆڕدرێ بۆ شتێکی تر.لاییسیتە یەکسان نییە بە مافی مرۆڤ.هەڵەیەکی تر ئەمەیە کە بابەتی لاییسیتە لە گەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ یەکسان دەکەن،لە ئەنجامدا باس لە ((شەڕی لاییك لە پێناو مافی مرۆڤ)) یا ((مسۆگەرکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن لاییسیتەوە)) یان باس لە ((شەڕی لاییسیتە بۆ بەدی هاتنی یەکسانی نێوان ژن و مێرد))..... دەکەن. هەڵبەت ئەمە ڕاستە کە یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی لاییسیتە، واتە ئازادی ئایینەکان لە گەڵ ١٨ جاڕنامەکەی جیهانی مافی مرۆڤ (١٠ی کانوونی یەکەم ١٩٤٨) دا سەبارەت بە ئازادی بیروباوەڕ و ویژدان و ئایین و....... یەکدەگرێتەوە.

1.rationalité critique



بەڵام نابێت بۆ لاییسیتە پەیام وبنەمایەك دیاری بکرێت کە لە توانا و هۆشیارییەوە بەدەر بێت.لەم کاتەدایە کە تایبەتمەندی خۆی بە ئاوێتەبوون ولێکدانی لە پانتاییەکی بەرفراوان وسادە لە دەست دەدات.

لاییسیتە یەکسان نییە لە گەڵ پلوراڵیسم دا.سەرەنجام لاییسیتە لە گەڵ پلوراڵیسم و ڕەوادارییەتی[1] ئاوێتە دەکەن.

لێرەشدا بەشێك لەحەقیقەت شاراوەیە چونکە لاییسیتە شیاوترین شێوازی سیاسییە بۆ بەدیهاتنی پلوراڵیسمی ئایینی (مسۆگەر کردنی ئازادی ئایینیەکان) و بە ڕەوازانین(پێکەوە ژیان وگفتوگۆی ئازادانەی بیروباوەڕەکان) ،بەڵام لێرەشدا نابێت وتەزا جۆراوجۆرەکان ئاوێتە بکرێن و لاییسیتەش لە گەڵ دەرەنجامە گریمانەییەکانی بە یەکسان بزانرێت. پلوراڵیسم و لاییسیتە دەتوانن بە بێ یەك بوونیان هەبێت.

### ئەنجامی بەشی یەکەم

لەوەی کە لەم بەشەدا نووسیمان دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لاییسیتە وتەزایەکی تاڕادەیەك نوێ یە کە لە بارەیەوە چەندین پێناسە و شیکردنەوەی جیاواز و جاروباریش دژ بەیەکیان خستووەتە ڕوو.بە شێوەیەك کە دیاریکردنی ئەو شتەی کە لاییسیتە نییە بە رواڵەت ئاسان تر دێتە پێش چاو.لە بەر ئەوە لە بەشی دووەم ڕەگ و زەمینەکان و بنەما مێژووییەکانی لاییسیتە دەخوێنینەوە.هەز لەوێدا دوو پرۆسەی لاییسیزاسیۆن لە وڵاتە کاتۆلیکەکان و سێکولاریزاسیۆن لە وڵاتە پرۆتستانتەکان و جیاوازی و لێکچوونیشیان شی دەکەینەوە و پێناسەیەکی بەرفراوانتریش لە وتەزاکانی لاییك و لاییسیتە و لاییسیزاسیۆن دەخەینە ڕوو.

1.Tolérance

## سەرچاوەکانی بەشی یەکەم


1.La Laïcité, Maurice Barbier, Ed. L Harmattan
2.Esquisse d úne théorie de laïcité, Maurice Barbier. Le Débat No 77.1993
3.Entre laïcisation et secularization, FranÇoise Champion, Le Débat No 77,1193
4.La laïcité FranÇaise. Jean Boussinesq, Edition du seuil
5.Les trios âges de la laïcité, Jacquline Costa-Lascoux, Hachetee
6.La laïcité, Guy Haarscher, Que sais-je?
7.La question juive, Bruno Bauer, Traduction Jean-Marie Caillé
8.La question juive, Karl Marx, [Euvres tome III Philosophie]
9.Genése et enjeux de laïcité, Genéve, Labor et fides, 1990
10.La religion dans la démocratie, Marcel Gauchet, Gallimard.
11.La laïcité en miroir, Guy Gauthier, Edilig
١٢.بیرۆکەکانی میرزا فەتحعەلی ئاخونزادە"بیرۆکەکانی تالبوف و ئایدۆلجیای بزاوتی مەشروتە،نووسینی فەرەیدونی ئادمییەت.




بەشی دووەم

# وشەکان و ڕەگەکان و زەمینەکانی لاییسیتە

لە بەشی یەکەم ئەوەمان خستە ڕوو کە لاییسیتە،وەك چەمکێکی سیاسی لەم سەردەمە لە گەڵ ((مۆدێرنە)) دا دەردەکەوێ.هەر لەوێ دوای ڕەخنە و ڕەتکردنەوەی لێکدانەوە هەڵەکان بۆ لاییسیتە،هەوڵمان دا بەوەرگرتنی ئەو مانایەی کە ئەم وتەزایە لە شوێنی لە دایك بوونییەوە واتە فەرەنسا دەستی کەوتووە،پێناسەیەکی تێروتەسەل و تا رادەیەك ڕوونی لێ بخەینە ڕوو.وتمان کە لاییسیتە مەزهەبێکی نوێ نییە،دۆگما نییە ، ئیمانێکی نوێ نییە بەرامبەر بە ئیمانەکانی تر. وتمان لاییسیتە ئەو تێڕوانینە سیاسییەیە کە لە یەك لاوە ڕێگە دەدا دەوڵەت و ئایین لە یەك جیا بن لە لایەکی ترەوە ڕێگا دەدا بە ئازادی ئایین و مەزهەبەکان.

بە ڕاشکاوی ئاماژەمان پێدا کە بابەتی ((لاییك))،((لاییسیتە)) و ((لاییسیزاسیۆن)) بە مانای ((رزگاربوونی[1])) دەوڵەت و کەرتی گشتی یە لە سەرپەرشتی و مەرجەعییەتی ئایین.ئایینێك کە هەر لەو کاتەدا هەر وەك هەر بیروباوەڕو و ڕێبازێك لە کۆمەڵگای مەدەنیدا،لە ئازادییەکی تەواو بۆ سەلماندنی خۆی و چالاکییەکانی بەهرەمەندە.پێداگریمان لە سەر ئەوە کرد کە مەرجی سەرەکی و پێویستی لاییسیتە جیاکردنەوەی کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەتە،هەربۆیە ناتوانین لە کۆمەڵگایەکدا باس لە لاییسیتە بکەین کە تیایدا ئەم جیاکردنەوەیە هێشتا بەدی نەهاتبێت.

1.émancipation

هەروەها ئاماژەمان پێدا کە چوونە دەرەوە لە ئایین سالاری[1] لە ڕۆژئاوا چوون یەك و یەکسان نەبووە.هەروەها باسی جیاوازی نێوان ((لاییسیزاسیۆن و سێکولاریزاسیۆن)) مان بە بێ ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر کرد.وتمان لاییسیزاسیۆن ((جیابوونەوەیەکی)) تەواوی لە ڕەگ و ڕیشەی دەوڵەتە لە ئایین بە شێوەیەکی سەرەکی لە وڵاتە کاتۆلیکەکاندا. ئەو جێگایەی کە داموودەزگایەکی چەق بەستوو وهیرارکییەتی و بە هێزی کەنیسە،دەسەڵاتێکی تەواوی هەبووە.سێکۆلاریزاسیۆن مان بە ((گۆڕانێکی[2])) بەرە بەرە لە گەڵ ئایین و کەنیسە و دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگا ناسییەوە،واتە ئەو جێگایەی کە بزووتنەوەی چاکسازی (ئایین) دەبێتە هۆی کەرت بوونی کەنیسەی پاپا و پرۆتستانتیسم.لاییسیتە ئەگەر چی دیاردەیەکی سەردەمی نوێ یە، بەڵام وەك پرۆسەیەکی ڕەتکەرەوەی مەرجەعییەتی ئایین و کەنیسە لە بەڕێوەبردنی کاروباری شاردا،پێشینەیەکی کۆن و مێژوویی هەیە.

بابەتی ئەم باسەی ئێمە لەم بەشەدا دۆزینەوەی بنەڕەتی واتایی ووشەکانی لاییك و لاییسیتەیە،هەروەها تێڕامانە بۆ زەمینە مێژووییەکانی چوونە دەروە لە ئایین سالاری لە ڕۆژئاوا لە سەردەمی پۆلیس (دەوڵەتی شار) لە یۆنان دا،هەروەها ئەو دوالیزمە بنەڕەتییە لە مەسیحییەت و پێکهێنانی شارە سەربەخۆکان لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاست و سەرەنجام هەڵسەنگاندنی ((دوو لۆژیکی)) لاییسیزاسیۆن و سێکۆلاریزاسیۆن.

1.cléricalisme 2.mutation



بەسەر هاتی وشەیەك: لە سەرەتادا........ لایۆس بوو!

لەوانەیە بتوانرێ مێژووی لە دایك بوونی لاییستە لە ڕوانگەی فەرهەنگ نووسی و لایەنی واتاییدا بەم شێوەیە دیاری بکرێ: سەرەتا.....لایۆس بوو. سەرچاوەی لاییسیتە دەگەڕێتەوە بۆ ووشەی ((لایکۆس[1])) کە ئەمە خۆیشی لە ((لایۆس[2]))ی یۆنانییەوە داتاشراوە. بە لای هۆمیرۆسەوە، لایۆس ناوێك بوو کە لە ((سەربازانی)) ئاسایی دەنرا بەرامبەر بە سەرۆك و سەرکردەکانی سوپا.دواتر بە دامەزراندن و پێکەوەنانی ((شار))ی یۆنانی (پۆلیس)،لایۆس مانای ((خەڵکی))، ((ئەندامانی شار))،((خەڵکانی شار))،((هاووڵاتیان)) و یا ((پیاوانی ئەنجوومەنی شار)) لە خۆ دەگرێ.لایۆس و دیمۆس دوو ووشەی یۆنانین کە بە کار دێن بۆ ناولێنانی یەك شت ئەویش ((خەڵك)) ییە.

((خەڵك)) بە مانای ئەو مرۆڤانە دێت کە لە پۆلیس کۆبوونەتەوەو و هەرلە گەڵ پۆلیس پێناسە و دیاری دەکرێن.((پۆلیس)) بە مانای ((جێگا[3])) یا ((شوێنێك)) دێت کە لە لایەن هاووڵاتیانەوە دەستنیشانکراوە و هەر هی ((هاووڵاتیانیشە)).سەرەنجام ((هاووڵاتیان)) وەك کەسانێك لە بەڕێوەبردنی کاروباری شار یا ((شار ـــ بەڕێوەبردن))

وەك کەسانێکی ((یەکسان[4])) و ((بەرامبەر[5])) بەشداری دکەن.

1.Laikos 2.Laos 3.site 4.Homoioi 5.isoi

بەلاّم ئەگەر دیمۆس لە ئەسلّدا وەرگێڕانی ((مولّك)) و یا ((سەرزەمینە)) و دواتر دابەشكردنی ناوچەیەكی شاری ئەسینایە لە لایەن چاكسازی كلیستینی[1] (٥٠٧ تا ٨پ.ز)، ئەوا مانای لایۆس بە هەمان شێوە كە وتمان،بنەچەكەی دەگەڕێتەوە بۆ چینێكی چالاكی ـــ سەربازی (سەربازە سادەكان بەرامبەر بە فەرماندە و پلەدارەكان). لایۆی[2] داتاشراوێكی ترە لە ووشەی لایۆس كە ئەم ناوە لە خەلّكی ئاسایی (عەوام) دەنرێت بۆ جیاكردنەوەیان لە كەسانی خاوەن پلە و پایە. لایۆی لەو نووسینانەی كە بە زمانی یۆنانی سەبارەت بە میسری كۆن بوونی هەیە،بە خەلّكانێك دەوترێ كە لەم سەرزەمینەدا لە كاهین و خاوەن پلە و پایەدارە ئایینییەكان جیاوازن. بەلاّم ((لاییسك))Laïc یا Laïque ووشەیەكی یۆنانی نییە بەلّكو لاتینی یە،كە لە سەدەی دوانزەهەمی زایینی دا لە گفتوگۆی كەنیسەیی و بە تایبەت لە دوای سەدەی شانزەهەم لە ئەوروپادا باو بوو.هەروەها ئەم ووشەیەش لە ووشەی لایكۆسی یۆنانی دروستكراوە و هەر لە ڕەگی لایۆس دادەتاشرێت.لایكۆس Lakos، Laicos یا Laicus لە زمانی لاتینیدا سیفەتە و بە مانای شتێك دێت كە پەیوەندی بە لایۆس یا خەلّكەوە هەبێت،یا لە ئەنجامی خەلّكەوە یا دەرەنجامی خەلّكەوە بێت.یا بە شتێك دەلّێن گشتیەتی هەیە،هاوبەشە، لە دەرەوەی ناوەندی ئیداری و فەرمییە، نا دەولّەتییە،لە بەرامبەرسەربازیدا،مەدەنییە[3].

---

1. clisthéne یەكێكە لە پیاوە گەورەكانی ئەسینا و نوێنەری یەكێك لە بەناوبانگترین بنەمالّە ئەرستۆكراتەكانی ئەسینا (ئەلكیمایۆندای) بوو.لە سالّی ٥٠٠ پ.ز دا دەست دەداتە كۆمەلّێك چاكسازی قوولّی سیاسی و كۆمەلاّیەتی و ڕێساكانی دیموكراتی ئەسینا دادەڕێژێت كە بە ((شۆڕشی كلیستینی)) بەناوبانگە.

2.Laoï 3.civil



ئەم ووشەیە لە ئینجیل و تەوراتدا نییە لە كاتێكدا لەم كتێبە پیرۆزانە و لە كەلامی یەهوودی ـــ مەسیحی دا بە چەندین جار بەرامبەر بە لایۆس،((گەلی پیرۆز))،((گەلی خودا)) یا ((گەلی مەسیح)) لە بەرامبەر بە گەلە بێ ئایینەكان (كافرەكان) دا هاتووە.

((چونكە ئەوەی لە ئەودا (مەریەم) دروست بووە لە ڕۆحی پیرۆزەوەیە" ئەو كوڕێكی دەبێت و تۆ ئەو بە عیسا ناو دەبەی" چونكە هەر ئەوە كە گەلەكەی (Laos) لە گوناهەكانی ڕزگار دەكات)).(ئینجیل بە حیكایەتخوانی قەدیس مەتا،بەشی یەكەم، ٢١).

**((لاییك))ی كەنیسە و ((لاییك)) ی مۆدێرن: دوو واتا!**

چەمكی لاییك بە هەمان شێوە كە ئاماژەی بۆ كرا،سەرەتا لە سەردەمی ناوبراو بە سەدەكانی ناوەڕاست،لە ناوەندی كەنیسەی مەسیحی باسی لێوە كراو خرایە ڕوو.مانای لاییك لەو دەمەدا بە شێوەیەكی دیار پەیوەندی هەبوو بە پێكهاتەی كەنیسەوە،وەك كۆمەلّگای ئایینی.بەم شێوەیە كۆمەلّگای مەسیحی دابەش دەبێتە سەر دوو تاقمی: لاییكەكان[1] و كلێركەكان[2].لاییكەكان ئەو ئەندامانەی كۆمەلّگای ئایینی و یا خەلّكانێك بوون كە بەرامبەر بە كەنیسەی مەسیح جگە لە مەراسیمی خۆشۆرین بە مەبەستی پاك بوونەوە(غسل تعمید)،هیچ ئەركێكی تریان نەبوو.بە كورتی لاییكەكان بە مەسیحییە ئاساییەكان،ئیمانداران یا هەمان((گەلی مەسیح)) دەوترا.لە بەرامبەریدا ((كلێركەكان)) واتە كەنیسەدارەكان یا كارمەندانی كەنیسە بوونیان هەبوو.

---

1.Laïcs 2.Clercs

ئەمانە ئەو تاقمە مەسیحییە بوون کە بە پێچەوانەی لاییکەکانەوە لە کۆمەڵگای مەسیحی و بناغە هیرارکییەتیەکەیداخاوەنی پلە و پیشە و دەسەڵات بوون.ئەوان لە لایەن کەنیسەوە ئەرکی ئیداری (لە حکومەت و دامەزراوە دەوڵەتییەکان)، کولتووری (لە بەڕێوە بردنی ئەنجوومەنەکان ودامەزراوە کولتوورییەکان) و فێرکاری (لە کاری وانە وتنەوەو فێرکاریدا) و......هتد، لە ئەستۆ دا بوو.لە ڕاستیدا کلێرکەکان بە خاوەن پلە وپایە و کارمەندانی کەنیسە هەژمار دەکران و لەم داموودەزگایە، یان دەوڵەتی هەواداری ئایین سالاری،لەبەرجێبەجێکردنی ئەرکە ئیداری و کولتووری و سیاسی و ئایینی یەکانیانەوە مووچەیان وەردەگرت.بەم شێوەیە لاییک لە مانایەکدا واتە مانای کەنیسەیی دا،لە بەرامبەر بە کلێرکەکان پێناسە دەکرێ.لاییك مەسیحییەکە کە پەیوەندی نییە بە ((چینی)) قەشەو کارمەندانی کەنیسەوە[1].ئەم مانایەی سەرەوە لە لاییك،تایبەتە بە پێکهاتەی کەنیسەی مەسیحەوە و نابێت بە ئاسانی هەر ئەم مانایە گشتی بکرێت و بدرێتە پاڵ کۆمەڵگا ئایینییەکانی ترەوە وەك یەهوودی یا ئیسلامی.لە کاتێکدا وەك نموونە لە کۆمەڵگای ئیسلامی دا دەتوانین باس لە دوو تاقمی جیاواز وەك پیاوانی ئایینی و خەڵکانی موسڵمان بکەین،بەڵام دواتر لە ماوەی ئەم زنجیرە باسەدا دەبینین،دیاردە و بناغەیەکی هاوشێوەو یەکسانی وەك داموودەزگای کەنیسەی مسیح و یا شتێك بە واتای((جیابوونەوە لە ئایین)) لە دونیای ئیسلامدا بوونی نییە.

---

1.Clergé



((لە جیهانی ئیسلام دا ئەگەر لە یەك مانای کۆمەڵناسانەی سنووردار دا،باس کردن لە clergé (تاقمی خاوەن پلەو پایە و کارمەندانی کەنیسە) ڕەوا بێت،ئەوا بە هیچ شێویەك ناتوانی باس لە لاییك بکەی. تەنانەت وێناکردنی شتێکی جیا یا جیاکەرەوە لە دەسەڵاتی ئایینی کە لە زمانەکانی مەسیحی ناوی لێدەنەن لاییك یا سەردەمیانە یا سێکۆلار لە گەڵ بیرۆکە و ئەزموونی ئیسلامی دا نامۆیە.تەنیا لەم سەردەمە نوێ یە دا، زمانی عەرەبی بە سوود وەرگرتن لە ئەو مەسیحییە عەرەبانەی کە ئەم چەمکە بە کار دەبەن،چەند هاو واتایەکی بۆ ئەم ووشانە دروست کردووە.)) ( Bernard lewis)[*]

بەڵام ئەو مانا مۆدێرنەی لاییك کە لە سەدەی نۆزدەهەم لە ڕۆژئاوادا باو دەبێت لە ڕاستیدا کەرتبوونێکە هەر لەو مانا سەرەتایی و کەنیسەییەی جیاکردنەوەی لاییك ـ کلێرك، بەو دامەزراوەش دەوترێت کە سەربەخۆ و بە جیا لە دامەزراوەی ئایینی کار دەکات.بەم شێوەیە باس لە ((دەوڵەتی لاییك))،((قوتابخانەی لاییك)) و ((کەرتی گشتی لاییك)) دەکرێت.ئەم دامەزراوانە لە دیاریکردنی سیاسەتەکانیان لە پەیوەندییان لە گەڵ کۆمەڵگادا،لە بەها دانان بۆ پێوەرەکانیان و سەرەنجام لە کارەکانیان هیچ گەڕانەوەیەکیان بۆ ئایینێکی تایبەت نییە و هیچ مەزهەبێکیش بە فەرمی ناناسن.

## وەرنەگێڕدرانی لاییك و لاییسیتە بۆ زمانەكانی جیهان

بەهەمان شێوە كە وتمان چەمكی لاییك لە دوو مانایدا،یەكێكیان لە ڕوانگەی پێكهاتەی كەنیسەیی و ئەوی تر لە مانای مۆدێرنی ئێستادا،لە ولاّتە كاتۆلیكەكان برەو پەیدا دەكات.لاییسیتەی دروستكراوی فەرەنسا هاو واتای خۆی لە هیچ زمانێكی نالاتینی دا پەیدا ناكات.ئەمە لە كاتێكدایە كە لە ولاّتە پرۆتستانتەكان و ئەلّمانی زمان و ئانگلۆساكسۆن بە زۆری باس لە ((سیكۆلاریزم)) دەكرێت.لە زمانی ئیتالیدا زۆربەی ئەو چەمكانەی كە لە ڕەگی لاییك دروستكراون وەك: Laicismo،Laicista وLaicita هەرهەمان لاییسیتەی فەرەنسایە كە بە كاری دەهێنن.لاییسیزاسیۆن[1] ڕەوتی جیابوونەوەی دەولّەت و ئایینە یا سەربەخۆیی سیاسەتە لە دەسەلاّت و سەرپەرشتی كەنیسە.لە زمانی ئیسپانی هەر وەك ئیتالی، لاییكۆ Laico و لاییسیتا... وەرگێڕانی بیرۆكەی سەربەخۆیی دەولّەت[2] و كۆمەلّگایە بەرامبەر بە دەستێوەردانی دەسەلاّتی كەنیسە[3].لە زمانی پورتوگالیدا كە یەكێكی ترە لە زمانە لاتینییەكان،هەر ئەو ووشەیە بە كەمێك جیاوازتر لە نووسین و دەربڕین بەكار دەبەن. لاییسیتە بە Laicidade و لاییك وەك ناو یا ئاوەلّناو بەم شێوەیە بە كار دەبەن و بە Laico یا laical دەریدەبڕن.

لە زمانی ئینگلیزی دا ووشەكانی Laic,Laity،Laicize و Laicity بە مانای نا كەنیسەیی و زەمینی (سێكولار) و زەمانی [4] بەكار دەهێنرێن.

Lay بە خەلّكانێك دەوترێ كە جیاوازن لە خاوەن پلە و پایەكانی كەنیسە و لە هەمان كاتدا بە مرۆڤێكی تازە كارو ناپیشەییش دەوترێ.

1.Laicizzacione 2.Estado 3.Eclesiastica 4.temporal



لە لایەكی ترەوە هەر سێ چەمكی سێكولار،سێكولاریزم، سێكۆلاریزاسیۆن،بە بەشێك لە ووشەكانی زمانی ئینگلیزی دادەنرێن، جیگای سەرنجە كە ئەمانەیان بەرامبەر بە لاییك و لاییسیتە و لاییسیزاسیۆنی لاتینی داناوە.لە زمانی ئەلّمانی،زمانێك كە لە ووشە دروست كردن و هاو واتا دروستكردندا بێ هاوتایە،بۆ زۆربەی ئەو چەمكانەی كە هاو ڕەگن لە گەلّ لاییك هێشتا هاو واتایەكیان بۆ نەدۆزیوەتەوە.جگە لە laie یا laity كە هەم بە واتای لاییك (نا كەنیسەیی) و هەم بە مانای ناپیرۆزی و نابەجێ دێت.لە كاتێكدا Säkularisiern,Säkularisierung و Weltlich بە مانای ((سەردەمیانە)) و ((دونیایی)) كردنی شتێك و وازهێنان لە كەنیسە پێناسەی بۆ دەكرێت.

لە ئەلّمانیا لاییسیزاسیۆنیان بە Entkonfessioalisierung یا ناكەنیسەیی وەرگێڕاوە،كە نابێت لە گەلّ نائایینی تێكەلّ بكرێت.

لاییسیتەیان[1] بە جیابوونەوەی ئایین و دەولّەت[2] یا بێ لایەنی بەرامبەر بە ئایین[3] مانا كردووە كە هەلّبەت دروستە بەلاّم ناتەواوە. لە زمانی ڕووسی لاییسیزاسیۆنیان بە sekouliarizatsia وەرگێڕاوە كە لە ڕاستیدا هەمان سێكۆلاریزاسیۆنی لاتینی یە، بەلاّم بۆ سێكولار ووشەیەكی ڕووسییان بە ناوی svetskii، داناوە كە بە واتای ناكەنیسەیی دێت.لە زمانی توركی دا، زۆربەی ئەو ووشە لاتینییانەی كە لە سەر بنەمای لاییك دروست كراون تا ڕادەیەك بە هەمان شێوەو نووسین و بە دەربڕینێكی كەمێك جیاوازتر بە كار دەبرێن.

لاییك و لاییسیتە بە Lâikوlâikikle لاییسیسم بە lâiklikو لاییسیزاسیۆن بە lâiklestirme ناو دەبەن.

1.Laïzismus 2.Trennung von kirche und state 3.Religiöse neutralität

هەڵبەت کە تیۆرزانی تورکیزم و باوکی ((لاییسیتە)) لە تورکیا زیا گۆکالپ[1]،کە ئاشنایبەکی باشی هەبوو لە گەڵ بیروڕای ڕۆشنگەرەکانی فەرەنسا،لە وەرگێڕانی ((لاییک)) بۆ زمانی تورکی زۆر نەزانانە بۆ ((نائایینی[2])) وەریدەگێڕێ و بە هەڵە لاییسیتە لە گەڵ ((نامەزهەبی)) بە یەکێك دەزانێت.لە زمانی عەرەبیدا ووشەیەك بۆ لاییسیتە بە مانای جیابوونەوەی دەوڵەت و ئایین بوونی نییە.لاییك و سێکۆلار بە عیلمانی، لاییسیتە و سێکۆلاریزاسیۆن بە عەلمەنەت یا عیلمانییەت و فرمانی لاییسیزە و سێکولاریزە بە عەلمەمەن وەرگێڕدراوە.لە جێگایەکی تردا ووشەی زەمەنی و دونیەوییان بە کار هێناوە.ئەم یەکسان کردانانە دەکرێت لە دوو جۆری واتاییدا دابنرێت:

یەکەمیان ((عالیم)) واتە کەسی سەر بە عیلم، زانست،زانین و ناسین کە هەمان (Epistémé یۆنانییە) و ئەوی تر لە مانای (عالەم) بە واتای ((دونیایی بوون)) و ((سەردەمیانە)) (سیکۆلاریسم) دێت"لە مانای ((عالیم)) لە پێناسەیەکی بێ کەڵك و زۆر سادەدا لە لاییك و لاییسیتە نزیك دەبێتەوە کە ئەویش عەقڵ باوەڕییە[3].لە بەشی یەکەم دا سەبارەت بە دروست بوونی گرفتی بەم چەشنە،ڕوونکردنەوەی پێویستم پێشکەش کرد.

جیاکردنەوە دەکرێت:جیاکردنەوەی سەربازان و خەڵکانی ئاسایی لە سەرۆك و سەرکردەکان (یۆنان)،جیاکردنەوەی ئەندامانی کۆمەڵگای مەسیحی لە خاوەن پلە و پایەکانی کەنیسە (بە تایبەت لە کاتۆلیکەکان) و سەرەنجام جیاکردنەوەی دامەزراوەی دەوڵەت لە دامەزراەی ئایین ( یەکەمجار وەك پێش مەرج، لە کۆمەڵگای مەدەنی) لە سەردەمی نوێ دا، بیرۆکەیەك کە بە پێی وتەکەی لویس ((تەنانەت وێناکردنیشی)) لە جیهانی ئیسلامدا ناموومکینە.

1.Ziya Gökalp 2.Lâ-dini 3.rationalisme



لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئێمە هاوکات لە مانا ڕەسەنە یۆنانی ـــ مەسیحییە ـــ مۆدێرنەکەی لاییکەوە دوورین.لەو جێگایەی کە باس لە بیرۆکەی لە زمانی فارسی دا تاوەکو ئێستا هاو واتایەك بۆ لاییك و لاییسیتە دروست نەکراوە.لە فەرهەنگی ئاشووری دا ئەمانە بە ((ئایین ـ بەجیا))
یا ((ئایین ـــ جیابوونەوە)) (جیابوونەوە لە چی دیار نییە) وەرگێڕاوە.

هەندێ کەسیش بە هەڵە وادەزانن لاییك سێکولارە،ئەم دوو شتەش بە ((دونیایی)) و ((تایبەت بەم جیهانە)) ناو دەبن.هەندێ کەسی تریش باس لە ((عورفی)) و ((عورفییەت)) و ((بەرەو عورفی بوون)) دەکەن کە ئەمانە زیاتر دەتوانن وەرگێڕانی سێکولار و سێکولاریزاسیۆن بن تاوەکو لاییسیتە.بە گشتی لەو هەوڵە کەم وێنانەی کە ڕۆشنبیرانی ئێرانی داویانە لەم بوارەدا ناڕوونی و ئاڵۆزی بە دی دەکرێت.نە لە مانای سیاسی ـــ مێژوویی لاییك و سێکولار و داتاشراوەکانی ئەمانە تێگەیشتوون و نە لە جیاوازییان.بەلام لە زمانی عەرەبیدا عەرەف بە شتێك دەڵێن کە بەناوبانگ و ناسراوە.واتە نەریت، عادەت، باو، ناسراو، تایبەتی(ناحکوومی)،ئەمانە ناسراو و باون.بەم شێوەیە لە نێوان ئەم مانایانەدا ناتوانی لە نێوان عورف لە لایەکەوە و لاییك یا لاییسیتە لە لایەکی ترەوە نزیکییەکی واتایی ( بە پێی بنەمای بیرۆکەی کەرت کردن و جیاکردنەوە کە لە سەرەوە شیمان کردەوە) بە دی بکرێت.بەلاّم لە فەرهەنگی دادوەری و یاساییدا باس لە یاسا عورفییەکان بەرامبەر بە یاسای شەرعی (ئایینی) دەکرێت و هەروەها لە کۆمەڵگای مەدەنیدا باس لە هاوسەرگیری عورفی بەرامبەر بە هاوسەرگیری بە پێی یاساکانی ئیسلام دەکرێت.

هەڵبەت لێرەدا بە ڕاستی لێکچوونێك لە نێوان لاییك وەك ئەو شتەی کە ناگەڕێتەوە بۆ سەر ئایین (لە لێکدانەوەیەکی مۆدێرن بۆی) و ((عورف)) لە واتا شەرعییەکەیدا بە دی ناکرێت.لە گەڵ ئەمانەدا بەڕای من عورف و

عورفییەت ناتوانن ئەو ناوەڕۆکە قووڵ و دەوڵەمەندەی لاییك ولاییسیتە کە لە ماوەی مێژووی سیاسی ـــ کۆمەڵایەتی دا لە ڕۆژئاواوە دروستکراوە و هەڵگرییەتی،دەربڕن" بە تایبەت لە سەرەکیترین و گرنگترین واتای لاییسیتە کە بابەتی جیاکردنەوەی دەوڵەت و ئایین و ئازادی ئایینەکانە لە کۆمەڵگای مەدەنیدا.

((تاکی لاییك))؟((کۆمەڵگای لاییك))؟نە.......دامەزراوەی لاییك!

ئەگەر لە پێناسەیەکی کەنیسەیی، تاکێکی مەسیحی لە دەرەوەی داموودەزگای ئیداری کەنیسەوە ناو لێدەنێن لاییك و کۆمەڵگای مەدەنیش دابەش دەکەن بۆ دوو بەشی لاییك و کەنیسەیی،ئەوا لە پێناسەی مۆدێرندا دەستەواژەیەکی وەك ((تاکی لاییك)) بە هەمان ئاستی ((کۆمەڵگای لاییك)) پووچ و بێمانایە.

لاییك سیفەتێکە کە بۆ وەسفی دامەزراوەیەك بە کار دێت و نادرێتە پاڵ تاکێك یا دامەزراوەیەك چونکە پێناسی سەربەخۆیی و جیابوونەوەی ئەم دامەزراوەیە((دەوڵەت و دامەزراوەکانی کەرتی گشتی)) لە دامەزراوەی ئایین.دەستەواژەی لاییك تەنیا لە یەك شیکردنەوەدا کە بتوانێ بۆی قبووڵ بکرێت ئەوەیە کە مەبەست لەوە دەربڕینی خەسڵەتی ئایینی یا نائایینی بوونی ئەو تاکە نەبێت بەڵکو بۆ دیاریکردنی بیروڕای سیاسی ئەو بێت لە لایەنگری لە دەوڵەتی لاییك یا لاییسیتە.لە کاتێکی وەهادا تاکی ((لاییك)) دەتوانێ مەزهەبی، ئاگنۆستیك یا بێ بڕوا بێت و لە هەمان کاتیشدا لایەنگری بکات لە جیاکردنەوەی دەوڵەت و ئایین واتە لایەنگری لە دەوڵەتی لاییك بکات. پێش ئێستا لەو جێگایەی کە لێکدانەوە هەڵەکانمان بۆ لاییسیتە خستە ڕوو،بە ڕاشکاوی وتمان کە کۆمەڵگا ناتوانێ ((لاییك)) بێت.دیارە کە لە ڕۆژئاوا ئایین و کەنیسە بە چوونە دەرەوەیان لە دەسەڵاتدارییەتی سیاسی و



ڕزگاربوون لە ئەرکی بوروکراتی بەرپرسیارییەتی سیاسی و ڕزگاربوون لەسەرپەرشتی و دەستیورەدانی دەوڵەت،هەروەها لە شەڕەکان و مشتومڕە مەزهەبییەکان،بۆ پەرەپیدان و گەشەسەندنی چالاکییەکانی خۆیان لەکۆمەلگادا دەرفەتیکی لەبارو شیاوتر دەدۆزنەوە.هەرلەوێدا ئاماژەمان بۆ مارکس کرد کە لە پێشبینییەکی زیرەکانە لەنیمەی یەکەمی دەیەی ۱۸۳۰دا,((جیاکردنەوەی دەوڵەت و ئاینی)) نەك بە کۆتایی ژیانی ئاین بەڵکو بەڕاستی بە سەرەتای دەستپێکی ئیشە سەرەکییەکانی لە باوەشی کۆمەلگادا دەزانی.لەڕستیدا, ئایین,نەك لەکۆمەلگا,بەڵکو لە دەوڵەت یا سنووری بەکاربەستنی دەسەلاتی سیاسیدایە،کە جیادەبێتەوە.هەڵبەت دەتوانین باس لە ((کۆمەڵگای سێکولار)) بکەین,چونکە سێکولارسیم,بەهەمان شێوە کە دەبیینین دەلالەت دەکا لە گۆڕانی ئایین و دامەزراوەکانی کۆمەڵگا،بە چوونەدەروەی((ئایینیانە)) لە دەسەلاتدرییەتی سیاسی - کومەلایەتی ئایین دا.هەر لەم پەیوەندییەشدا،دەستەواژەی وەك ((کۆمەڵگای عورفی)) یا ((کۆمەڵگای)) لاییك بە نادروست و نا ڕوون دەزانین.چونکە ئەگەر مەبەست لەم دەستەواژانە کۆمەڵگای نا ئایینی بە،ئەوا بابەتی لاییك و لاییسیتە ڕەتکردنەوی ئایین نییە بەڵکو ئایین سالاری و کەنیسە سالارییە،کە مەبەست لەمە دژە ئایینی نییە لە کۆمەڵگادا بەڵکو ڕێگری ئایینە لە بە کارهێنانی دەسەلاتی سیاسی و هەروەها مسۆگەر کردنی ئازادییەتی لە کۆمەڵگای مەدەنیدا.

ئەگەر مەبەستیش لە ((کۆمەڵگای عورفی یا لاییك)) کۆمەڵگایەکە کە تیایدا جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت بە دی هاتووە،ئەوا لێرەشدا تێکەڵ کردنێکی زۆر ناشیبیانە ڕوو دەدات و لە باتی ئەوە دەبێت باس لە ((دامەزراوەی لاییك)) و ((قوتابخانەی لاییك)) و ((دەوڵەتی لاییك)) بکرێت،وتمان کە لێکدانەوەو پێناسەیەکی مۆدێرن بۆ لاییك و بە شێوەیەکی

گشتی چوونە دەرەوە لە ئایین سالاری بنەچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پرۆسەیەی کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە سەدەی دوانزەوە لە ڕۆژئاوا دەستی پێکردووە.ڕەوتێك کە تیایدا دەسەلاتە دونیاییەکان (سیاسی و مەدەنی) ـ وەك شارە سەربەخۆکان و دەسەلاتدارانی شار وەك ئەندامانی لاییك واتە لە دامەزراوەی کەنیسە ـــ بەرە بەرە بە شەڕ لە گەڵ دوو دەسەلاتی جیهانی واتە ئیمپراتۆری و ڤاتیکان، دەگۆڕدرێن بۆ هێزێکی سەربەخۆ.بەلام پێش ئەوە دەبێت سەیرێکی تا ڕادەیەك کورتی هەر یەك لە پێش زەمینەی یۆنانی کۆن و دوالیزم لە مەسیحییەت دا بکەین.

سەرچاوەی یاسا لە ناو کۆمەلگا خۆیدایە: پێشەنگەکان!

کۆمەلێك لە بیرمەندانی ڕۆژئاوا پێیان وایە کە یەکەم هەنگاو لە مێژوودا لە پێناو خۆپاریزی بۆ گەڕانەوە بۆ ئایین لە بەڕێوەبردنی کاروباری شاردا،بە ڕاستی ئەوە یۆنانییەکان بوونە کە لە سەدەی هەشتەم تا پێنجەمی پێش زایین دا ناویانە،واتە سەردەمە درەوشاوەکانی پۆلیس.

من کۆمەلگای سالارییەتی تر[1]بەو کۆمەلگایە دەلێم کە تیایدا nomos واتە یاسا و دامەزراوەکان[2] لە لایەن کەسێکی ترەوە[3] ببەخشرێت.لە ڕاستیدا ئێمە باش دەزانین کە یاسا هیچ کاتێك لە لایەن کەسێکی ترەوە نابەخشرێت و هاوکات بەرهەمی کۆمەلگا خۆیەتی.بەلام لە زۆربەی بابەتە هەلپەسێرراوەکان دا دروستکردنی دامەزراوەیەك دەخەنە ئەستۆی دەسەلاتێك لە سەروو ـــ کۆمەلگاوە و یا لە هەر هەلوومەرجێکدا دەیدەنە پاڵ هێزێك لە دەرەوەی توانایی و ویستی مرۆڤی زیندووەوە.

لە ئەنجامدا دەردەکەوێ کە بیروڕایەکی وەها تا بەردەوام بێت،باشترین ئامرازە بۆ مانەوەو نەگۆڕانی دامەزراوەکان.ئێوە چۆن دەتوانن یاسایەك بخەنە ژێر پرسیارەوە کە خودا دایناببێت؟ئێوە چۆن دەتوانن کە بلێن یاسا دانراوەکان لە



لایەن خوداوە دادپەروەرانە نییە لە کاتێکدا کە دادپەروەری هیچ نەبێت جگە لە یەکێك لە ناوەکانی خودا،بە هەمان شێوە کە حەقیقەتیش هیچ نییە جگە لە یەکێك لە ناوەکانی ئەو"چونکە تۆ هەم حەقیقەتی هەم دادپەروەری و نور.(ئینجیل).

هەلبەت ئەم سەرچاوە دەتوانێ شتێکی تریش بێت جگە لە خودا وەك: خوداکان،پالەوانە بنیاتنەرەکان،باوباپیران و یا هێزە ناتایبەتییەکان بەلام بە هەمان ئاست لە سەروو ـــ کۆمەلگاوە وەك سروشت و عەقلْ و مێژوو.

لە گەلْ ئەوەی کە لە زۆربەی کۆمەلگا سالارییەکانی تر لەم ماوە درێژ و گەورەیەی مێژوو دا لە دوو بابەتدا لێك ترازان دروست دەبێت.ئەم دوو بابەتە بریتی یە لە یۆنانی کۆن لە یەك لاو ئەورووپای ڕۆژئاوا لە دەستپێکی قۆناغی ڕێنیسانسەوە (سەدەی١١و١٢) لە لایەکی ترەوە،سەردەمێك کە مێژوونووسەکان هاوکات بە هەلە ناوی لێدەنێن سەدەی ناوەڕاستی ڕێنیسانسێکی تر(سەدەی ١٥).لە هەردوو بابەتەکەدا ئێمە ئەم ڕاستییە قبوولْ دەکەین کە سەرچاوەی یاسا کۆمەلگا خۆیەتی، ئێمە خۆمان یاساکانمان دیاری دەکەین،لە ئەنجامدا دەرفەتی خستنە ژێر پرسیاری دامەزراوەیەکی کۆمەلگا و ڕەتکردنەوەی هۆکاری دروست بوونیشی دەڕەخسێ،دامەزراوەیەك کە ئیتر پیرۆز نییە یان بە ئاستی جاران نییە.

1.hétéronome 2.institution 3.heteros

بەلاّم ئەم یۆنانە،کام یۆنانەیە؟لێرەدا دەبێت زۆر وردوو تەنانەت ڕکیش بیت.لە تێڕوانینی منەوە یۆنانێك کە گرنگ بێت یۆنانی سەدەی هەشتەم تا پێنجەمی پێش زایینی یە.لەم سەردەمەیە کە پۆلیس دروست دەبێت و دەبێتە دامەزراوەیەك و لە هەندێ لایەنیشدا تا ڕادەیەك دەبێتە پۆلیسێکی دیموکرات.قۆناغێك کە لە کۆتایی سەدەی پێنجەم دا کۆتایی پێ دێت.

((یۆنانی کۆن قبوولّی کردبوو کە سەرچاوەی دامەزراوەکان بە لانی کەمەوە دامەزراوەی سیاسی بە واتایەکی تایبەت،لە خودی کۆمەلّگادایە.

یاساکانی ئەسینایییەکان هەمیشە بەم ڕاگەیاندنە بەناوبانگە دەستیان پێدەکرد:edoxe té boulê kai tô démô(بە بڕوای ئەنجوومەن و گەل...باشە کە.....).لە هەموو شوێنێك سەرچاوەی گشتی یاسا ڕاگەینراوە.لە هەمان کاتدا ئایین لە یۆنان و نەك بە تەنیا لە پۆلیسە دیموکراتییەکان،پێگەیەکی نامۆی هەیە.ئایین زۆر بە هێزەوە بوونی هەیە بەلاّم ئەمە ئایینێکی شارییە و نەك (جیهانگر وەك ئایینە تاك خوداییەکان) و لە کاروباری هاوبەش دا دوورخراوەتەوە.من وا نازانم تەنیا بۆ جارێکیش نوێنەرانی شار ڕۆشتبێتن بۆ دلفی[1] تا سەبارەت بە دانانی یاساکان پرس بەو پیرەی کە پێشبینی کەرە[2] بکەن.

لەوانەیە ئەوان سەبارەت بە پێشەوە چوونی جەنگ،کەی و لە کوێ و یان لە بارەی دیاریکردنی یاسا دانەرێکی باش پرسیان پێ کردبێت بەلاّم هەرگیز سەبارەت بە ناوەڕۆکی یاسا پرسیان پێنەکردووە. ( Cornelius castoriadis)



((مەلّبەندی من پەیوەست نییە بەم جیهانەوە)): دوالیزم!

زەمینەکانی دەرکەوتنی لاییسیتە و سێکولاریسم و دیاردەکانی تری ((مۆدێرنە)) وەك لیبرالّیسم و تاك گەرایی لە ڕۆژئاوادا،ناتوانرێ لە دەرەوەی پەیوەندی مێژوویی و پێکەوە ژیان و یان دژایەتی کەنیسە و ((سیاسەت)) (عیسا و قەیسەر،پاپا و پاشا یا ئیمپراتۆر،کەنیسە و شارە سەربەخۆکان،کەنیسە و دەولّەت) یا لە دەرەوەی کاروباری ڕۆحی[3] و یا کاروباری دونیایی[4]،لەنێوان کاروباری پیرۆز[5] و نا پیرۆزەوە[6] ڕاڤە بکرێت.ئەم پێکەوە ژیان ــ دژایەتییە بەرهەمی دوالیزمێکە[7] کە لە بنەمای عیسایەتی دا ئاشکرایە.((مەلّبەندی من پەیوەست نییە بەم جیهانەوە.))(ئینجیل بە حیکایەت خوانی قەدیس یۆحەننا،بەشی هەژدەیەم،۳٦).

((تۆ پەترۆسی (ناوی بەرد یا گاشە بەردێکە بە یۆنانی) و منیش لە سەر ئەم گاشە بەردە کەنیسەکەم بنیات دەنێم...کلیلی مەلّبەندی ئاسمانەکان دەدەم بە تۆ.)) (ئینجیل بە حیکایەت خوانی قەدیس مەتا،بەشی شانزەیەم،۱۸ـ۱۹).

((مەڕەکانی من ببە بۆ لەوەڕ.....بەرخەکانی من ببە بۆ لەوەڕ.)) (ئینجیل بە حیکایەت خوانی قەدیس یۆحەننا،بەشی بیست ویەکەم،۱۵و۱۸).

---

1.delphe 2.oracle
3.spirituel 4.temporel 5.sacré 6.profane 7.dualisme

((قەیسەر ئەوەی پێ دەگات کە پەیوەندی بە قەیسەرەوە هەیە و خوداش ئەوەی پێ دەگات کە پەیوەندی بە خوداوە هەیە.)) (ئینجیل بە حیکایەت خوانی قەدیس مەتا،بەشی بیست و دووەم،٢١).

((تۆ هیچ دەسەلاتێکت لە سەر من نییە مەگەر ئەو دەسەلاتەی کە خودا پێی داوی.)) (ئینجیل بە حیکایەت خوانی قەدیس یۆحەننا،بەشی نۆزدەهەم،١١).

((هیچ دەسەلاتدارییەك جگە لە لایەن خوداوە بوونی نییە و هەموو دەسەلاتەکان لە لایەن خوداوە دانراون.)) (نامە بۆ ڕۆمییەکان،بەشی سیانزەهەم،١و٤).

هەر لە یەکەم ڕۆژەوە بنچینەی کەنیسەی مەسیح لە سەر((دوالیزم)) یا ((دژبەیەکییەك)) بنیات دەنرێ کە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە سەر ڕەوتی گۆڕانکاری سیاسی و ئایینی لە ئەوروپادا.ئەم ((دژبەیەکییە)) لە کوێ دایە؟ ((لەو پێناسەیەی کە کەنیسە لە خۆی دەیخاتە ڕوو ((دژبەیەکییەك)) بوونی هەیە.لە لایەکەوە کەنیسە ڕزگاری لە گەڵ خۆیدا دەهێنێ کە پەیوەندی بەم جیهانە زەمینییەوە نییە،دونیای((قەیسەر)) دونیایەکە کە جێگای حەزی کەنیسە نییە.لە لایەکی ترەوە کەنیسە لە لایەن خودا و کوڕەکەیەوە ئەرکی ڕێنمایی مرۆڤەکانی بەرەو ڕزگاری لە ئەستۆ دایە.

ئەرکێك کە بە ویستی خودا تەنیا هێزی بەرەو پێشچوونی،کەنیسە خۆیەتی.لە دوای ئەمە کەنیسە ((مافی چاودێری)) یان باشتر بڵێین ((مافی کۆنترۆلی)) لە سەر ئەو شتانە هەیە کە ئەم ڕزگارییە دەخەنە مەترسییەوە.چونکە کردەوەی مرۆڤەکان،بەرامبەر بە بەدیلی خێر و یان شەڕ هەژمار دەکرێن.....کەنیسە ((ئەرکی چاودێری)) لە سەر هەموو چالاکییە مرۆییەکان بۆ خۆی بە ڕەوا دەزانێ.کە لە نێوان ئەمانە،گرنگترین و قورسترینیان،بە هۆی ئەنجامە دەستکەوتووەکان، ئەو کردەوانانەن کە دەسەلاتداران جێبەجێی دەکەن.



کەواتە کەنیسە بە هۆکاری هەبوونییەوە،دەبێت بە هۆشیارییەوە ئاگادار بێت کە دەسەلاتدارن بە ژێر دەستەکانیان فەرمانی بەجێ هێنانی کارێك نەدەن کە بە پێچەوانەی ڕزگار بوونیانەوە بێت.بەم شێوەیە کەنیسە بە شێوەیەکی بە جێ،نەك بە پێی بارودۆخ و هەلومەرج،دەڕوا تاوەکو دەسەلاتێکی تەواو و ڕەها بۆ خۆی بخوازێ.داخوازییەك کە تەواوی لایەنە بەرفراوانەکەی بە ڕیفۆرمی گێرگۆریەن[1]لە کۆتایی سەدەی یانزەهەم بە دەست دێنێ.لەم سەردەمە کەنیسەی مەسیحی بە تەنیایی و بە شێوەیەکی ڕاستەقینە لە گەڵ Respublica((کاروباری گشتی)) دەبێت بە یەکێك.ئەو ((دژیەکییە)) تایبەتە کە لە ناوەوەی ڕێبازی کەنیسەی کاتۆلیکدا بوونی هەیە بریتی یە لەوەی کە کەنیسە بە بەراورد لە گەڵ یەکدا،لە لایەك واز لە مرۆڤەکان دێنێ تاوەکو لەم جیهانە زەمینییەدا بە هەر شێوەیەك کە دەیانەوێ خۆیان ڕێك بخەن و لە لایەکی ترەوە ڕۆچوونی بەرەو سەپاندنی سیستمێکی ئایین سالار هەیە بە سەریاندا.)) (Pierre Manent)

عیسا لە ماوەی ژیانیدا ڕەوابوونی قەیسەر قبووڵ دەکات،دەسەلاتێك کە دەبێت فەرمانڕوایەتییەکەی لە خوداوە وەربگرێت.((تۆ هیچ دەسەلاتێکت بە سەر مُن نییە)).ئەو بانگهێشتی لایەنگرانی کۆمەڵگاکەی ناکات بۆ دامەزراندنی دامەزراوەیەك بۆ جێبەجێکردنی ئەرك و بەرنامە سیاسییەکانیان و یا بە کارخستنی دەسەلاتی سیاسییان.ئەو بە پێچەوانەی پەیامبەرانی یەهوود و ئیسلام، ڕێگە بە یاسا و ڕێسایەك بۆ چاودێری کردن و بەڕێوەبردنی کاروباری شارنادات و شتی وەها ناخاتە ڕوو.

1.Grégorien

بەلاّم عیسا لە لایەکی ترەوە دووپاتی دەکاتەوە کە مەسیحییەکان دەبێت پیێڕەوی لە ئەو بکەن و گویّ بۆ حەوارییەکان و قەشەکان ڕاسپێرن،ئەگینا یا لە گەلّ ئەو نابن و یا لە کەنیسەی ئەودا لە گەلّ ئەو نابن.لە گەلّ ئەمەدا ئەوەی کە لە واقیع دا ڕووی دا ڕەوتی کەنیسە بوو بەرەو دەسەلاّتی ڕەها،تەواوی ئەم جیهانەش لە دوای هەلّوەشاندنەوەی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆما لە سەدەی ناوەڕاست: سەپاندنی ئایین سالاری و کەنیسە سالاری بوو لە هەموو جیّگایەکدا.بەلاّم ئەوەی کە نابێت پشت گویّ بخری ئەوەیە کە ئەم دوالیزمە یا دژیەکییە لە میسحییەتدا،هەلیّکی باشی بۆ چوونەدەرەوە لە ئایین سالاری مەسیحی تەنانەت لە شێوازە ئایینی یەکەشیدا ڕەخساند.بە واتایەکی تر شەڕ دژ بە لایەنی تیۆکراتیکی مەسیحییەت بە هۆی لایەنێکی تریەوە هەلی ڕەخساند تاوەکو ((کاروباری قەیسەر)) لە ((کاروباری کەنیسە)) جیا ببێتەوە.سەرەنجام لە سەدەی سیانزەیەمدایە کە پاپا لیۆنی سیانزەیەم پیێداچوونەیەك بۆ ڕێبازی کەنیسە دەکات لە سیّ بەلّگەنامەی گرنگی کەنیسەیی دا: Diuturnum (١٨٨١) و Immoratale Dei (١٨٨٥) و Sapientiae Christianae (١٨٩٠) ڕایگەیاند کە هەر دوو دەسەلاّتی ڕۆحی و دونیایی[1] ((کەنیسە و دەولّەت)) هەر کامەیان فەرمانی[2] خۆی لە دەستی خۆیدایە و بە تەواویش سەربەخۆن لە یەکتر.هەر یەکێکیان سروشتێکی تایبەت بە خۆی هەیە و بە دوای مەبەست و ئامانجی تایبەتی خۆی دەکەویّت: ((هەر یەکیّ لەمانە بۆ خۆی بەهیّزترین دەسەلاّتە.))

1. temporel 2.souverain



لە سەدەی بیستەمدا پاپا پی یانزە[1] و دوانزە هەر ئەم لۆژیکە دەگرنە بەر و بە ڕاشکاوی دەلّێن کە دەسەلاّتدارییەتی دەولّەت لە ناوەندێکی جیاواز سەبارەت بە ناوەندی کەنیسە بەکاردەبەستریّ و سوودی نییە کە دەسەلاّتی دونیایی بکەویّتە ژێر دەستی سالاری کەنیسەوە.

شاری ((کافر)) بەرامبەر بە کەنیسەی پیرۆز: کەلەبەر!

تاوەکو ئێستا پیێداگریمان لە سەر دوو بواری ((چوونە دەرەوە)) لە ئایین سالاری (ئەزموونی پۆلیسی یۆنان و دوالیزمی مەسیحییەت) کردووە.بواری سێیەم و دوایینیان کە دەبێت ئاماژەی بۆ بکەین دیاردەی شارە سەربەخۆکان و ئەو بزووتنەوە هزری و سیاسی و کۆمەلاّیەتییە نوێیە یە کە کە لیّوەی هەلّقوولاّوە.تۆی لاییسیزاسیۆن و سێکولاریزاسیۆن لەم سەردەمە ئالّۆز و پڕکێشەیە لە دلیّ سەدەی ناوەڕاستدا دەنێژریّ.لە کۆتایی سەدەی دوانزەهەم واتە هاوکات لە گەلّ کۆتایی حکوومەتی سەلجووقییەکان لە ئێران و پێش لە هێرشی مەغۆل،شێوازێکی نویّ لە ڕێکخستنی سیاسی و کۆمەلاّیەتی لە باکووری ئیتالیادا دەردەکەویّ:وەك دروستکردن و پیێکەوەنانی شارە[2] سەربەست و سەربەخۆ کۆماری خوازەکانی وەك پیز و میلان و فلۆرانس و شارە گەورەکانی تری باکووری ئیتالیا.

ەم شارانە بۆ پاراستنی سەربەخۆیی خۆیان هاوکات لە دژایەتی دا بوون لە گەلّ هەریەك لە دوو بلۆکی ((جیهانگر[3])) و سەرکردایەتی خواز،یا هاوکات ڕووبەڕووی هەر دووی ئەمانە دەبوونەوە: ئیمپراتۆریەتی باکوور لە لایەك و داموودەزگای تیۆکراتیکی کەنیسەی ڤاتیکان

1.pie XI 2.Cités
3.universels

لەلایەکی ترەوە.یەکێك لە تایبەتمەندییە ئاشکرا و بەرچاوەکانی ئەم دیاردە نوێ یە ئەمە بوو کە ئەم شارانە پێکهاتەیەکی سیاسییان خولقاند کە هیچ لێکچوونێکی لە گەڵ نموونە ناسراوەکانی ئەو کاتە لە ئەورووپای ئەو سەردەمەدا نەبوو[٢]واتە لێکچوونی لە گەڵ سیستمە پاشایی ــ ئیمپراتۆرییە بۆماوەییەکان و یا سیستمی ملکەچی ژێر دەسەلاتدرییەتی کەنیسە (ئایین سالاری) دا نەبوو.ئەم شارانەی ((تینووی ئازادی)) بە شێوەی چەند ((کۆمارێك)) لە ژێر دەسەلاتدارییەتی یەك قونسوولدا کە هەموو ساڵێك بە دەنگی خەڵکی دەگۆڕا بەڕێوە دەبرا.ئەم شارانەی ((تینووی سەربەخۆیی)) نەیاندەویست بە زۆر بخرێنە ژێر فەرمانی ئیمپراتۆرییە ستمکارەکان و نە بکەونە ژێر سەرپەرشتی ڤاتیکانیشەوە.ئێمە لە ڕابردوو دا،لە زنجیرە باسێکدا سەبارەت بە (ساتەکانی دابڕان لە فەلسەفەی کلاسیکی سیاسی) لە بلاوکراوەی پرۆژەیەکی نوێ،بە پشت بەستن بە کارە پڕ بەهاکەی POCOCK لە ژێر ناونیشانی سەردەمی ماکیاڤیللی ــ بیرۆکەی سیاسی فلۆرانسی و نەریتی کۆماری خوازی ئەتلەنتیکا سەبارەت بە ڕۆڵی مێژوویی و زۆر گرنگی ئەزموونی شارەکانی باکووری ئیتالیا لە سەدەکانی ناوەڕاست لە پەیدا بوونی ((گفتوگۆیەکی سیاسی مەدەنی،هۆمانیستی و کۆماری خوازانە وەك ڕوخسارێکی تر و جوان لە (سیاسەت) و جیا لە گفتوگۆی کلاسیکی سیاسی....)) لێدوانمان داوە.

بەلام ئەوەی کە لێرەو لە پەیوەندی لە گەڵ ئەم باسەی ئێمە گرنگە ئەمەیە کە ئەم شارانە بەرامبەر بە دەسەلات خوازی کەنیسە،یەکەمین شێوازەکانی ((نا ئاییینییان[١])) لە ئەورووپایەك کە لە ژێر دەسەلاتی ڤاتیکان و تیۆکراتی دا بوو هێنایە کایەوە.لەم سەردەمە دایە کە یەکەمین ئەدەبیاتی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە کەنیسە سالاری و یەکەمین دیسکۆرسی سیاسی لە بەر پێویستی جیاکردنەوەی کاروباری گشتی لە ئایین و کەنیسە پەیدا دەبن:



دینۆکۆمپانی[٢](١٢٥٥ــ١٣٤٢)،دانتی ئالیگری (١٢٦٥ــ١٣٢١)......بە تایبەت مارسێل دوپادو[٣](١٢٧٥ــ١٣٤٢) کە ئەمانە مزگێنی دەری بیرۆکەیەکی ((لاییکین)).مارسێل دوپادۆ،تیۆرسیەنی سیاسی بەناوبانگی ئیتالیا، لە ١٣٢٤ دا یەکێك لە تێزەکانی دژ بە پاپا و دژ بە تیۆکراتی مێژووی فەلسەفەی سیاسی دەنووسێ.هەر لە بەر ئەمەش لە لایەن ڤاتیکانەوە وەك بێ باوەڕێك بە کافر دادەنرێ.لەو بەرهەمە **Defensor Pacis**،ئەمە وەك نموونە دەخوێنینەوە: ((تەنیا یاسادانەری مرۆیی کۆی هاولاتیانن یا بەشێکی بە تواناترە لەوان)) (بەشی یەکەم، تەوەری ١٢و١٣).

((تەنیا لە دەسەلاتی،دەسەلاتدارێکی بە وەفای شارە بۆ خەڵکی،کە بە پێی یاسا و نەریتە دیاریکراوەکان،ئەندامانی فەرمانگەی شارەکان دیاری بکات و هەروەها لە بارەی ژمارەو چۆنیەتییان و لە بارەی تەواوی کاروباری مەدەنی دا بڕیار بدات.)) (بەشی یەکەم،تەوەری١٢ و ١٥ لە دێڕی چوارەم تا دەیەم).

((هەر ئەسقەف و قەشەیەك،لە پلەی ئەسقەف و قەشەدا،دەسەلاتی بەڕێوەبردنی شارو شیاوییەکی یاسایی زۆرە ملێیانەی لە سەر کەس نییە،ئیتر ئەو کەسە ئەندامی کەنیسە[٥] بێت یا ئەندام نەبێت[٦] و تەنانەت ئەگەر بێ باوەڕیش بێت.)) (بەشی یەکەم،تەوەری پانزەیەم،دێڕی ١و٢و٤).

((هیچ ئەسقەف و قەشەیەك یا هیچ ئەنجومەنێك لەوان،مافی ئەوەی نییە کە بە بێ دەسەلاتی یاسادانەرێکی بڕواپێکراوەوە هیچ کەسێك بە کافر لە قەڵەم بدات.)) (بەشی دووەم، تەوەری شەشەم).

1.profane 2.res publica 3.Dino Compagny 4.Marsile de padoue

5.clerc 6.laic

مارسێل دوپادۆ تەنیا لایەنگری دەستێوەرنەدانی ئایین و کەنیسە نەبوو،بەڵکو هاوکات پێی وا بوو کە بەڕێوەبەری شار دەبێت دەسەڵاتی هەبێت بە سەر کەنیسە و تەنانەت کاروبارەکانی کەنیسەشدا.لە ڕاستیدا ئەوەی کە ئەو باسی دەکرد دوای چەند ساڵێك بە شێوەی چەند دەوڵەتێکی ڕەهای پاشایەتی (مونارشی) بە دی هات.لە گەڵ ئەم تایبەتمەندی و دوولایەنییەی کە لە لایەکەوە پاشا ڕەوایەتی خۆی لە خوداوە وەردەگرێت (بە دانپیادانانی کەنیسە) و بەم شێوەیە بە پێی قسەی عیسا دەبووە فەرمانڕەوا بە سەر هەموو((گەلی خودا)) وە،لە لایەکی تریشەوە دەوڵەتی پاشا وەك دامودەزگایەکی تا ڕادەیەك((سەربەخۆ)) و ((سەربەست)) بە بەراورد لە گەڵ دەسەڵاتەکانی تر وەك کەنیسە،خۆی ئەرکی بەڕێوەبردنی وڵات و ئەرکەکانی تری لە ئەستۆ دەگرت.هەڵبەت ئەزموونی بە ئۆرگانیزە کردن بە پێی شارە سەربەخۆ و سەربەست و کۆماری خوازەکان تەنیا باکووری ئیتالیای نەگرتەوە بەڵکو بەرەو ناوچەکانی تری ئەورووپا تا سەدەی شانزەهەم پەرەی سەند.

((بیرۆکەی فلۆرانسی)) لە سەردەمانی تر و لە جێگاکانی تریشدا دووبارە سەری هەڵدایەوە: فلاندەر ئەڵمانیای باکوور....بەڵام لە گەڵ ئەمەشدا ئەزموونی مێژوویی دەوڵەت ـ شار،بە هۆی لاوازی ئەم کۆمارانەوە تووشی شکست هات.یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوەش ناکۆکی ناوخۆییان بوو.((جاڕووجەنجالی)) ناوخۆ کە بە قسەی ماکیاڤیلی،لە ڕاستیدا مەرجی سەرەکی ئازادییە،ئەم دوورگە بچووك و لاوازانە لە ڕووی سەربازییەوە،دەخاتە هەلوومەرجێکی نایەکسان بەرامبەر بە هێزە گەورەو چەق بەستوو و ستەمکارەکانی سەردەمی خۆیانەوە.بەڵام بە هەر شێوەیەك بێت ئەوەی کە لە ئەورووپای ڕۆژئاوا بە پەرەسەندنی دەوڵەتە ڕەها پاشاییەکان،لە پێکەوە ژیان ــ دژبەیەك بوون،لە گەڵ دەسەڵاتی کەنیسە دروست بوو،ڕەوتێکە کە دەبووە هۆی کەمکردنەوەی زۆرتری دەسەڵاتی ستەمکاری کەنیسە لە بەڕێوەبردنی شارو



وڵاتەکاندا،هەروەها بووە هۆی سەربەخۆ بوونی هەر دوو دەسەڵات بەرامبەر بە یەکتر.ڕینیسانس و بزووتنەوەی چاکسازی ئایینی دوو ڕێگای جیاواز بوون بۆ کەمکردنەوەی پەیوەست بوونێکی زۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی بە ئایینەوە.

سەرەنجام لە پرۆتستانتەوە ئەمە بەدی دەکەین کە ڕزگاربوونی کردەیی، لە کارایی بێ سنووری کەنیسە دەتوانێ بە پشت بەستن بە ئایین خۆی و تەنانت بە ئیمانێکی زیاترو بیروو باوەڕێکی زیاتر و جەوهەرێکی بەرزی وەکوو خودا بەدی بێت: بۆ نموونە بە دانپیانانی بەهای ئایینی بۆ چالاکییە دونیاییەکان (نائایینی) وەك کاری بەرهەم هێنان و کۆکردنەوەی سەرمایە(تیۆری ڤێبەری) یا بە ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە دەستێوەردانێکی کەنیسە(لۆتەر) و ......

سەرەنجام لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمەوە ڕۆژئاوا دەچێتە ناو دوایین قۆناغی پرۆسەکەوە،بەم شێوەیە کە:

ــ چەند دامەزراوەیەکی سەربەخۆ و سەربەست لە دەرەوەی کەنیسەدا دروست دەبن کە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان پەنا بۆ هیچ ئایینێکی تایبەت نابەن.

ــ دەسەڵاتی سیاسی بیرۆکەی ڕێنوێنی خۆی بە پێی هیچ بنەما و یا لە ڕووناکایی هیچ ئایین و مەزهەبێکدا دیاری ناکات.

ــ هاووڵاتی بوون لە گەڵ تەواوی ماف و ئەرکەکانی خۆی لە سەربەخۆییدا بەرامبەر بە ئایین دروست دەبێت.لێرەدا دانپیادانانی((ئازادی تەواو)) ی ئایینەکان لە کۆمەڵگای مەدەنیدا ڕۆڵێکی پۆسۆتیڤ و چارەنووس ساز دەبینێ.بەڵام دوایین قۆناغ ((ڕزگاری)) کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکانە نەك (تاکەکان)یەتی،لە زاڵبوونی ئایین و کەنیسە،قۆناغێك کە هاوکات بەرەو کۆتایی دەچێت:((بە پێی دوو لۆژیکی جیاوازەوە،دوو نموونەی ئایدیالیستی دروست دەبێت.بە پێی ئەوەی کە وڵاتان یا خاوەنی نەریتێکی کاتۆلیکین و یا ئەوەی کە پرۆتستانتیسم تیایاندا زاڵە،ئەوا لە جێگایەك لاییسیزاسیۆن مان هەیە و لە جێگایەکی تریشدا سێکولاریزاسیۆن)) (Gean Baauêrot).

**ئەنجامی بەشی دووەم: دوو لۆژیك!**

بە هەمان شێوە کە وتمان لۆژیکی لاییسیزاسیۆن،تایبەت بووە بە وڵاتە کاتۆلیکەکانەوە.((ئەو جێگایەی کە کەنیسەی کاتۆلیك ڕۆڵی بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی بە ئەرکی خۆی دەزانێ و وەك هێزێك بەرامبەر بە دەوڵەت و تەنانەت وەك بەرەنگاریکەریشی دەوەستێتەوە.لە ئەنجامدا هێزە سیاسییەکان بۆ هێنانە دەرەوەی هاووڵاتیان و کەرتی گشتی کۆمەڵگا لە ژێر فەرمانی کەنیسە،یەکدەگرن و لە ئەنجامدا ئایین لە ناوەندی گشتییەوە بەرەو ناوەندی تایبەتی (واتە کۆمەڵگای مەدەنی) ڕاوەدوو دەنێن.هەنگاوی دەسەڵاتی سیاسی بۆ جیاکردنەوەی دەوڵەت لە ئایین بەرهەمی ئەو شەڕە هەمەولایەن و تاڕادەیەك توندوتیژ و جاروباریش لە سەرخۆ بووە لە نێوان ئەم دوو هێزەدا واتە: لە لایەکەوە لایەنگرانی کەنیسە سالاری[1] و لەلایەکی ترەوە نەیارەکانیان[2].مشتومڕی نێوان ئەم دوو هێزە لۆژیکی لاییسیزاسیۆن پێك دەهێنن و دابەش دەبنە سەر دوو تاقم یا دوو گروپەوە.ئەو مشتومڕانەی کە لە لایەن تاقمی یەکەمەوە هەژمار دەکرێن لە کاتێکدا ڕوو دەدەن کە دەوڵەتی مۆدێرن تا ڕادەیەك لە چواردەوری بیرۆکەی نەتەوەیی پێك هێنرا بێت و بۆیە لێرەدا دژ بە پرۆژەی جیهان ــ ڕەوای کەنیسە دەوەستێ.

---

1.cléricaux 2.anti-cléricaux



(ئانگلیکانیسم[1] و گالیکانیسم[2] دوو نموونەن لە شەڕی نێوان دەسەڵاتی پێکهاتوو لە سەر ئاستی نەتەوەیی و دەسەڵاتی ڕەهادا).

(لە بەشی چوارەم و پێنجەم هەڵدەسین بە توێژینەوە لە سەر ئەم دوو بابەتە).

((مشتومڕەکانی تر کە لە تاقمی دووەمدان،بنەچەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ کەین و بەینی کەنیسە و ڕژێمە ڕەهاکان لە کۆمەڵگایەکدا کە چین و توێژی جیاوازی تێدا بێت)).(وەك شۆڕشی فەرەنسا).(Françoise Champio).

هەر وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا لۆژیکی سێکولاریزاسیۆن،چاودێرە بە سەر گۆڕانێکی هاوکات و بەرە بەرەی مەزهەب و هەروەها ناوەندە جیاوازەکانی چالاکی کۆمەڵایەتی.بەڵام پێش شیکردنەوەی ئەم لۆژیکە پێویستە پێناسەیەك لە ووشەکان بخەینە ڕوو.

ووشەکانی ((سێکولار))،((سێکولاریسم)) و ((سێکولاریزاسیۆن)) لە ڕەگی سێکولومی[3] لاتینییەوە وەرگیراون کە وەرگێڕانی ووشەی یۆنانی ئایۆن یا ئایۆناسە[4] کە بە مانای ((ڕۆژەکان))،((سەدە)) یا ((جیهان)) دێت.

سەرەتا بەڕەوتی وازهێنانی کەسێکی مەزهەبییان لە کەنیسە داری((پلەو پایەی کەنیسەیی)) دەوت سێکولاریزاسیۆن.

بە واتایەکی تر تێپەڕین لە حاڵەتی کلێرك بۆ حاڵەتی لاییك.(پێشتر پێناسەی ئەم دوو ووشەیەمان کردووە).تاکی ئایینی لە پلەو پایەی کەنیسەیی خۆی دەست لە کار دەکێشێتەوەو دەگەڕێتەوە بۆ ((سەدە)) یا سەردەمی خۆی.

---

1.Anglicanisme 2.Gallicanisme 3.soeculum 4.aiwaç

لە هەمان کاتدا سێکولاریزاسیۆن مانایەکی تریشی هەیە و ئەویش دەرهێنانی داراییە لە چنگی کەنیسە و ئەم دامەزراوەیە،کە بە گشتی ئەم داراییە دەکەوێتە ژێر دەستی دەوڵەتەوە.سەرەنجام مانایەکی سێیەمیشی هەیە کە ئەویش مانا مۆدێرنەکەیەتی: گواستنەوەی چالاکییەکان و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی وەك قوتابخانەکان و نەخۆشخانەکان... لە ناوەندی ڕابەرایەتی یا دەسەڵاتی کەنیسەوە بۆ ئەو ناوەندانەی کە هیچ گەڕانەوەیەکی بۆ بەها ئایینی یەکان تێدا نابینرێت.بە گشتی چەمکی سێکولاریزاسیۆن وەرگێڕانی پرۆسەیەکە کە تیایدا لە پیرۆزی دانی ئەو چالاکیانەیە کە تا ئەم کاتە بەتەواوی یا تارادەیەك پەیوەست بوونە بە کەنیسەوە.وەك چالاکییە هونەرییەکان،سیاسییەکان،تەکنیك،ڕەفتارو پێوەری ئەتیکی[1] و هەروەها چالاکییە زانستییەکان و........هتد"ئێستا بە ڕەچاو کردنی پێناسەکەی سەرەوە دەگەڕێینەوە بۆ شیکردنەوەی لۆژیکی سێکولاریسم لە ئەورووپا.

((ئەم لۆژیکە کە تایبەتە بە ولاتە پرۆتستانتەکانەوە دەتوانرێ لە هەلومەرجی ولاتسانی کاتۆلیکیش بوونی هەبێت.بەلاّم پانتاییەکەی سنووردارە،بە هۆی سروشتی کەنیسەی کاتۆلیك خۆیەوە کە خەسڵەتێکی نێونەتەوەیی هەیە و لە ئۆرگانیزەکردنێکی پێکەوە گرێدراوی تەواو پەیوەست بە ڕۆماوە بەهرەمەندە.

کەنیسەی پرۆتستان هێزێکی (مۆنۆپۆڵکەر و لە سەرتری) وەك کەنیسە کاتۆلیك نییە کە توانێ ڕووبەڕووی دەوڵەت ببێتەوە،بەڵکو دامەزراوەیەکە دەوڵەت کە بەشدارە لە ڕێکخستنی سیاسی ولاّتداو ولە پێڕوی کردنی دەسەلاّتی سیاسی،پێڕەوییەك کە تا ڕادەیەك قبووڵ کراوە یا لە ژێر پرسیاردایە،ئەرکەکانی خۆی لە ئەستۆ دەگرێت.

---

1.éthque 2.holiste



ڕزگاربوونی کۆمەڵگا سەبارەت بە ئایین بە کەمکردنەوەی ڕۆڵی کەنیسە دەستەبەر دەبێت.سەرچاوەی مشتومڕی ئەو دوو تاقمەی کە لە ولاّتانی کاتۆلیك دا ئاماژەمان بۆ کرد،لێرەدا بوونی نییە.لە لایەکەوە دەوڵەتی مۆدێرن ناکەوێتە مشتومڕ لە گەڵ کەنیسەیەکی نێونەتەوەییەوە،بەڵکو بە پێچەوانەوە کەنیسەکانی پرۆتستانت بەشێك لە شوناسی دەوڵەتە مۆدێرنەکان پێك دەهێنن.لە لایەکی ترەوە پرۆتستانتیسم لە ڕووی جەبرییەوە هەڵگری ڕۆحی دیموکراتی نییە،بەلاّم ئەمە حەقیقەتێکە کە وەك ئەنجوومەنێکی یەك باوەڕ و هیرارکییەتی و یەکپارچە سەیری کەنیسە ناکات.ئەم شتە شەڕ لە گەڵ ئایین سالاری و لە ئەنجامدا شەڕ دژ بە کەنیسە کەمتر دەکاتەوە.بەم شێوەیە گۆڕانکاری لە کەنیسە (لە هەلومەرجی مۆنۆپۆڵ کردن و یا دەسەلاّتدارییەتی دا) هاوکات بە گۆڕان لە گەڵ بەشەکانی تری کۆمەڵگادا دەستەبەر دەبێت.هەڵبەت ئەم گۆڕانکاریانە مشتومڕیان لێدەکەوێتەوە.بەلاّم لەم ڕووبەڕوو بوونەوانەدا بە گشتی ڕەتی کەنیسە و یەکجار مەزهەبیش نادرێتەوە.ئەم شەڕانە بە شێوەیەکی سەرەکی کێشەی نێوان پارێزکاران و لیبراڵەکانە،کە هەم کەنیسە و هەم ناوەندە چالاکەکانی تری کۆمەڵایەتیش دەگرێتەوە.

## سەرچاوەکانی بەشی دووەم

1.Histoire de la laïcité. Jean Baubérot. Centre régional de documentation pédagogique de fran[illegible]comté
2.La laïcité, Henri Pena-Ruiz, Flan[illegible]on
3.Dieu et Marianne,philosophie de la laïcié, Henri Pena-Ruiz,Presse, univesitaire de France (PUF)
4.Entre laïcisation et sécularisationm, Françoise champion, le Débat 77,1993
5.Europe,Islam et société civile,Bernard Lewis, le Débat 62,1990
6.Islam et laïcié la naissance de la Turquie moderne,Bernard Lewis, fayard
7.La religion dans la démocratie,Marcel Gauchet, Gallimard
8.Qu-òst-ce que la citoyenneté,Dominique Schnapper, Gallimard
9.Les origines de la pensée grecque, Jean-Pierre Vernant,PUF
10.La montée de l insignificance, Cornelus Castoriadis, Seuil
11.Histoire intellectuelle de libéralisme, Quentin Skinner,callman-lévy
12.Histoire intellectuelle du libéralisme, Pierre Manent, Callman-lévy
13.Defensor pacis, Marsile de padoue
14. Le moment machivélien, la pensée politique Florentine et la tradidition républicaine altantique,J.G.A. Pocock, PUF
15.La théocratie, l,église et le pouvoir au Moyen Age, Marcel Pacau
16.La bible de Jérusalem, Les editions du GERF
17.Encyclopédie philosophique universelle,les notions philosophiques
18.Dictionnaire étymologique de la langue grecque, Pierre chantraine
19.Dictionnaire anglais-français Harrap's unabridged
20.Dictionnaire allemande-français Harrap's unabridged
21.Dictionnaire Salamanca de la langue Espanola
22.Grande dictionario portugués – francês
23.Dictionnaire arabe – français A. de Biberstein Kazimirski
24.Oxford English reference dictionary
25.Dictionnaire arabe – français A. de Biberstein Kazimirski



26. Dictionnaire arabe – français AL kanze jerwan sabe
27. Dictionnaire français – turc, Cybele Berk Michel Bozdemir

۲۸.پرۆژەیەکی نوێ:ژمارەی ٦٣:چوار ساتی دابڕان لە فەلسەفەی سیاسی کلاسیك،قۆناغی ماکیاڤیلی،شیدان وەسیق
۲۹.پرۆژەیەکی نوێ،ژمارەکانی ٤٩و٥٠:هۆکارە مێژووییەکانی پەیدابوونی سێکولاریسم،مەنوچەری سالەحی.

# بەشی سێیەم

## بنەما فەلسەفییە ـ سیاسییەکانی لاییسیتە

## (هۆبز، لۆك، ئیسپینۆزا، ڕۆسۆ، کانت، هیگڵ و مارکس)

بە بیری دەهێنینەوە کە لە بەشی یەکەمدا پێناسەیەکی دیاریکراومان بۆ لاییسیتە لەو مانایەی کە لە نیمەی سەدەی نۆزدەهەم دا لە ڕۆژئاوا بۆی دەستنیشانکرابوو،خستە ڕوو.جیاکردنەوەی مەزهەب و ئایین لە لایەك و ئازادییە مەزهەبییەکانیش لە لایەکی تردا.دواتر لە بەشی دووەم،بنەچە و بوارە مێژووییەکانی (یۆنانی ـ مەسیحی) ((چوونەدەرەوە)) لە کەنیسە سالاریمان لە ڕۆژئاوا شی کردەوە.ئەوانەمان لە دوو نموونەی پۆلیسی یۆنانی،لە دژیەکی یا دوالیزمی سەرەتایی لە مەسیحییەت (مەڵبەندی مەسیح و مەڵبەندی قەیسەر) و دواتر لە پێکهێنانی شارە سەربەخۆ و کۆماریخوازەکان لە ئەوروپای سەدەی ناوەڕاست دا پیشان دا.

لە هەر دوو بەشەکەدا پێداگریمان لە سەر خاڵێکی بنەڕەتی دەکردەوە، ئەوەی کە ((لاییسیتە)) ــ بە جیاوازی لە گەڵ سێکۆلاریسم ــ لە دوو بنەمای لێك جیانەکەرەوەو پەیوەست بە یەکەوە دروست بووە.یەکەم، بنەمای جیاکردنەوەی دامەزراوەی دەوڵەت (بە شێوەیەکی گشتی کەرتی گشتی) لە دامەزراوەی ئایین و ئایینەکان (بە شێوەیەکی ئاشکرا کەنیسە لە ڕۆژئاوا).دەوڵەتی لاییك بەو دەوڵەتە دەڵێن کە دان بە هیچ ئایینێك بە فەرمی دانانێت،نە پرسی پێ دەکات و نە دەست دەخاتە ناو کاروبارییەوە.دووەم،بنەمای دابین کردنی ئازادییە مەزهەبییەکان یا بە شێوەیەکی گشتی،ئازادی ویژدان دابین دەکات.

دەوڵـەتی لاییـك بـەو دەوڵەتـە دەڵـێن کـە ئازادییـە کۆمەڵایەتی،سیاسـی و کولتوورییەکان بۆ هـەموو ئیمانـداران وەك هاوولاتیـانی تـر لـە کۆمـەڵگای مـەدەنی دا مـسۆگەر دەکـات.لـەم بەشـە بـۆ بەدواداچـوونی باسـەکانی پێشوو،بابەتی ئێستامان بریتییە لە خوێندنەوەی بنەمای فەلسەفی ـــ سیاسی تیۆری لاییسیتە لە مانا دوو لایەنەکەیدا واتە جیاکردنەوەی دەوڵەت لە ئـایین و ئازادییە مەزهەبییەکان.لاییسیتە لە ڕۆژئاوا،لە گەڵ

ئەوەی دیاردەیەکی سەردەمی نویّ یە،بـەلاّم بنـەڕەتی تیۆرەکـەی لـە سـەدەی شانزەهەمەوە تـا نۆزدەهەم،لـە لایـەن چـەند فەیلەسـووفێکەوە وەك تۆمـاس هۆبز،جۆن لۆك،باروخ ئیسپینۆزا،جان جاك ڕۆسو،ئیمانۆئێل کانـت و تەنانـەت فێـردریش هیگـڵ (لـە بەرهەمـەکانی سـەردەمی گـەنجی دا ـ قۆنـاغی بێرن١٧٩٦) وکارل مارکس (لە ڕەخنەیەك لە سەر برونۆ باوئێر و باسێك لـە بارەی مەسەلەی یەهوودیەکانەوە ـ ١٨٤٣)،دادەڕێژرێت.

توێژینەوەی بەشداری هەریەك لـەم بیرمەندانـە لـە دیـاریکردنی پەیوەنـدی دەوڵەت و ئایین دا ناوەڕۆکی ئەم باسەی ئێمە پێك دێنیّ.

پاساوە فەلسەفییەکان بۆ لاییسیتە،ئەگەر چـی بـەو شـێوەیەی کـە دەیبیـنین لێکنەچوو و لە هەندێك لایەنیشدا دژ بە یەکەن،بەلاّم بە دڵنیاییەوە دەتـوانی بڵێی کە زەمینە تیۆرییەکانی دروست بوونی دەستەبەر کردووە.ئەگەر ئێـستا لێکدانەوەی جیاواز و تەنانەت دژ بە یەکیش لە لاییسیتە دەخرێتە ڕوو،لە بەر ئەوەیە کە دانانی بنەڕەتی فەلسەفی ـــ سیاسییەکەی هەر لە سەرەتاوە بە یەك لاو و یەك ڕێڕەودا نەڕۆشتووە.



**بنەمای فەلسەفی لاییسیتە: ((پەیمان))**

پرسیار ئەمەیە کە فەلسەفەی سیاسی لە سەدەی شانزەهەم تـا نوزدەهـەم لـە ڕۆژئاوا کە بنەما تیۆرییەکانی دروست کردنی سیستمی بورجوازی و لیبراڵیسم دروست دەکات،چ پاساوێکی بە بەڵگەی بـۆ ئـەو شـتەی کـە نـاوی لێـدەنێین ((تیۆری لاییسیتە)) هەیە؟ سەرەکی ترین تیۆرییەك کە پشت ئەسـتوور بـەم پاساوە فەلسەفی ـــ سیاسییە بە شێوەیەکی بڕواپێکەر(لە ڕوانگـە و پێگـەی ئـەم فەلسـەفەیە) دروسـت دەبێـت، تیـۆری سیاسـی ((پەیمانـە)).چـەمکی ((پەیمانی کۆمـەڵایەتی)) بە بیّ گوێدان بۆ ئەو لێکدانەوە جۆراوجۆرانەی بۆی دەکرێت،ڕەگی لە سەر یەك گریمان یا مـەرجێکی تایبـەت داکووتـاوە:ئـەویش خواست و ویستی مرۆڤەکانە بۆ کۆتایی پێهێنان بە نا ئارامی و گرژییـەکانی نێـوان خۆیـان کـە بـە ((بـارودۆخی سروشـتی)) نـاو دەبرێـت.پێکهێنـانی ((کۆمـەڵگای سیاسی))،((کۆمەڵگای مەدەنی)) و ((دەوڵـەت)) وەڵامێکـە کە مرۆڤەکان بۆ چوونە دەرەوە لەم بارودۆخە قەیراناوییە دۆزیویانەتەوە.چونکە مرۆڤەکان لە بارودۆخی سروشتی[1] هەست بە ژیانێکی ناخۆش و کـوڵ پـیّ دەر دەکەن،بۆیە هەست دەکەن بۆ پاراستنی گیان و دابین کردنی بەرژەوندییەکانیان ((شتێك بە دەستی خۆیان بخولقێنن[2])) وناوی لێدەنێن ((دەوڵەت[3])).

1.Etat de nature   2.Arifice   3.Etat

واتە ئەو کەرەستە یا داموودەزگایە یا دامەزراوەیەی کە لە ناو کۆمەڵگا دەخولقێ و دەڕوا تاوەکو زاڵ بێت بە سەر قەیرانەکانی بارودۆخی سروشتی وەك نا ئارامی (بە تایبەت لە پەیوەندی لە گەڵ خاوەندارییەتی دا) و توندوتیژی (شەڕی) ناوخۆ و ئەو شتانەی کە پێشبینی بۆ نەکراوە و بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ڕوودەدا (شتی لە ناکاو). ((دەوڵەتێك)) کە بە بڕوای بیرمەندانی ئەم فەلسەفەیە،تایبەت نییە بە کۆمەڵێکی تایبەت و دیاریکراوەوە بەڵکو ((تایبەتە بە هەمووان)) یا ((کاروباری گشتی[1]))یەوە.

((دەوڵەتێك)) کە جەوهەر و ڕەگێکی ((پیرۆزی)) بە مانای ئایینی و میتافیزیکییەوە نییە بەڵکو دروستکراو و بەرهەمی ئەندامانی کۆمەڵگا خۆیەتی و بەرهەمی پەیمانی نێوان ئەوانە،پەیمانێك کە تەواوی خەڵکی لە بەستنیدا بەشدارن.بۆ یەکەم جار تۆماس هۆبز تیۆری سیاسی پەیمانی لە فەلسەفەی سیاسی دا لە ماوەی سەدەی حەڤدەهەم دا خستە ڕوو.

هۆبز: ((لاییسیتە)) بە بێ ئازادی

تۆماس هۆبزی(١٥٨٨ـ١٦٧٩زایینی) فەیلەسووفی ئینگلیزی،(هاو سەردەم لە گەڵ سەردەمی سەفەوییەکان و شا عەباسی یەکەم)،کوڕی قەشەیەك بوو.

ئەو لە هەلومەرجێکی سیاسی و مەزهەبی و شێواوی سەدەی حەڤدەیەم دا لە ئینگلیز دەژیا.لە سەردەمێکدا کە شەڕی قورسی ناوخۆ و قەیران ئاسای نێوان تاقمە مەزهەبییەکان،لە سێدارەدانی شارڵی یەکەمی پاشای ئینگلیزی لە ساڵی ١٦٤٩دا لێکەوتەوە.

1.Res publica



بۆ کۆتایی پێهێنان بە ناکۆکییە مەزهەبی ـ سیاسییەکان کە کۆمەڵگای خستبووە قات و قڕییەوە،هۆبز ڕێگا چارەی ئەمە بە هەبوونی دەوڵەتێکی بە هێز و دەسەلاتدار(لێڤیاتان[1]،دێوی ئەفسانەیی لە ناو تەوراتدا)دەبینێت.ڕێگا چارەی هۆبزی بۆ ئەم بابەتە ئەوەیە کە چونکە شەڕە مەزهەبییەکان (لە نێوان مەسیحەییەکان) لە ئەنجامی ئەو ڕاڤەکردنە دژیەیەکانەی ئینجیلەوە سەرچاوە دەگرن،بۆیە دەوڵەت دەبێت یەکسەر بە فەرمی خۆی لێکدانەوەو ڕاڤەیەکی تایبەتی بۆ دابنێ و بیسەپێنێ بە سەر هەمووان دا.ئەمە بەو مانایە نییە کە دەوڵەت دیاریکەری حەقیقەت و بەرجەستەکەری کەلامی خودایە بەڵکو بە مەبەستی ئەوەیە کە بابەتی ڕزگاری و بەختەوەری مرۆڤ،کە لە سەر ئەمە خۆیان لەت و پەت دەکەن،لە ناوەندی پێکدادانەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بڕواتە دەرەوە.بە ڕای هۆبز،دەسەلاتدارییەتی باش[2]،بەو شێوەیەی کە فەیلەسووفە کۆنەکان وەك ئەرستۆ باسیان دەکرد،بوونی نییە.بە هەمان شێوە کە بەردەوامی شەڕە مەزهەبییەکان لە ماوەی مێژووی ئەورووپادا بە تایبەت لە سەدەی شانزەهەم سەلماندوویانە،یەکگرتنی ئایینی هیچ کاتێك بەدی نایەت.

کەواتە ((سیاسەت)) واتە (دەوڵەت) دەبێت لە ڕێگای پساوانکردنی ناکۆکی،کۆتایی بێنێت بە ((شەڕی هەمووان دژ بە هەمووان[3]))،کە ئەمە سەرەکیترین تایبەتمەندی بارودۆخی سروشتییە.ئەم کارە گرنگەش بە نەگەڕانەوە بۆ هیچ یەك لەو ڕاڤەکردنانەی کەنیسە تەنانەت بەرجەستە ترینیشیان ـ کە بووەتە هۆی ناکۆکی و هەڵگیرساندنی شەڕە کۆتایی نەهاتووەکانی نێوان مرۆڤەکان ـ جێبەجێ دەبێت.

1.Leviathan 2.Sumnum bonum
3.Bellum omnium contra omnes

دەولەت بە ڕێگا پێدانی خۆی و سەپاندنی ڕاڤەکردنێکی فەرمی بۆ دەقی ئینجیل سەربەخۆ لەوەی کەنیسە،هاوکات بە هەر شێوەیەك بێت هەلی ڕەتکردنەوەو و ڕەخنە گرتن لێی،لە لایەن هاوولاتیانەوە،نامووملکین دەکات.ئەم تاقە ڕاڤەکردنە دەولەتییە قبوولی ڕەخنە گرتن ناکات.چونکە ئەگەر وابێت ئەوا سەر لە نوێ ڕێگا بۆ ناکۆکی و پێکدادانە مەزهەبییەکان دەکاتەوە.کەواتە لیڤیاتان دەبێت ئازادی بیروڕا قەدەغە بکات،زانکۆکان بخاتە ژێر کۆنترۆلەوەو ڕێگر بێت لە بلاوکردنەوەی ئازادانەی کتێب.

ئازادییە مەزهەبییەکان لە دەرەوەی ناوەندی تایبەتی دا بە قەدەغە ڕادەگەیەنرێن.لە ڕاستیدا دەولەت کۆتایی دەهێنێت بە گوێ ڕایەلییەکی دوو لایەنەی مەسیحی،واتە هەم گوێ ڕایەلی بۆ کەنیسە و هەم بۆ دەسەلاتداری شار.بە تایبەتی کۆتایی هاتن بە گوێ ڕایەلی لە کەنیسەی کاتۆلیك ڕادەگەیەنێت.کەنیسەیەك کە دەست و پێوەندەکانی بە زەبری حەقیقەتی دەسەلاتی ڕۆحییەوە کە پەیوەندی بە ئەم دونیایەوە نییە،یاساکانی ئەم جیهانەی دەسەلاتی مەدەنی دەخەنە ژێر پرسیارەوە.

کەواتە دەولەت نەك بە فەرمی دان بەو ڕاڤەکردنە مەزهەبیانەی کە هەیە نانێت،لە هەمان کاتدا هەمووی لە ژێر قامچی تاقە ڕاڤەکردنەکەی خۆیدا دادەکوتێ.بەم شێوەیە لیڤیاتان یا دەولەتی هۆبزی تا ئەو جێگایە لاییکە،کە کۆتایی دێنێت بە دەستتێوەردانی سیاسی و لێکدانەوە مەزهەبییەکانی کەنیسە.بەلام لێرە لاییك مانای زەمانەوانی خۆی - پەیوەندی هەبوون بە خەلك (لایۆس)،(سەیری بەشی دووەم بکەن،ڕەگ و زەمینەکانی لاییسیتە) ـــ لە دەست دەدات.چونکە لە مەلبەندی لیڤیاتان ئەمە خەلکییە کە خۆیان دەدەنە پال دەولەت نەك بە پێچەوانەوە.لێرەدا لاییك مانای سەربەخۆیی و بێ لایەنی دەولەت سەبارەت بە ئایینەکان لە دەست دەدات.چونکە ئەمە دەولەتە کە بە دیاریکردن و ڕێگا پێدانی یەك ڕاڤەی خۆی بۆ ئایین،دەست دەخاتە کاروباری



ئایینەوە.دووبارە لێرەش لاییسیتە بە مانای ئازادی ئایین و بیروڕا و ویژدان بە دی ناکەین.چونکە ئازادی ڕێگای ناکۆکی لە گەل ئەم ئایینە فەرمییە دەکاتەوە.بۆیە دەبێت نەمێنێت.

لە بەشی٢٩ی لیڤیاتان ئەمە دەخوێنینەوە کە:

((بەهەمان شێوە کە چەند پزیشکێك دەست دەکەون کە بوونی سێ جۆر جەوهەر لە مرڤێکدا دووپات دەکەنەوە،کەسانێکیش پێیان وایە کە دەکرێ لە دەولەتێکدا زیاتر لە یەك جەوهەر واتە چەند هێزێکی دەسەلاتدار بوونیان هەبێت.ئەوانە جەنابی پایەبەرز واتە(کاردینال یا پلەبەرزێکی تر لە کەنیسەی کاتۆلیك) لە بەرامبەر دەسەلاتدارییەتی دا دادەنێن.

ڕیسا ئایینی یەکان بەرامبەر بە یاسا و دەسەلاتی کاربەدەستانی ئایینی بەرامبەر بە دەسەلاتی مەدەنی دادەنێن.ئەوان بە ووشەکان و جیاکردنەوە بێ ماناکانیان کە دەربڕی هیچ شتێك نییە،مێشکی خەلکیان تێك داوە و لە تاریکاییدا مەلبەندێکی تر پیشان دەدەن،مەلبەندێك کە بە قسەی هەندێ کەس نەبینراوەو و تیایدا فریشتەکان دەلێی لە ناو سێبەردا ڕێدەکەن.(لە بەشی ٤٦هۆبز بە گالتەجارییەوە کەنیسەی پاپا لە گەل مەلبەندی فریشتەکان بەراورد دەکات).

بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە دەسەلاتی مەدەنی و دەسەلاتی دەولەتی بە دلنیاییەوە هەر یەك شتن،ئەمەش کە دیاریکردنی یاسا ئایینییەکان و دەسەلات پێدانیان،دەولەت تێسوە دەگلێنێ،کەواتە لەوێ کە یەکێك دەسەلاتدارییەتی سیاسی هەیە و ئەوی تر دەسەلاتدارییەتی ڕۆحی،یەکێك یاسا مەدەنییەکان دادەڕێژێ و ئەوی تر یاسا ئایینی یەکان،ئەوا لە ئەنجامدا و بە شێوەیەکی پێویست خەلکی لە یەك کاتدا ڕووبەڕووی دوو دەولەت دەبنەوە.بۆیە ڕووبەڕووی مەلبەندێك دەبینەوە کە دابەش کراوە و لە ئەنجامدا ئەگەری بەردەوامی نییە.

لەگەڵ ئەوەی کە جیاوازی کاروباری زەمەنی[1] (دونیایی،سەر بەم جیهانە)و کاروباری کاربەدەستانی ئایینی[2] دەربڕی هیچ شتێك نییە و گرنگیش نییە،بەلام ئەوەی کە لەو ناکۆکییە دەمێنێتەوە بوونی دوو مەڵبەند و خەڵکانێکە کە دەبێت ملکەچی دوو دەسەڵاتدار بن.

بە سەرنج دان بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی پێیان وایە کە دەبێت ئەوان گوناه دیاری بکەن و لە ئەنجامدا هەر ئەوانیش یاسا دابڕێژن (چونکە گوناه هیچ نییە جگە لە سەرپێچی کردنی یاسا) بە سەرنج دان بەوەش کە دەسەڵاتی مەدەنیش خوازیاری مافی یاسادانانە،لە ئەنجامدا هەریەك لە ئەندامانی کۆمەڵگا دەبێت ملکەچ بن بۆ دوو دەسەڵاتدار کە بڕیارەکانیشیان حوکمی یاسای هەیە،ئەمەش شتێکە کە ناکرێت.

بە واتایەکی تر ئەگەر تەنیا یەك مەڵبەندیان بوونی هەبێت،ئەوا بۆ نموونە دەبێت دەسەڵاتە مەدەنییەکان کە هەر دەسەڵاتی دەوڵەتە ملکەچی دەسەڵاتی کاربەدەستانی ئایینی بن - ئەوا ئیتر دەسەڵاتدارییەك جگە لە دەسەڵاتدارییەتی پیاوانی ئایینی بوونی نامێنێت - یا ئەگەر پیاوانی ئایینی ملکەچی دەسەڵاتی زەمەنی (دونیایی) بن ئەوا لە ئەنجامدا جەنابێکی پایە بەرز،جگە لە دەسەڵاتدارییەتی دونیایی بوونی نییە.کەواتە ئەو کاتەی کە ئەم دوو هێزە دەبنە دژی یەکتر تەنیا دەوڵەتە کە دەکەوێتە بۆسەی مەترسی گەورەی شەڕی ناوخۆ و لە ناوچوونەوە.ئەوەی کە تووشی ئەم نەخۆشییە هاتووە(جموجۆڵی خێرا و نارێك کە پێی دەوترێت گرژهەلاتن) وەك کەسێك کە عەقلی نەمابێت،جارێك دەکەوێتە ئاو و جارێکی تر دەکەوێتە ئاگرەوە.

1.temporel 2.ghostly



ئەم بارودۆخە سەبارەت بە دەسەڵاتی سیاسیشەوە ڕاستە : کاتێك کە دەسەڵاتی پیاوانی ئایین بە دروستکردنی ترس لە سزادان و ئۆمێد بۆ پاداش،ئەندامانی دەوڵەت (کۆمەڵگا) دەخەنە جمووجۆڵەوە.لە کاتێکدا ئەوان دەبێت لە لایەن دەسەڵاتی مەدەنییەوە کە ڕۆحی دەوڵەتە بکەونە جمووجۆڵەوە.یا کاتێك کە دەسەڵاتی پیاوە ئایینی یەکان بە ووشە نامۆ و نادیارەکانیان وریایی گەل سەرکوت دەکەن،چونکە بۆ دروستکردنی ناکۆکی لە نێوانیان پێویستییان بەم کارە هەیە تا بتوانن یا دەوڵەت لابدەن یا ئاگری شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسێنن.))

(لێڤیاتان،بگەڕینەوە بۆ سەرچاوەکان لە کۆتایی ئەم بەشە،ڕوونکردنەوەکان هەمووی لە لایەن هۆبزەوەیە هەروەها پەراوێزی هاو واتا بیانییەکان).

بەلام بە هەمان شێوە کە وتمان بە ڕای هۆبزلێڤیاتان،بەرجەستەکەری هێزی دەسەڵاتداری لە ((یەك سەرەوە)) لە باتی ((دوو سەر)) نییە،(زەمەنی و پیاوانی ئایینی)”بەڵکو دەسەڵاتدارییەکی بێ نەیاری دەوڵەتییە کە هەم شمشێری دادوەری لە دەستدایە و هەم شمشێری جەنگیش،هەم دادوەری دەکات هەم ئەفسەران و خاوەن پلە یاساییی و دەوڵەتییەکان دیاری دەکات،هەم دەسەڵاتی بە سەر ماڵ و حاڵی (خاوەندارییەتی) هاوولاتیان هەیە و هەم لە سەر ڕۆح و هزریان (ملکەچی ئایین بۆ دەسەڵاتی سیاسی).

واتە لە دەربڕینێکدا لێڤیاتان دەسەڵاتێکی ڕەهایە هیچ سنوور و ئاستێك جگە لە ئیرادەی خۆی ناناسێ.دەتوانین ئەمانە لە بەرهەمێکی تری هۆبز بە ناوی هاوولاتی کە پێشەکییەکە بۆ لێڤیاتان بەدی بکەین،لە بەشی شەشەمیدا کە ناوی ((ئیمپراتۆرییە)) لە ژێر ناونیشانی ((سەبارەت بە مافی کۆمەڵێك یا تەنیا کەسێك کە هێزی دەسەڵاتی لە کۆمەڵگای مەدەنی لە دەستدایە)) بەم شێوەیە ئەم کورتەیە دەخوێنینەوە (ڕوونکردنەوەکان لە هەموو جێگایەکدا لە لایەن هۆبز خۆیەتی):((٦.بە هەمان شێوە کە بۆ ئاساییشی گشتی و ئاشتی کۆمەڵایەتی پێویستە کە مافی شمشێری سزادان بدرێتە دەست یەك

کەس یا کۆمەڵێکەوە،بە هەمان شێوەش دەبێت بە ڕاشکاوی بڵێین کە کەسێك کە لە پلەی دادوەری دادەنرێت یا ئەو ئەنجوومەنەی کە لای ئەم خاوەن پلەیە، دەسەڵاتی هەیە،بە شێوەیەکی ڕەوا دەسەڵاتی فەرمانڕوایەتی[1] شاری لە دەست دایە....

٧. ......بۆیە دەبێت ڕەچاوی ئەمە بکرێ کە هەموو دانیشتوانی شارێك یا تەواوی ئەندامانی مەڵبەندێك،مافی ڕاگەیاندنی جەنگ و ئاشتی تەنیا دەدەنە دەست یەك کەس یان یەك کۆمەڵەوە.ئەم مافەش کە من ناوی لێدەنێم شمشێری جەنگ دەدرێتە دەست ئەو کەسە یا ئەو تاقمەی کە شمشێری دادپەروەریشیان لە دەست دایە.

٨. .....بۆیە من دەگەمە ئەو ئەنجامەی کە لە شار،ئیشی دادوەری بۆ کەسێکە کە شمشێرەکانی جەنگ و دادپەروەری لە دەستی ئەودایە،واتە ئەو کەسەی کە فەرمانڕەوایەتی دەکات.

١٠. ......لە لایەکی تر چونکە تەواوی کاروبارە پەیوەندیدارەکان بە ئاشتی و جەنگ ناتوانرێت لە لایەن یەك کەس یان یەك ئەنجوومەن،بە بێ یارمەتی وەزیرەکان و ئەفسەرەکانی تری ژێر دەستیانەوە بەڕێوە ببرێن،زۆر بە جێ یە کە ئەم کەسانە لە لایەن کەسێکەوە هەڵبژێردرێن کە دەسەڵاتی بە سەر تەواوی کاروباری جەنگ و ئاشتیدا هەیە و هەروەها پەیوەست بن هەر بەو کەسەوە.

---

[1] souveraine puissance



١١.زۆر پێویستە کە بۆ پاراستنی ئاشتی گشتی،ڕێگری بکرێت لە تەواوی ئەو کەرەستە و پرۆژانەی کە لە ڕێگایانەوە بیروڕای خەڵکی هان دەدەن بۆ نافەرمانی لە یاساکانی دەوڵەت ـ واتە فەرمانەکانی دەسەڵاتداری شار یا ئەو ئەنجوومەنەی کە لە ڕیزی هێزی فەرمانڕەوایەتیدایە.... لە ئەنجامدا مافی دادوەری لە سەر بیروڕاکان یا فێرکارییە جیاوازەکان لە گەڵ بوونی ئارامی و ئاسایشی گشتی و هەروەها مافی ڕێگری لە پەرەپێدانیان دەکەوێتە ئەستۆی یاسادانەر یا ئەنجوومەنێکەوە کە هێزی دەسەڵاتداریەتی پێدراوە.

١٥......خاوەندارییەتی شتەکان کاتێك دەست پێدەکات کە کۆمەڵگا مەدەنییەکان دامەزرێن.کەواتە ئەو شتەی کە ناوی لێدەنێین موڵك شتێکە کە هەر کەسێ دەتوانێ بە بڕیاری شار یا بە بڕیاری کەسێك کە هێزی فەرمانڕەوایەتی پێ سپێردراوە بۆ خۆی هەبێت بە بێ ئەوەی کە بە پێچەوانەی یاساوە شتێکی کردبێت.

١٨.کەواتە ئاشکرایە کە لە هەر کومەڵگایەکی مەدەنی تاك یا ئەنجوومەن یا کۆمەڵێك بوونیان هەیە کە بە ئاستی زاڵبوونی هەر تاکێك بە سەر خۆیدا لە دەرەوەی کۆمەڵگادا،ئەوانیش زاڵن بە سەر ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایەدایە.هێزێکە کە دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتێکی ڕەها و دەسەڵاتدار و تا ئەو جێگایە کە هێزە کۆمارییەکان ڕێگای پێ بدەن پەرە دەسێنێ.....ئەگەر هاتوو ئەم دەسەڵاتە بدەنە دەست چەند کەسێکەوە،ئەوا من ئەو کۆمەڵەیە ناو لێدەنێم دیوانی دەسەڵاتدار و ئەگەر بیدەنە دەست یەك کەسەوە،ئەوا ئەو کەسە بە تەنیا بەرزترین پلەی سیاسی بە دەست دێنێت و شیاوی ناوی دەسەڵاتداری شارە یا سەرۆکی دەوڵەت.دەسەڵاتی ئەم هێزە فەرمانڕەواییە کە نیشانەکانیشی پێك دێنێ،بریتی یە لە هەڵوەشاندنەوەی یاساکان،ڕاگەیاندنی جەنگ،پەیمانی ئاشتی،بەجێ هێنانی دادگایی و دادوەری

چ ڕاستەوخۆ چ ناڕاستەوخۆ،هەڵبژاردنی تەواوی ئەفسەران و پیاوانی دەوڵەت و ڕاوێژکاران....)) (هۆبز،هاوولاّتی).

سەرەنجام دەسەلاّتداری فەرمانڕوایی ڕەها دەسەلاّتی تەواویشی بە سەر کاروباری ئاییندا هەیە:

((٢٨. ....لە ولاّتە مەسیحییەکان دادوەری سەبارەت بە کاروباری ڕۆحی یا دونیایی لە دەستی سێکولار یا دەسەلاّتی سیاسیدایە بە شێوەیەك کە لە ئاستی فەرمانڕوایەتیدا سەرۆکی شار،هەم سەرۆکی کەنیسەیە و هەم سەرۆکی دەوڵەت:چونکە کەنیسە و کۆماری مەسیحی هەریەك شتن)) (مەبەستی هۆبز لە ((کۆماری مەسیحی)) کۆماری لە ولاّتێکدایە کە زۆربەی دانیشتوانی مەسیحین).(هەر بەشی ١٧ ،ڕوونکردنەوەکان لە لایەن هۆبز خۆیەتی).

لەم شتانەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ((لاییسیتە)) لای هۆبز،جیابوونەوەی ناتەواوی دەوڵەت و ئایینە،چونکە لێڤیاتان ئایینێکی فەرمی لە گەڵ خۆیدا دەهێنێ.لە هەمووی گرنگتر ئەوەی کە ((لاییسیتە)) بوونێکی بێ ئازادییە،چونکە لێڤیاتان هەمە کارەیەو ستەمکارە و ڕەهایە.بۆیە ((لاییسیتە))ی هۆبزی تەواو نییە بەڵکو ناتەواوە.بەلاّم هەر لەو سەردەمە و لە شوێنی لە دایك بوونی هۆبزدا،فەیلەسووفێکی تر دەژیا کە بە شێوەیەکی تر سەیری پەیوەندی نێوان دەوڵەت و ئایینی دەکرد.

لۆك: ((لاییسیتە)) یا بە ڕەوازانینی سنووردار

فەیلەسووفی ئینگلیزی جۆن لۆك (١٦٣٢ـ١٧٠٤زایینی،هاوسەردەمی سەفەوییەکان و سەردەمی شا عەباسی سەفەوی و سەفی دووەم لە ئێران)،بە پێچەوانەی هۆبز،باروددۆخی سروشتی بە مەڵبەندی توندوتیژی و جەنگ دژ بە هەمووان نازانێ.بەم شێوەیە بە ڕای ئەو مرۆڤەکان لە جێگایەکدا پێویستیان بە دامەزراوەیەك دەبێت کە پارێزگاری لە ماڵ و حاڵیان (خاوەندارییەتی)و



ئازادییان بکات.دووبارە لۆك هەر بە پێچەوانەی هۆبزەوە،بە فەرمی دان بە مسافی بەرگری ئەندامکانی کۆمەڵگا دادەنێ بەرامبەر بە زوڵم و زۆرداران"ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەو دەسەلاّتە ئۆرگانیزە کراوە لە لایەن پەیمانی کۆمەلاّیەتییەوە (واتە دەوڵەت)،گۆڕابێت بۆ دەسەلاّتێکی داپڵۆسێنەر.لۆك داهێنەری وتەزای لێبوردەییشە. ئەو لە چەند ((نامەیەك سەبارەت بە ڕەوازانین)) پلورالّیزمی ئایینی و لێکدانەوەو ڕاڤەکردنە جیاوازەکان لە ئینجیل و بیروڕای جووەکان و تەنات بوت پەرستیش بە ڕەوا دەزانێت.ئەو سەبارەت بە ئیمان و بیروڕا مەزهەبییەکان بڕوای وایە کە گوشار و هێز هیچ کاریگەرییەکان نییە.هەڵبەت لۆك بەکارهێنانی کردەوەی زەبر و زەنگ لە لایەن دەوڵەتەوە بە تەواوی ڕت ناکاتەوە تەنانەت ئەمەش لە ناوەندی پەیوەندییە کۆمەلاّیەتی و بیروڕا ئایینی یەکان بەڕەوا دەزانێت.

بەلاّم بە بڕوای ئەو لە ناوەندی ئیمان و بیروباوەڕە مەزهەبییەکان پەنا بردن بۆ زەبروزەنگ بۆ سەپاندنی تاقە حەقیقەتێك سەبارەت بە ڕزگاری مرۆڤ،ناگاتە ئامانج و شکستیش دەهێنێت.بەلاّم هەر بە ڕای لۆك،پەیوەندی دەوڵەت لە گەڵ ئایین بە تایبەت لە گەڵ مەزهەبی پڕۆتستانت هیچ کاتێك ناپچڕێت.ئەو یاسای خودایی بە هۆکاری پەیوەست بوون و یەکگرتنی مرۆڤەکان و بنەمای بەڵێندانیان بە کۆمەڵگا و پەیمانی کۆمەلاّیەتییەوە دەزانێت.دەوڵەت وکەنیسە دوو ناوەندی بە تەواوی لە یەك جیاواز پێك ناهێنن.((سیاسەت)) بە سەربەخۆیی لە ئایین دەستنیشان و ڕوون ناکرێتەوە.بەلاّم لە گەڵ ئەمەشدا کۆمەڵە ئایینی یەکان و بە تایبەت کەنیسەی کاتۆلیك نابێت دەستێوەردان لە کاروباری دەوڵەتدا بکەن.چالاکییەکانی ئەوان تا ئەو جێگایە ئازادە و لە لایەن دەوڵەتەوە پارێزگاری و لایەنگری لێ دەکرێت کە لە چوارچێوەی کۆمەڵگای مەدەنی (واتە ناوندی تایبەتی بە مانا یاساییەکەی) و کاروباری ڕۆحییەوە بێت. ئەو ئەنجوومەنە ئایینییانەی کە مەبەستی جۆن لۆکە،کۆمەڵگای

پرۆتستانتی ئینگلیزە،کە نابێت بگۆڕدرێن بۆ دامەزراوەی دەوڵەتی و دەست بدەنە چالاکی سیاسی.چونکە لەم کاتەدا ناتوانن وەفاداری خۆیان بەرامبەر بە دەوڵەت بپارێزن.لۆك هەر وەك هۆبز پێی وایە ملکەچ بوونی سیاسی ناکرێ دوو لایەن بێت.ملکەچ بوون بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت نابێت لە پێناو ململانێ کردن بێت بۆ ملکەچ نەبوون بۆ دەسەڵاتی کەنیسە،ئەویش داموودەزگایەکی وەك کەنیسەی کاتۆلیك کە پاپا لە سەرۆکایەتیدایە و دەیانەوێت دەست بخەنە کاروباری سیاسی و دەسەڵاتداریەتییەوە.

کەواتە لە لایەن لۆکیشەوە ((لاییسیتە)) جیابوونەوەی تەواوی دەوڵەت لە ئایین نییە بەڵام هاوکاتە لە گەڵ ڕەوازانین و ئازادی ویژدان وئازادی ئایینەکان دا.بەڵام ئەم بە ڕەوازانینە،هەر خۆیشی تەواو نییە بەڵکو ناتەواوە.سنوورداره چونکە دوو تاقمی ئایینی ـ بیروباوەڕی، لە مافی هاوولاتی بوون بێ بەش دەکات واتە: کاتۆلیکەکان و ئەوانەی بڕوایان بە خودا نییە(ئاتەئیستەکان).گروپی یەکەم لە بەر ئەوەی ملکەچی فەرمانەکانی ڤاتیکانن و گروپی دووەمیش لە بەر ئەوەی کە لە خودا ناترسن،کەواتە بەڵێنەکانی خۆیان دەدۆڕێنن و لە ئەنجامدا جێگای متمانە نین.لە دوو بەرهەمەکەی ئەو سەبارەت بەڕەوازانین ئەمە دەخوێنینەوە:

((بە بڕوای من دەوڵەت کۆمەڵگایەکی ئۆرگانیزە کراوە لە مرۆڤەکان بە ئامانجی دەستەبەرکردنی پاراستن و پێشکەوتنی بەرژەوندییە مەدەنیەکانیانەوە.مەبەستی من لە بەرژەوندی مەدەنی ژیان،ئازادی و تەندروستی جەستە و هەروەها خاوەندارییەتی داهاتی کۆمەڵایەتی وەك پارە،زەوی،خانوو،کەرەستەی ماڵ و شتی تری ئاوەهایە.

ئێستا لە بەر ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی قبوولّی بکات کە یاسادانەر تەنیا دەبێت خەریکی کاروباری دونیایی بێت و لەمە زیاتر پێی ڕانەکیشێ و هەروەها ناوەندی جێبەجێ کەری دەسەڵاتی مەدەنی دەبێت سنووردار بێت بە



پاراستن و پێشکەوتنی سامانی ئەم جیهانەوە و ئەوەی کە دەسەڵاتی ناوبراو بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت و نابێت کاری بە ڕزگارکردنی ڕۆحی مرۆڤەوە هەبێت،ئەوا پێویستە سەرەنج بدەینە ئەم هۆکارانەی خوارەوە کە بە بڕوای من هۆکاری سەلمێنەرن.

یەکەمجار لە بەر ئەم بەڵگەیە کە خودا کاری چاودێریکردنی هەر جەوهەر و دەروونێکی،هەرلە یەکەم ڕیگادا داوەتە دەست یاسا دانەرێکی مەدەنی،هەرگیزیش وا دەرنەکەوتووە کە بە کەسێکی وتبێت دەتوانێ کەسانی تر ملکەچی ئایینەکەی خۆیان بکات.تەنانەت ڕەزامەندی و ڕێکەوتنی خەڵکیش بۆ ئەم کارە هیچ مافێك نابەخشێتە یاسا دانەر.چونکە موومکین نییە کە مرۆڤ واز لە ئەرکی ڕزگارکردنی ڕۆحی خۆی بهێنێت و ئەوەندە زەین کوێر بێت کە ئەمە بداتە دەست کەسێکی ترەوە وەك سەرۆکی شار یا کەسێکی تر،یا داوا لەو کەسەش بکات کە ئیمان یا مەزهەبێکی بداتێ.

دووەم جار،پاراستنی ڕۆح بەشێك نییە لە ئەرکەکانی دەسەڵاتی سیاسی چونکە ناوەندی کاری ئەم دەسەڵاتە سنووردارە بە کاروباری دەرەکی.بەڵام ئایینی ڕاستەقینە بە هەمان شێوە کە دووپاتمان کردوە،بڕواپێکردنی ناوکی ڕۆحە و بێ ئەمش بە دەست هێنانی ڕەزامەندی خودا ناموومکینە.ئەمەش بڵێین کە هێزی تێگەیشتنی مرۆڤ خاوەنی سروشتێکە کە بە پێی ئەمە ناکرێ هیچ شتێکی بە پەنابردن بۆ گوشار پێ قبوولّ بکەی.دەست بەسەراگرتنی موڵك وماڵ،بەندیخانە،ئازار و ناخۆشی ئەمانە هیچ یەکێکیان ناتوانن دادوەری ناوکی ئێمە بۆ شتەکان بگۆڕن یا لە ناوی ببەن.بەڵام دانانی یاسا،دەستەبەر کردنی گوێ ڕایەڵی و ملکەچ بوون لە ڕێگای گوشارەوە،ئەمانە هەمووی ئەرکەکانی دەسەڵاتی سیاسین.کەواتە لە بەر ئەم بنەمایەیە کە من داکۆکی لە تیۆرییەك دەکەم کە بە پێی ئەوە نابێت دەسەڵاتی سیاسی تا ئەو جێگایە دەسەڵاتی

هەبێت کە لە ڕێگای یاساوە،بنەما ئایینی یەکان و شێوازەکانی یاسای مەزهەبی دیاری بکات.چونکە یاساکان بە بێ سزادان هیچ دەسەڵاتێکیان نییە و سزادان سەبارەت بە کاروباری ئایین ئەگەر نەڵێین نا دادپەروەرانەیە،ئەوا بە تەواوی بێ سوودە چونکە هەرگیز ناتوانێ ڕوحی مرۆڤ قەناعەت پێ بێنێت.
...... سەرەنجام ئەوانەی کە بوونی خودا ڕەتدەکەنەوە نابێت لێبوردەییان بەرامبەربکرێت،چونکە پەیمانەکان و ڕیکەوتنەکان و شایەتییەکان کە سەرەکیترین پەیوەندییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی پێك دەهێنن،هیچ کەسێکی بێ ئایین (ئاتەییی) ناچار بە بەجێهنانی پەیمانەکەی ناکات.ئەگەر بڕوا بوون بەخودا لەجیهان دا ڕامالین،ئەوا یەکسەر نائارامی و ناڕیکیمان هێناوەتە ناوەوە.))
((نابێت هیچ ڕەوازانینێك بۆ پاپیستەکان (لایەنگرانی پاپا) دابنرێت, چونکە کاتێك ئەوان دەسەڵات بکەوێتە دەستیان,بە ئەرکی خۆیان دەزانن کە ئەو ڕەوایەتییە لە کەسانی تر وەرگرنەوە.کەواتە ئەمە کارێکی عەقلانی نییە کە ئازادی مەزهەبی بۆ کەسانێك بەڕەوا بزانین کە خۆیان بنەمایەکی گشتی پێشێل دەکەن.ئەو بنەما سەرەکییەی کە دەڵێ نابێت کەسانی تر لە بەر پێڕەوی کردن لە ئایینێك کە جیاوازە لە ئایینی ئێمە،ئازار بدەین.جۆن لۆك،((نامەیەك لەبارەی بەڕەوا زانین)).
بە کورتی: لەلایەن هەر دوو فەیلەسووفی بە ناوبانگی ئینگلیزی،ئێمە ڕووبەڕووی لاییسیتە بەو مانا تەواوەی کە لە یەکەم باسدا پێناسەمان کرد و ئێستاش دووپاتمان کردەوە،نابینیەوە.لە لایەن یەکێکیانەوە (هۆبز) جیابوونەوە لە شێوازی دەسەڵاتی دەوڵەتە بە سەر ئایینا بەڵام ئازادی بە تایبەت ئازادی بیروباوەڕ و ویژدان بوونی نییە.



لای ئەوی تر ((لۆك)) ئازادی بیروباوەڕ و ویژدان بۆ هەموو کەسێك جگە لە ((کاتۆلیکەکان و ئاتەییستەکان)) بوونی هەیە بەڵام لە چوارچێوەی یەکگرتنی دەوڵەت و ئایینی پرۆتستانت دا.
لەو کاتەدا واتە لە نیمەی دووەمی سەدەی حەڤدەهەم دا دەبوایە لە دەریای مانێش تێپەڕینایەت و بڕۆشتایەن بۆ هۆڵەندا و بەندەری ئەمستردام تا لە گەڵ یەکەم فەیلەسووفی لاییسیتەدا بە مانایەکی تەواو،ئاشنا بووینایە.

ئیسپینۆزا: لاییسیتەیەکی تەواو

فەیلەسسووفی هۆڵەندی باروخ دو ئیسپینۆزا (١٦٣٢ــ١٦٧٧زایینی هاوسەردەمی لۆك) لە خێزانێکی یەهودی بە ڕەچەڵەك پورتوگالی،کە لە ژێر گوشاری لێپێچینەوەی کەنیسەی کاتۆلیك کۆچی کردبوو بۆ هۆڵەندا"ئەو کە لە چەقی لیبرالیسمی ئەوروپا دەژیا (واتە نیمەی سەدەی حەڤدەهەم لە هۆڵەندا و شاری ئەمستردام)، ئەو کە لە گەڵ ڕێبازە جیاوازە ئایینی و نائایینی یەکاندا لە پەیوەندیدا بوو،هەروەها لە پەیوەندیدا بوو لە گەڵ ڕەگەزە جیاوازەکانی ئەوروپا وەك پرۆتستانت،کاتۆلیکەکان و جووەکان و هەروەها ئازادی خوازان و لیبراڵەکان و کۆماری خوازەکان و پەنابەرانی سیاسی وئەوانەش کە لە سەر بیروباوەڕەکانیان بوونە بە پەنابەر.....ئەو کە لە گەڵ کۆمەڵێك لەم پەلکە زێڕینانە تاقمێکی توێژینەوەیی پێك هێنا بوو کە بە ((کاکڵی ئیسپینۆزایی)) بە ناوبانگ بوو و سەرەنجام ئەو کە لە کۆمەڵگای یەهودییەکان وەك بێ بڕوایەك بە کافر زانرابوو و دواتر دوور خرابووەوە،باشتر لە هەر کەسێکی تر دەیتوانی سەبارەت بە پەیوندییەکانی نێوان دەوڵەت و ئایین لێدوان بدات.
ئیسپینۆزا ڕێساکانی ئیمان و یان دۆگمایەکی نوێ ناخاتە ڕوو.ئەو تەنیا خوازیاری بارودۆخێکە کە تیایدا هەر کەسێك لە لایەکەوە بتوانێ ئازادانە

ژیانی مەعنەوی خۆی هەڵبژێرێت و ملکەچی سیاسی خۆی تەنیا بە سەرنج دان بۆ ڕەوابوونی یاساکان دیاری بکات و ڕێکیان بخات.

بە ڕای ئەو یاساکان لە حکوومەتێکی یاساییدا کاتێك ڕەوایان هەیە کە بە ناچار نەك بە پێی ویستی کەسێك بەڵکو بە پێی ناچارییەکانی دەسەڵاتدارییەتی دیموکراتی دارێژرا بن.جیابوونەوەی دەوڵەت و ئایین لای ئیسپینۆزا دوو لایەنی هەیە: یەکێکیان ئازادی هزر و دەربڕینی بیروڕا و ویژدانە کە دەوڵەت دەبێت ئەوانە دابین و مسۆگەر بکات و ئەوی تر پێڕەوی ئەندامانی کۆمەڵگایە بۆ یاساکان کە ڕەوابوونی خۆی نەك لە ئایین بەڵکو تەنیا لە فەرمانڕەوایی دیموکراتی دا وەردەگرێ.

((من ئەوەم پیشان داوە کە (دەوڵەتێکی دیموکراتی زۆرترین نزیکی هەیە لە گەڵ بارودۆخی سروشتی) (پێناسەی ئیسپینۆزا بۆ بارودۆخی سروشتی بە هەمان شێوە کە دەبینین و من لە باسەکانی ترمدا سەبارەت بە ئیسپینۆزا ئەوانەم ڕوون کردوەتەوە،جیاوازە لە گەڵ پێناسە کلاسیکییە هۆبزی یەکە ـــ شەڕی هەمووان دژ بە هەمووان).))

هەموو کەسێك بە پێی ڕێکەوتننامەیەکی هاوبەش هەڵسووکەوت دەکەن.بەڵام هەر کەسێك بە شێوازی خۆی دادوەری دەکات و بەڵگە دەهێنێتەوە.لە بەر ئەوەی کە مرۆڤەکان وەك یەك بیر ناکانەوە ئەوا لە گەڵ یەك ڕێکەوتوون کە ئەو ڕایەی زۆرینەی خەڵك کۆکاتەوە دەسەڵاتی یاسایی بدەنێ،لە گەڵ ئەو مەرجەی کە دوای ئەوە ئەگەر ڕووبەڕووی ڕایەکی باشتر بوونەوە ئەوا دەتوانن بڕیارەکانی پێشوویان هەڵوەشێننەوە.هەر چەندێك کە مرۆڤەکان ئازادی ڕادەربڕینیان هەبێت زیاتر لە بارودۆخی سروشتی دوور دەکەونەوە و زەبری حکوومەتیش زیاتر دەکات...شاری ئەمستردام نموونەیەکی ئەم چەشنەیە.شارێك کە ستاییشی هەموو نەتەوەکانی بۆ خۆی هێناوەو و بە قازانجی خۆی تامی میوەی ئازادی کردووە.لەم کۆمارە زۆر ئاوەدان و لەم شارە



بەرفراوانەدا،مرۆڤەکان لە هەموو نەتەوە جیاوازەکان و تاقمە مەزهەبییەکان لە گەڵ یەکدا بە پێکەوە گونجانێکی تەواوەوە دەژین و تەنیا لەم بابەتە نیگەرانن ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی کە بیانەوێ قەرزی بدەنێ دارایە یا نەدار جێگای بڕوایە یا تەڵەکەبازە.لێرەدا ئیتر ئایین یا تاقم چییەتی بە هانایانەوە نایەت چونکە لە دادگا و بەرامبەر بە دادوەر بە پشت بەستن بە مانە ناتوانن داکۆکی لە مافی خۆیان بکەن.ئەمە لە کاتێکدایە کە هیچ تاقمێك نییە،تەنانەت نەفرەت هێنەرترینیان،(بەو مەرجەی کە ئەنداماکانی زیانیان بە کەس نەگەیاندبێت،مافی کەسیان نەخواردبێت و بە شەرەفەوە ژیا بن) ئەوا لە لایەن یاسا دانەرەوە داکۆکی و پشتیوانی یان لێ نەکرابێت.بەم شێوەیە ئێمە ئەمان دەرخستووە کە ١ـ ناکرێت ئازادی بیروڕا لە کەس زەوت بکرێت ٢ـ ئەم ئازادییە دەکرێ لە لایەن هەر کەسێکەوە بە فەرمی دانی پێدابنرێت و هەموو کەسێك دەتوانێ پارێزگاری لێبکات بێ ئەوەی کە مەترسییەکی بۆ ماف و دەسەڵاتی فەرمانڕاوایەتییەوە هەبێت)).

## (تێزی یەزدان ناسی، سیاسی،بەشی بیستەم)

هەر لەم تێزەدا ئیسپینۆزا زۆر بە ڕاشکاوانە باس لە پێویستی جیاکردنەوەی بنەمای ڕێسایی دەسەڵاتی ئایینی دەکات لە دەسەڵاتی سیاسی.ئەو باس لە دوو کرداری جیاواز لە یەك دەکات.لە لایەکەوە ناوەندی ڕەواپێدراوی دەوڵەت کە چاودێرە لە سەر یاساکانی کۆمەڵگا و لە لایەکی ترەوە ناوەندی کردارە مەزهەبییەکان کە لە گەڵ ئەوەی کە ئازادییەکی تەواوی پێدراوە بەڵام لە گەڵ ئەوەی یەکەمیش جیاوازە.سەرۆك و نوێنەرانی کاروباری ئایینی نابێت هیچ کارێکیان بە سەر دەوڵەتەوە هەبێت.چونکە ئەم دامەزراوەیە کۆمەڵگایەکی یاساییە و لە ژێر فەرمانی یاسا مەدەنییەکان بەڕێوە دەچێت.دەوڵەت دەبێت پاوانکردنی دیاریکردنی ڕێسا و یاسا چاودێرەکانی سەر کاروباری

جێبەجێکردن بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە و چاودێری هەموو کردەوە (دەرکییەکانیش) بکات،تەنانەت ئەوانەش کە وا دیارن پەیوەندییان بە ئازادییە مەزهەبییەکانەوە هەیە.بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە دەوڵەت دەستێوردان لە دیاریکردنی سروشتی ڕەواڵەتە ئایینی یەکاندا بکات.

((ئێمە بە ڕوونی ئەمە بەدی دەکەین کە: ١. تا چ ئاستێك هەم بۆ ئایین و هەم بۆ دەوڵەت زیان بەخشە کە تەنانەت کەمترین مافی یاسادانان و یا جێبەجێکردنی کاروباری دەوڵەتی بدرێتە بەرپرس و نوێنەرانی کاروبارە ئایینی یەکانەوە....

٢.تا چ ئاستێك مەترسیدارە کە ڕێساکانی مافی خودایی لە گەڵ ئەو بابەتانەی کە تەنیا تیۆرێکن (کەواتە دەگۆڕێن) تێکەڵ بکەین....

ئێمە ئەمە بەدی دەکەین کە تا چ ئاستێك هەم بۆ دەوڵەت و هەم بۆ ئایینیش پێویستە کە دەسەلاّتداری یاسایی[1] مافی بڕیاردانی سەبارەت بەوەی کە چی ڕەوایە یا ڕەوا نییە بە فەرمی هەبێت.لە ڕاستیدا ئەگەر لە ڕابردوو مافی بڕیاردان لە کاروباری دەوڵەت تەنانەت نەدرایە دەست پێغەمبەرانیش،کە نە هیچ زیانێك بە دەوڵەت گەیشت نە بە ئایین ئەمڕۆش هەر وەك ڕابردوو نابێت ئەم مافە بدرێتە دەست ئەو کەسانەی کە نە چاویان لە داهاتووە و نە موعجیزەش دەکەن.))

(تیێزی((یەزدان ناسی ـ سیاسی)) بەشی هەژدەیەم)

بەم شێوەیە دوو سەد ساڵ پێش ئەوەی کە لاییسیتە لە ڕۆژئاوا بێتەدی و ناوەکەی دابهێنرێ تیۆرەکەی لە لایەن ئیسپینۆزاوە بە شێوەیەکی تەواو خراوەتە ڕوو.لاییسیتەیەکی تەواو کە تەنانەت لە لایەن تیۆریسیەنە سەرەکیەکانی پەیمانی کۆمەلاّیەتیش بەدی ناکرێت.

1.souverain



ڕۆسۆ: ((لاییسیتە)) یا ((پەیمان)) لە گەڵ ((ئایینی مەدەنی))

بیرۆکەی فەلسەفی ـ سیاسی جان جاك ڕۆسۆ(١٧١٢ـ١٧٧٨ زایینی،هاوکات لە گەڵ لەناوچوونی سەفەوییەکان و حکومەتەکانی نادر شا و کەریم خانی زەند لە ئێران) لە سەر هزری ((ئیرادەی گشتی)) بنیات نراوە.

هەر دوو لایەنی سەرەکی ئەمە پێکهاتووە لە بەرژەوندییە گشتی یەکان و فەرمانڕەوایەتی (خەڵکی[1]).بەرامبەر بەم تیۆرییە بنەمای یاسا و کۆمەڵگای سیاسی لە سەر کۆی هاووڵاتیان ڕەگی داکوتاوە.ئەو هاووڵاتیانەی کە لە کردارێکی گشتی دا ئازادانە یاساکان دادەنێن.ئەو یاسایانەی کە بەرامبەر بە هەر تاکێکی کۆمەڵگا بە یەکسانی جێبەجێدەکرێت.

بنەمای حکوومەت و دەوڵەت لە سیستمێکی ئاوەهادا ((پەیمانی کۆمەلاّیەتییە)).کە لەم چەشنەدا فەرمانڕەوایەتی (واتە Etat یا دەوڵەتی یاسایی و هەڵبژێردراوی خەڵکی) دەرخەری ئیرادە و بەرژەوندییە گشتی یەکانە،چونکە خەڵکی ئاسایی ئازادانە و بە پێی بەستنی پەیمانێك لە نێوان خۆیاندا بڕیار دەدەن کە ئەوە (ئەو دەسەلاّتە) بۆ خۆیان و لە سەر خۆیان پیادە بکەن.بە پێی ئەم تیۆرییە،مرۆڤەکان بە لە دەست دانی بەشێك لە ئازادییە تاکە کەسییەکانی خۆیان بە بەرژەوەندی دەسەلاّتێك کە وەرگێڕانی ئیرادەی گشتییە،لە ڕاستیدا هیچ شتێکیان لە دەست نەداوە،چونکە ئەو ئازادییەی کە بە یەك دەست لە خۆیان جیاکردوەتەوە و داویانەتە دەست دەسەلاّتدارییەوە لە ڕێگایەکی ترەوە ـــ وەك کاری دەسەلاّتدارییەتی لە پێناو بەرژەوندییە گشتی یەکان و لە ئەنجامدا کە بە بەرژەوندی هەموو تاکێکی کۆمەڵگایە ـــ دەستیان دەکەوێتەوە.کەواتە ڕەوابوونی دەسەلاّتداریەتی و سیستمکەی هەر لەم پەیمانە ئازادانە و خۆبەخشانەی خەڵك بۆ بە کارخستنی ئیرادەی گشتی خۆیان،ڕەنگ دەداتەوە.

1.souveraineté

بەلاَم ئەوەی کە لە تیۆری پەیمانی ڕۆسو دا بۆ ئەم باسەی ئێمە گرنگی هەبێت،ئەمەیە کە بە پێی بنەمای ئەمە هیچ کەرتێك (چ لایەنی نەتەوەیی و ڕەگەزی یا لە لایەن بیروباوەڕوە کە ئیماندران و ئاگنۆستیکەکان و ئەوانەشی کە باوەڕیان بە خودا نییە دەگرێتەوە یا بە پێی هەر چەشنە پۆلێنکردنێکی تر..) هیچ ماف و دەستکەوتێکی زیاتری بە بەراورد لە گەڵ لایەنەکانی تردا نییە،چونکە ئەگەر وابێت ئەوە بنەمای یەکسانی یا پەیمانی یەکسانی لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگادا پێشێل دەکرێت.بۆ دووپاتکردنەوەی ئەم بابەتە گرنگە لە بیرۆکەی یەکسانی خوازی ڕۆسۆیی،هەندێك لە بەرهەمە بەناوبانگەکەی ئەو واتە ((پەیمانی کۆمەلاَیەتی)) لێرەدا دەخەینە ڕوو:

((لە هەر جێگایەك دا کە بگەینە بنەمایەك،هاوکات هەر دەگەینە یەك ئەنجامی یەکسانەوە،ئەویش ئەمەیە کە پەیمانی کۆمەلاَیەتی لە نێوان هاوولاَتیان یەکسانی دروست دەکات کە بە پێی ئەمە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا دەکەونە هەلومەرجێکی هاوبەشەوە و هەموویان بەهرەمەند دەبن لە مافی یەکسانیدا.لە بەر ئەوە بە پێی سروشتی پەیمانەکە،هەر کردارێکی دەسەلاَتدارییەتی واتە هەر هەنگاوێکی ڕاستەقینە و ڕەسەنی ئیرادەی گشتی،هەموو هاوولاَتیان بە شێوەیەکی یەکسان ناچار دەکات بۆ جێبەجێکردنی ئەرکێك و هەروەها سوودمەند دەبن لە مافێکدا.بەم شێوەیە دەسەلاَتی فەرمانڕەوایی (دەسەلاَتدارییەتی)،میللەت تەنیا بە پەیکەرێك[1] دەزانێ و جیاوازی ناکات لە نێوان ئەو ئەندامانەی کە ئەم پەیکەرەیان دروست کردووە. (جان جاك ڕۆسۆ،پەیمانی کۆمەلاَیەتی،تەوەری دووەم لە بەشی چوارەم).

1.corps



لایەنگری ڕۆسۆ بۆ پێویستی جیاکردنەوەی دەوڵەت و ئایین و پێداگری لە سەر ئازادی ویژدان،ڕاستەوخۆ لە هەڵوێستی پەیمان دانان و یەکسانی خوازییەوە هەڵدەقوولێت.ڕۆسۆ بە پێداگری لە سەر ئەم بابەتە سەرەکییەی کە تێکەڵکردنی دەوڵەت لە گەڵ ئایین ناتەبایە لە گەڵ سروشتی هەریەکەیاندا و بە زیانی هەر دوو لا تەواو دەبێت،کۆڵەکەکانی تیۆری ((جیابوونەوە)) دادەنێت.هزرێك کە بە هەمان شێوە لە بەشەکانی تردا دەیبینین،چەند ساڵ دوای ئەوە و تا ڕادەیەك لە شۆڕشی گەورەی ١٧٨٩ی فەرەنسا بەدی هات.ڕۆسۆ بە خستنە ڕووی (سنووری دەسەلاَت)) بناغەیەکی تیۆری بەهێزی بەخشی بە بیرۆکەی ((جیابوونەوە)).بە پێی ئەمە سنووری دەستێوەردانە یاساییەکان — لە ڕێگای ئەمانەوە دەسەلاَت و دەوڵەت — سنووردار دەبێت بۆ بەرژەوندییە گشتی یەکانی ئەندامانی کۆمەڵگا.هەر شتێك کە بەشێك لە هاوبەشییە گشتی یەکان نییە یا ((کۆت و زنجیرێکی)) بێ سوودە بە دەست و قاچی دەوڵەتەوە،دەکەوێتە دەرەوەی ئەم بازنەیەوە.

لە سنووری دەوڵەت دا نابێت هیچ بنەمایەکی ئایینی خۆسەپێنەرانە و زۆرە ملییانە و هیچ دۆگمایەکی قەدەغەکەر و پواو بوونی هەبێت.

((ئەوانەی کە دەیانویست ئایینێکی نەتەوەیی لە مەسیحییەت دروست بکەن و وەك بەشێکی پێکهێنەر بیهێننە ناو سیستمی یاسادانانەوە،بەم کارەی خۆیان تووشی دوو هەڵەی زیان بەخش بوون: یەکێکیان بەرامبەر بە ئایین و ئەوی تریان بەرامبەر بە دەوڵەت.ئەوان لە ڕۆحی عیسای مەسیح لایاندا کە مەڵبەندەکەی سەر بەم جیهانە نییە و بە تێکەڵکردنی بەرژەوەندییە زەمینی و مەزهەبییەکان،ڕەسەنایەتی ئاسمانی،مەسیحیان لەکەدار کرد و لەمەوە چەکێکیان بۆ زاڵمان و کەرەستەیەك بۆ سەرکوتکران دروست کرد.ئەوان لە هەمان کاتدا ڕێساکانی سیاسەتیشیان لەکەدار کرد،چونکە لەباتی سادە کردنی داموودەزگای دەوڵەت ئەوەیان تێکەڵ بە خڕوخاشاکی زیاتریش کردووە.

لە ئەنجامدا ئەوان بوونەتە هۆی گێرەو کێشە و ئاژاوە لە تەواوی ئەو وڵاتە مەسیحی یانەدا کە ئایینیان هێناوەتەوە ناو سیسیتمی سیاسی خۆیانەوە.))
(جان جاك ڕۆسۆ،لە یەکەم نوسراو لە کوێستان).
لە بارەی لایەنێکی تری تیۆری لاییسیتە واتە ئازادی ئایینەکان،هەڵوێستی ڕۆسۆ زۆر ڕوون و ڕاشکاوانەیە.نابێت هیچ کەسێك بە زۆر ناچار بکرێ بۆ قبووڵ کردنی مەزهەب یا بیروڕایەك.
((کەسێك کە خزمەتکارێکی باشی دەوڵەتە،نابێت بە هیچ شێوەیەك وەلاّم گۆی هەر کەسێك بێت سەبارەت بە چونیەتی ڕێگای خزمەت کردن بە خودا)).
((منیش وەك ئێوە سەبارەت بەم بابەتەی کە هەر کەسێ لە ناوەندی ئیمان و بیروباوەڕەوە ئازادییەکی تەواوی نییە،زۆر بێتاقەتم.لەوەی کە مرۆڤ سەرکێشی دەکات و دەیەوێ دەروونی ویژدانەکان واتە ئەو جێگایەی کە نابێت دەستێوەردانی تێدا بکات،کۆنترۆڵ بکات.)) (نامەیەك لە ١٨ی ئاب بۆ ڤۆڵتێر).
لە گەڵ ئەمانەشدا هەڵوێستی ڕۆسۆ جیاکردنەوەی تەواوی دەوڵەت لە ئایین نییە.ئەو لە بەشی هەشتەم و کۆتایی پەیمانی کۆمەڵایەتی دا باس لە پێویستی ((ئایینێکی مەدەنی)) دەکات.هزرێکی ئاوەها ئەگەر چی مەتەڵ ئاسا و بابەت ورووژێنەرە بەلاّم بە مانای دەستێوەردانی کەنیسەی مەسیحی لە کاروباری دەوڵەت و یاسادانان و یا بە مانای جێبەجێکردنی دۆگماکان و ڕێبازە ئاڵۆزە خورافی و ڕەتکەرەوە و سەرکوتکەراکان نییە.هەر لە ئەو بەشە و لە دوای چاوپێخشاندێکی مێژوویی بۆ ڕۆڵی مەزهەب لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا،باس لە سێ جۆر ئایین دەکات:
جۆری یەکەم،ئایینێکە کە نە پەرستگا و نە میحراب و نە ڕێبازێکی هەیە،بەڵکو ئایینێکی ناوکییە،ئایینی سادە وبیگەردی پەروەردگار



خۆیەتی.ئایینی مەسیح خۆی و ئینجیلە نەوەك ئایینی ئێستای کەنیسەی مەسیح.بەلاّم ئەم ئایینە ئایینی مرۆڤە نەك هاووڵاتی.ئایینێکە کە تاك وەك مرۆڤێك لە خوداکەیەوە نزیك دەکاتەوە بەلاّم وەك هاووڵاتییەك لە دەوڵەت و کاروباری دونیاییدا دووری دەخاتەوە.کەواتە ئەم ئایینە لە گەڵ ڕۆحی کۆمەلاّیەتیدا دژ بە یەکە بۆیە قبووڵ نەکراوە.
جۆری دووەم،ئایینی شاری کۆنە لە گەڵ خوداکان و دۆگماکان و ڕێبساز و مەراسیمەکانیدا.ئایینێکە کە تەنیا لە سنووری شارێکد باوی هەیە و هەر چییەك لە دەرەوەی خۆیدا بێت بە نامۆ و کافر و بەربەری دەزانێت.ئایینێکی بەم چەشنە هەم باشە چونکە خواپەرەستی لە گەڵ خۆشەویستی بۆ یاسا و خزمەتکردنی دەوڵەت ــ شار،ئاوێتە دەکات و هەم خراپیشە چونکە مرۆڤەکان بە هەبوونی خورافات فریو دەدات و دەبێتە ڕەتکەرەوەی ئەوی تر(باوەڕداران بە ئایینەکانی دەرەوەی ئەمان) و دەبێتە مایەی سەرکوتکردنیان.
بەلاّم ئایینی سێیەمیش هەیە کە ئایینی مەسیحی ڕۆمایە واتە ئایینی قەشەکان.ئایینێکە کە دوو یاسادانەر و دوو جڵەو بە دەست و دوو نیشتمان دەبەخشێتە مرۆڤەکان.ئایینێکە کە مرۆڤەکان ملکەچی ئەرکی دژ بە یەك دەکات.
لەوەی کە ڕێگری دەکات ئەوان بتوانن هاوکات هەم ئیماندار بن هەم هاووڵاتی.بە دڵنیاییەوە ئاینێکی بەم چەشنە لە دوو جۆری یەکەم زۆر خراپترە چونکە ڕێکەوتن و یەکگرتنی کۆمەڵگا تێك دەدات.کەواتە لای ڕۆسۆ هەر هۆکارێك یا هەر دامەزراوەیەك مرۆڤ لە گەڵ خۆیدا بە گژ بدات بێ بەهایە.بەم شێوەیەیە کە تیۆری ڕۆسۆیی،ئایینی مەدەنی،زیاتر لە هەر شتێك بۆ پێویستی پێڕەوی خەڵك لە یەك زنجیرە بنەما و ڕێسای ئەخلاقی ـ مەدەنی (نەك دۆگما) بۆ پاراستن و پتەو کردنی یەکگرتوویی و هەماهەنگی کۆمەلاّیەتی،جێگای باس و تێگەیشتنە.

((بۆیە بۆ دەوڵەت زۆرگرنگە کە هەر هاووڵاتییەك ئاینێکی هەبێت کە هانی بدات بۆ خۆش ویستنی ئەرکەکانی...

کەواتە بەم شێوەیە بنەمایەکی ئایینی تەواو مەدەنی بوونی هەیە و دەسەلاّتی فەرمانڕەوایی ئەرکە بە سەریەوە کە کەرەستەکانی دیاری بکات،هەڵبەت نەك بە شێوەی دۆگما مەزهەبییەکان بەڵکو وەك هەستە کۆمەلاّیەتییەکان کە بە بێ ئەمانە نە دەتوانرێ هاووڵاتییەکی باش بیت و نە مرۆڤێکی ئیماندار.))

(ڕۆسۆ،پەیمانی کۆمەلاّیەتی،بەشی هەشتەم).

بەم چەشنە تیۆریسیەنی پەیمانی کۆمەلاّیەتی لە گەڵ ئەوەی کە ((کۆماری مەسیحی)) بە بێ مانا دەزانێ چونکە ((هەر یەك لەم دوو وشەیە،وشەکەی تر ڕتدەکاتەوە)) هەروەها لە گەڵ ئەوەش کە جیاکردنەوەی دەوڵەت و کەنیسە بە ناوی دەسەلاّتدارییەتی گشتی ڕاشکاوانە ناو دەبات،بەلاّم ئایینی مەدەنی وەك یەکێك لە هێزەکانی دەوڵەت و ئیرادەی گشتی بۆ بەدی هاتن و پتەو کردنی یەکگرتوویی و هەماهەنگی نەتەوەیی و هەستی بەرپرسیارییەتی هاووڵاتی بوون،نەك بە ڕەواو سوودمەند تەنانەت بە پێویستیش دەزانێت.

## کانت: ((لاییسیتە)) یا دەوڵەت ((بە بێ سەرپەرشتیار)) و Aufklärung

ئیمانۆئێل کانت (١٧٢٤ـ١٨٠٤ زایینی،هاوسەردەم لە گەڵ نادرشا و کەریمی خانی زەند و دەستپێکی سەردەمی قاجار) فەیلەسوفێکی مەسیحی و پرۆتستانت بوو.بەم شێوەیە ڕەخنەکانی بۆ مەسیحییەت ناتوانرێ بە مانای ڕەخنەی ئایینی مەسیح لە مانا تایبەتییەکدا بێت واتە ئایینی ئینجیل.بەڵکو دەبێت بە مانای ڕەتکردنەوەی دەسەلاّتی سیاسی مەزهەب یا کەنیسە سالاری لێکدانەوەی بۆ بکرێ.ئەو لە تێزە بەناوبانگەکەی بە ناوی ((ئایین لە ناو سنوورەکانی عەقڵی پەتی)) دا بانگەشە نامەیەك دژ بە بەرجەستەبوونی



مێژوویی مەسیحیەت لە شێوازی دەسەلاّتی مەزهەبی ـ سیاسی و دژە ئازادیدا،دەنووسێت.بەرهەمێك کە ئەو لە گەڵ دەوڵەتی پرۆس بە گژ دەدات،بە شێوەیەك کە پاشای ئەم ولاّتە،فیدریش گیۆمی دووەم لە ڕاگەیاندنێك بۆ کانت فەرمانی پێدەدات کە لەمە بەدواوە سەبارەت بە بابەتە ئایینی یەکان بیروڕای خۆی دەرنەبڕێت.دەتوانین بنەمای فەلسەفی بیرۆکەی ڕەتکردنەوەی ئایین سالاری کانت لە تێزێکی کورتی ئەودا بە ناو نیشانی ((Aufklärung (ڕۆشنگەری) چییە؟)) بخوێنینەوە.ئەو جێگایەی کە کانت هەڵدەسێ بە داکۆکیکردنێکی ورووژێنەرانەی خۆی لە پێناو سەربەخۆیی هێزی دادوەری لە مرۆڤدا.کاتێك کە مرۆڤ گەورە بووە ئیتر پێویستی بە سەرپرشتیارێك نییە،خۆی بەرپرسی خۆی و خاوەنی بیروڕای خۆیەتی.

هیچ کەسێك ناکرێت و نابێت هێزی دادوەری خۆی بداتە دەستی کەسێکی ترەوە.هیچ کەسێك نابێت و ناکرێت لە باتی کەسێکی تردا بیر بکاتەوە.

((Aufklärung واتە دەرچوونی مرۆڤ لە ژێر سەرپەرشتیارییەك، کە خۆی بەرپرسیارە لە دروست بوونی ئەمەدا.باروودۆخێکی ئاوەها لە ئەنجامی نەتوانایی مرۆڤە لە بەکار خستنی هێزی تێگەیشتنی خۆیدا بە بێ ڕێنوێنی کردنی کەسانی تر.مرۆڤ خۆی بەرپرسی سەرپەرشتیاری خۆیەتی،چونکە هۆکاری ئەمە لاوازی هەست پێکردن نییە بەڵکو کەمی نیاز و بوێرییە لە بەکار هێنانی تێگەیشتنی خۆت بە بێ سەرپەرشتی کەسانی تر. Sapere aude! بوێر بە لە خستنەکاری ئەو هێزە تێگەیشتنەی کە لە خۆتدا هەیە!

دانایی ڕۆشنگەران ئەمەیە.....

تەمبەڵی و لاوازی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری مرۆڤەکان لە ماوەی ژیانیان و بە ویستی خۆیان لە ژێر سەرپەرشتیدا بمێننەوە.ئەوانە بە چەشنێك ڕەفتار دەکەن کە کەسانی تر بە ئاسانی سەرپەرشتیان دەخەنە چنگی

خۆیانەوە.چەند ئاسانە بکەویتە ژێر سەرپەرشتییەوە.ئەگەر کتێبێکم هەیە کە لە باتی من درك دەکات،ئەگەر ڕابەرێکی مەعنەویم هەیە کە لە باتی من بیر دەکاتەوە و ئەگەر پزیشکێکم هەیە کە لە باتی من سەبارەت بە رجیمی خواردنم بڕیار دەدات...هتد، بەم شێوەیە چ پێویست دەکات کە ئەرك بە خۆم بدەم.لەو کاتەوەی کە دەتوانم پارەیەك تەرخان بکەم بۆ خەرجکردن، من ئیتر پێویستم بە بیرکردنەوە نییە چونکە کەسانی تر لە باتی من ئەم کارە ئەستەمە لە ئەستۆ دەگرن....

بەلاّم بۆ ڕۆشنگەرەکان هیچ شتێك لە ئازادی پێویست تر نییە،هیچ شتێك پێویست تر لەو شتە دەستەمۆ کراوە کە ناوی لێدەنێن ئازادی نییە،واتە بە کارهێنانی گشتی عەقڵ لە هەموو ئاستەکاندا.ئێستا من لە هەر لایەکەوە ئەمە دەبیستم کە:بیرمەکەوە!کابرای سەرباز دەڵێ:بیرمەکەوە!مەشقی سەربازی بکە!کارمەندی فەرمانگەی باج دەڵێ:بیرمەکەوە!بماندەیێ!قەشە دەڵێ:بیرمەکەوە!ئیمان بێنە! (فەرمانڕەوایەکی جیهانی دەڵێ:هەر چەندێك کە دەتوانی و حەزت لێیە بیر بکەوە،بەلاّم ملکەچی مەکە)!هەموو ئەمانە لێرەدا دیاریکردنی سنووری ئازادییە.بەلاّم چ سنوور دانانێك ڕێگری لە ڕۆشنگەری دەکات؟..وەلاّمی من ئەمەیە: بەکارهێنانی گشتی عەقڵی خۆت هاوکات دەبێت ئازاد بێت و تەنیا عەقڵە کە ڕووناکایی بۆ مرۆڤەکان دێنێت.)) (کانت لە ڕۆشنگەری چییە؟).

لە سەر بنەڕەتی دوو بنەمای ئازادی و بیرکردنەوەی عەقلاّنییە کە کانت کەنیسە سالاری دخاتە ژێر ڕەخنەوە.ئیشی کەنیسە تەنیا وەك چالاکییەکانی ئایین لە کاروباری ڕۆحی و لە سنووری ئەنجوومەن مەزهەبییەکان ـــ کە دەبێت ئازاد بن ـــ کورت ناکرێتەوە.لە ڕاستیدا لە ماوەی مێژوودا کاری ڕاستەقینەی کەنیسە بە کاربردنی دەسەلاّتی سیاسی بووە.ئەوەی کە ئەو لە ڕەخنەی ئایینەدا دەریدەبڕێ لە مەسیحییەتی پاپایی تێدەپەڕێت و پەیوەندی بە



هەموو ئایینە تاك خوداییەکانەوە هەیە،واتە ئەوانەی کە بانگەشەی فەرمانڕەوایەتی سیاسی دەکەن.

((چۆن لە مەسیحییەتی ڕۆژئاوا،ڕابەری ڕۆحی فەرمانڕەوایی دەکرد و بە داردەستی سیحراوی بە کافرناساندنەوە،پاشاکانی وەك منالاّن دەترساند و ئامۆژگارییانی دەکرد.چونکە ئەوانی هان دەدا بۆ شەڕ لە گەڵ بیانییەکان (شەڕی خاچ پەرستەکان) لە ئەنجامدا بەشێك لە خەڵکانی جیهان دەربەدەر بوون.چۆن پاشاکانی بەر دەدایە گیانی یەکتر و ژێر دەستەکانیشی دژ بە دەسەلاّتی پاشا هان دەدا و سەرەنجام چۆن ئاگری نەفرەتی بەردەدایە گیانی ئەو مەسیحییە ئیماندارانەی کە ئیمانێکی جیهانگریشیان بە ئەو هەبوو،بەس لە بەر ئەوەی بە جۆرێکی تر بیریان دەکردەوە.ڕەگی ئەم ناکۆکی دروستکردنانە کە تەنانەت ئەمڕۆش تەنیا بەرژەوندییەکی سیاسی دەتوانێ ڕێگری بکات لە تەقینەوە خوێناوییەکەی،لە ناو بنەمای هەمان ئیمانی کەنیسە بۆ دەسەلاّتێکی دیکتاتۆری خۆی مەلاّس داوە...

ئەگەر بمانەوێت مێژووی مەسیحییەت لە یەك نیگادا وەك تابلۆیەك وێنا بکەین بەم شێوەیە لە ڕووی حەپەسانەوە هاوارمان لێوەهەڵدەسێ: Tantum religio potuit suadere ( ئەو هەموو خراپییەی کە لە ئایین سەرچاوەی گرتووە).کاتێك کە یاسا ئیمانییەکان ببنە بەشێك لە دەستوور،ئیتر ئەمە قەشەکانن کە فەرمانڕەوایی دەکەن.کەسانێك کە وا دەزانن بە ڕاستی دەتوانن دەست لە بیرکردنەوە و تەنانەت زانستی ڕاڤەکردنیش هەڵگرن چونکە تەنیا خۆیان بە پارێزەر و ڕاڤەکارێکی ڕەوای ئیرادەی یاسادانەری نادیار و خاوەن ئەو شتانەی کە ئیمان ڕێگەی پاوانکردنی دەدات دەزانن.لە ئەنجامدا بە یارمەتی ئەو دەسەلاّتەی کە هەیانە ئەرکی ئەوان نەك قەناعەت پێکردن بەلّکو دەبێتە ئەمە بکە و ئەمە مەکە.

لەگەڵ ئەوەی کە لە دەرەوەی هەموو کاربەدەستانی ڕۆحییەوە هەموو کەس لاییکین (لەوانە ڕابەری مەڵبەندی سیاسی)،لە ئەنجامدا ئەمە کەنیسەیە کە دەسەڵاتی بە سەر دەوڵەتدا هەیە،هەڵبەت نەك بە زۆر بەڵکو بە ڕۆچوون بەناو ڕۆحی مرۆڤدا.)) (کانت لە ((ئایین لە ناو سنوورەکانی عەقڵی پەتی دا)) ).

بەم شێوەیە لای سەرەکیترین فەیلەسووفی ڕۆشنگەری ڕۆژئاوا،ئاوێتە کردنی ((دەسەڵاتی سیاسی)) و ((دەسەڵاتی ئایینی)) و پێکەوە بەستنی یاساکانی ئیمان لە گەڵ دەستووردا،دەبێتە هۆی ئایین سالاری یا حکوومەتی قەشەکان.لێرەدا ئەوەی کە دەکەوێتە مەترسییەوە ڕۆشنگەرییە[1] .ئەوەشی کە دەبێتە قوربانی،ئازادی و بیرکردنەوەیە لە سەر بنەمای عەقڵ.ڕەخنەی کانت سەبارەت بە ئایین سالاری بە پێی بنەماکانی ئازادی و عەقڵ گەرایی دەبێتە ئیلهام پێدەری تەواوی بیرمەندانی سەردەمی کانت و دوای ئەوەش.کە لەوانە یان یەکێك لە گەورەترینی ئەوانە فەیلەسووفی ((ڕۆحی ڕەهایە)) لە سەردەمی گەنجیەتیدا.

هیگڵی گەنج: ((لاییسیتە)) یاجیابوونەوەی دەوڵەت و((ئایینی پۆسۆتیڤ))

گێیسۆرگ ڤیلهێلم فێردریش هیگڵ(١٧٧٠ــ١٨٣١زایینی،هاوسەردەمی حکوومەتی فەتحعەلی شای قاجار لە ئێران) لە ڕاستیدا،فەیلەسووفی ((جیابوونەوەی دەوڵەت و ئایین)) نەبوو.

بەم شێوەیە دانانی ناوی ئەو لە ڕیزی بنیاتنەرانی بیرۆکەی فەلسەفی ((لاییسیتە)) لەوانەیە بە هەڵە و سەیر بێتە پێش چاو.بەڵام دەبێت سەرنجی ئەوە بدرێت کە بۆچوونەکانی هیگڵ سەبارەت بە ((جیاکردنەوی دەوڵەت وئایین)) لە ماوەی ژیانی هزری ئەودا چەند گۆڕانێکی بە سەردا دێت.

1.Aufklärung



لەگەڵ ئەوەی کە لە بنەڕەتەوە لە سەردەمی فرانکفۆرت (١٧٩٧) بە دواوە و بە تایبەت لە بنەمای فەلسەفەی ماف (١٨٢١)خاوەنی بنەمایەمی یەکگرتوو و پەیوەستە،کە لەمەوە هیگڵ ناسەکان سەبارەت بە پەیوەندی دەوڵەت و ئایین سێ قۆناغی دیاریان لە چالاکییە فەلسەفییەکانی ئەودا لە یەك جیاکردوەتەوە کە لەوانە قۆناغی دووەم بە شێوەیەکی تایبەت لە لایەن ئێمەوە تێڕامانێکی زیاتری لە سەر دەکرێت.

قۆناغی یەکەم،ناوبراو بە قۆناغی توبنگینی (نیشتەجێ بوونی هیگڵ لە شاری توبنگینی ئەڵمانیا لە ساڵانی ١٧٧٨ تا ١٧٩٤) سەردەمی خولیا بوونی ئەو بۆ ئایینی گەل[1] (یا ئایینی دەوڵەت ــ شار) یە لە یۆنانی کۆندا.هەڵوێستی هیگڵ لێرەدا بەرامبەر بە تێکەڵ بوونی ئایین و دەوڵەتە وەك ئەو نموونەیەی کە لە پۆلیس دا یا دەوڵەت شارەکانی تری یۆنانە وەك ئەسینا.ئامانجی هیگڵی گەنج ئایینێکە کە بە قووڵی لە گەڵ شار و خەڵکەکەیدا لە ڕێگا مەراسیم و جەژنەکانەوە بە تەواوی تێکەڵ بوو‌بێت.ئازادی یا بەختەوەری یۆنانییەکان یەکگرتنی سیاسەت و ئایین بە پێویست دەزانێ: خودای ڕاستەقینەی ئەسینا،کچی زیۆس،واتە ئەسینایە.

کە هەم خودای زانابییە و هەم سەرۆکی دادگا شار.(لە تراژیدی خێرخوازان[1] ئاشیل).

((پێکهاتنی ڕۆحی گەل، بەشێکی کاری ئایینی گەلە و بەشێکی تری کاری پەیوەندییە سیاسییەکانە.))

1.Vollksreligion

((ڕۆحی گەلێك و مێژوو و مەزهەب و ڕێژەی ئازادی سیاسی ئەمانە هەموویان ناهێڵن بە جیا سەرنج لەم دیاردانە خۆیان بدەین.... ئەمانە لە پەیوەست بوون بە یەکەوە پێکەوە گرێدراون.)) ( هیگڵ لە ((بڕگەیەك سەبارەت بە ئایینی گەل و مەسیحییەت.)) ).

قۆناغی دووەم ناوبراو بە بێرنی (نیشتەجێ بوونی هیگڵ لە شاری بێرن لە سویسرا لە ١٧٩٣ تا ١٧٩٦)،قۆناغێکە کە هیگڵ لایەنگری لە جیاکردنەوەی دەوڵەت و ئایین دەکات.لێرە بە دواوە و بۆ هەمیشە وتەزای V0lksreligion لە گفتوگۆی هیگڵ دا نامێنێت و لە باتی ئەمە هەر لەو قۆناغە ئایینی پۆسۆتیف[1] جێگای دەگرێتەوە.هیگڵ و ڕۆشنگەران لە ((پۆسۆتیف)) بەم شێوەیە تێدەگەن کە کۆمەڵێك ڕێگا و شوێن و هەنگاو و کردارێکی دۆگمایانەیە کە تایبەتە بە مەزهەب و ناکرێت لە عەقڵەوە سەرچاوەیان گرتبێت.

ئا لەم قۆناغەدایە کە هیگڵ وەك میراتگری ڕۆشنگەری[2] (تەنیا هەر لەم قۆناغە چونکە دوای ئەوە هیگڵ هیچ کاتێك خۆی بە ڕۆشنگەر[3] نازانێ) دەیەوێت مەزهەب (مەسیحییەت،بە شێوەیەکی ئاشکرا) لە هەموو جەوهەرە ناعەقلانییەکانی وەك نهێنی وپێغەمبەری و موعجیزە پاك بکاتەوە.بیروڕای هیگڵ لەم قۆناغەدا بە سەرنج دان بۆ ئەزموون و فێرکارییەکانی مێژوو ئەمەیە کە مەسیحییەت ئازادی ((لە خۆ نامۆ)) و دەوڵەتیش گەندەڵ دەکات.ئەو لە دەستنووسەکانی خۆیدا ناوبراو بە Die Positivität christlichen (پۆسۆتیف گەرایی ئایینی مەسیحی)،کە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٧٠٩دا لە ئەڵمانیا لە کۆمەڵە بەرهەمی یەزدان ناسی هیگڵ دا بلاوکرایەوە، دەیەوێت ئەوە دەربخات کە نابێت کاروباری دەوڵەت بدرێتە دەست کەنیسەوە.

1.religion positive 2.Aufklärung 3.Aufklärer



ا)یاسا مەدەنییەکان پەیوەندییان بە ئاسایشی تاکەکان و ماڵ و حاڵی هاووڵاتیانەوە هەیە.بیروباوەڕی مەزهەبی ئەمان بە هیچ شێوەیەك گرنگی پێ نادرێت.لە بەر ئەوە هەر تاکێك با هەر ئیمانێکی هەبێت،ئەرکی دەوڵەت ئەوەیە کە پارێزگاری لە مافی ئەو وەك هاووڵاتییەك بکات،بەرامبەر بە دەوڵەتیش هاووڵاتی تەنیا کاتێك مافی خۆی لە دەست دەدات کە مافی کەسێکی تری پێشێل کردبێت....لە پەیوەندی لە گەڵ ئیماندا،هاووڵاتی هیچ بەڵێنێکی بەرامبەر بە دەوڵەت نییە چونکە لەم بارەیەوە دەوڵەت لە هەلومەرجێکدا نییە کە بتوانێ چەند مەرجێك دابنێت یا قبووڵی بکات.بەڵام لە لایەکی ترەوە هەموو ئەندامانی دەوڵەتێك (لێرەدا مەبەست تەواوی هاووڵاتیانی وڵاتە) لە سەر یەك کەنیسە کۆکن و کەنیسەش وەك دەستکەوتێکی کۆمەڵایەتی،مافی ئەوەی هەیە کە هەر کەسێك یاساکانی قبووڵ نەکات لە ناوخۆیدا بیکاتە دەرەوە.

ئەگەر هاووڵاتییەك ئیمانی بە کەنیسە نەهێنابێت یا ئەوێی بە جێ هێشتبێت،ئەوا وەك مافی خۆی دەتوانێ داوا لە دەوڵەت بکات کە مافە مەدەنییەکانی مسۆگەر بکات.بەڵام کەنیسە ئەم هاووڵاتییە لە کۆمەڵگای مەسیحیدا دەکاتە دەرەوە،لە هەمان کاتدا وەك گشتێك دەوڵەت داگیر دەکات و هەروەها ئەویش لە دەوڵەت دەکاتەوە دەرەوە.(سەندنەوەی مافی هاووڵاتی بوون).ئێستا کام لەم لایەنانە لە پێگەیەکدان کە مافیان هەبێت؟ دەوڵەتی سیاسی کە بە ئەرکی خۆی دەزانێ مافی هەر هاووڵاتییەکی باش دابین بکات....دەوڵەتێك کە بە هیچ شێوەیەك نابێت دەست بخاتە کاروباری ئیمانەوە؟یان دەوڵەتێکی کەنیسەیی کە مافی ئەوەی هەیە کە هەر کەسێك ڕوو لە ئایینێکی تر بکات لە خۆی دوور بخاتەوەو و لە ئەنجامدا مافی هاووڵاتی بوونی لێوەربگرێتەوە؟تا ڕادەیەك لە زۆربەی وڵاتانی کاتۆلیك یا

پرۆتستانت،دەوڵەتی کەنیسەیی[2] سوود لە مافەکانی خۆی بە پێچەوانە و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەوڵەت دەبینێ.
لەم ولاَتانە هیچ ئیماندارێك بە ئاینێکی تر ((جگە لە مسیحییەت))، ناتوانێ بەهرەمەند بێت لە یاسا مەدەنییەکان و چەند یاسایەکی تر کە هاوولاَتیانی (مەسیحی) بەهرەمەندن لێی،وەك لە بواری مەدەنی و تاواندا.کەسێکی وەها ناتوانێ هیچ خاوەندارییەتییەکی زەوی و زاری هەبێت و یا هیچ ئەرکێکی دەوڵەتی لە ئەستۆ بگرێت.لە پەیوەندی لە گەڵ باجیشدا ڕەفتارێکی پێچەوانەیان لە گەڵیدا هەیە....سەبارەت بە هاوسەرگیریش بارودۆخ هەر بەم چەشنەیە.لە زۆرێك لەم ولاَتانە دوو کەس تاوەکو لە لایەن کارمەندێکی کەنیسەی دەسەلاَتدارەوە مارە نەکرێن ئەوا هاوسەرگیرییەکەیان بڕوا پێکراو نییە...
ج)لەم سەردەمە دەوڵەت پێی وایە کە بۆ پەروەردە و فێرکردنێکی باشی گەنجان،هیچ کارێکی لەمە باشتر پێ ناکرێ کە ئەم ئەرکە بە تەواوی یا تا ئاستێك بخاتە ئەستۆی کەنیسەوە.....بەلاَم پەروەردە و فێرکردنی کەنیسە لە ڕووی ئیمانەوەیە واتە گەشە بە عەقڵ نادرێت بە شێوەیەك کە ناتوانن خۆیان ڕێسای خۆیان دیاری بکەن و یا بە پێی یاسایەکی تایبەت بە خۆیان سەبارەت بە هەرچییەك بێت دادوەری بکەن.......
لە ئەنجامدا ئەم یاسا دانەرە دەرەکییە (سپاردنی مافی پەروەردە و فێرکردن بە کەنیسە) ئازادی لە هەست و عەقڵی مرۆڤ وەردەگرێتەوە.
واتە هەست و عەقڵ پێڕەوی ئەمەن لە یاسا تایبەتییەکانی خۆیان یا ئەو یاسایانەی کە بە پێی سروشتیان دارێژراوە.جگە لەمە لێرەدا ئازادی هەرکەسێکیش بۆ هەڵبژاردنی ئایینی کەنیسەکەی خۆی پێشێل دەکرێت.بەلاَم لێرەدا دەوڵەت بەدەر لە مەبەستە باشەکانی،بەرامبەر بە منالاَن بۆ بە کاربردنی گەشە کردنی توانا هزرییەکانیان،خیانەت دەکات.))



(هیگڵ،((پۆسۆتیڤ گەرایی ئایینی مەسیحی)) ).بەم شێوەیە هیگڵ لە دەستنووسەکەی خۆیدا لایەنگری لە ((جیاکردنەوەی)) تەواوی دەوڵەت و ئایین دەکات لە هەموو بوارە گشتی و مەدەنی و یاساییەکان لە قۆناغێکدا کە سەبارەت بە بابەتە ئایینی یەکان بیروبۆچوونی خۆی بە ڕاشکاوانە دەردەبڕێت.
بەلاَم هەر زوو تێدەگات (قۆناغی سێیەم) کە ئەم ((جیاکردنەوەیەی)) دەوڵەت لە ئایین دەگۆڕدرێ بۆ ((جیاکردنەوەیەکی)) گەورەتر لە ناو خودی مرۆڤدا،ئەو شتەی کە هیگڵ خۆی تەحەمولی ناکات.بەم شێوەیە دەبێت ڕێگا چارەیەکی تر بخاتە ڕوو.لە قۆناغی سێیەم ناوبراو بە قۆناغی فرانکفۆرت و دوای ئەوەش لە ساڵی ١٧١٧ بە دواوە،بە نووسینی ((ڕۆحی مەسیحییەت و چارەنووسەکەی)) هەڵوێستی هیگڵ لە پێناو بەرژەوندی دەوڵەت و ئایینی پرۆتستانت گۆڕانی بە سەردا دێت.
(( ئەگەر ئەوان (دەوڵەت و ئایین) ناکۆکن،کەواتە کەموکوڕی لە دەوڵەت وکەنیسەدایە.)) (هیگڵ لە فەلسەفەی ڕۆح،١٨٠٥).
دەرخستنی دیالیکتیك لە یەناو، کارە گەورە فەلسەفییەکەی ئەو لە دیاردەناسی ڕۆحدا،هەڵی ئەوەی دەداتێ کە کێشەی پەیوەندی نێوان دەوڵەت وئایین لە ڕێگای ((یەکگرتن ـــ جیاکردنەوە ـ یەکگرتن)) (پاراستنی ئەمانە بە لابردنی یەکێکان[1] بۆ گەیشتن بە یەکگرتنێکی نوێ) ئەوەی کە ناویان لێناوە ((ناجیابوونەوە[2])) ـــ چارەسەر بکات.
بەڕای هیگڵ ئایین پەیوەستە بە زەینی ڕەهاوە[3].لە کاتێکدا دەوڵەت شێوازێکە لە زەینی بینراو[4].بەم شێوەیە ناوەندی ئایین بە گرنگتر لە ناوەندی سیاسەت هەژمار دەکرێت.

1.Aufhebung 2.non-séparation 3.esprit absolu 4.esprit obgectif

لەگەڵ ئەمانەشدا سەروەری حاشا هەڵنەگری ئایین،ئەم بابەتە ئاڵۆزو هەستیارەی پەیوەندییەکانی دەوڵەت و ئایین چارەسەر ناکات.چونکە ئەگەر ڕاست بێت کە ئایین پەیوەندی بە خودی زەینی ڕەهاوە هەبێت،ئەوا هیگڵ وەك فەیلەسووفێك کە لە هەمان کات واقیع گەرایە.

هاوکات ئەمە دووپات دەکاتەوە کە هەرسێ شێوازی سەرەکی زەینی ڕەها واتە هونەر و ئایین و فەلسەفە تەنیا لە ڕێگای پەیوەندییان بە زەینی بینراوەوە کە دەوڵەت یەکێکە لە شێوازەکانی،دەتوانن کاریگەرییان هەبێت[1].هیگڵ ئێستا کەوتووەتە ناو پێگەی ڕەخنە و ڕەتکردنەوەی ڕۆشنگەرییەوە و دەنووسێت لایەنگری ڕۆشنگەران بۆ جیاکردنەوەی دەوڵەت و ئایین لە بەر ئەمە بووە کە ئەوان نەیان توانیوە لە گەورەیی ئایینی ڕاستەقینە تێبگەن.لەوەی کە ئایین زانستێکی خودایییە و لە خوداوە گەیشتووەتە مرۆڤ،کەواتە جێگای سەرسووڕمان نییە ئەگەر ئایین لە کاروباری سیاسیدا ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت.تەنانەت دەتوانین بڵێین کە مرۆڤەکان کاتێك دەتوانن دەوڵەت دابمەزرێنن کە حەقیقەتی خوداییان لە ناو خۆیاندا کەمندکێش کردبێت.

((حەزکردن بە جیابوونەوەی ئایین لە ماف و یاساکان هیچ نییە جگە لە ڕێگاچارەیەکی بە پەلە بۆ هەڵهاتن لە کێشەکان و ئەمەش لە کاتێکدایە کە توانای ڕۆچوونمان بەرەو قوڵایی ڕۆحی ئایین دا نییە تاوەکو ئەو بگەیەنینە ئاستی حەقیقەت لای خۆمان.))

((بەمشێوەیە،لای کەسی هۆشیار[2]،ئایین بنەمای ژیانی ئەخلاقی و دەوڵەت پێك دەهێنێ.))

1.effectivité 2.conscience de soi



((ئەوەی کە تا ئێستا لە لایەن ئایینەوە ڕێگەی پێدراوە هێشتا ماویەتی:ئەوە بدەن بە قەیسەر کە پەیوەستە بە قەیسەروە و ئەوەش بە خودا بدەن کە پەیوەندی بە خوداوە هەیە.چونکە بەڕاستی بابەتەکە ئەمەیە کە چ شتێك بە قەیسەر واتە پەیوەستە بە حکومەتی نائایینی یەوە[1].ئێمە هەر ئەمە بە بەس دەزانین کە تا چ ئاستێك هەم حکوومەتی دونیایی و هەم حکوومەتی پیاوانی ئایینی بە شێوەیەکی ملهوڕانە بۆ سوودی خۆیان دەستیان داوەتە داگیرکاری. دەبێت کە ڕۆحی خودایی بە شێوەیەکی قووڵ ڕۆبچێتە ناو جەوهەری دونیاوە.بەم شێوەیەیە کە دانایی لەناو(هەوێنی دونیایی) بەرجەستە و بینراو (دەرکەوتن) دەبێت.)) (هیگڵ لە تێزی زانستی فەلسەفی).

هیگڵ لە گرنگترین بەرهەمی فەلسەفی ـ سیاسی خۆیدا،واتە بنەماکانی فەلسەفەی ماف (قۆناغی بەرلین،١٨٢١) ،بناغەی تێڕوانینی خۆی دابەش دەکات بۆ دوو بنەمای سەرەکی:

١.ئازادی هۆشیاری

٢.یەککگرتنی بەرزی دەوڵەت و ئایین هەروەك بەرهەم و ئەنجامی جیاوازی نێوان ئەم دوانە.

بەرقەرار بوونی پەیوەندییەکی تەندروست لە نێوان کەنیسە و دەوڵەت تەنیا لە ڕێگای ڕێزگرتن و ئازادییەوە مسۆگەر دەبێت.هەر شتێك کە لە لایەن ئایینەوە سەبارەت بە ئازادی هۆشیاری دژایەتی بکرێت دەبێت لە لایەن دەوڵەتەوە تاوانبار بکرێت و لە دەوڵەتیش دا ئەگەر دژایەتی بەرامبەر بەم ئازادییە بکرێ ئەوا پێچەوانەی جەوهەری ڕاستەقینەی دەوڵەت دەبێتەوە.

1.profane

له لایەکی ترەوە کەرت بوونی نێوان دوو دامەزراوەی ئایین و دەوڵەت و بوونی کەنیسە جیاوازەکان، بە ڕای هیگڵ لە بنەمادا بە مەرجی پێویست و یەکگرتنی کۆتایی دەوڵەت هەژمار دەکرێت.بەلاّم یەکەمین یەکگرتنی دەوڵەت و ئایین وەك ئەو یەکگرتنەی کە لە دیکتاتۆری ڕۆژهەلاّت دا بوونی هەیە،بەڕای هیگڵ یەکگرتنێکی درۆینەیە.چونکە لەوێدا دەوڵەتێك بەدی ناکرێ.لەوێدا دەوڵەت تەنیا بەناو بوونی هەیە.چونکە لەوێدا یەکگرتنی دەوڵەت و ئایین لە سەر بنەمای لێکنەچوون و هەروەها جیاوازییان و دابەشکردنی کەنیسە و ئازدی وماف دا پێك نەهاتووە.لەوێدا بە هەمان ئاستی نەبوونی بیرۆکەی دەوڵەت ئازادییەکی جەوهەریش بوونی نییە. ((دووبارە دەتوانین باس لە یەکگرتنی کەنیسە و دەوڵەت بکەین کە لە سەردەمی مۆدێرن گۆڕاوە بۆ ئامانجێکی دیاریکەرەوەی[1] وروژێنەر و بە شێوەی ئایدیایەکی بەرفراوان دەناسرێت.ئەگەر یەکگرتنی پێویستی ئەم دوانە،یەکگرتنی نێوان حەقیقەتی ڕیساکان و تیۆری ڕۆحە[2]،کەواتە بەهەمان ئاستیش پێویستە کە بەم یەکگرتنە،جیاوازی[3] بتوانێ وەك بوونێکی پێویست دەرکەوێ،واتە ئەو جیاوازییەی کە لە نێوان ئەم ڕاستیەدا،لە شێوەی ویژدانیدا بوونی هەیە.لە دیکتاتۆری ڕۆژهەلاّتدا ئەم شێوازە یەکگرتنە خوازراوەی نێوان دەوڵەت و کەنیسە بەدی دەکرێت بەلاّم لەوێدا دەوڵەت ئامادە بوونی نییە.دەوڵەت وەك ئاوێتە بوونێکی هۆشیار و تەنیا شایستەی ڕۆح لە ڕاستییەکی ئەخلاقی ئازاد دا و هەروەها گەشەیەکی ئۆرگانیکی لە بورای مافدا،بوونی نییە.

کەواتە دەوڵەت بۆ ئەوەی کە وەك واقیعێکی ئەخلاقی ڕاستەقینەی ڕۆح و ئەو واقیعە ڕاستەقینەیەی کە خۆی دەناسێت،دروست ببێت،ئەوا پێویستە لە نێوان دەوڵەت و واقیعی دەسەلاّت لە لایەك و ئیمان لە لایەکی ترەوە قبوولکردنی کەرت بوون[4] دروست ببێت.

1.detremination 2.esprit 3.différence 4.différenciation



بەلاّم قبوولکردنی ئەم کەرت بوونە کاتێك ڕوو دەدا کە لایەنی هاوبەرامبەری کەنیسە خۆشی دابەش ببێت.تەنیا بەم شێوەیە کە دەوڵەت لە سەرووی کەنیسە تایبەتەکان دەتوانێ بیرۆکەیەکی جیهانی بە دەست بێنێت.کەرت کەرت بوونی کەنیسە نەك کارەساتێکی گەورە نەبووە و نییە بە لایەن دەوڵەتەوە، بەڵکو لە سایەی ئەمەدا دەوڵەت گۆڕاوە بۆ شتێك کە بە دروستکەری هەژمار دەکرێ،واتە ڕاستییەکی ئەخلاقی و عەقلانییەتێکی هۆشیارانە.

هەروەها هەر ئەم کەرت بوونەش بە بەختێکی باش بۆ کەنیسە هەژمار دەکرێت،واتە هەم بۆ دەرخستنی ئەو و هەم لە پێناو ئازادی و بیرکردنەوی عەقلانیدا.)) (هیگڵ لە بنەماکانی فەلسەفەی ماف،خالّی ٢٧٠،ڕوونکردنەوەکان لە هەموو لایەك لە لایەن هیگڵ خۆیەتی).

لە گەڵ هەموو ئەمانەدا دەبێت بە ڕاشکاوی دووپاتی کەینەوە کە ((یەکگرتنی)) هیگڵی یانەی دەوڵەت وئایین بە هەمان شێوە کە لە پێشدا ئاماژەمان بۆ کرد،یەکگرتنی دامەزراوەی دەوڵەتە لە گەڵ ئایینی پرۆتستانت نەك لە گەڵ ئایین سالاری پاپایی دا.یەکگرتنی دەوڵەت لە گەڵ کەنیسەیەکدایە کە پرۆسەی چاکسازی لۆتەریسم و سێکولاریزاسیۆنی تێپەڕاندوە و نایەوێت دەست وەربداتە ناوەندی کاروباری دەوڵەتەوە.بە ڕای هیگڵ،لە لایەك نابێت دەوڵەت دەستێوەردان لە ئیش و کاری ئایین و بیروباوەڕکانی خەڵکی و بە تایبەت خوێندنی کەنیسەدا بکات لە لایەکی ترەوە ئەگەر ئایین بیەوێ دەست وەربداتە ژیانی گشتی خەڵك و پەروەردە و فێرکردنی منالاّن و هاوسەرگیری و کاروباری یاسایی،ئەو کاتە ئەرکی دەوڵەتە کە ڕووبەڕووی هەر جورە دەستێوەردانێك ببێتەوە بۆ ناوەندی دەسەلاّتەکەی.چونکە ئەگەر وا نەبێت دەکەوێتە ناو تالووکەی ڕژێمێکی کەنیسەییەوە[1].

هەڵبەت دەوڵەت دەتوانێ و دەبێت خەرجی ژیانی تاقمی کەنیسە دابین بکات و پارێزگاری لە کەنیسەش بکات و پشتیوانیشیان لێبکات تاوەکو ئەم دامەزراوە ئایینی یە بتوانێ ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات.بە ڕای هیگڵ دەوڵەت تەنانەت دەتوانێ کە داوا لە هاووڵاتییەکانی بکات تاوەکو پەیوەندی بکەن بە کەنیسەیەکی دیاریکراوەوە.....

لەوەی کە باسکرا لە وتەیەکدا دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە هیگڵ سەرەتا وەك ڕۆشنگەرەکان ((ڕێگاچارەی)) لە جیابوونەوەی دەوڵەت و ئایینەوە بینییەوە.بەڵام زۆری پێ نەچوو بە هۆی پێویستی تاقانەیی زەینی ڕەهاوە و ڕۆچوونی ڕۆحی خودایی لە جەوهەری دونیاییدا،دەوڵەتی بێ خەوشی لە شێوازێکی یەکگرتنێکی باڵای لە گەڵ ئایینی چاکسازی کراوی لۆتەرییەوە بینییەوە.

لە سەر زەمینی فەلسەفە دەبووایە ماوەیەکی پێ بچووبایە تا بیرمەندێکی شۆڕشگێڕ پەیدا بووایە تا بە هۆی ڕەخنەیەکی ڕادیکاڵ بۆ هیگڵیسم و ئایدیالیسمی ئەو سەردەمە،ژەنگی لە سەر واقیعی ڕاستەقینەی ((سیاسەت)) و ((دەوڵەت))ی لابردایەت.

1.pfaffenregiment



مارکس: ((لاییسیتە)) یا ((هەنگاوێکی گەورە بۆ پێشەوە بەڵام نەك دوایین ڕزگاری مرۆڤایەتی))

کارل مارکس (١٨١٨ـ١٨٨٣ زایینی)،تیۆریسیەنی لاییسیتە یان جیابوونەوەی دەوڵەت و ئایین نەبوو.هەڵوێستەکانی ئەو لە سەر تیۆری دەوڵەت لە ((ڕەخنەی فەلسەفەی مافی هیگڵ)) ــــ لە کاتی دوورە پەریزییە فەلسەفییەکەوە لە کێرناخ[1] لە ساڵی ١٨٤٣دا ــــ سەبارەت بە دەوڵەت و ئایین لە ڕەخنەی بۆ بۆچسوونەکانی برۆنۆ بائۆ سەبارەت بە ((مەسەلەی یەهوود)) ــ لە هەمان ساڵدا ــ بۆ ئەم باسەی ئێمە گرنگییەکی بەرچاوی هەیە.دووپاتی دەکەینەوە کە هەر لەم قۆناغە لە چالاکییە فەلسەفییەکانی سەر قاڵ بوونی سەرەکی ئەو بە هەمان شێوە کە خۆی دواتر ئاماژەی بۆ دەکات حیساب پاکردنەوە بوو لە گەڵ داموودەزگای هیگڵ و هیگڵیسم: ((یەکەمین کارێك کە کردم بۆ لەناوبردنی ئەو گومانانەی کە هێرشیان بۆ دەهێنام،پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە بوو بۆ فەلسەفەی مافی هیگڵ.)) (نووسینێك لە بواری ئابووری سیاسی،پێشەکی ــ ١٨٩٥).

لەم ڕووبەڕوو بوونەوە ئەستەم و تراژیدییە لە گەڵ هیگڵ ــ چونکە مارکس لە سەرەتادا هیگڵی بوو و دواترلە گەڵ ناکۆکی بۆ ئەم فەلسەفەیە،بە تەواوەتی ڕزگاری نەبوو لە سیستمی هیگڵی ــ دوو وتەزای فەلسەفەی سیاسی واتە ((سیاسەت)) و ((دەوڵەت)) دەبنە جێگای سەرنجێکی تایبەت لە لایەن مارکسەوە.مارکس لە ئەو تەمەنە گەنجیەتییەدا،بە سەرقاڵ بوونی بە ڕەخنەی ((سیاسەت)) و ڕەخنەی ((دەوڵەت)) لە سەردەمی مۆدێرنەدا،لەم دوو دیاردەیە واتە فەلسەفەی کلاسیکی سیاسی و ئایدۆلۆجیای دەسەڵاتدارــ بۆرجوازی و ئایدیالیستی ـ

کە وەك شتێکی گومانـاوی و پیرۆز دەردەکەوتن،پەردە هەڵدەماڵێ[1] و نهێنییەکانیان ئاشکرا دەکات.

((لە یەکەم هەنگاودا ئەرکی فەلسەفە،فەلسەفەیەك کە لە خزمەتی مێژوو دا بێت،ئەوەیە کە کاتێك کە شێوازی پیرۆزی،لەخۆ نامۆ بوونی مرۆڤ،ئاشکرا بووە،ئەوا لە خۆنامۆبوون لە شێوازە ناپیرۆزەکانیش دا ئاشکرا بکات.بەم شێوەیە،لە ڕەخنەی مرۆڤەوە دەگەینە ڕەخنەی زەمین،لە ڕەخنەی مەزهەب بۆ ڕەخنەی ماف و لە ڕخنەی زانستی ئایینیش بۆ ڕەخنەی سیاسەت.)) (مارکس،((ڕەخنەی فەلسەفەی مافی هیگڵ ــ پێشەکییەکەی)) ).

مارکس لە ڕەخنەی سیاسەت و دەوڵەتی مۆدێرندا دوو کێشەی ئاڵۆزی سەرەکی دەخاتە ڕوو کە یەکێکیان بە کورتی چونکە پەیوەندی بە ئەم باسەی ئێمەوە نییە و ئەوی تریان بە درێژی باس دەکەین و شی دەکەینەوە.

١.ڕزگاربوونی سیاسی، ڕزگاربوونی کۆمەڵایەتی نییە.

لە سەردەمی نوێ و بە پێکهێنانی دەوڵەتێکی پێگەیشتوو،((لە خۆنامۆبوون)) ی مرۆڤ لە ڕاستیدا دوو ئەوندەی لێدێت: لە خۆنامۆبوون هەم لە گەڵ مەزهەب (کە لە کۆمەڵگای مەدەنی دەپارێزرێ) و هەم لە گەڵ دەوڵەتی سیاسیدا کە دەگۆڕدرێ بۆ دەسەلاتێکی بەرفراوانی نوێ وە.

1.dévoilement



هۆکاری ((پیرۆزی[1])) کە پەیوەندی نێوان ((ناوەندی کۆمەڵگای مەدەنی)) و ((ناوەندی دەسەلاتدارییە)) لە ناو ناچێت.پیرۆزی زەمینی (دەوڵەت) جێگای پیرۆزی ئاسمانی (کەنیسە) دەگرێتەوە.((جیابوونەوەی)) زەمین و ئاسمان دەگۆڕدرێ بۆ ((جیابوونەوەی)) کۆمەڵگای مەدەنی لە لایەك و ((دەوڵەت)) و ((سیاسەت)) لە لایەکی ترەوە.

ئایین پەرستی[2] ئاسمانی جێگای خۆی دەدات بە ئایین پەرستی زەمینی واتە:ئایین پەرستی کالا،ئایین پەرستی سەرمایە،ئایین پەرستی یاسا،ئایین پەرستی دەوڵەت،ئایین پەرستی نیشتمان،ئایین پەرستی ئابووری و ئایین پەرستی سیاسەت.......

ئێستا بە هۆی شکۆی ((سیاسەت)) و ((دەوڵەت))،گومان[3] و نهێنی ئامێزبوون[4] لە چوارچێوە زەمینی یەکاندا دەردەکەون.لە چوارچێوەی ناپیرۆزی ئاسمانییاندا یا پیرۆزی زەمینی یاندا،هاوکات هەر لەناو خولیاکانی ((ئاسمانین))،بەلاّم ئەمجارەیان لە ((ئاسمانی زەمینی)).هیزێکی بە توانان (بە خەیاڵی مرۆڤەکان) کە مرۆڤەکان دەیانخولقێنن و ئەوانە لە خۆیان جیا دەکەنەوەو و بە ناوی ((پەیمان)) و ((ئیرادەی گشتی)) و ((عەقڵ))و هتد....،لە سەروو خۆیانەوە دایدەنێن.ئەوانە دەکەن بە دەسەلاّت بە سەر خۆیانەوە و خۆشیان ملکەچ و دیلی دەستی ئەوانە دەکەن.لە ئەنجامدا ڕزگاری[5] ڕاستەقینەی کۆمەلاّیەتی بۆ کۆتایی هێنان بەم ((جیابوونەوە)) سیاسییە،لە ڕیگای هەڵگرتنی ((بنەمای پیرۆزی دەوڵەتە))وەیە لە سەردەمی مۆدێرندا.

((پەیوەندی بەهەشت و زەمین چەنێك ڕۆحییە،پەیوەندی نێوان دەوڵەتی سیاسی لە گەڵ کۆمەڵگای مەدەنیشدا بە هەمان ئەندازە وایە.

1.scaré 2.Religiosité 3.illusion 4.mystification 5.Emancipation

دەوڵەت لە دژایەتی کردنە لە گەڵ کۆمەڵگای مەدەنیدا و بەهەمان ڕیگا کە مەزهەب زاڵ دەبوو بۆ سنووردار کردنی جیهانی نامەزهەبی[1] دا،ئەمیش زاڵ دەبێت بە سەریدا.واتە جیهانی نامەزهەبی دەبێت سەر لە نوێ دان بە دەوڵەتی سیاسیدا بنێت و دروستی بکاتەوەو و ڕێگەی پێبدات کە زاڵ بێت بە سەریدا.))

((تەنیا لە کاتێکدا مرۆڤ هێزە تایبەتییەکانی خۆی وەك هێزە کۆمەڵایەتییەکان بزانێت و ڕێکی بخات و ئیتر هێزی کۆمەڵایەتی وەك هێزێکی سیاسی لە خۆی جیا نەکاتەوە،ئەوا ئیتر لەم کاتەیە کە ڕزگاربوونی مرۆڤ مسۆگەر دەبێت.)) (مارکس،((بابەتی یەهوود))، ڕوونکردنەوەکان لە هەموو لایەکدا لە لایەن مارکس خۆیەتی).

**٢.دەوڵەتی لاییك هەنگاوێکی گەورەیە بۆ پێشەوە.**

برۆنۆ باوێری هیگڵی (سەر بە ڕێبازی هیگڵ)،لە خێزانێکی پرۆتستانت دا بوو و مامۆستای کۆلێژی زانستی ئایینی بوو لە بەرلین لە ساڵەکانی ١٨٦٣ـ٤٠ دا.لە ساڵی ١٨٤١دا لە بەر بوێری ڕەخنەگرتنییەوە لە زانکۆ دەرکراوە.هەر لە ئەو ساڵەدا تێزێك بە ناو نیشانی ((بابەتی یەهوود)) دەنووسێت.ئەو لەوێدا چەند تیۆرێکی باس ورووژێن سەبارەت بە هۆکارەکانی نەبوونی ئازادییە مەدەنی و سیاسییەکان بۆ یەهودیەکان لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا دەخاتە ڕوو.کە ئەوان لەو سەردەمەدا هاوکات لە ژێردەسەڵاتی دەوڵەتە ئایین سالارەکان یا نیمچە ئایین سالارەکاندا (تیۆکرات) بوون.

1.profane



مارکس لەو سەردەمە لە کروزناخ دا دەژیا و تێزەکەی باوێری خوێندبووە و وەڵامێك بۆ ڕەخنە گرتن لە نووسینەکەی باوێرلە ژێر ناونیشانی ((سەبارەت بە بابەتی یەهوود))دا ئامادە دەکات دیارە هەر لە ئەو کاتەدا نامەیەکی بانگهێشت کردنی بۆ بەرژەوندی ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکانی یەهودیەکانی ئەڵمانیای واژوو کردبوو.بەلاّم لە ماوەی ژیانیدا تەنیا پێشەکی ئەم دەستنووسە لە ساڵنامەی ئەڵمانی ــ فەرەنسیدا بلاّودەکرێتەوە.

مشتومڕی مارکس لەم تێزەدا لە ڕەتکردنەوەی تیۆرییە (هەست پێنەکراو) (بە پێی بۆچوونی مارکس) و نادروستەکانی باوێر، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە گەڵ بابەتی لاییسیتە دا پەیدا دەکات و پەردە لە سەر کۆمەڵێك هەڵە تێگەیشتن و بیروباوەڕی جیاواز سەبارەت بە جیابوونەوەی دەوڵەت و ئایین،کە هاوکات هەر بابەتێکی نوێ یە،هەڵدەماڵێ.باوێر لە تێزەکەی خۆی دوو تیۆری سەرەکی دەخاتە ڕوو.

یەکەم ئەوەی کە یەهودیەکانی ئەڵمانیا کاتێك دەتوانن ئازادی سیاسی و مەدەنی بە دەست بێنن کە دەست لە مەزهەبی خۆیان هەڵگرن واتە ئەو شتەی کە ئەوان لە کەسانی تر جیادەکاتەوە.دووەم ئەوەی کە ئازادی سیاسی دەوڵەت،واتە کۆتایی پێهاتنی ئایینی فەرمی،کاتێك دەتوانێ بەدی بێت کە ژیانی ئایین لە کۆمەڵگادا کۆتایی پێهاتبێت.بە کورتی باوێر بابەتی دەوڵەتی ئازاد یا لاییك (ڕزگاربوون لە ئاییینێکی فەرمی) و بابەتی ڕزگاری کۆمەلاّیەتی لە دەستی ئایین لە گەڵ یەکدا ئاوێتە دەکات و تووشی هەڵە دێت.مارکس کورتەیەك لە بۆچوونەکانی ئەو بەم شێوەیە کورت دەکاتەوە:

((کەواتە باوێر لە لایەك خوازیاری ئەوەیە کە یەهودییەکان یەهوودبوون بە لاوە بنێن و بە گشتی مرۆڤ،ئایین بە مەبەستی ڕزگاربوون وەك هاوولاّتییەك (ڕزگاربوونی مەدەنی) بە لاوە بنێت.لە لایەکی ترەوە بە پێی دەرئجامێکی

لۆژیکی،ئەو پووچەڵکردنەوەی سیاسی ئایین بە هەڵوەشاندنەوەی تەواوی ئایین دەزانێ.))

- پێکەوە ژیانی دەوڵەتی لاییك و کۆمەڵگایەکی بەهێزی ئایینی

مارکس لە وەڵامەکەی خۆیدا سەرەتا ئاماژە بۆ نموونەیەکی ڕوون و ئاشکرای ئەمریکای باکوور دەکات کە لەوێدا دەوڵەتی لاییك (لە گەڵ نەبوونی ئایینێکی فەرمی) لە گەڵ کۆمەڵگایەکی بەهێزی ئایینی دا دەژی.

((تەنیا لە ولاّتە ئازادەکانی ئەمریکای باکوورە ــ یا بە لانی کەمەوە هەندێکیان ــ کە بابەتی یەهوودیەکان گرنگی تیۆلۆژی خۆی لە دەست دەدات و دەبێتە ئامرازێکی ڕاستەقینەی لاییك.واتە تەنیا جێگایەك کە دەوڵەتی سیاسی بە شێوەیەکی زۆر پێشکەوتوو بوونی هەیە و پەیوەندی یەهوودی و مرۆڤی مەزهەبی بە شێوەیەکی گشتی بەرامبەر بە دەوڵەتی سیاسی،واتە پەیوەندی ئایین و دەوڵەت دەتوانێ بە شێوەیەکی بێ خەوش و تایبەتی خۆی دا دەرکەوێت.ڕەخنەگرتن لەم پەیوەندییە لە گەڵ ئەوەدا کە دەوڵەت پەیوەندی خۆی لە گەڵ ئایین دا لە ناوەندی تیۆلۆژی بهێنێتە دەرەوە،هەرلە گەڵ ئەوەی کە دەوڵەت پەیوەندی خۆی لە گەڵ ئایین دا لە شێوازی سیاسی ببەستێ و هەر لە گەڵ ئەوەی کە دەوڵەت بەڕاستی لە پلەی دەوڵەت دا جموجۆڵی هەبێت ئیتر ڕەخنەیەکی تیۆلۆژی نابێت"لەم کاتەدا ڕەخنەگرتن دەبێت بە ڕەخنە لە دەوڵەتێکی سیاسی...))

((لە ولاّتە یەکگرتووەکان نە ئایینی دەوڵەتی بوونی هەیە،نە ئایینێکی زۆرینە کە بە فەرمی ڕاگەیەنرابێت و دەسەلاّتی مەزهەبێکیش بە سەر مەزهەبێکی تردا نابینرێت.دەوڵەت سەبارەت بە تەواوی مەزهەبەکان نامۆیە)) (گوستاو دو بومون،هاوسەرگیری یان کۆیلایەتی لە ولاّتە یەکگرتووەکان).



هەندێك لە ویلایەتەکانی ئەمریکای باشوور لە ((دەستوورەکەیاندا بیرو باوەڕە ئایینی یەکان و ئیمان هێنان بە مەزهەبێك بە پێویست نازانێ و ئەم شتانە وەك مەرجێك لە کاتی بە کارهێنانی دەسەلاّتی سیاسی یاندا ناسەپێنن)) (هەمان کتێب).لە گەڵ ئەمانەشدا ((بە بڕوای خەڵکی ویلایەتە یەکگرتووەکان،مرۆڤی بێ مەزهەب ناتوانێ مرۆڤێکی شەریف بێت)) (هەمان کتێب). لە گەڵ ئەمانەدا بە هەمان شێوە کە بومون و توکڤیل و هامیلتۆنی ئینگلیزی بە یەك دەنگ و بە دڵنیاییەوە دەڵێن،ئەمریکای باکوور بە تەواوی ماناوە سەرزەمینێکی ئایینی یە.بە هەر حاڵ ئێمە ویلایەتە یەکگرتووەکان تەنیا وەك نموونەیەك دەهێنینەوە. بابەتەکە ئەمەیە کە پەیوەندی نێوان ڕزگاری سیاسی و ئایین لە چیدایە؟ئەگەر ئێمە لە ولاّتێکی تەواو ڕزگاربووی سیاسی دا بزانین کە ئایین نەك بوونی بەڵکو بە شێوەیەکی زۆر بە هێزیش بوونی هەیە ئەوا ئەم بابەتە دەیسەلمێنێ کە بوونی دەوڵەت دژ بە کەماڵی دەوڵەت نییە....

ڕزگاربوونی سیاسی یەهوود و مەسیح و مرۆڤی مەزهەبی ئەمانە هەمووی ڕزگاری دەوڵەتە لە یەهودییەت و مەسیحییەت و ئایین بە شێوەیەکی گشتی.دەوڵەت بە شێوازێکی تایبەت بە ماهییەتی خۆی وەك دەوڵەتێك،بە ڕزگار بوونی لە ئایینی دەوڵەتی،خۆی لە ئایین ڕزگار دەکات.واتە بە فەرمی نەناساندنی هیچ ئایینێك و لە باتی ئەمە بە فەرمی ناساندنی خۆی وەك دەوڵەت دەسەلمێنێ.ڕزگاری سیاسی لە ئایین ڕزگاربوونێکی ڕەها نییە لە ئایین چونکە ڕزگاری سیاسی شێوازێکی ڕەهای ڕزگاری مرۆڤایەتی نییە.سنووورداربوونی ڕزگاری سیاسی لەم ڕاستییەوە سەر هەڵ دەدات،کە دەوڵەت دەتوانێ خۆی لەم لەمپەڕە ڕزگار بکات لە کاتێکدا مرۆڤ ناتوانێ بە شێوەیەکی ڕاستەقینە خۆی لە دەستی ئازاد بکات و ئەمەش کە دەوڵەت

دەتوانێ دەوڵەتێکی ئازاد بێت بە بێ ئەوەی کە مرۆڤ خۆی وەك مرۆڤێکی ئازاد هەژمار بکرێت....
کەواتە دەوڵەت دەتوانێ خۆی لە ئایین ڕزگار بکات تەنانەت ئەگەر زۆرینەی خەڵکیش ئایینی بن.))

**ـ هەڵوەشاندنەوەی سیاسی ئایین،هەڵوەشاندنەوەی ئایین نییە لە کۆمەڵگای مەدەنی دا**

خاڵێکی تر کە مارکس هاوکات پێداگری لە سەر دەکات ئەمەیە کە هەڵوەشاندنەوەی سیاسی ئایین (وەك ئایینێکی فەرمی) بە مانای هەڵوەشاندنەوەی ئایین نییە لە کۆمەڵگای مەدەنیدا.ئەو بۆ بەڵگە هێنانەوە بۆ ئەم بابەتە ئاماژە بە نموونەی وەك خاوانداریەتی و لە دایك بوون و پلە و پایە .....هتد دەکات.هەڵوەشاندنەوەی سیاسی بە مانای جیاکردنەوەی خاوەنداریەتی،لە دایك بوون،پلەو پایە پیشە وەك دەستکەوتەکانی کۆمەڵایەتی نییە لە کۆمەڵگادا.

((بۆ نموونە دەوڵەت بە ناوی دەوڵەتەوە خاوەنداریەتی تایبەتی هەڵدەوەشێنێتەوە.مرۆڤیش بە شێوەیەکی سیاسی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خاوەنداریەتی تایبەتی دەردەکات.کە یەکسەر مافی خاوەنداربوون بۆ هەڵبژاردنەکان،واتە مافی هەڵبژاردنت و هەڵبژێردرانت،بە هەمان شێوە کە لە ویلایەتەکانی ئەمریکای باکوور دا ڕوویداوە لە ناو دەچێت.هامیلتۆن ئەم ڕاستییە بە شێوەیەکی ڕوون لە تێڕوانینێکی سیاسییەوە بەم شێوەیە شی دەکاتەوە: چین وتوێژەکانی خەڵکی توانیویانە بە سەر خاوەندارە تایبەتییەکان و سامانی دارایی دا سەرکەوتن بە دەست بێنن.(هامیلتۆن،مرۆڤەکان و داب ونەریتەکانیان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای باکوور).ئایا کاتێك کە کەسانێك خۆیان هیچ خاوەنداریەتییەکی تایبەتیان نییە و هەڵدەسن بە دانانی



یاسا بۆ خاوەندارەکان ئەوا ئیتر خاوەنداریەتی تایبەتی بە مانا ئایدیالییەکەی هەڵناوەشێتەوە؟مەرج دانان بۆخاوەنداریەتی،دوایین شێوازی سیاسییە بۆ بە فەرمی دانانی خاوەنداریەتی تایبەتی.بەم شێوەیە هەڵوەشاندنەوەی سیاسی خاوەنداریەتی،نەك خاوەنداریەتی تایبەتی لەناو نابات بەڵکو بە پێچەوانەوە تەنانەت ئەمە بە پێش مەرجێك دادەنێ.کاتێك کە دەوڵەت ڕادیدەگەیەنێت کە لە دایك بوون،پلەوپایە ،خوێندن و پیشە ئەمانە هەمووی جیاکردنەوەیەکی ناسیاسین و کاتێك ڕایدەگەیەنێ کە هەریەك لە تاکەکانی خەڵك بە بێ ڕەچاوکردنی ئەم جیاوازییانە هاوبەشن لە دەسەڵاتداریەتی گەل دا،کاتێکیش کە تەواوی هەوێنە پێکهێنەرەکانی ژیانی ڕاستەقینەی خەڵك لە ڕوانگەی دەوڵەتەوە سەیر دەکرێت،لە ڕاستیدا ئەم جۆرە جیاکردنەوانە بە پێی لە دایك بوون،پلەوپایە ،خوێندن هەمووی بە شێوازی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە.لێرەدا ئیتر دەوڵەت هەل بۆ خاوەنداریەتی تایبەتی،پلەوپایە ،خوێندن و پیشە دەڕەخسێنێ بکەونە گەڕ و ماهییەتی تایبەتی خۆیان بە پێی سروشتی تایبەتی خۆیان بسەلێنن واتە بە ناوی خاوەنداریەتی تایبەتی بە ناوی پلەوپایە و بە ناوی خوێندن و پیشە.))

**- ڕزگاربوونی سیاسی،هەنگاوێکە بۆ پێشەوە.......بەڵام......**

خاڵێکی تر کە مارکس لە تێزەکەی خۆیدا بە ڕاشکاوی باسی دەکات ئەمەیە کە کە جیاکردنەوەی دەوڵەت و ئایین و پێکهێنانی دەوڵەتی لائیك هەنگاوێکی گەورەیە بۆ پێشەوە و هەروەها بۆ ڕێکخستنی ئاسایشی ئێستای جیهان.

((ڕزگاری سیاسی بە دڵنیاییەوە پێشکەوتنێکی گەورەیە.لە ڕاستیدا ئەم ڕزگارییە دوایین شێوازی ڕزگاری مرۆڤایەتی نییە بەڵام دوایین شێوازی ڕزگاری مرۆڤە لە ئاسایشی ئەمڕۆی جیهان دا.پێویست ناکات ئێمە لێرە باس لە ڕزگاری ڕاستەقینە لە ڕزگاری کردەیی بکەین.مرۆڤ بە شێوازێکی سیاسی خۆی

له ڕێگای کردنه دەرەوەی ئایین له مەڵبەند و مافی گشتی دا بۆ مەڵبەندی تایبەتی له ئایین ڕزگار دەکات.))

**ـــ دەوڵەتی مەسیحی بێ خەوش،دەوڵەتی بێ خودا ،دەوڵەتێکی دیموکراتییە**

دوایین خاڵ و سەرنج ڕاکێشترین باس لە تێزەکەی مارکس دا کە سەرنجی ئێمە بەرۆ لای خۆی ڕادەکێشێ ئەمەیە کە بە ڕای ئەو دەوڵەتی ((مەسیحی)) لە ڕاستیدا دەوڵەتێکی لاییکە چونکە بە فەرمی دان بە هیچ ئایینێک دا نانێت،دەوڵەتێکە کە لە ((شێوازە لاییک و مرۆڤانەکەی دا دەرخەری بنەمایەکی مرۆییە کە مەسیحییەت زێدەڕۆیی ترین دەربڕینیانە)) ،نەک دەوڵەتێکی ئایین سالارکە ئایینی کردوەتە بنەماو پێوەری ئیشەکانی خۆیەوە.

((لە ڕاستیدا دەوڵەتی بێ خەوشی مەسیحی،دەوڵەتێکی بە ناو مەسیحی نییە کە مەسیحییەت وەک بنەمای خۆی و هەروەها وەک ئایینی دەوڵەت بزانێت و لە بەر ئەمەش ئایینەکانی تر لە خۆی جیا بکاتەوە.دەوڵەتی بێ خەوشی مەسیحی،دەوڵەتێکی بێ خودا و دەوڵەتێکی دیموکراتییە ،دەوڵەتێکە کە ئایین دەگوازێتەوە بۆ ناو ئاستەکانی تری کۆمەڵگای مەدەنی.دەوڵەتێکە کە هێشتا خودا دەناسێ،هێشتا بە شێوەیەکی فەرمی دان بە ئایینی مەسیحی دا دەنێت،دەوڵەتێکە هێشتا بوێری ئەوەی نییە خۆی وەک دەوڵەتێک ڕابگەیەنێ هێشتا بەختەوەر نەبووە بەوەی کە خۆی وەک لاییک و مرۆیی و لە ڕاستیدا وەک دەوڵەت دەرخەری بنەمایەکی مرۆیانە بێت کە مەسیحییەت زێدەڕۆیانەترین دەربڕینیانە.سادەتر ئەمە بڵێین کە دەوڵەت بە مانا مەسیحییەکەی،دەوڵەت نییە (نا دەوڵەتە[1] ).

دەوڵەت بە مانا مەسیحییەکەی ڕەتکەرەوەی مەسیحییانەی دەوڵەتە ،بەڵام بە دڵنیاییەوە وەک دەستەبەر بوونی سیاسی مەسیحییەت هەژمار ناکرێت.دەوڵەتێک کە بە شێوەیەکی ئایینی دان بە مەسیحییەت دا دەنێت



دەوڵەتێکە کە هێشتا بڕوای بە شێوازێکی سیاسی بۆ ئەو نییە.چونکە هێشتا وەک ئایینێک ڕەفتاری لە گەڵ دا دەکات.دەوڵەتێکە ئاوەها هێشتا بە دیهێنەری ڕاستەقینەی بنەما مرۆییەکانی ئایین نییە.

چونکە هێشتا بەردەوامە لە سەر قبوولکردنی شێوازی ناڕاستەقینە و خەیاڵی ئەم کرۆکە مرۆییە.دەوڵەت بە مانا مەسیحییەکەی دەوڵەتێکی ناتەواوە و مەسیحییەت بۆ پڕکردنەوەی و پیرۆزی بەخشین بەم ناتەواوییە خۆی دەنوێنێ.لەبەر ئەوە بە ناچار ئایین دەگۆڕێت بۆ ئامرازێک بە دەست دەوڵەتەوە.

دەوڵەت بە مانا مەسیحییەکەی دەوڵەتێکی تەڵەکەبازە.....دەوڵەت بە مانا مەسیحییەکەی بۆ تەواوکردنی خۆی وەک دەوڵەتێک،پێویستی بە ئایینی مەسیحە.دەوڵەتی دیموکراتی،دەوڵەتی ڕاستەقینە،بۆ کامڵ کردنی سیاسی خۆی پێویستی بە ئایین نییە.بە پێچەوانەوە دەتوانێ ئایین لە خۆی جیابکاتەوە،چونکە بنەمای مرۆیی ئایین لەوێدا بە شێوەی دونیایی دەردەکەوێت.)) (لە هەموو جێگاکان ڕوونکردنەوەکان لە لایەن مارکس خۆیەوە بوو).

1.Nichsstaat

سەرچاوەکانی بەشی سێیەم:

**HOBBES Thomas**
-Léviathan,truit par Gérard Mairet,Ed. Gallimard
-De Cive,trauit par Simone Goyard-Fabre, Ed. Flammarion
**LockE John**
-Lettre sur la tolérance trauit par Jean-Fabien Spitz, Ed. flammarion
-Essai sur la tolérance, idem
-Sur la différence entre pouvoir ecclésiastique et pouvoir civil,idem

**SPINOZA Baruche**
-Traité théologico-politique, trauit par Charles Appuhn, Ed. Flammarion
-Traité de l autorité politique, trauti par Madeleine Francés, Ed. Gallimard

**ROUSSEAU Jean-Jacques**
-Du contrat social, Introduction par Bruno Bernardi, Ed. flammarion
-Emile ou I Education, idem
-premiére Iettre écrite de la montagne, idem

**KANT EMManue**
-Qu est-ce que les lumiéres (Aufklärung)?, Ed. flemmarion
-La religion dans les limites de la simple raison, Ed. J. Vrin



**HEGEL Georg Wilhelm friedrich**
- La positivité de la religion chrétienne, Sous la direction de Guy panty-Bonjour, Ed.PUF
-L esprit du Christienisme et son destin, Traduit par franck fischbach, Ed.Agore
- Principes de la philosophie du droit, Trduit par J-L. Vieillard-Baron,Ed. Flmmarion
-Encyclopédie des sciences philosophiques,Traduit par B.Bourqeois,Ed.J. Vrin
-fragmente Über Volasreligion und Chistentum, cité danse Le projet hégélin
-La philosophie de lesprit (1850), cité danse Le projet hégélien.

**MARX Karl**
-Pour une critique de la philosophie du droit de Hegel,Introduction, Euvres III pléiade
- A propos de la question juive, Euvres III pléiade

**BAUER Bruno**
-La question juive, Ed. 10-18

ئەم سەرچاوانەش دیسان هەر لە ئەم بەشە بەکارهاتوون سەبارەت بە هیگڵ و مارکس:

La philosophie religeuse de kant, par Jean-Louis Bruch, Ed. Aubier (1968)
Le projet hégélien, par Guy planty-Bonjour, Ed. J, Vrin
Hegel et la Religion,par Guy planty-Bonjour, Ed. PUF,1982

سەبارەت بە لاییسیتە:

La laïcité,par Henri pena-Ruiz,2003, Ed. flammarion
Qu est-ce que La laïcité, par Henri Pena-Ruiz,2003,Ed. Gallimard
La laïcité,par Guy Haarscher,1996, Que sais-je



## بەشی چوارەم

## لاییسیتە لە فەرەنسا

### لە شۆڕشی ١٧٨٩ تا یاسای جیاکردنەوەی دەوڵەت و کەنیسەکان لە ١٩٠٥

### بە چەند سەرنجێك بۆ ڕووداوی چارشێوی ئیسلامی لە قوتابخانەکانی فەرەنسا

بابەتی ئەم باسەی ئێمە لەم بەشەدا خوێندنەوەی پرۆسەی لاییسیزاسیۆنە لە فەرەنسا کە بە هەڵبەزوو دابەزێکی زۆرەوە لە ماوەی سێ قۆناغی مێژوویی دا بە دی دێت.یاسای جیاکردنەوەی دەوڵەت و کەنیسەکان،لە سەدەی بیستەم دا لە ئەنجامی ئەو ناکۆکیانەوەیە کە لە گەڵ شۆڕشی گەورەی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩ دا دەستپێدەکات.بەلاّم هاوکات لاییسیتە لەم ولاّتەدا ڕووبەڕووی کێشەی نوێ بووەتەوە کە کێشەی چارشێوی ئیسلامی لە قوتابخانە دەوڵەتییەکان بە یەکێك لەوانە هەژمار دەکرێت.لە کۆتایی ئەم باسە چەند سەرنجێکمان لەم بارەیەوە هەیە و هەروەها هەڵویستی خۆمانیش لە سەر ئەم بابەتە دەردەبڕین.دوای باسەکانی پێشوو لە سەر چەمکی لاییسیتە و دیاریکردنی ڕەگی واتایی ((لاییك)) و دوای خوێندنەوەی زەمینە مێژووییەکان و بنەما فەلسەفی ـ سیاسییەکانی لاییسیتە....ئێستا بە نیازین لەم بەشە و لە بەشی داهاتووشدا،بارودۆخی لاییسیتە لە ولاّتە جیاوازەکانی جیهان دا لە گۆشە نیگای ((جیابوونەوەی)) دەوڵەت و ئایین شی بکەینەوە.لەم بەشە ئێمە بە شێوەیەکی ئاشکرا ((نموونەی)) لاییکی فەرەنسا شی دەکەینەوە.دەڵێین ((نموونە)) چونکە لەم ولاّتەیە کە لاییسیتە بە هەمان شێوە کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد ،وەك ووشە دەخولقێنرێت و وەك ڕاستییەکیش،تا ڕادەیەك بە شێوەیەکی تەواو بەدی دێت چونکە بە هەمان شێوە کە ئاماژەی بۆ دەکەین فەرنسا تەنیا ولاّتێکی ئەوروپاییە کە

دەستوورەکەی باس لە ((کۆماری لاییك)) دەکات.بەلاّم لە فەرەنسا لاییسیتە بە شێوەیەکی ڕادیکالّ دروست دەبێت کە چەند هۆکارێکی جۆراوجۆر بوونەتە هۆی ئەم ڕاشکاوییە،کە تیایاندا چوار هۆکاریان چارەنووس ساز بووە.سەرەتا دەبێت باس لە دەسەلاّتی بەهێزی کەنیسە و کاربەدەست سالاری ئایینی کەنیسە بکەین،لە مێژووی فەرنسادا کە چنگی خستبووە ملی تەواوی بوارە سیاسی و کۆمەلاّیەتی و کولتووریەکانی ئەم ولاّتەوە.دەتوانین هۆکاری دووەم بە گۆڕانکاری لە سەرخۆی کاتۆلیسیسم بزانین بە بەراورد لە گەلّ پرۆتستانتیسم کە ڕیگای ((ڕیفۆرم)) و پیڕەوی نەکردنی لە دامەزراوەیەکی چەق بەستووی ئایینی گرتە بەر.کەنیسەی کاتۆلیك یا پاپایی،دامەزراوەیەکی چەق بەستوو و هیرارکییەتی و دەسەلاّتداری لە خۆ گرتبوو کە بە ناوی ڕزگاری مرۆڤ،بانگەشەی بۆ ڕێنوێنی مرۆڤەکان دەکرد لە سەر ڕووی زەویدا و فەرمانڕەوای ولاّت و دەولّەت بوو.هەر بۆیە بەرامبەر بە سێکولاریزاسیۆن یا ((بە دونیایی بوون)) ی پەیوەندییە کۆمەلاّیەتی و سیاسییەکان زۆر بە توندی بەرگری دەکرد.هۆکاری سێیەم بنەچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکییە درێژ خایەن و لەبن نەهاتووە مەزهەبییەکانی فەرەنسا (وەك کوشتنی سێ هەزار پرۆتستانت لە شەوی ۲۳ی ئابی ۱۵۱۲،کە بە کوشتاری سێن بارتێلمی[1] بە ناوبانگە و یان سەرکوتکردنی پرۆتستانتەکان لە سالّی ١٦٨٥دا کە بووە هۆی هەلّهاتنی دوو سەد هەزار کەس لەم کەمینە مەزهەبییە لە فەرەنسا دا).شەڕە مەزهەبییەکان داوای بە پێویستی جیاکردنەوەی دەولّەتیان لە کەنیسە دەکرد.

((ئاشتی ناوخۆ)) و ((یەکگرتنی نەتەوەیی)) و پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی ئایینەکان پەیوەست بوون بە چارەسەر کردنێکی دروستی پەیوەندییەکانی

1.Saint-Barthelemy



نێوان ئەم دوو دامەزراوەیە.سەرەنجام دەبێت باس لە شۆڕشی گەورەی فەرەنسا و بزووتنەوەی دژە کەنیسە سالاری لە سەدەی نۆزدەهەم دا بکەین لەم ولاّتەدا کە لە ڕادیکالّ بوونی خۆی دا سەبارەت بە پرۆسەی سێکولاریزاسیۆنی ولاّتە ئەوروپاییەکان بێ هاوتا بووە.لاییسیتە لە فەرەنسا دا لە گەلّ بەرز و نزمییەکی زۆردا لە ماوەی سێ قۆناغی مێژوویی جیاوازدا بە دی دێت:

قۆناغی یەکەم،لە شۆڕشی ۱۷۸۹دا تاوەکو ڕێکەوتنی ناپلیۆن لە گەلّ پاپا لە سالّی ۱۸۰۱دا.قۆناغێکە کە ڕەوتی جیابوونەوەی دەولّەت و کەنیسە بە شێوەیەکی پراکتیکی دەستپێدەکات.

قۆناغی دووەم،کە تیایدا لاییسیتە بە کەمووکوڕی و بە شێوەیەکی ناتەواو جێبەجێدەکرێت،لە بەستنی ڕیکەوتنامەکەی سەرەوە کە باسمان کرد دەستپێدەکات و تا سالّی ۱۸۷۱ واتە دامەزراندنی کۆماری سێیەمی فەرەنسا بەردەوام دەبێت.سەرەنجام لە دەیەی ۱۸۷۰ بە دواوەیە کە بزووتنەوەی چاکسازی لاییك تا ڕادەیەك دەگەیەتە ئەنجامێکی تەواو واتە پەسەند کردنی یاسای جیاکردنەوەی دەولّەت و کەنیسەکان لە سالّی ۱۹۰۵ دا.دوای ئەم مێژووە و لە ماوەی سەدەی بیستەم دا لاییسیتە وەك یەکێك لە بەرچاوترین بنەماکانی کۆماری فەرەنسا دەردەکەوێت.لە گەلّ ئەمانەدا و لە گەلّ هەبوونی دوو سەد سالّ لە تێکۆشان هاوکات لاییسیتە لە فەرەنسا ڕووبەڕووی کۆمەلّێك پرسیار و کێشە و بەرگری کردن لە خۆی بووەتەوە.بابەتی چارشێوی ئیسلامی لە قوتابخانەی لاییك و ئەو مشتومڕە سیاسی و کۆمەلاّیەتییانەی کە لە سەری دەکرێت بۆ ڕێگە پێدانی یا قەدەغە کردنی،بە یەکێك لەم کێشانە هەژمار دەکرێت.لە کۆتایی ئەم باسە و لە کاتی توێژینەوەو ڕەخنەگرتن لە سەر لێکدانەوە جیاوازەکان بۆ لاییسیتە لە فەرەنسا (لاییسیتە - جیابوونەوە،لاییسیتە بێ لایەنی و لاییسیتە ڕەوا پێدەر و کراوە) چەند سەرنجێك بۆ داکۆکیکردن لە لاییسیتە دەخەینە ڕوو.بەلاّم پێش ئەوەی کە

چاوێك بخشێنین بە قۆناغە جیاوازەکانی پێکهاتنی لاییسیتە لە فەرەنسادا پێویستە بە کورتی باسێکی پەیوەندی کلاسیکی نێوان دەوڵەت و کەنیسە لەم وڵاتەدا تا پێش شۆڕشی ١٧٨٩ دا بکەین.ئەم دوو دامەزراوەی سەرەوە لە ماوەی مێژووی فەرەنسادا پەیوەندییەکی ئۆرگانیك و کۆنیان پێکەوە هەبووە.کۆمەڵێك نەریت پەیوەندی نێوان ئەم دوانەیان ڕێکخستووە و دیاری کردووە کە بە ناوی نەریتی گالیکەنی[1] بەناوبانگە.لۆیی چواردەهەم (سەدەی حەڤدەیەم) ڕێساکانی ئەم ڕێبازە دادەڕێژێ و ناپلیۆنی یەکەم (سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم) بە ئیلهام وەرگرتن لەمە ڕێکەوتننامەی بەناوبانگی Concordat یان (ڕێکەوتننامەی نێوان دەوڵەت و ڤاتیکان) لە گەڵ پاپا دا واژوو دەکات.

گالیکانیسم لە فەرەنسا لە سەردوو بنەمای سەرەکی و پەیوەست بە یەکەوە ڕەگی داکوتابوو:

١.((سەقامگیربوونی)) کەنیسە لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی دا.دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە لە فەرەنسا تا نیمەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم کەنیسەی کاتۆلیك دەسەڵات و هێزێکی بەرچاوی هەبوو.کاردینالەکان بۆ هەمیشە سیناتۆر بوون و لە ئەنجوومەنی سەنا(هەڵبەت بە تەنیا لەم ئەنجوومەنەدا) مافی ڤیتۆیان هەبوو.واتە ئەگەر هەر نووسراوێکیان بە جیاواز و دژە ئایین هەست پێبکردایەت دەیانتوانی ڕەتی بکەنەوە.کەنیسە دەسەڵاتی هەبوو بە سەر کاروباری کۆمەڵایەتی دا واتە ڕەگەزنامە،هاوسەرگیری،پەروەردە و فێرکردن (قوتابخانەکان)،تەندروستی(نەخۆشخانەکان) و دامەزراوە خێرخوازییەکان و....هتد.نوێنەرێك لە کاربەدەستانی ئایینی[1] ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای سیستمی خوێندن بوو.

1.Tradition Gallicanne



٢.دەستێوەردانی فەرمان پێدەرانەی دەوڵەت لە کاروباری ئاییندا،لە ڕاستیدا (مافی پاشا) بەرامبەر بەو دەستکەوتانەی کە درا بوو بە دامەزراوەی ئایین، هەژمار دەکرا.لە فەرەنسادا دامەزراوەیەك بە ناوی وەزارەتی ئایینەوە بوونی هەبوو.وەزیرە ئایینی یەکان[2] دەسەڵاتیان هەبوو و دەوڵەتیش لە بوارە جیاوازەکانی وەك کاروباری دارایی (مووچە دان بە کارمەندان و پلە و پایەدارەکانی کەنیسە) و ڕێکخستن (دیاریکردنی ئەسقەفەکان) کەنیسەی ملکەچ و پەیوەست بە خۆیەوە کردبوو.بەم شێوەیە لە فەرەنسا پێش لە شۆڕش،لە لایەکەوە ڕووبەڕووی کەنیسەیەکی کاتۆلیکی نەتەوەیی (((بە فەرەنسی بووی)) ) تا ڕادەیەك سەربەخۆ لە ڤاتیکان دەبینەوە کە لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی دەوڵەت و وڵاتدا دەسەڵاتی هەیە لە لایەکی ترەوە ڕووبەڕووی دەوڵەتێك دەبینەوە کە لە ڕێگای پەیوەندییە قووڵەکانی لە گەڵ ئایین دا بە تایبەت لە بواری دارایی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و فەرمان پێدەرانە دەستێوەردان لە ئایین دا دەکات.

## ١.شۆڕشی ١٧٨٩:دەستپێکی پراکتیکی لاییسیتە

پرۆسەی لاییسیزاسیۆن لە فەرەنسا بە ڕاگەیاندنی ئازادی ویژدان لە بەیاننامەی مافی مرۆڤ و هاوولاتی دا لە ٢٦ ئابی ١٧٨٩ دا دەست پێدەکات.

لە ماددەی دەیەمی ئەم بەیاننامەیە ئەمە بەدی دەکەین:

((نابێت هیچ کەسێك لە بەر دەربڕینی بیروباوەڕێك تەنانەت مەزهەبیش،بە مەرجێك نەبێتە هۆی ئاژاوە نانەوە لەو ئاساییشە گشتییەی کە یاسا چاودێری دەکات،ئازار بدرێت.))

1.clerge 2.ministres de culte

گرنگی میژوویی ئەم ماددەیەی سەرەوە بە فەرمی دان پییادانانی ئازادی ویژدانە کە وەك یەکێك لە ئازادییە تاکەکەسییەکان دادەنرێت بەلاّم بەو مەرج دانانە بۆی کە نەبێتە هۆی ئاژاوە نانەوە لە ئاساییشی گشتی دا،لە ڕاستیدا بەیاننامەکە هەلی ((جیاکردنەوەی)) ناوەندی یاسایی تایبەتی یا کۆمەلگای مەدەنی لە لە ناوەندی گشتی یا دەولّەت،یا بە شێوەیەکی ڕوون تر هەلی ((جیاکردنەوەی)) کاروباری ئایین و ویژدان لە کاروباری دەولّەت دەرەخسێنێ.

بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوولاّتی دوو ناوەند لە یەکتر جیا دەکاتەوە:
لە لایەکەوە کۆمەلگای مەدەنی کە جێگای یا (فەزای) ئازادییە تاکەکەسییەکان و ئازادی بیروباوەڕ و ویژدان و تەنانەت ئازادی مەزهەبییشە"لە لایەکی ترەوە کەرتی گشتی یا دەولّەت کە بە جیابوونەوەی لە ناوەندی یەکەم،دەبێتە مسۆگەر کەر و پارێزگاریکەری ئەو ئازادییانە.پێش مەرجی سەرەکی ((جیابوونەوەی دەولّەت و ئایین)) بە هەمان شێوە کە دووپاتمان کردەوە،جیابوونەوەی دەولّەتە لە کۆمەلگای مەدەنی.ئەم جیابوونەوەی دووەمە لە سەرترە لە جیابوونەوەی یەکەم چونکە بە تایبەتمەندترین لایەنە بەرچاوەکانی مۆدێرنەی ڕۆژئاوا هەژمار دەکرێت و لە فەرەنسا لە گەلّ شۆڕشە گەورەکەیدا دەستپێدەکات.لە گەلّ ئەمانەشدا بەیاننامەکە سەبارەت بە ئازادییە تاکەکەسییەکان و بە شێوەیەکی ئاشکرا لە بواری لاییسیتە دا توانایییەکی سنووورداری هەیە.

چونکە تەنیا باس لە ئازادی ویژدان دەکات و ئازادی ئایین[1] لە ژێر ئەم ناونیشانە بە شێوەیەکی تەواو بە فەرمی دانانێت.بەلاّم دەستووری سالّی ١٧٩١ بە دابین کردنی ئازادییە مەزهەبییەکان ئەم کەموکورتییەی سەرەوە قەرەبوو دەکاتەوە.لەم یاسایەدا ((ئازادی هەر مرۆڤێك بەرامبەر بە ئەو



ئایینەی کە ملکەچیەتی)) دابین دەکرێت.ئەم ماددەیەی سەرەوە بە شێوەیەکی سەرەکی مەزهەبەکانی پرۆتستانت و یەهوودییەکان لە بەر چاو دەگرێت.

لە دەستوور و لە بڕیاری ئەنجوومەنی دامەزرێنەرەکان (١٢نیسانی ١٧٩٠) باس لە ((ئایینی سەقامگیر)) یان ((ئایینی فەرمی)) ناکرێت.بەم شێوەیە شۆڕش،ئازادی ئایین وەك یەکێك لە ئازادییە مرۆییەکان و هاوبەرامبەر لە گەلّ ئازادی ویژدان دا بە فەرمی ڕادەگەیەنێت و بە ڕەتکردنەوەی ((ئایینی فەرمی)) هیچ ئایینێك بە لەسەرتر دانانێت و دەستکەوت و مافێکی تایبەتیشی پێ نابەخشێت.لە لایەکی ترەوە هەر ئەم دەستوورە ڕایدەگەیەنێت کە ((هاوولاّتیان مافی هەلّبژاردنی وەزیرەکانی سەر بە ئایینی خۆیان هەیە.)) لە ئەنجامدا هەلّبژاردنی کارمەندانی کاروباری ئایین لە دەسەلاّتی دەولّەت و ڤاتیکان و یا ئەو ئەسقەفانەی کە لە کاتۆلیسیسم پێیان دەوترێ پاپا،دەچێتە دەرەوە.بەم شێوەیە هەنگاوێکی تر دەنرێت لە پێناو جیاکردنەوەی دەولّەت و ئایین لە گەلّ دەستێوەرنەدانی دەولّەت بۆ کاروباری مەزهەبی تاکەکان.بەلاّم لێرەدا هێشتا جیابوونەوەی دەولّەت و ئایین ناتەواوە.دەسەلاّتی تازە دامەزراو،هەم لە ئەنجوومەنی دامەزرێنەرەکان و هەم لە ئەو دەستوورەی کە لەمانەوە سەرچاوەی گرتووە،دەیەوێ کەنیسە بخاتە ژێر چاودێری و کۆنترۆلّی خۆیەوە.لەم ڕووەوە لاییسیزاسیۆن لە شۆڕشی فەرەنسادا جگە لە قۆناغێکی کورت،بە دی نایەت.ئەنجوومەنی دامەزرێنەرەکان بە دانانی ((یاسای مەدەنی کاربەدەستانی ئایینی)) لە ١٢ی کانوونی دووەمی ١٧٩٠ دا بەلّگەنامەیەکی نوێ بۆ کەنیسەی کاتۆلیك،بە پێی جاران واتە نەریتی گالیکانیسم دادەڕێژێت.

1.liberté de cultes

به پێی ئەمە کەنیسەی کاتۆلیکی فەرەنسا لە پەیوەندییەکانی لە گەڵ ڤاتیکان دا لە سەربەخۆییەکی ڕێژەیی بەهرەمەند دەبێت.چونکە دەکەوێتە ژێر چاودێری و ملکەچ بوونی دەوڵەتی نەتەوەییەوە.بەم شێوەیە دەوڵەتی شۆڕشگێڕ.

بە یاسا دانان سەبارەت بە کاروباری کەنیسە بە شێوەیەکی پراکتیکی یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی لاییسیتە واتە دەستێوەرنەدانی دەوڵەت لە کاروباری ئایین پێشێل دەکات.بە پێی یاسای مەدەنی کاربەدەستانی ئایینی،ڕێکخستنی دابەشکردنی کەنیسە بە پێی پۆلێنکردنە دەوڵەتییەکان (پارێزگاکان،کۆمەنەکان..) جێ بەجێدەکرێت.دانانی کاربەدەستانی کەنیسە لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە جێ بەجێدەکرێت.ئەسقەفەکان و قەشەکان مافی خۆیسان لە دەوڵەتەوە دەست دەکەوێت و دەبێت سوێند بە وەفاداربوونیان بۆ نەتەوەو و یاسای مەدەنی کاربەدەستانی ئایینی بخۆن.بەم شێوەیە ئەم یاسایە بە دروستکردنی ((کەنیسەیەکی نەتەوەیی)) تا ڕادەیەك سەربەخۆ لە ڤاتیکان و دەسەڵاتی پاپسا و بە گۆڕانی خاوەن پلەوپایەکانی کەنیسە و وەزیرە مەزهەبییەکان بۆ مووچەخۆری دەوڵەت،دامەزراوەیەکی ئایینی ملکەچ بووی دەوڵەت دروست دەکات.ئەم یاسایە لە هەمان کاتدا بە ڕزگارکردنی دەوڵەت لە ژێر چاودێری کردنی کەنیسە،هەلومەرج و زەمینەکانی سەربەخۆیی و جیابوونەوەی دەوڵەت لە ئایینیش دەستەبەر دەکات.

بەڵام بە هەمان شێوە کە باسکرا جیابوونەوەی دەوڵەت و کەنیسە لێرەدا ناتەواوە.چونکە زنجیرە پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوانە وەك لە ناوندەکانی سیاسی و دارایی و ڕێکخستن دا بە تەواوی ناپچڕێت.دەوڵەت هاوکات بۆ سەلماندن و فەرمان ڕوایی خۆی پێویستی بە ئایین هەیە.دەوڵەتی نوێی شۆڕشگێڕ لە سەربەخۆیی تەواوی کەنیسە دا دەترسێ چونکە هێشتا بە تەواوی پشت ئەستوور نییە بە خۆی.چونکە هێشتا بە مانای تەواوی ووشە



((دەوڵەت)) نییە.کەواتە دەبێت کەنیسە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.دەوڵەتی نوێ لە گەڵ ئەوەی کە بە فەرمی دان بە ئازادی ویژدان و ئایین دا دەنێت بەڵام بە تەواوی قبوولی ئازادییە مەزهەبییەکان ناکات و ئەنجوومەن و تاقمە مەزهەبییەکانیش قەدەغە دەکات و لە ناویان دەبات.(هەنگاوەکانی ئەنجوومەنی دامەزرێنەران لە ۱۲ی شوباتی ۱۷۹۰ دا).

لە ساڵی ۱۷۹۲ دا بە دەستپێکی سەردەمی تیرۆر،دەسەڵاتە پێکهاتووەکە لە کێنڤانیسیۆن کەوتە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کەنیسە ملهوڕەی کە لایەنگری لە مونارشی و سیستمی پێشوو دەکرد.لەم سەردەمەیە کە دەتوانرێ باس لە قۆناغێکی کورتی جیابوونەوەی دەوڵەت و ئایین لە فەرەنسا،ئەویش بە شێوەیەکی ڕێژەیی بکرێت.چونکە کۆنترۆڵکردنی کەرتە گشتی یەکانی کۆمەڵگا وەك ڕەگەزنامە،پەروەردە و فێرکردن و بنکە خێرخوازییەکان لە دەستی کەنیسە دەردەهێنێت و دەیگوازێتەوە بۆ دەوڵەت و شارەوانییەکان.بە بڕینی بووجەی کەنیسە و هەڵوەشاندنەوەی کارە دەوڵەتییەکان لە لایەن کارمەندان و وەزیرەکانی ئایین،دوایین پەیوەندییەکانی دەوڵەت لە گەڵ دامەزراوەی ئایینش دا دەپچڕێت.

کێنڤانیسیۆن لە ۱۸ ی ئەیلوولی ۱۷۹٤ دا ڕایدەگەیەنێت کە ((کۆماری فەرەنسا لەمە بەدواوە مووچەی و خەرجی کاروباری هیچ ئایینێك نادات.))هەروەها لە ۲۱ ی شوباتی ۱۷۹۰ دا ڕایدەگەیەنێت کە:((کۆماری فەرەنسا هیچ جێگایەك (مەبەست جێگا دەوڵەتییەکانە) ناخاتە خزمەتی کەنیسەوە و وەزیرە ئایینی یەکانیش بە فەرمی نازانێ.))

بەڵام لە گەڵ ئەمانەشدا لاییسیتە هێشتا ناتەواوە چونکە دەوڵەتی ژاکوبێن بە سەرکوتکردن و قەدەغەکردنی ئازادییەکانی ئایین بە ڕێگری لە چالاکییە مەزهەبییەکان و بە گرتن و دوورخستنەوەی قەشەکان و هەڵوەشاندنەوەی ڕۆژی

پشووی مەزهەبی (یەکشەممە)..زیاتر لە هەر شتێك دان بە نەتوانایی خۆی یان شکست هێنانی خۆی بۆ چارەسەر کردنێکی دیموکراتییانەی پەیوەندییەکانی لە گەڵ کەنیسە دا دەنێت.لە هەمان کاتیشدا مەبەستە دەسەلاتخوازییەکانی خۆی سەبارەت بە دامەزراوەی کەنیسە دەخاتە ڕوو.

**٢.لە ڕێکەوتننامەکەی ناپلیۆنەوە (١٨٠١) تا کۆماری سێیەم (١٨٧١)**

بە کۆدەتای پۆناپێرتی (٩ی تشرینی دووەمی ١٧٧٩) و گۆڕانی کۆماری بۆ دەسەلاتدارییەکی تاکەکەسی و ئیمپراتۆری (١٨٠٤) و بە دوای گەڕانەوەی پاشایەتی دەستووری (١٨١٥)،ئەو ڕیشالانەی کە لە ماوەی شۆڕشدا لە نێوان دەوڵەت و کەنیسەدا پچڕابوون دووبارە گرێ دەدرێنەوە و پتەو دەکرێن.

ڕێکەوتننامەی ١٨٠١ ی نێوان دەوڵەتی فەرەنسا و ڤاتیکان قەواڵە یا چارتی ١٨١٤ و قەواڵەی ١٨٣٠ و سەرەنجام دەستووری ١٨٤٨ چەند قۆناغێکی جیاوازی مێژوویی پێك دەهێنن کە تیایدا لاییسیتە لە فەرەنسا بە چوونە پێشەوەو گەڕانەوەکان،بەرە بەرە بەلاّم هاوکات بە شێوەیەکی سنووردار و ناتەواو بە دی دێت.

**ـ ڕێکەوتننامەی ١٨٠١ و یاسا مەدەنییەکانی ئیمپراتۆری یەکەم**

ڕێکەوتننامەی بە ناوبانگ بە Concordat،ڕیکەوتننامەیەکە کە ناپلیۆن پۆناپێرت لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٨٠١ دا لە گەڵ پاپا پەی حەوتەم دا واژووی دەکات.بە پێی ئەم ڕێکەوتننامەیە پەیوەندییەکی نوێ لە نێوان دەوڵەت و کەنیسەی کاتۆلیکی فەرەنسا دا دروست دەبێت.بە پێی ئەمە:

١.دەوڵەتی فەرەنسا کاتۆلیسیسم بە هۆی ((مەزهەبی زۆرینەی هاوولاتیانی فەرەنسا)) بە فەرمی دادەنات.(پێشەکی ڕیکەوتننامەکە).



٢.دەوڵەتی فەرەنسا ئەسقەفەکان دیاری دەکات، و پاپا ئەوان لە لایەن شەرعییەوە دیاری دەکات[1].(ماددەی ٤ و ٥).

٣.قەشەکان لە لایەن ئەسقەفەکانەوە ناو دەنرێن بەلاّم دەبێت لە لایەن دەوڵەتەوە ڕزامەندییان لە سەر درابێت.(ماددەی ٦و٧).

٤.پاپا گواستنەوەی دارابیەکانی کەنیسە بۆ دەوڵەت بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە قبووڵ دەکات،بەلاّم لە باتی ئەمە دەبێت دەوڵەت مووچەی ئەسقەف و قەشەکان بدات.(ماددەی ١٣و١٤).

بەم شێوەیە ڕیکەوتننامەکەی سەرەوە دان بە پێگە گرنگەکەی کەنیسە دا دەنێت.دەوڵەتی فەرەنسا بە مووچە پێدانی کاربەدەستانی کەنیسە و بە دانانی ئەسقەفەکان و قبوولکردنی قەشەکان دەست دەخاتە کاروباری کەنیسەوە و ئەم دامەزراوەیە لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدا دەهێڵێتەوە. دوای قۆناغێکی کورتی جیابوونەوەی دەوڵەت و ئایین لە دوای شۆڕشدا ئیمپراتۆرییەتی دووبارە پەیوەندی نێوان کەنیسە و دەوڵەت دروست دەکاتەوەو و بەم شێوەیە نەریتی گالیکۆنی کە لە سەر بنەمای ((کەنیسەی نەتەوەیی فەرەنسا)) بە سەر لە نوێ زیندوو دەکاتەوە.ناپلیۆن جگە لە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی لە گەڵ کەنیسەی کاتۆلیك،لە نیسانی ١٨٠٢ دا سەر قاڵی دیاریکردنی پەیوەندی دەوڵەت لە گەڵ هەر دوو کەنیسەی پرۆتستانت ـ کالڤینیست و لۆتەری ـ دا دەبێت.

ـ 1.institution – canonique

ئەمانە بە بەراورد لە گەڵ کاتۆلیسیسم بە پێی سیستمی دەوڵەت گوشارێکی زیاتریان لە سەر دەبێت.بەم واتەیە کە دەوڵەتی ناپلیۆنی کردار و بڕیارو وتەنانەت لە پەیوەندی لە گەڵ خوێندن و ڕێکخستنە ناوکییەکانیشیان،چاودێری و کۆنترۆڵێکی زیاتری دەخاتە سەر.بە دوای ئەم مێژووەدا چەند ماددەیەکی ڕێکخستنەوە[1] بۆ ڕیکەوتننامە ناوبراوەکە زیاد دەکرێت.

بە پێی ئەم ماددە هاوپێچ کراوانە،بوونی ڕێباز و ئایینە جۆربەجۆرەکان لە فەرەنسا ،لەوانە ئایینی یەهوود لە ١٧ی ئازاری ١٨٠٨ دا بە فەرمی ڕادەگەینرێت.دەوڵەت ڕێز لە ئەو ڕێسایانە دەگرێت کە یەهودیەکان خۆیان دایان ناوە.

یاسای مەدەنی ١٨٠٤ بانگەشەی ((مافی جیهانگر و نەگۆڕ واتە عەقڵی سروشتی)) دەکات و گرنگی بە ((مەزهەبێکی تایبەت)) نادات. یاسای سزادانی نوێ،لە مێژووی ١٨١٠ دا تەنیا هاوسەرگیری مەدەنی بە باوەڕپێکراو و فەرمی دەزانێ و هاوسەرگیری کەنیسەیی پێش لە مارە کردنی مەدەنی بە قەدەغە ڕادەگەیەنێت.

ڕەگەزنامە لە ژێر ڕکێفی شارەوانییەکاندا دەمێنێتەوە و مافی جیابوونەوە (تەلاق) لە یاسای مەدەنی ١٨٠٤ دا دووپات دەکرێتەوە.دەوڵەتی ئیمپراتۆری سیستمی خوێندن دەخاتە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆیەوە و زانکۆیەکی جیا دروست دەکات.خوێندنی ناوەندی و باڵاش دەداتە دەست پێرسۆنێلی لاییکەوە.بەڵام خوێندنی سەرەتایی لە بەر کەمی مامۆستای لاییك و بۆ ڕیککەوتن لە گەل کەنیسە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ناوەندی دەسەڵاتی کەنیسە و تاقمی مەزهەبی دا دەهێڵێتەوە.

1.orgnique



لە قوتابخانە سەرەتاییەکان خوێندنی ئایینی مەسیحی لە گەڵ پیاهەڵدانی ئیمپراتۆری و پیڕەوی لە ئیمپراتۆری دا دەخوێنرا.لە گەڵ ئەمانەدا دەبێت دووپاتی بکەینەوە کە لەم قۆناغەدا لە گەڵ چاکسازی لاییك لە یاسای مەدەنیدا ،لە یاسای سزادان و سیستمی خوێندن دا لاییسیتە بە شێوەیەکی سنووردار و ناتەواو جێ بەجێدەکرێت.هەڵبەت کە دەوڵەت بە سەربەخۆیی بەرامبەر بە دامەزراوەی کەنیسە ڕەفتار دەکات و لەبەر ئەمە دەکرێ ئەو بە لاییك بزانرێت.بەڵام هێشتا لاییسیتە ناتەواوە چونکە چەند خاڵێکی زۆر دەوڵەت بە کەنیسەوە دەبەستێتەوە چونکە هێشتا دەوڵەت کەنیسەی لە ژێر کۆنترۆڵ دایە.دەوڵەت بە تەواوی مانا لاییك نییە چونکە کاتۆلیسیسم وەك مەزهەبی زۆرینەی کۆمەڵگا بە فەرمی دەزانێ و لە گەڵ کەنیسە و ڤاتیکان دا ((گرێبەست)) دەبەستێت.دەوڵەت بە تەواوی مانا لاییك نییە چونکە دەست دەخاتە ئۆرگانیزەکردنی دامەزراوەی ئایین و کەنیسەکانیش لە ڕووی ئابوورییەوە بە خۆیەوە پەیوەست دەکات.

- قەواڵەی ١٨١٤ و گەڕانەوەی پاشایەتی

دانانی قەواڵە یا چارتی ١٨١٤ هاوکاتە لە گەڵ گەڕانەوەی سیستمی پێشور[1] و سەقامگیربوونی دووبارەی بنەماڵەی پاشایەتی بۆربۆنەکان لە فەرەنسادا.

ـ کاتۆلیسیسم دەبێتە ((ئایینی دەوڵەت)).(ماددەی ٦).

ـ یەکسانی ئایینەکان بە فەرمی دانی پێدا دەنرێت: ((هەرکەسێك دەتوانێ بە ئازادانە و بە بێ جیاوازی دانان بانگەشە بۆ ئایینەکەی خۆی بکات و لە جێبەجێکردنی ئایینەکەی خۆیدا لە لایەنگری کردنی یەکسانییەوە بەهرەمەند بێت.(ماددەی ٥).

1.Restauration

به گەڕانەوەی ڕژێمی پاشایەتی ڕەها کە لە لایەن کەنیسەوە پشتگیری لێدەکرێت،بەرامبەر بە بێ ڕیزی نواندن بەرامبەر بە پیرۆزییە ئایینی یەکان سزای لە سێدارەدان جێ بەجێ دەکرێت.(یاسای ١٨٢٥).جیابوونەوە (تەلاق) بە قەدەغە ڕادەگەینرێت.ئەنجوومەنە مەزهەبییەکان ژیانی کۆمەلآیەتی دەخەنە ژێر کۆنترۆلی خۆیانەوە،زانکۆ لە چوارچێوەی دەسەلآتی دەولەت دا دەمێنێتەوە بەلآم سەرۆکێکی ئەسقەفی بۆ دادەنرێت.بەم شێوەیە دەولەت دووبارە بە قبوولکردنی ((ئایینی فەرمی)) خەسلەتی لاییکی یا نائایینی خۆی لە دەست دەدات.لە بێ لایەن بوون بەرامبەر بە ئایینەکان دەچێتە دەرەوە و مەزهەبێکی تایبەت (مەبەست کاتۆلیسیسم) لە مەزهەبەکانی تر جیادەکاتەوەو دەستکەوت و مافێکی سیاسی و کۆمەلآیەتی زیاتری پێ دەبەخشێت.

دەولەتێکی وا هێشتا مۆدێرن نییە،هێشتا بە تەواوی سەربەخۆ و پشت ئەستوور بە خۆی نییە.چونکە هێشتا بۆ دەستکەوتنی ڕەوابوونی خۆی پێویستی بە هێزێکی بالآ و لە دەرەوەی خۆیدا هەیە،پێویستی بە بڕواپێکراوی و دەسەلآتی کەنیسە و ئایین هەیە و لە ئەنجام دا دەبێت پالْ بدات بە کەنیسەو ئایینەوە.

**- قەوالەی ١٨٣٠ و بزووتنەوەکانی دژ بە کاربەدەست سالاری ئایینی**

ئەم قەوالە بەرهەمی شۆڕشی ١٨٣٠ و ڕووخانی ڕژێمی بۆربۆنەکانە لە فەرەنسا.لەم قەوالەیە دا:

ـ ئازادی ڕێبازەکان و یەکسانی ئایینەکان (وەك لە بواری یارمەتی دارایی دەولەت بۆ کەنیسەکانی کاتۆلیك و پرۆتستانت) مسۆگەر دەکرێت.

ـ کاتۆلیسیسم نەك وەك ((ئایینی فەرمی)) بەلکو وەك ((مەزهەبی زۆرینەی فەرەنسییەکان)) بە فەرمی دادەنرێت.(ماددەی ٤).



بەم شێوەیەوە لە لایەکەوە هەنگاوێك بۆ یەکسانی ئایینەکان و بێ لایەنی دەولەت بەرامبەریان دەنرێت (ڕتکردنەوەی ئایینی فەرمی و هەلوەشاندنەوەی دەستکەوتە داراییەکانی کەنیسەی کاتۆلیك) و لە لایەکی ترەوە ((جیابوونەوە)) بە شێوەیەکی تەواو دەستەبەر نابێت چونکە دەولەت هێشتا وەك ((مەزهەبی زۆرینەی خەلکی فەرەنسا)) ماف دەبەخشێتە کاتۆلیسیسم.لەم سەردەمەیە کە بزووتنەوە سیاسی و کۆمەلآیەتییەکان دژ بە دەستکەوتە فراوانەکانی کەنیسە و بە شێوەیەکی گشتی دژ بە کاربەدەست سالاری ئایینی بەناوی تێکۆشان بۆ ئازادی و دادپەروەری سەر هەلْ ئەدەن.نموونەی ئەمانە خۆپیشاندانی توندووتیژی خەلکی پاریسە دژ بە کەنیسە و هەروەها هێرش کردنیانە بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەسقەفی گەورە و تالآن کردنی لە سالی ١٨٣١دایە.لەم سەردەمە بە یاسای گیزۆ[1] سەبارەت بە خوێندنی سەرەتایی (١٨٨٣) بە شێوەیەك ڕزگاربوونی ئەم قوتابخانەیە لە ژێر سەرپەرشتی کەنیسە دەستەبەر دەبێت.بە پێی ئەم یاسایە هەر کۆمۆنێك (کەرت یا پۆلێن کردنی بەڕێوەبەرایەتی لە فەرەنسا) دەبێت قوتابخانەی گشتی خۆی دابمەزرێنێت. مامۆستاکانی دەکەونە ژێر چاودێری ئەنجوومەنی شارەوە و مووچەکەیان بەشێکی لە لایەن کۆمۆن و بەشێکی تری بە یارمەتی خێزانی قوتابییەکان دابین دەکرێت.

1.Guizot

ـ دەستووری ساڵی ١٨٤٨

بە شۆڕشی شوباتی ١٨٤٨ و بە ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لۆیی فیلیپ،کۆماری دووەمی فەرەنسا لە لایەن کۆماریخوازە پارێزکارە میانڕەوەکانەوە ڕادەگەیەنرێت.دەستووری ئەم سیستەمە نوێ یە کە بەرهەمی ئەم شۆڕشەیە هەنگاوێکی تر بۆ جیاکردنەوەی دەوڵەت و ئایین هەڵدەگرێت.بەم مانایە کە تیایدا ئاماژە بۆ ئایین ناکرێت نە بۆ ناوی ((ئایینی فەرمی)) و نە ناوێکی تری وەك ((مەزهەبی زۆرینەی خەڵکیش)).بەلاّم هاوکات دەوڵەت هەر بە مووچە پێدانی وەزیرە ئایینی یەکان پەیوەندی خۆی لە گەڵ کەنیسەدا دەپارێزێ.((وەزیرە ئایینی یەکان،چ ئەو ئایینانەی کە لە لایەن یاساوە دانی پێدا نراوە و چ ئەوانەی لە داهاتوودا دان پێدا دەنرێت،مافی وەرگرتنی مووچەیان لە لایەن دەوڵەتەوە هەیە.)) (ماددەی حەوتەم).لەم ماددەیەی سەرەوەدا جگە لە سێ مەزهەبی ناسراوی وەك کاتۆلیك و پرۆتستانت و یەهوود ئاماژە بۆ ئەو ئایینانەش دەکرێ کە لە داهاتوو دا دەکرێ لە لایەن دەوڵەتەوە دانیان پێدا بنرێت.لە نێوان ئەوانە دا ئیسلامە کە لە کاتی داگیرکردنی جەزایر لە ساڵی ١٨٣٠ دا لە لایەن ئیستعماری فەرەنسادا،وەك مەزهەبی دووەمی ئەم ولاّتە (لە لایەن چەندایەتییەوە) دەناسرێت.

لەگەڵ ئەمەشدا لەم سەردەمە ترس لە شەڕی کرێکاران،بۆرجوازی فەرەنسا بەرەو کۆنەپەرستی دەبات.ئەم چینە کە کەنیسە وەك سەنگەرێك دەزانێت بۆیە بەرامبەر بە شۆڕشە کۆمەلاّیەتییەکان پاڵی پێوە دەدات و سەبارەت بە خوێندنیش چەند دەستکەوتێك بۆ کاربەدەستە ئایینی یەکان دەستەبەر دەکات و لە بواری لاییسیتەش دەست دەکات بە پاشە کشێ کردن.



ئیمپراتۆرییەتی دووەم و بەردەوامی یەکگرتوویی نێوان دەوڵەت و کەنیسە

لە ساڵی ١٨٥٢ دا لۆیی پۆناپێرت ناسراو بە ناپلیۆنی سێیەم ئیمپراتۆریەتی دووەمی فەرەنسای دامەزراند.لە گەڵ هەبوونی ناکۆکیەکانی نێوان ئەو و پاپا دا،واتە ئەو پاپایەی کە کۆمەڵگای مۆدێرنی بە دوژمنی کەنیسە دەزانی"ئەم ڕژێمە نوێ یە یەکگرتنی مێژوویی نێوان دەوڵەت و کەنیسە دەپارێزێ.لەم قۆناغە دا هەم حکورمەت و هەم چینی دەسەلاّتدار و هەم ئۆپۆزسیۆنی کۆماری خواز و لیبراڵ،زۆربەیان خوازیاری پاراستنی ڕێکەوتننامەی Concordat و ئەو داواکارییانەن کە هەم بۆ کەنیسە چەند دەستکەوتێك بە فەرمی دادەنێ و هەم دەرفەت دەدات کە دەوڵەت دەستێوەردان لە کاروباری دامەزراوەی ئایین دا بکات.بەم شێوەیە وەك ئەنجامی ئەم بەشە دەبێت دووپاتی بکەینەوە لە ماوەی ئەم سەردەمانەدا واتە لە ڕێکەوتننامەکەی ناپلیۆن لە ساڵی ١٨٠١ دا تا کۆتایی ئیمپراتۆری دووەم و کۆمۆنی پاریس لە ساڵی ١٨٧١ دا و سەرەتای کۆماری سێیەم دا،لاییسیتە بە واتایەکی ڕاستەقینە بە دی نایەت.جیابوونەوەی دەوڵەت و ئایین لەم ولاّتە بە شێوەیەکی سەرەکی و دیاریکراو لە قۆناغی سێیەم دا واتە بە دەستپێکی شەڕە سیاسی و کۆمەلاّتییەکان و پەرەسەندنی کۆمەڵگا مەدەنییەکان دەستەبەر دەبێت.

٣.چاکسازییەکانی لاییك لە کۆماری سێیەم دا

لە کۆتایی دەیەی ١٨٦٠ دا چاکسازییەکانی لاییك لە فەرەنسا بە هەوڵی کەسانی چالاکی سیاسی و بەشێك لە نوێنەرە کۆماریخوازە ڕادیکاڵەکانی پەرلەمان دا لە چەند لایەنێکی بەرفراواندا دەست پێدەکات.ڕیفۆرمەکان لە سەر دوو هێڵ ئەنجام دەدران:لە لایەك جیاکردنەوەی دەوڵەت لە کەنیسە و لە

لایەکی ترەوە بە لاییك کردنی دامەزراوە گشتی یەکان و بە شێوەیەکی سەرەکی و بنەڕەتی دامەزراوەی پەروەردە و فێرکردن واتە قوتابخانەکان.ڕاستییەکەی ئەمەیە کە لە فەرەنسا تێکۆشان بۆ دروست بوونی ((قوتابخانەیەکی خۆڕایی و لاییك بۆ هەمووان)) وەك یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی کۆماریدا وەك خستنە گەڕی دینەمۆیەکی سەرەکی چاکسازی وایە.

بیست ساڵ پێش ئەوەی کە یاسای دەوڵەت و کەنیسە لە ساڵی ١٩٠٥ دا پەسەند بکرێت،لاییسیتە لە قوتابخانە فەرەنسییەکان بە دی دێت.

## ا:چاکسازی لە پێناو جیابوونەوەی دەوڵەت و کەنیسە

لە سێی کانوونی یەکەمی ١٨٦٧ دا جول سیمۆن[1] سیاسەتوان و وەزیری خوێندنی گشتی لە حکوومەتی بەرگری نەتەوەیی (لە کاتی شەڕی ئەڵمانیا و فەرەنسا) لە وتەکانی لە پەرلەماندا بۆ یەکەمین جار باس لە ((جیاکردنەوەی)) دەوڵەت و کەنیسەکان دەکات.لە ساڵی ١٨٦٩ دا لیۆن گامبێتا[2] ی کۆماریخواز و نوێنەری پەرلەمان و ئۆرگانیزە کەری بزووتنەوە بەرگرییەکان لە شارۆچکەکان لە ماوەی حکوومەتی بەرگری نەتەوەیی دا"لە بەرنامە کۆماریخوازەکەی خۆی خوازیاری ئەوە دەبێت کە ((بووجەی تایبەت بە ئایینەکان هەڵبوەشێتەوە و هەروەها جیابوونەوەی نێوان دەوڵەت و کەنیسەکانیش جێ بەجێبکرێت)).ئەو چەند ساڵ دوای ئەوە (١٨٧٧) لە وتارێکی گرنگی سەبارەت بە خواستی بۆ دروستکردنی قوتابخانەیەکی گشتی و لاییك،زۆر بوێرانە و پێش کۆماریخوازەکانی تر ڕایدەگەیەنێت کە: ((کلریکالیسم دوژمنی ئێمەیە!)).

1.Jules Simon 2.Léon Gambetta



لە ٢ی نیسانی ١٨٧١ دا کۆمۆنی پاریس بە ناوی ئازادی ویژدان بڕیاری جیاکردنەوەی دەوڵەت و کەنیسەکان و هەڵوەشاندنەوەی بووجەی ئایینەکان ڕادەگەیەنێت.لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٨٧١دا بۆ یەکەمین جار چەمکی ((لاییسیتە)) لە ڕۆژنامەیەك بە ناوی Patrè (نیشتمان) دەردەکەوێ.

لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی شاردا سەبارەت بە مەسەلەی خوێندن یەکێك لە ئەندامە سۆسیالیستەکانی ئەنجوومەنەکە باس لە پێویستی لاییك دەکات لە قوتابخانەکان و ئەو پەیامنێرەی کە لەوێدایە وتەکەی لە ڕۆژنامەکەی دا چاپ دەکات.لە ساڵی ١٨٨١ دا بەرنامەی پارتی کرێکارانی فەرەنسا لە سەر بڕیاری سەرۆکەکەیان،جولْ گێد[1] هەڵوەشاندنەوەی بووجەی ئایینەکان و دەست بە سەراگرتنی داراییەکانی تاقمە مەزهەبییەکان ڕادەگەیەنێت.لە دەیەی ١٨٨٠ دا چەند یاسایەکی جۆربەجۆر بۆ چاودێریکردنی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و کەنیسە و لە پێناو لاییسیزاسیۆن دادەڕێژرێت لەوانە:

١٢ی کانوونی دووەمی ١٨٨٠،هەڵوەشاندنەوەی پشووی زۆر ملێسی ڕۆژی یەکشەممە و پشووەکانی تری بۆنە مەزهەبییەکان.

١٤ی تشرینی دووەمی ١٨٨١،هەڵوەشاندنەوەی جیاکردنەوە مەزهەبییەکان لە ناو گۆڕستانەکاندا.

١٨٨٤،بە فەرمی دانانی مافی جیابوونەوە (تەلاق).

٢١ی نیسانی ١٨٨٧،کەمکردنەوەی بەرەبەرەی بووجەی تایبەتی دەوڵەت بۆ کەنیسەکان و مووچەی ئەسقەفەکان.هەر لەم ساڵەدا بەڕێخستنی تەرم، یان ئەو مەراسیمە بە مەدەنی (نامەزهەبی) بە ئازاد ڕادەگەیەنرێت.

1.Jules Guesde

سەبارەت بە پێرسۆنێل و کارمەندانی نەخۆشخانەکانیش چاکسازی لاییکی جێ بەجێدەکرێت.لە نێوان سالانی ١٨٨٥ تا ١٩٠٣ پێنج داوای یاسایی بۆ جیاکردنەوەی کەنیسەکان و دەولەت دەخرێنە ڕوو کە ناگەنە قۆناغی پەسەند کردنەوە.

**ب:چاکسازی لە پێناو قوتابخانەی لاییک**

لاییسیتە لە قوتابخانەی کۆماری (قوتابخانە دەولەتییەکان) لە سەر دوو بنەمای جیانەکەرەوە ڕەگ دادەکوتێ:

١.مامۆستایان و بە شێوەیەکی گشتی پێرسۆنێلی خوێندن دەبێت لاییک بن.(کاربەدەستی نائایینی یا ناکەنیسەیی بن).

٢.لە قوتابخانەدا وانەی ئایینی ناوترێتەوە و سیستمی خوێندن لە قوتابخانەی دەولەتی دا سەبارەت بە ئایین بێ لایەنە.

لە ٢٨ی نیسانی ١٨٨٢ دا قوتابخانەی سەرەتایی لە فەرەنسا بە ((لاییک)) ڕادەگەینرێت و خوێندنە ئایینی یەکان لە بەرنامەی خوێندن دا لادەبرێن و ئەوەش دیاری دەکرێت کە قوتابخانەکان لە هەفتەیەکدا یەك ڕۆژ(جگە لە یەکشەمە) پشووی هەیە تا((ئەو دایك وباوکانەی کە دەیانەوێت،بتوانن ئەو ڕۆژە پشووە تەرخان بکەن بۆ خوێندنی ئایینی بە منالەکانیان بەلام لە دەرەوەی سنووری قوتابخانەکاندا)).

لە ٣٠ ی تشرینی یەکەمی ١٨٨٦ دا بە پێی ماددەیەکی یاسایی ڕادەگەینرێ کە لە قوتابخانەکان ((کاروباری خوێندن بە تەواوی دەدرێتە دەست پێرسۆنێلی لاییکەوە)).خوێندنیش بەرامبەر بە ئایینەکان دەبێت پێگەیەکی بێ لایەن بۆ خۆی هەلبژێرێ.لەم مێژووە بە دواوە هەلگرتنی نیشانە مەزهەبییەکان وەك نیشانەی لە خاچ دانی عیسا لە سەر دیواری قوتابخانەکان دەستپێدەکات.



**٤.یاسای ١٩٠٥ یان یاسای جیاکردنەوەی دەولەت و کەنیسەکان**

لە ٩ ی کانوونی یەکەمی ١٩٠٥ دا یاسایەکی مێژوویی و چارەنووس ساز لە پەرلەمانی فەرەنسا پەسەند دەکرێت کە لە ڕاگەیاندنی کۆمیسیۆنی پەرلەمان دا وەك ((یاسای جیاکردنەوەی کەنیسە و دەولەت)) ناوی دەبەن.هەر لە باسەکانی خۆیانیشدا نوێنەرەکان (بە کۆ) ناوی کەنیسەکان دەهێنن.ئەم یاسایە بە شێوەیەکی سەرەکی دوو زنجیرە بنەما لە خۆ دەگرێ:ئازادییە مەزهەبییەکان لە لایەك و سەربەخۆیی دەولەت و دامەزراوە گشتی یەکان (دەولەتی) بەرامبەر بە کەنیسەکان لە لایەکی ترەوە.

**مسۆگەر کردن و دابین کردنی ئازادییە مەزهەبییەکان**

ماددەی ١: کۆماری فەرەنسا ئازادی ویژدان مسۆگەر دەکات.کۆماری فەرەنسا جێبەجێکردنی ئازادانەی کاروباری ئایینی مسۆگەر دەکات.

ماددەی چوارەم مانای ماددەی یەکەم ڕوون دەکاتەوە.مسۆگەر کردنی ئازادییە ئایینی یەکان تەنیا بە مانای ئازادی ویژدانی تاکەکەسییەوە نییە بەلکو ئازادی گشتیش لە خۆ دەگرێ.بەم شێوەیە دەرفەت دەدرێت بە کەنیسەکان کە بە پێی ڕێنماییە تایبەتییەکان بە خۆیان وەك هەر ئەنجوومەنێکی یاسایی ترخەریکی ئۆرگانیزە کردنی خۆیان بن.بە پێی ئەم ماددەیە شوێنە مەزهەبییەکان لە هەمان کاتدا بە مولکی دەولەت هەژمار دەکرێن بەلام ((بە شێوەیەکی خۆڕایی دەخرێتە خزمەتی ئەنجوومەنە ئایینی یەکانەوە)).

**جیابوونەوەی دەولەت و ئایین**

لێرەدا لە کۆی ماددە یاساییەکانی ١٩٠٥ دا سە بارەت بە مەسەلەی ((جیاکردنەوە))،ئاماژە بۆ سێ بنەمای گرنگ لێرەدا دەکەین:

((ماددەی ٢:کۆماری بە فەرمی دان بە هیچ مەزهەبێك دا نانێت مووچەیان نادتێ و هاوکاریشیان ناکات.لە ئەنجامدا لە سەرەتای کانوونی دووەمی ١٩٠٦ دا بە ڕاگەیاندنی فەرمی ئەم یاسایە تەواوی خەرجییە تایبەتییەکان بە کاروباری مەزهەبی لە بووجەی دەوڵەت و پارێزگاکان و کۆمۆنەکان لادەبرێن ....)).

هەر لەماوەی ئەم دەقە یاساییەدا دەردەکەوێت کە کەنیسەکان چی تر پەیوەندییان بە ناوەندی یاسایی گشتی یەوە[1] نەماوە و لە ئەنجامدا ناتوانن دەست بخەنە کاروباری دەوڵەتەوە.

((ماددەی ٢٦:پێکهێنانی کۆبوونەوەی سیاسی لە ئەو شوێنانەی کە بۆ جێبەجێکردنی کاروباری مەزهەبی دەستنیشانکراوە قەدەغەیە)).

((ماددەی ٢٨:لەمە بە دواوە دانانی هێما یا نیشانەی مەزهەبی لە سەر دیواری بینا دەوڵەتییەکان (گشتی یەکان[2]) یان هەر جێگایەکی گشتی تر،جگە لە شوێنە ئایینی یەکان و گۆڕستانەکان و مۆزە و پێشانگاکان قەدەغەیە)).

وەك ئەنجامی ئەمانەی کە باسکرا،فەلسەفەی یاسای ١٩٠٥ یان لە ڕاستیدا یاسای لاییسیتەی فەرەنسا،دەکرێ لە سێ خاڵدا کورت بکرێتەوە:

١.ئامانجی ڕێکخەرانی ئەم یاسایە سەقامگیربوونی ئاشتی مەزهەبییە لە ڕیگای مسۆگەر کردنی ئازادی کەنیسەکان لە لایەك و سەربەخۆیی دەوڵەت بەرامبەر بە ئایین لە لایەکی ترەوە.جان جوریس[3] ی نوێنەری سۆسیالیستی پەرلەمان و یەکێك لە بنیاتنەرەکانی ئەم یاسایە،وتی: ((ئەو یاسایەی کە پەرلەمان پەسەندی کردووە ئازادییە مەزهەبییەکان مسۆگەر دەکات...ئازادی ویژدان بە شێوەیەکی تەواو و ڕەها مسۆگەر دەکرێت.یاسای جیاکردنەوە،لەم شێوازەی ئێستایدا زۆر دادپەروەرانە و مێرخاسانەو گونجاوە.))

1.droit public 2.public 3.Jean Jaures



٢.یاسای ١٩٠٥ بە پێچەوانەی ڕیکەوتننامەی ١٨٠١،ڕێکەوتنی نێوان دەوڵەت و کەنیسە نییە.هەنگاوێکی یەك لایەنەیە لە لایەن دەوڵەتەوە کە بە بێ وت و وێژ لە گەڵ کەنیسە یا ڤاتیکان دا بڕیاری لە سەردراوە.لە ئەنجامدا هەم کەنیسەی کاتۆلیکی فەرەنسا و هەم پاپا زۆر بە توندی دژ بەم یاسایە دەوەستنەوە چونکە بە لای ئەوانەوە ((دژە ئایینە)).ئەمە خۆی پیشاندەری ئەوەیە کە لاییسیتە لە فەرەنسا بەرهەمی پەیمان یا ڕێکەوتننامەیەك لە گەڵ کەنیسە دا نییە بەڵکو بەرهەمی کردار و داهێنانی یەك لایەنەی دەوڵەتە لە جیاکردنەوەی خۆی لە دامەزراوەی ئایین دا.بەم شێوەیە یاسای ١٩٠٥ بە شێوەیەکی پراکتیکی ڕێکەوتننامەی ١٨٠١ تێك دەشکێنێت بە بێ ئەوەی کە بە ئاشکرا هەڵوەشاندنەوەشی ڕابگەیەنێت.

٣.گرنگی بەرچاوی یاسای ١٩٠٥ لەوەدایە کە دابڕانێکی دوو لایەنە دروست دەکات.دابڕان لە دوو نەریتی کۆن و سەرسەخت لە فەرەنسا دا.لە لایەك جیابوونەوە لە نەریتی ئایین سالاری یا کەنیسە سالاری لەم وڵاتەدا کە لە شێوازی دەستێوەردانی کەنیسە لە کاروباری گشتی و دەوڵەت دا ڕەنگی دەدایەوە.لە لایەکی ترەوە جیابوونەوە لە نەریتی دەستێوەردان خواز و مێژوویی دەوڵەت لە کاروباری کەنیسەکان و کۆنترۆڵکردنی ئەم دامەزراوەیە لە ڕێگا جیاوازەکانەوە.

## ٥.لاییسیتە لە دەستوورەکانی فەرەنسا

لاییسیتە بەهەمان شێوە کە لە سەرەتای ئەم باسەدا ئاماژەمان بۆی کرد یەکێك لە بەرچاوترین و بنەمادارترین پرۆسەی پێکهێنانی کۆماری فەرەنسایە و یاسای ١٩٠٥ سەبارەت بە جیاکردنەوەی دەوڵەت و کەنیسەکان بڕبڕەی یاسایی ئەم کۆمارییە پێك دەهێنێت.

دوای ئەم مێژووە جگە لە قۆناغە کورت خایەنەکەی حکومەتی ویشی(١٩٤٠ـ١٩٤٥) بە تایبەت لە یەك پرۆژە و دوو دەستوور دا ،هاوکات پێداگری دەکرێت لە سەر خەسڵەتی لاییك بوونی دەوڵەت و کەرتی گشتی.لە خستنە رووی دەستووری ١٩ی نیسانی ١٩٤٦ کە خرایە راپرسییەوەو و رەتکرایەوە ،ئەمە بە دی دەکرێت کە:

((ماددەی ١٣.ئازادی ویژدان و ئایینەکان لە رێگای بێ لایەنی دەوڵەت بەرامبەر بە هەمو بیروباوەڕە مەزهەبییەکان دابین دەکرێت)).ڕۆحی ئەم ماددەیە جیاوازییەکی بەرچاوی لە گەڵ یاسای ١٩٠٥ دا هەیە.لە ئەو یاسایە بە هەمان شێوە کە بینیمان کۆمار سەرەتا ئازادی ویژدان و ئایین دابین دەکات و دواتر بڕیار لە سەر دان پیادانەنانی هیچ مەزهەبێك دا بە فەرمی دەدات و هەروەها هیچ مووچەیەك بە هیچ کەنیسەیەك نادات.لەوێدا لە نێوان ئەم دوو بابەتە ((ئازادی)) لە لایەك و ((جیابوونەوە)) یا ((لاییسیتە)) لە لایەکی ترەوە هیچ پەیوەندییەك دروست نابێت.بەڵام لێرەدا ،بە دارشتنی دەستووری ١٩٤٦دا پەیوەندی نێوان ئەم دوانە دروست نابێت.چونکە دەڵێ کە ئەمە بێ لایەنی و لاییسیتەی دەوڵەتە کە دەبێتە دابین کەری ئازادی ویژدان و ئایینەکانەوە.لێرەدا لاییسیتە دەبێتە ئامرازێك بۆ خزمەتکردنی ئامانجێك کە ئەویش ئازادییە.لە دەستووری ٢٧ی تشرینی یەکەمی١٩٤٦ دا کە لە لایەن کۆماری چوارەمی فەرەنسا دادەڕێژرێت ،ئەمە دەخوێنینەوە:

((...گەلی فەرەنسا ئەم بنەما سیاسی و ئابووری کۆمەڵاتییانەی خوارەوە وەك بنەمایەك کە بە تایبەت لەم سەردەمەی ئێمەدا پێویستن،رادەگەیەنێت:

((....میللەت خۆی هەلی دەست گەیشتنی یەکسانی منالاَن و گەورەکان بۆ خوێندن و فێربوونی پیشەیی و کولتووری دابین دەکات.ئۆرگانیزە کردنی خوێندنی گشتی وخۆڕایی و لاییك لە تەواوی ئاستەکاندا ئەرکی دەوڵەتە...)).



لە بنەمای یەکەمی ئەم یاسایەدا ،لە سەر پێشنیاری دوو نوێنەری کۆمۆنیست و لە گەڵ دەنگی ئەندامانی کۆمۆنیست و دوو دەنگی سپی دا ،ئەمەشی بۆ زیاد دەکرێت کە ((فەرەنسا کۆمارێکی لاییکە)).(ئەم بڕگەیە لە یەکەم خستنەڕووی ئەم یاسایەدا بوونی نەبوو).سەرەنجام لە دەستووری کۆماری پێنجەم دا لە ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ دا ئەمە بە دی دەکەین کە:

ماددەی٢.فەرەنسا کۆمارێکی یەکگرتوو و لاییك و دیموکراتی و کۆمەڵایەتییە.کۆماری یەکسانی هەموو هاووڵاتیان بەرامبەر بە یاسا بە گوێ دان بۆ بنەچە و ڕەگەز و یا مەزهەبی ئەوان،دابین دەکات.کۆماری فەرەنسا ڕێز لە هەموو بیروباوەڕەکان دەگرێت)).

### ٦.چەند سەرنجێك سەبارەت بە چارشێوی ئیسلامی لە فەرەنسا

ئەم ڕووداوە لە پاییزی ١٩٨٩ دا دەست پێدەکات.سێ کچی موسوڵمان لە قوتابخانەیەك لە شاری Creil لە ناوچەی Oise (باکووری پاریس) بە چارشێوی ئیسلامییەوە دەچنە ناو پۆلی خوێندنەوە.نموونەی هاوشێوەی ئەمە لە قوتابخانەکانی تریش بەرچاو دەکەون. ئەم ڕووداوە بچووك و کەم وێنە و بە ڕواڵەت سادەیە لە هەلومەرجی تایبەتی فەرەنسادا ،چەند لایەنێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی گەورە لە خۆ دەگرێ و پەیوەندی بە ((مەسەلەی)) کۆمارییەوە پەیدا دەکات.

بەڵام چارشێوی ئیسلامی ئەم کچانە هاوڕێ یە لە گەڵ چەند بابەتێکی تری وەك خۆپارێزییان لە بەشداری کردن لە وانەی بایۆلۆجی و زانستی سروشتی و مۆسیقا و وەرزش و مەلەوانی دا (لە گەڵ قوتابیانی کوڕ).لە چەند حاڵەتێکدا ئەو قوتابییە کچانەی کە پێداگرییان دەکرد بۆ لانەبردنی چارشێوی ئیسلامی خۆیان، دوای تێپەڕینی چەند قۆناغێك، لە قوتابخانەی دەوڵەتدا دەردەکرێن.بەڵام بە گشتی ڕووداوەکە لە ڕێگای ناوبژیوانی و قسەکردن لە گەڵ

دایك و باوكی ئەو منالاْنە و بە ڕازی كردنی ئەو قوتابییانە بۆ لابردنی لەچكە ئیسلامییەكەی خۆیان لە قوتابخانە یا لە ناو پۆلدا،كۆتایی پێ دێت.لە گەڵ ئەمانەدا و لە گەڵ ئەوەی كە ئەم كچە بالاْ پۆشانە لە قوتابخانەكانی فەرەنسا بە بەراورد لە گەڵ قوتابییەكانی تردا ڕێژەیەكی زۆر كەمتر پێك دەهێنن بەلاْم بابەتی ناوبراو بە ((چارشێوی ئیسلامی)) لەم مێژووە بە دواوە وەك یەكێك لە بابەتە ناكۆك و مشتومڕدروستكەرەكانی ناو كۆمەڵگای فەرەنسای لێ دێت. میدیاكان و بلاْوكراوەكان،پێرسۆنێلی خوێندن و مامۆستایان،ڕۆشنبیران، ئەنجوومەنەكانی داكۆكی كردن لە لاییسیتە،ڕێكخراوەكانی ژنان، ڕێكخراوەكانی داكۆكی كردن لە ماڤی مرۆڤ،ئەنجوومەنەكانی داكۆكی كردن لە پەنابەران،دامەزراوە مەزهەبییەكان و ڕیكخراو و پارتە سیاسییەكان و دواتر دەسەلاْتی دادوەری،پەرلەمان و دەوڵەت.....هەموو ئەمانە گیرۆدەی ئەم بابەتە كۆمەلاْیەتییە ـــ ئایینی یە دەبن.سەرنجام لە ١٠ی شوباتی ٢٠٠٤ دا قەواڵەیەكی یاسایی لە لایەن دەوڵەتەوە سەبارەت بە قەدەغە كردنی هێما نواندنە مەزهەبییەكان لە قوتابخانەكانی دەوڵەتی فەرەنسا بە
ڕەزامەندی زۆرینەی خەڵكی فەرەنسا و بە كاریگەری دەنگی زۆرینەی چەپ ڕەو و ڕاست ڕەوەكان،لە لایەنگرانی حكوومەتەوە تا ئۆپۆزسیۆنی چەپ،لە لایەن هەر دوو پەرلەمانی نەتەوەیی و سەناوە،پەسەند دەكرێت.دادخوازی سەرەكی لە سەر ((چارشێوی ئیسلامی)) لە فەرەنسا،لە ڕاستیدا دادخوازییە بۆ داكۆكیكردن لە خەسڵەتی لاییكی دامەزراوە گشتی یەكان وەك قوتابخانەی دەوڵەتی.هەڵبەت لە گەڵ ئەم تایبەتمەندییەی كە ئەم گرفتە لە كۆمارێكدا ڕوودەدات كە پێكهاتەكەی لە ڕووی مێژووییەوە لە سەر بنەمای ((قوتابخانەی لاییك و خۆڕایی بۆ هەموان)) دروست بووە.هەر بەم بۆنەیەوە،یەكسانی یا نایەكسانی یاسای قەدەغەكردنی چارشێوی ئیسلامی لە قوتابخانە دەوڵەتییەكانی فەرەنسا لە گەڵ ڕێساكانی مافی مرۆڤ.



یەكێك لە بنەماكانی ((ئازادی دەربڕینی ئایینە ـ بە شێوەیەكی تاكەكەسانە یا پێكەوەیی،بە شێوەی تایبەتی یا گشتی)) یەكدەگرێتەوە. (ماددەی ١٨ ی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ).پێش ئەوەی كە هەڵوێستی خۆمان دەربڕین،شیكردنەوەی چەند خاڵێك بۆ ڕەتكردنەوەی هەندێك لێكدانەوەی هەڵە بۆ ئەم بابەتە بە پێویست دەزانین:
١.دەبێت سەرەتا ئەوە دووپات كەمەوە كە ئەم باسە لە سەر قەدەغە كردنی ((خۆ نواندنە بە ئایینەوە)) و بە شێوەیەكی گشتی هەر ئایینێك:لە ناو قوتابخانەكان واتە سەرەتاییەكان و دواناوەندییەكانی دەوڵەتی فەرەنسایە نەك لە شوێنێكی تردا.قوتابخانە تایبەتییەكان و دامەزراوەكانی ژێر دەستی بەڕیوەبەرایەتی دامەزراوە مەزهەبی و نا مەزهەبییەكان،ئەم یاسایە نایانگرێتەوە.بەم شێوەیە بابەتی ئەم یاسایە سنوورێكی دیاریكراو لە خۆ دەگرێ و نابێت ئەمە لە گەڵ بابەتی ئازادییە مەزهەبییەكان لە كۆمەڵگای مەدەنی دا كە دەوڵەتی لاییك پارێزەریەتی بە هەڵە تێكەڵ بكرێت.
٢.لاییسیتە لە قوتابخانەكان بە مانای بێ لایەنی پێرسۆنێلی خوێندنە (وەك مامۆستایان كە بە كارمەندانی دەوڵەت هەژمار دەكرێن) و بێ لایەنی ناوەڕۆكی وانەكانە سەبارەت بە ئایین یا ئایینە جیاوازەكان نەك بە مانای بێ لایەنی قوتابییان كە شتی وا نە دەكرێت و نە ڕەوایشە.
باس لە سەر ئەوە ناكرێ كە قوتابی هەموو بەیانییەك زوو دەبێت دەست لە بیروباوەڕی ئایینی خۆی هەڵگرێت و ئنجا بچێتە ناو قوتابخانەوە.باس لە سەر ئەوەیە كە فەزای گشتی پەروەردە و فێركردنی منالاْن و مێردمنالاْن،بێ لایەنی خۆی سەبارەت بە ئایین و ڕێبازە جیاوازەكان بپارێزێ تا قوتابخانە نەبێتە گۆڕەپانی بانگەشەكردن و نواندنی ئایینێك یا خوێندنێكی تایبەت و یا ببێتە گۆڕەپانی تاقمی مەزهەبی ـ عیسایی و موسایی و موحەممەدی و هتد.

٣. سەبارەت بە چارشێوی ئیسلامی کۆمەڵێك شتی تری وەك نایەکسانی نێوان ژن و مێرد ،نایەکسانی ڕەگەزەکان،بچووکردنەوەو هێنانە خوارەوەی ئاستی ژن و.....دەردەکەون.واتە ئەو ئاکامەی کە ڕێکخراوەکانی ژنان و ئەنجوومەنە فیمینیستییەکانی فەرەنسا زیاتر لە هەر هەموران دژ بە چارشێوی ئیسلامی لە قوتابخانەکان،یەکگرتوو دەکات.تێك شکانی سیاسەتی کەمەندکێش[1] کردن سەبارەت بە کۆچ بەران و فەرەنسییە بە ڕەچەڵەك بیانییەکان،کێشەی ((ژیانی پێکەوەیی)) لە ناوچە و گوشەوکەنارە هەژارنشینەکان و ((قەیران)) بە سەر دا هاتووەکان لە گەڵ ئەو ڕێژە زۆرەی دانیشتوانی بیانی دا،بابەتی قەیرانی شوناس لای گەنجانی خێزانە کۆچ بەرەکان،گەشەی ((نەتەوە گەرایی[2]))و بونیاد گەرایی ئایینی.....ولایەنەکانی تر"ئەمانە هەمووی لایەنە ئاڵۆز و ناخۆشەکانی ئەم بابەت پێك دەهێنن.هەڵبەت کە توێژینەوەو خوێندنەوەی ئەم بابەتانەی سەرەوە جێگایان لەم بابەتە کورتەی ئێمە دا نابێتەوە.بەلاّم خستنە ڕووی ئەمانە بە شێوەیەکی کورت لە بەر ئەوەیە کە ئاماژەمان بۆ خاڵێکی گرنگ کردبێت.

ئەوەی کە چارشێوی ئیسلامی لە قوتابخانەکان تەنیا پەیوەست نابێت بە دیاردەی لاییسیتەوە،بەڵکو لەمانەش زیاتر تێدەپەڕێت و پانتاییەك لە بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسی (مێژوویی) و ئابووری....تەنانەت دەروونی و وێناکردنی[3] فەرەنسییەکانیش لە خۆ دەگرێ.لە ئەنجامدا هەر توێژینەوەیەکی جیددی و گشتی دەبێت ڕەچاوی کۆی مەسەلە و پەیوەندییە بە یەکدا چووەکانی سەرەوە بکات.ئاڵۆزی بابەتەکەش هەر لەم ئاڵۆزی و تێکەلاّوییەی ئەم دیاردە جیاوازانەوە سەر هەڵ ئەدات.

1.intégration
2.communautarisme 3.Imaginaire



٤.نابێت ئەم یاسایەی کە باسمان کرد بە کاردانەوەیەکی دەسبەجێ و فەرمان دەرانە و یەك لایەنەی حکوومەتی ڕاست ڕەوەی ئێستای فەرەنسا هەژمار بکرێت.ئەم هەنگاوە یاساییە بەرهەمی پانزە ساڵ باس و ڕاوێژ و تێکۆشانە (لە ١٩٨٩ تاوەکو ئێستا) لە بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگای مەدەنی فەرەنسادا.

لێرەدا بە تایبەت مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکانی دەوڵەت،ڕێکخراوەکانی ژنان،ئەنجوومەنەکانی داکۆکیکردن لە لاییسیتە،ڕۆشنبیران،دامەزراوە مەزهەبییەکان وەك کەنیسەی کاتۆلیك و پرۆتستانت و مەرجەعی یەهوودی و موسڵمانان،.زۆرترین ڕۆڵیان بینیوەو خۆیان هەڵقورتاندووە.ئەنجوومەنی دەوڵەت،وەزارەتی خوێندن،کۆمیسیۆنی پەرلەمانی نەتەوەیی و گروپی کاری تایبەت و سەربەخۆ ناسراو بە کۆمیسیۆنی سێتازی[1] کە بە ناوی وەزیرێکی پێشووی فەرەنسایە"لە گەڵ بەشداری کردنی کەسانی بەرچاو و دیار و جیاوازی زانستی و کۆمەلاّیەتی و ڕۆشنبیری،ڕۆشنبیران و سیاسەتوانانی فەرەنسا،ئەمانە هەموویان بە چەندین مانگ لە سەر بابەتی چارشێوی ئیسلامی و بابەتی لاییسیتە لە قوتابخانەکان،

لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیان کردووە.سەرەنجام بە ڕەچاوکردنی داوای گشتی فەرەنسییەکان کە لە ڕێگای ڕاپرسی جیاوازەوە ئەنجام دەدرا،بە سەرنج دان بۆ پێشنیاری کۆمسیۆنی سێتازی و پەنابردن بۆ دیموکراتی پەرلەمان و دەنگی ڕەزامەندی زۆربەی نوێنەرەکانی پەرلەمان لە هەموو لایەنەکان،یاسای ناوبراو پەسەند دەکرێت.

1.Stasi

٥.یەکێك لە هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە کۆتایی پێهێنانی سیاسەتە جیاوازەکان بوو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە بۆ کچانی چارشێو لەبەر لە قوتابخانەکان.لە پەیوەندی لە گەڵ ناڕوونی ڕێساکان و بە هۆی تازە بوونی دیاردەکە، کاردانەوەی بەرپرسەکان جۆربەجۆر و دژبەیەکیش بوو.بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان خوازیاری دیاریکردنی ڕێسایەکی تایبەت و گشتی بوون کە جێبەجێکردنی بەسەر هەموو قوتابخانەکانی دەوڵەت دا بسەپێنرێت.ئەوان ناڕازی بوون لەم بابەتەی کە بڕیارێکی ئەنجوومەنی دەوڵەت بەرپرسیاریەتی بڕیاردان و هەڵوێست وەرگرتنی خستبووە ئەستۆی ئەوانەوە.بە تایبەت کە لەوانەیە بڕیاری ئەوان ئاکامێکی خراپی لێبکەوتایەتەوە:دەرکردنی هەتاهەتایی قوتابی چارشێو لەبەر لە قوتابخانە.

٦.سەبارەت بە ڕووداوی چارشێوی ئیسلامی،سێ ڕۆچوونی سەرەکی لە فەرەنسا سەریان هەڵدا:لایەنگرانی لاییسیتە ــ جیابوونەوە،لایەنگرانی لاییسیتە ــ بێ لایەنی،ئەوانەش کە لایەنگری لە لاییسیتەیەکی ڕەواپێدراو و کراوە دەکەن.

لاییسیتە ــ جیابوونەوە

هەڵوێستی یەکلایی و ڕاشکاوانەی داکۆکی کەرانی لاییسیتە لە قوتابخانەکان لە بەیاننامەیەکی بە ناوبانگدا بە واژووی چەند ڕۆشنبیرێکی فەرەنسا ڕادەگەیەنرێت.کە لە بەشێکی ئەمە بە دی دەکەین کە:

((چونکە قوتابخانە هەموو دوێنەرەکانی خەڵکن، قبووڵی هیچ نیشانەیەکی جیاکەرەوە ناکات کە هەر لە پێشدا[1] پەیوەست بوونی کەسەکان پیشان بدات.لە کۆمەڵگای ئێمەدا قوتابخانە تەنیا دامەزراوەیەکە کە تایبەتە بە هەموان.....لاییسیتە هەمیشە لە ناو گرفتدا ژیاوە.لاییسیتە لە ڕاستیدا هەر وەك قوتابخانەی گشتی (دەوڵەتی) و کۆماری و خودی ئازادی،هاوکات هەر لە شەڕ دا بووە و لە شەڕیشدا دەمێنێتەوە.

1.a priori



بنەمای کۆماری ئێمە لە سەر قوتابخانە ڕەگی داکوتاوە،هەر بۆیە لەناوچوونی قوتابخانە خێرایی دەبەخشێتە لە ناوچوونی کۆماری....)) (تشرینی دووەمی١٩٨٩،ئێلیزابێت بادانتێر،ڕێجیس دێبرە،ئێلیزابێت دوفوتنی،کاترین کینتزێلێر...). ئەم هەڵوێست وەرگرتنانەی سەرەوە لە ڕاستیدا دەکەوێتە چوارچێوەی

تێڕوانینێکی فراوان ترەوە کە ناوی لاییسیتە ــ جیابوونەوەیە.بە پێی ئەم تێڕوانینە،لاییسیتە بە مانای جیابوونەوەی تەواوی دەوڵەت و کەرتە گشتی یەکان یا دەوڵەتییەکانە لە ئایینەکان.لە لایەك دەوڵەت بە تەواوی لە دەسەڵاتی مەزهەبدا ئازادە و لە لایەکی ترەوە دامەزراوە مەزهەبییەکان ناکەونە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتەوە.ئەم ((جیابوونەوەیە)) بە پێچەوانەی ئەو وێنا هەڵەیەی کە دەکرێ،بەو مانایە نییە کە مەزهەب ببێتە ((ئەرکێکی تایبەتی)) یا تاکەکەسی ونابێت لە ناوەندی بابەتە گشتی یەکان (سیاسی و هتد) بیروڕای هەبێت و یا هەڵوێست وەربگرێت و چالاکی بکات،بەڵکو تەنیا بەم مانایەیە کە دەوڵەت و ئایین پێڕەوی لە یەکتر ناکەن"چالاکییە ئایینی یەکان لە کۆمەڵگادا جگە لە کەرتی تایبەتی (دەوڵەتی) کە خەسڵەتێکی گشتی هەیە و لە ئەنجامدا دەبێت سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت بە تەواوی ئازادە.

ــ لاییسیتە ــ بێ لایەنی

لایەنێکی تر ئەمەیە چونکە ئەو کەسانەی کە بڕیارەکانی کۆمیسیۆنی سێتازی ڕادەگەیەنن،خۆیان لە پێگەی لاییسیتە ــ بێ لایەنییەوە ڕووبەڕووی چارشێوی ئیسلامی بوونەتەوە،بۆیە لەوەی یەکەم دا کەمێك جیاوازە(لاییسیتە ــ جیابوونەوە).کەمێك لە پوختەی ئەم ڕاگەیاندانە دەخوێنینەوە:

((لە ناو ئەو کۆمەڵانەی کە سەرقاڵی خوێندنن،چارشێو لە زۆربەی کاتدا دەبێتە سەرچاوەی دژایەتی و دووبەرەکی و تەنانەت ئازاردانیش.زۆر کەس

خەسڵەتی ئاشکرای هێمای ئایینی بە پێچەوانەی پەیامی قوتابخانە دەزانن،واتە جێگایەك کە دەبێت فەزایەکی بێ لایەن و جێگایەك بێت بۆ هۆشیارییەکی ڕەخنەگرانە......کۆمیسیۆن ئێستا وا لێکی دەداتەوە کە ئەم بابەتە ئیترپەیوەندی بە ئازادی ویژدان نییە بەڵکو پەیوەندی بە ئاسایشی گشتییەوە هەیە.لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو دا هەلوومەرجەکان گۆڕاون،کێشە و ڕووبەڕووبوونەوەکان لە قوتابخانەکان دا لە سەر بابەتە ئایینی یەکاندا ئاسایی بوونەتەوە..)).(ئەم ڕوونکردنەوەیە لە لایەن منەوەیە).لە ئەنجامدا کۆمیسیۆن پێشنیاری داوایەکی یاسایی دەکات بە مەبەستی ((پاراستنی بێ لایەنی قوتابخانە دەوڵەتییەکان لە پەیوەندی لە گەڵ ئایینەکان)) و هەروەها بۆ ((سەقامگیرکردنی ئارامی لە قوتابخانەکان)) بە مەبەستی ((جێگای ئازادی و درەوشاوەیی بۆ هەمووان)).دەبینین کە لێرەدا ئەم بابەتە لە پێگەی بێ لایەنی دەوڵەت و ئاسایشی گشتی لە قوتابخانەکاندا،سەرنجی دەدرێتێ.بێ لایەنی بەم مانایەیە کە دەوڵەت ڕێگە بە مەزهەبێکی دیاریکراو نادات و دەستکەوتێکی تایبەتیش بۆ هیچ ئایینێك دیاری ناکات.بەلاّم لێرەدا بێ لایەنی بە شێوەیەکی یەك لایەنە لە لایەن دەوڵەتەوە کاری پێدەکرێت (نەك بە شێوەی دوو لایەنە،هەم لە لایەن دەوڵەت و هەم لە لایەن ئایینەکانەوە،بە هەمان شێوە کە لە لاییسیتە ــ جیابوونەوە دا بوونی هەیە).لە لایەکی ترەوە ئەم بێ لایەنییە دەتوانێت جگە لە ئایینەکان چەند بوارێکی تری وەك ڕێبازە فەلسەفی و ئایدۆلۆجی و .....هتد،بگرێتەوە.

ــ لاییسیتەی ڕەواپێدەر و کراوە

زۆرێك لە تیۆریسیەنە چالاکە کۆمەلاّیەتی و سیاسییەکانی فەرەنسا هەم لە نێوان لاییکەکان وهەم لە نێوان هێزە مەزهەبییەکان،لە گەڵ ئەوەی کە بەرامبەر بە بەهادانان بۆ هێما نەماییش کارەکان لە قوتابخانە دەوڵەتییەکان



دا ناکۆکن بەلاّم لە هەمان کاتیشدا کۆك نین لە سەر دانانی یاسایەك بۆ قەدەغەکردنی.ئەمان لایەنگری لاییسیتەیەکی ڕەواپێدەر و کراوەن کە بتوانێ هەموو منالاّنی کۆماری لە گەڵ جیاوازی و جۆربەجۆرییاندا لە باوەش بگرێ.ئەوان لە ناڕازیبوونیان بۆ یاسای قەدەغە کردنی چارشێوی ئیسلامی لە قوتابخانەکان چەند هۆکارێکی جیاواز دەخەنە ڕوو کە گرنگترینیان لێرەدا باس دەکەین. یاسایەکی بەم چەشنە تەنیا شەرمەزاری بۆ موسڵمانەکان دەهێنێت.هەستە دژە مەزهەبییەکان و بە تایبەت هەستی دژ بە موسڵمانان لە کۆمەڵگای فەرەنسی دا پەرە پێدەدات.چەند گەنجێك هان دەدات بۆ وازهێنان لە قوتابخانە.دەبێتە هۆی گەشە سەندنی قوتابخانە مەزهەبییەکان.کچە موسڵمانە چارشێو لە بەرەکان بەرەو لای بونیادگەراکان پاڵ پێوە دەنێت.بابەتە جیاوازەکانی کچانی موسڵمان بۆ هەڵبژاردنی چارشێوی ئیسلامی لە بەر چاو ناگرێ و یا یەکسانی دەکات بەمانە:ئامانجی مەزهەبی پەتی،ئامانجی بونیادگەرانەی ئایینی،خواستەکانی شوناس[1] و ئامانجە نەتەوە گەرابیەکان[2].....سەرەنجام یاسایەکی بەم چەشنە لە ئاستی ڕای گشتی جیهانیدا ((ئازادی کوشتنی)) فەرەنسا دەخاتەڕوو.

بە شێوەیەکی کورت لایەنگرانی لاییسیتەی ڕاواپێدەر و کراوە لە فەرەنسا پێیان وایە کە قوتابخانەی کۆماری و لاییك بە بێ پەنابردن بۆ یاسایەك کە ئەنجامەکانی مەترسیدار و تەنانەت مەترسیدارە بۆ ئازادییەکان،تەوژمێکی وای دەبێت کە دەتوانێ بە قبوولکردنی کچانی چارشێو لە بەر لە ناو خۆیاندا،بەرە بەرە ئەوان بەرەو لای بەهاکانی لاییك ڕابکێشێ.

1.identitire 2.Communautarisme

## سەرچاوەکانی بەشی چوارەم


1.La laïcité, Maurice Barbier, L, Harmattan
2.Les trios éges de la laïcité, Jecqueline Costa-Lascaux, Hachette
3.La laïcité francaise, Jean Boussinesq, seuil
4.Vers un nouveau pacte laïque, Jean Baaubérot, Seuil
5.La laïcité franÇaise, Mémento juridique, Seuil
6.La Révolution française, Laïcisation de l Etat. De la société, et de l église, Langlois Claude,Le supplément avril 1988
7.Laïcité monothéiste, Jean Luc Nancy. Le 2. 10.2004
8.La séparation des Eglises et de l Etat, Mayeu Jean Marc, Editions ouvriéres
9.Le rapport de la commission stasi sur la laïcité, Le Monde, 12, décembre 2004
10.Munich de lécole républicaine, text des intellectuals. Nouvel observateur,2-8 november 1998
11.Derriére la loi foulardiére,la peur.Alain Badiou,le Monde,23février2004
12.Voile au lycée,Non a l,intolerance,Jean-fabien spitz,le Monds,17décembre2003
13.L,enjeu de débat dur la laïcité à lécole, Revue prochoix, No 26-27, Automne 2003
14.Non au voile et á son projet de société,collectif national des femmes sclidaires,text du 12.10.2003




بەشی پێنجەم

# لاییسیتە لە ئەورووپا

## لۆژیکی لاییسیزاسیۆن و لۆژیکی سێکولاریزاسیۆن

لەم بەشەدا پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و ئایین لە ئەورووپادا تاوتوێ دەکەین.پەیوەندییەك کە لە هەر جێگایەکدا تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە بورای ((دوو لۆژیکی)) لاییسیزاسیۆن و سێکولاریزاسیۆن شیدەکرێتەوەو و تێگەیشتن لێیان دەستە بەر دەبێت.دوو پرۆسە کە بە پێچەوانەی ئەو وێناکردنە هەڵە و باوانەی کە بۆیان دەکرێت،یەکسان نین و بەڵکو جاروباریش دژ بە یەکن.تێگەیشتنی تەواوی جیاوازی و لێکچوونی ئەم دوو دیاردەیە لە رووناکایی هەلوومەرجی جیاواز و تایبەتی هەر ولاتێکدا دەتوانێ فێرکارانە و بە سوود بێت.لە بەشی پێشوودا لاییسیتەمان لە سەرەکیترین شوێنی لە دایك بوونییەوە واتە فەرەنسا تاوتوێ کرد.پێشتر ئەمەمان ووتوە و بۆ جارێکی تریش دووپاتی دەکەینەوە کە لاییسیتە لە کۆی دوو بنەمای سەرەکی و لێك جیانەکەرەوە پێك هاتووە:

١.جیاکردنەوەی کاروباری دەوڵەت لە ئایینەکان و کەنیسەکان و ٢.دابین کردنی ئازادییە مەزهەبییەکان و بە شێوەیەکی گشتی ئازادی ویژدان لە کۆمەڵگای مەدەنی دا لە لایەن دەوڵەتی لاییکەوە.بە پێی ئەم پێناسەیەی سەرەوە ووتمان کە فەرەنسا نزیکترین ولاتی جیهانە لە لاییسیتەوە.بەم مانایە کە ((نموونە))ی فەرەنسی لاییسیزاسیۆن لە ئەورووپا دەکرێ بە ((جیاواز)) بخەملێنرێ.بەلاّم لە ولاّتە رۆژئاواییەکانی تردا یان لاییسیتە هەر لە بنەماوە بوونی نییە یا ئەگەر شتێکی وەها بەم ناوەرۆکەوە هەبێت ئەوا بە تایبەتمەندییەکی جیاواز و تارادەیەك بە تەواوی یان ناتەواوی یا بە شێوەیەکی سنووردار جێبەجێدەکرێت.لە ئەورووپادا پەیوەندییەکانی دەوڵەت و ئایین لە بەر

هەلومەرجی مێژوویی تایبەت بە هەر ناوچە و وڵاتێکەوە بە هۆی گۆڕانکارییە سیاسییەکان (پێکهاتنی دەوڵەت ـ نەتەوەکان) و ئایینی یەکان (چاکسازی لە ئایین و کەنیسە) لە یەك جیاوازن.لە بەر ئەوە ئێمە لێرەدا ڕووبەڕووی بارودۆخێکی یەکسان نابینەوە.بەلام لە گەڵ ئەمانەشدا لە وڵاتە جیاوازە ئەوروپاییەکان دا چەند لایەنێکی لێکچوو و هاوبەش بە دی دەکەین کە دەرفەتی ئەنجام دانی پۆلێن کردنێکی دیاریکراومان پێ دەبەخشێت.لە جیاکردنەوەیەکی کورت و گشتی دا دەتوانرێ وڵاتە ئەوروپاییەکان بە تایبەت ئەندامانی یەکێتی ئەوروپا دابەش بکرێت بۆ سێ تاقمی گەورە و سەرەکی:١.ئەو وڵاتانەی کە تیاندا لاییسیتە بوونی نییە (بە مانای ((جیاکردنەوەی دەوڵەت و کەنیسەکان)) ) وەك (ئینگلیز و دانیمارك و یۆنان).٢.وڵاتانێك کە هەر بە ئەو مانایە بە نیوە لاییك دادەنرێن وەك (ئەڵمانیا و بەلژیکا و هۆڵەندا و لۆکزامبۆرگ) و سەرەنجام٣.ئەو وڵاتانەی کە لاییسیتە تیایدا لە گەڵ ڕێکەوتننامەیەك لە نێوان دەوڵەت و کەنیسەدا جێبەجێدەکرێت وەك (ئیسپانیا و ئیتالیا و پورتوگال).

بەلام من لە نووسراوە جۆرە پۆلێنکردنێکی تر دەکەمە بنەمای ئەم کارەی خۆم.فرانسواز شامپیۆنی فەرەنسی،توێژەری کاروباری کۆمەڵناسی ئایین و لاییسیتە،لە ڕووناکایی ڕەوتی گۆڕانە سیاسی ــ ئایینی یەکانی ئەوروپا لە سەدەی هەژدەیەم دا تاوەکو ئەمڕۆ،پرۆسەی ڕزگاربوونی[1] کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکانی لە ژێر سەرپەرشتی و دەسەلاتی کەنیسە و مەزهەب دا لە ژێر ناونیشانی ((دوو لۆژیکی)) جیاوازی لاییسیزاسیۆن و سیکولاریزاسیۆن شی دەکاتەوە.ئەم پۆلێنکردنەی ئەو زیاتر لە گەڵ هەلوومەرجی مێژوویی و سیاسی کۆمەلایەتی ئەوروپادا دەگونجێ و من ئەم پۆلێنکردنەی ئەوم زیاتر بە پەسەند دەزانی.

---

1 L'émancipation



بۆیە ئەمەم هەڵبژارد و لە بارەیەوە لە بەشی دووەم دا بە ناونیشانی وشەکان و زەمینە و ڕەگەکانی لاییسیتە لێدوانم داوە لە خوارەوە خاڵە سەرەکییەکانی ئەو باسە بە بیردەهێنینەوە.

## لاییسیتە و سێکولاریسم:دوو دیاردەو لۆژیکی جیاواز

یەکەم لۆژیك یا لاییسیزاسیۆن بە شێوەیەکی سەرەکی تایبەتمەندی ئەو وڵاتانەیە کە خاوەنی نەریتێکی بە هێزی کاتۆلیکین.واتە ئەو جێگایەی کە هێزە کۆمەلایەتییەکانی لاییك بەرەنگاری کەنیسەیەکی کاتۆلیکی دەسەلاتداری هیرارکییەتی و پارێزکار دەبنەوە.کەنیسەیەك کە پێداگری لە سەر پاراستنی دەسەلاتی خۆی بە سەر کۆمەڵگا و بە تایبەت دامەزراوەی دەوڵەت دا دەکات.((ئەو جێگایەی کە کەنیسە.... بانگەشە کەری لە ئەستۆ گرتنی کاروباری کۆمەڵگایە بە گشتی و خۆی وەك هێزێکی ململانێکەری دەوڵەت دەنوێنێ)). (فرانسواز شامپیۆن،بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەکانی ئەم بەشە،ڕوونکردنەوەکانی تر لە لایەن منەوەیە).

لە لۆژیکی لاییسیزاسیۆن دەسەلاتی سیاسی بۆ ((ڕزگارکردنی)) دەوڵەت و دامەزراوە گشتی یەکان لە ژێر دەسەلات و ڕکێفی کەنیسە (پرۆسەیەك کە ناوی لێدەنێن ((چوونە دەروە لە ئایین)) ) خۆی ئامادە دەکات و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و یەك لایەنە دەست بەکار دەبێت.سەرەنجام لە دوای زنجیرەیەك ناکۆکی و دژایەتی لە سەرخۆ و یان توندوتیژ،جاری وا ڕێژەیی و جاروباریش گشتی،هەندێ جار بۆ پێشەوە و جارجاریش بۆ دواوە،لە نێوان نەیاران وخوازیارانێ کاربەدەست سالاری ئایین،لە نێوان ((دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرن)) لە لایەك و کەنیسەی کاتۆلیکی پەیوەست بە ڤاتیکانەوە لە لایەکی ترەوە،بڕیاری ((جیاکردنەوەی دەوڵەت و کەنیسەکان)) بە دی دێت.

ئیسپانیا و پورتوگال و ئیتالیا و بەلژیکا لە گەڵ هەبوونی چەند کەمووکورتی و جیاوازییانەوە بە نموونەی لۆژیکی لاییسیزاسیۆن هەژمار دەکرێن.لۆژیکی دووەم واتە سێکولاریزاسیۆن (بە دونیای کردن،بە گەردوونی کردن) بگەڕێنەوە بۆ پێناسە جیاوازەکانی ئەم وتەزایە لە بەشی دووەم) تایبەتمەندی ولاتە پرۆتستانتەکانە.ئەو جێگەیەی کە ((ئایین و ناوەندە جیاوازە چالاکییە کۆمەلاتییەکان بەرە بەرە و پێکەوە گۆڕانیان بە سەر دا دێت.....کەنیسەی پرۆتستانت (لە بارودۆخی قەتیس بوونی یا زاڵبوونی دا) هێزێك نییە کە وەك کەنیسەی کاتۆلیك بەرەنگاری دەولەت ببێتەوە بەلکو دامەزراوەیەکە لە ناو دەولەتدا کە ڕێکخەری هاوسەنگی و پەیوەندی سیاسییە،هەروەها لە ئەستۆ گری چەند بەرپرسیاریەتییەکی دیارە بە ملکەچ بوون بۆ دەولەت،ئیتر یا ملکەچ بوون بە ویستی خۆی یان بە زۆر)).

لە لۆژیکی سێکولاریزاسیۆن بنەچەی ئەو ناکۆکییانەی کە لە ولاتە کاتۆلیکەکاندا دەولەت و کەنیسە بەرەنگاری یەکتر دەکاتەوە،بوونی نییە.

لە لایەك ((دەولەتی مۆدێرن) لە گەڵ ((کەنیسەی نێو نەتەەیی)) دا ناکەونە دژایەتی کردنی یەکترەوەو تەنانەت بە پێچەوانەشەوە کەنیسە پرۆتستانتەکان دەبنە بەشێك لە شوناسی دەولەت و نەتەوەکان.لە لایەکی ترەوە لە گەڵ ئەوەی کە پرۆتستانتیسم بە ناچار هەلگری ڕۆحی دیموکراتی نییە بەلام پێکهاتەیەکی ڕەها و هیرارکییەتی و یەك لایەنەی (وەك گاشە بەردێك[1]) وەك کەنیسەی کاتۆلیك نییە.لە ئەنجامدا لەم جۆرە کۆمەلگایەنە دژایەتی لە گەڵ کاربەدەستانی ئایینی پرۆتستانت و بە شێوەکی گشتی دژایەتی لە گەڵ کاربەدەست سالاری ئایینی بە بەراورد لە گەڵ ولاتە کاتۆلیکەکان دا سنووردار تر و کەمترە.لە سێکولاریسم هیچ باسێك لە سەر ((لاییك)) و ((لاییسیزاسیۆن)) و ((جیاکردنەوەی دەولەت و کەنیسەکان)) بوونی نییە.



((گۆڕانی)) دەولەت و کەنیسە و کۆمەلگا بەرۆ ((دەرچوون)) لە ژێر دەسەلاتی ئایین و (ئایین سالاری)) ،بەرە بەرە و هاوکات لە گەڵ پاراستنی پەیوەندییە جۆربەجۆرەکانی نێوان دەولەت و کەنیسەدا دەبێت.ئینگلیز ودانیمارك وسوید ،نموونەکانی لۆژیکی سێکولاریزاسیۆن پێك دەهێنن.(لە گەڵ ئەوەی کە لە سوید لە سالی ۲۰۰۰دا ،یاسای جیاکردنەوەی دەولەت و مەزهەبەکان کە لە سالی ۱۹۹۵ دا پەسەند کراوە،خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە).بۆ ئەم پۆلێنکردنانەی سەرەوە دەبێت دوو نموونەی تریش زیاد بکەین.ئەو ولاتانەی کە چەند مەزهەبێکیان[2] تێدایە ،واتە لەو جێگایەی کە بە شێوەیەکی سەرەکی دوو مەزهەب خاوەنی هێزێکی تاڕادەیەك یەکسانن وەك ئەلمانیا و هۆلەندا.

سەرەنجام ئەو ولاتەنەش کە لەوێدا بابەتی شوناسی مەزهەبی لە گەڵ بابەتی نەتەوەیی یا بە شێوەیەکی گشتی لە گەڵ شەڕ کردن دژ بە هێزە بیانییەکان پێکەوە گرێدراوە،وەك ئێرلەندا و یۆنان.بەم شێوەیە لە بواری پەیوەندییەکانی دەولەت وئاییندا ئێمە لە گەڵ چوار ((نموونەی)) ولاتانی ئەورووپایی دا بەرەنگار دەبینەوە کە هەریەك لەمانە لە خوارەوە تاوتوێ دەکەین.

1.monolithique 2.multi-confessionnels

## ولاّتە کاتۆلیکەکان ـــ لۆژیکی لاییسیزاسیۆن

### ئیسپانیا

لاییسیتە لە ئیسپانیادا لە دوای ڕووخانی فرانکیسم واتە ڕژێمێك کە مەزهەبی فەرمی ولاّتی کردبووە کاتۆلیك،بەدی دێت.لاییسیتە لە ئیسپانیا بەرهەمی ئیرادەیەك بوو کە دەیویست پەیوەندییەکانی نێوان کەنیسە و دەولّەت لە ڕێگای ئاشتیانە و دوور لەو تێوەگلانانەی ڕابردوو کە لە نێوان لایەنگران و نەیارانی کاربەدەست سالاری ئایینی ڕوویدابوو،چارەسەر بکات.ئەم ناکۆکیانە لە سالّی ١٩٣٠ دا کاتێك کە کۆماریخوازەکان دەستووری سالّی ١٩١٢ ڕەتدەکەنەوە دەگاتە ئەو پەری لوتکەی خۆیەوە.لەو دەستوورە دا هاتبوو: ((مەزهەبی میللەت هەمیشە و بۆ هەتایی کاتۆلیکە،ئەمە تەنیا مەزهەبی راستەقینەی.....میللەتە،میللەت پارێزگاری کەری مەزهەبی کاتۆلیکە و هەر مەزهەبێکی تر بە نایاسایی ڕادەگەیەنێت)).

لەو کاتەدا کۆماریخوازەکان لە شەڕدا بوون لە گەلّ یەکگرتنی پیرۆزی کۆنەپەرستی ـــ کەنیسە و ڕێوشوێنێکی رادیکالّی دژ بە کەنیسە و ئایین دەگرنە بەر:

لەوانە دەست بەسەراگرتنی مولّك و مالّ و دارییەکانی کەنیسە و قەدەغەکردنی تاقمە مەزهەبییەکان و داخستنی قوتابخانە ئایینی یەکان و تەنانەت دانانی یاسایەك سەبارەت بە ((نەبوونی خودا)) .

بەم شێوەیە شەڕی کۆماریخوازە لاییکەکان دژ بە لایەنگرانی دەسەلاّتدارییەتی کەنیسە تاوەکو هەلّوەشاندنەوەی (یاسایی) ئایین زۆر رادیکالّتر دەبێت،ئەمە لە کاتێکدایە کە کەنیسە دژ بە کۆماری و کۆماریخوازان ((شەڕی خاچ پەرستی)) ڕادەگەیەنێت.ڕژێمی فرانکۆ کە بە دوای شەڕی ناوخۆی (کانوونی



دووەمی ١٩٣٦ و نیسانی ١٩٣٩) و شکستی کۆماریخوازەکان لە ئیسپانیا دادەمەزرێت و خۆی ناو لێدەنێ ((ناسیۆنال ـ کاتۆلیك)) و لە گەلّ ڤاتیکاندا ڕێکەوتننامەیەك واژوو دەکات.لەوێدا دووپاتی ئەوە دەکرێتەوە کە ((مەزهەبی کاتۆلیکی هاوتای فێرکاری حەوارییەکان[1] و کەنیسەی ڕۆما،هاوکات تەنیا مەزهەبی خەلّکانی ئیسپانیا دەبێت.ئەم مەزهەبە بە پێی یاسای خودایی و یاسای شەرعی و هاوتا لە ڕێبازی کاتۆلیکدا لە ماف و دەستکەوتێکی تایبەتەوە بەهرەمەندە)).لە کۆتایی سالاّنی فرانکیسم و بە دوای هەلّوەشاندنەوەی ئەم ڕژێمە دا (١٩٧٥) کۆمەلّگای ئایینی و کەنیسەی کاتۆلیکی ئیسپانیا گۆڕانیان بە سەردا دێت.چەند تاقمێك لەناو کەنیسە بە تایبەت قەشە پلە نزم و ئاساییەکان بەشداری دەکەن لە بزووتنەوەی دیموکراتی دژە فرانکیستی.لە سالّی ١٩٧٠ دا کەنیسەی کاتۆلیك بە فەرمی ڕەخنە لە ڕۆلّی خۆی دەگرێ لە پەیوەندی لە گەلّ شەڕی ناوخۆدا. ئەمڕۆ ئیتر پەیوەندی نێوان دەولّەت و کەنیسە لە ئیسپانیا لە لایەن دەستووری ١٩٧٨ دا و یان چەند بناغە یاسایەکی تر ـــ وەك یاسای ٥ ی کانوونی دووەمی ١٩٨٠ دا سەبارەت بە ئازادییە مەزهەبییەکان ـــ دەستنیشانکراوە.لە دەستووردا ((جیابوونەوەی کەنیسە)) بەم شێوەیە بنیاتنراوە: ((هیچ مەزهەبێك نابێتە خەسلّەتی مەزهەبی دەولّەت)). (بڕگەی ١٦،دێڕی سێیەم).

بە پێی ئەم پێداگرییەی سەرەوە،ئەم یاسایە ((جیابوونەوەی)) تەواوی دەولّەت و کەنیسە ڕاناگەیەنێت،چونکە بە پێی ئەمە دەولّەت لە گەلّ ئایینە جیاوازەکان و بە شێوەیەکی ئاشکرا لە گەلّ کەنیسەی کاتۆلیکدا پەیوەندی فەرمی دەبەستێ:

1.Apostolic

((خاوەنی بڕیارەکان (دەوڵەت) ڕەچاوی بیروباوەڕە مەزهەبییەکانی خەڵکی ئیسپانیا دەکات و لە ئەنجامدا پەیوەندی هاریکاری لە گەڵ کەنیسەی کاتۆلیک و ئایینەکانی تردا دەپارێزێت)).چەند دەقێکی بنەڕەتی تر ئازادی تەواوی مەزهەبی دابین دەکەن.بەڵام کوفر و سوکایەتی کردن بە مەزهەبێکی تر ناکەوێتە ژێر لێپرسینەوەی یاساییەوە.بە پێی یاسای ١٩٨٠دا دەوڵەت و کەنیسەی کاتۆلیک چەند ڕێکەوتننامەیەك واژوو دەکەن کە بە پێی ئەوانە مەزهەبی ناوبراو لە چەند دەستکەوتێك دا بەهرەمەند دەبێت.کە لەوانە دەوڵەت یارمەتییەکی سالانە بۆ خەرجییەکانی کەنیسەی کاتۆلیک دابین دەکات.حکومەت یارمەتییەکی سۆسیالیستی دیاری دەکات کە لە ڕێگەی ئەمەوە لە ساڵی ١٩٨٨ بە دواوە،ئەوانەی کە باجیان لە سەرە،ئەگەر حەزیان لێبوو دەتوانن باجەکانی خۆیان پێشکەش بە کەنیسەی کاتۆلیک بکەن.

هەروەها چەند ڕێکەوتننامەیەکیش لە گەڵ هەر دوو کۆمەڵگای پرۆتستانت و یەهودی دا بەسترا کە ئەمانە لە هەندێك دەستکەوتدا لە بواری دارایی و دروستکردنی قوتابخانەی مەزهەبیدا بەهرەمەند دەکات.

لە یەکەمی کانوونی دووەمی ١٩٨٩ دا وەزارەتی دادی ئیسپانیا ئیسلام وەك ئایینێك کە لەم وڵاتە دا ((بەتەواوی سەقامگیر)) بووە و نزیکەی دوو سەد هەزار لایەنگری هەیە،بە فەرمی ناو دەبات.لە دوای ئەمەوە دەوڵەت و کۆمەڵگای موسڵمانانی ئیسپانیا لە بواری هاوکاری کردنی هاوبەشەوە ڕێکەوتننامەیەکیان واژوو کرد.بە شێوەیەکی گشتی لە ئیسپانیا یەکێك لە لایەنەکانی لاییسیتە واتە ئازادییە مەزهەبییەکان ڕەچاو دەکرێت.بەڵام سەبارەت بە یەکسانی ئایینەکان بارودۆخ بەم شێوەیە نییە.کەنیسەی کاتۆلیک بە دڵنیاییەوە بە هۆی گرنگی مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە لە ماف و دەستکەوتێکی زیاترەوە بەهرەمەند دەبێت.لە گەڵ ئەمەشدا ئایینەکانی تریش دەتوانن بڕ بە دەستهێنانی دەستکەوتی بەم چەشنە تێکۆشان بکەن و لەم



ڕێگایەشدا سوود لە دەرفەتە یاساییەکان ببینن.بە شێوەیە ئیسپانیا ئەزموونێکی درەوشاوە لە لایەك بەدەست دێنێت کە ئەویش بریتی یە لە بێ لایەنی دەوڵەت و ئازادی ئایینەکان و ڕێکەوتننامەی نێوان دەوڵەت و کەنیسە.ئەم پەیوەندییە توندوتۆڵانە بە تایبەت لەم ساڵانەی دواییدا،ئیسپانیای زیاتر لە لۆژیکی لاییسیزاسیۆن دوورخستووەتەوە و لە لۆژیکی سێکولاریزاسیۆن نزیکی کردووەتەوە.

کۆمەڵگا و کەنیسە و ناوەندی سیاسەت،هەر سێ کەیان هاوکات وپێکەوە گۆڕانیان بەسەردا دێت و هەرسێ کەیان لە ناوخۆیاندا هەڵگری چەندین ناکۆکی و دژایەتین.کەنیسەی کاتۆلیک لە گەڵ داکۆکیکردن لە هەڵوێست و پێگەکەی خۆی لە ناو کۆمەڵگادا،خۆی بە بەشێکی پێکهێنەری ((شوناسی)) کۆمەڵایەتی ـــ سیاسی ئیسپانی دەزانێ،((شوناسێك)) کە ئیسپانیا دەیەوێت بیسەلمێنێ.((شوناسێك)) کە لە ژێر ئالای ((دیموکراتی ئیسپانی)) دا خۆی دەردەبڕێت و پیشان دەدات.

## ئیتالیا

لە ساڵی ١٩٤٨ دا دەوڵەتی ئیتالیا و ڤاتیکان ((ڕێکەوتننامەیەکی نوێ)) واژوو دەکەن.بە پێی ئەمە بنەمای کاتۆلیسیسیم وەك مەزهەبێکی فەرمی هەڵدەوەشێتەوە و هەندێك لە پەیوەندییەکانی نێوان کەنیسەی کاتۆلیك و دەوڵەت دەپچڕێن"لەوانە دابین کردنی خەرجییەکانی کاربەدەستانی کەنیسە لە لایەن دەوڵەتەوە.بەڵام بە گشتی،جیابوونەوەی دەوڵەت و کەنیسە بە شێوەیەکی سنووردا و شەرمەزارانە جێبەجێدەکرێت.ڕێکەوتننامەکەی سەرەوە دووپاتی دەکاتەوە کە هەر دوو لا ((لە پێناو پێشکەوتنی مرۆڤ و بەرژەوندییەکانی کۆمەڵگا)) هاوکاری یەکتر دەکەن"هەروەها ((ڕێساکانی مەزهەبی کاتۆلیك بە بەشێك لە میراتی مێژوویی خەڵکی ئیتالیا لە قەڵەم دەدرێ))"هەروەها

خوێندنی مەزهەبی کاتۆلیك لە قوتابخانەکانی دەوڵەت دا بەردەوام دەبێت (خوێندنێك کە دەبێت بە ڕواڵەت دوور بێت لە پەروەردەی ڕێساکانی مەسیحییەتەوە) و سەرەنجام ئەوەی کە هاوسەرگیری مەزهەبی هاوکات بە فەرمی دەزانرێت.بەلاّم چاوپێخشاندنێکی خێرا بۆ مێژووی ئیتالیا پیشانی دەدات کە دەوڵەتی نەتەوەیی هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لەم ولاّتەدا هاوکات پەیوەندییەکانی لە گەڵ ڤاتیکان دا ناکۆك بووە.

دەست بە سەراگرتنی ڕۆما لە ئەیلولی ١٩٨٠ دا بە دوایین پرۆسەی یەکگرتوویی ئیتالیا هەژمار دەکرێ و یەکسەر دوای ئەم مێژووەیە کە پاپا خۆی لە گەڵ ڤاتیکاندا بە پەیوەست دەزانێ و تا ساڵی ١٩٢٩ لە بە فەرمی زانینی دەوڵەتی نوێ دا خۆپارێزی دەکات.پاپا بوونی دەوڵەتێك کە نیمچە دوورگەی ئیتالیا بە تەواوی یەك بخات و یەکگرتووی بیکات بە ڕەتکەرەوەی دەسەلاّتدارییەتی خۆی دەزانیێ.لە ڕاستیدا بەرەنگاربوونەوەی دەسەلاّتخوازییانەی ڤاتیکان لە ماوەیەکی پێش ئەوەشدا بە پێکهاتنی دەوڵەت ـــ شارە سەربەخۆکانی باکووری ئیتالیا لە ناوەڕاست دا دەستی پێکردبوو.(من گرنگی مێژوویی ئەم قۆناغەم لە دروست بوونی هزری جیاکردنەوەی دەوڵەت لە ئایین لە ڕۆژئاوادا دووپات کردوەتەوە).بەلاّم شەڕ لە گەڵ کەنیسەدا لە ساڵی ١٨٦٧ دا بە بەهێزبوونی هێزە لیبراڵەکان کە نوێنەرایەتی چینی ناوەڕاستی بۆرجوازییان دەکرد و دژ بە کاربەدەست سالاری ئایینی بوون پەرە دەسێنیێ.لەم سەردەمەیە کە ڕێسایەك وەك قوتابخانەیەکی پێویستی خۆڕایی و لاییك بۆ هەموو منالاّنی شەش تا نۆ سالاّن دێتە کایەوە.

بەسەریەکەوە بە هەمان شێوە کە دەبینین لە یەکەمین قۆناغدا شێوازەکانی چارەسەر کردنی پەیوەندییەکانی دەوڵەت و ئایین لە ئیتالیا زیاتر لە لۆژیکی لاییسیزاسیۆن دەچێت تا سێکولاریزاسیۆن.لە گەڵ ئەمانەشدا چونکە بزووتنەوەی دژ بە کاربەدەست سالاری ئایینی لە ئاستی نوخبەکانی کۆمەڵگا



دا کە دەسەلاّتی دەوڵەتیان لە دەست دایە تێناپەڕێت بۆیە لە لایەن خەڵکییەوە لایەنگرییان لێناکرێت وچونکە بزووتنەوەی یەکگرتووی ئیتالیا ڕووبەڕووی بەرگری و شەڕی ناوخۆ دەبێتەوە لە ناوچەکانی ناوەڕاستی ئەم ولاّتەدا"ڕیگە چارەیەك کە لە ئەنجامی ئەمانەدا خۆی دەسەپێنێت هەر دوو ((ڕۆمایە)):ڕۆمایەك کە نوێنەرایەتی دەوڵەتی ئیتالیا دەکات و هەروەها ڕۆمایەك کە نوێنەرایەتی کەنیسەی کاتۆلیك دەکات.لە ساڵی ١٩٢٩ دا لە ژێر دەسەلاّتی ڕژێمی مۆسۆلۆنی دا ڕێکەوتننامەی لاتران لە نێوان دەوڵەتی ئیتالیا و ڤاتیکسان دا دەبەسترێت.بە پێی ئەو ڕێکەوتننامەیە،لە لایەك ڤاتیکان خۆی وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ و دەسەلاّتدار بە سەر خۆیدا،خۆی ڕادەگەیەنێت و لە لایەکی تریشەوە پاپا بە فەرمی دان بە دەوڵەتی ئیتالیا دا دەنێت.خاڵێکی تری گرنگی ئەم ڕێکەوتننامەیە ئەوەیە کە کاتۆلیسیسم بەرۆ بۆ پێشەوە دەبات واتە دەیباتە ئاستی ((مەزهەبی دەوڵەت)).ئەم پەیمانە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی فاشیزمەوە،ناکەوێتە ژێر پرسیارەوە.لە ساڵی ١٩٤٨ دا دەستووری نوێی ئیتالیا لە گەڵ دووپاتکردنەوەی ڕێکەوتننامەی لاتران ڕایدەگەیەنێت کە ((دەوڵەت و کەنیسەی کاتۆلیك بەرامبەر بەیەکتر سەربەخۆن)) لە گەڵ ئەمەدا لە سالاّنی دوای جەنگدایە کە پارتێکی کاتۆلیکی بە هێز بە ناوی پارتی دیموکراتی مەسیحی پێك دێت و لە ماوەی چەند ساڵێك دەبێتە ڕەوتی سەرەکی داموودەزگای دەوڵەتی ئیتالیا.ڕزگاربوونی کۆمەڵگای ئیتالیا لە ژێر سەرپەرشتیاری کەنیسەی کاتۆلیك بە هەڵبژاردنی چەند بڕیارێکی گرنگ لە دەیەی ١٩٧٠ دا جێ بەجێدەکرێت:یاسادانان سەبارەت بە مافی جیابوونەوە (تەلاّق) و لە باردنی منداڵ و هتد.لەم سەردەمەیە کە بابەتە پەیوەندیدارەکان بە بابەتی جینسی و خێزانییەوە لە ژێر سەرپەرشتیاری یاسایی کەنیسەی کاتۆلیکدا دەردەهێنرێت.وەك ئەنجام دەبێت بوترێ کە ئیتالیا لە نێوان ئەو ولاّتانەی کە خاوەنی نەریتی

کاتۆلیکین،نموونەی ولاتێکە کە زیاتر لە ولاتانی تر (جگە لە ئێرلەندا) لە لۆژیکی لاییسیزاسیۆنەوە دوورە.ئەو پەیوەندییانەی کە لە سەر بنەمای ریکەوتنی دەولەت و کەنیسە دایە و لە نێوان دەولەت و مەزهەبەکانی تردایە،تایبەتمەندی ((لاییسیتە)) ی ئیتالیا پێك دەهێنن.

رۆلی ئەکتیڤی کۆمەلایەتی مەزهەب و بە شێوەیەکی تایبەت کەنیسەی کاتۆلیك هیچ کاتێك لەم ولاتەدا ناکەوێتە ژێر پرسیارەوە وهاوکات تا رادەیەك هەنگاوی باش دەنرێت لە پێناو جیاکردنەوەی دەولەت و ئایین دا.هۆکارەکانی ئەمەش بریتی یە لە کۆی سێ هۆکار.سەرەتا لاوازی دەولەتی ئیتالیایە کە بوێری پێویستی نییە بۆ هەلوەشاندنەوەی رێکەوتننامەکەی خۆی لە گەل ڤاتیکان دا.دواتر ئەمە کە کەنیسەی کاتۆلیك و ڤاتیکان هارکات خاوەنی دەسەلاتن،چونکە زۆربەی ئیتالییەکان بە هۆی کەمی دەسەلاتی مەزهەبەوە،هێشتا پێیرەوی لە داب و نەریت و فێرکارییە ئایینی یەکان دەکەن.سەرەنجام هۆکاری سێیەم ئەمەیە کە بزووتنەوەی دژ بە کلریکالیسم (کاربەدەست سالاری ئایینی) بە هۆی هەبوونی پێشینەیەکی مێژوویی و بە هێزی دژایەتی کردنی ڤاتیکان لە ئیتالیادا هیچ کاتێك نەیتوانی چین وتوێژە بەرفراوانە کۆمەلایەتییەکان لە دەورووبەری بەهاکانی خۆی کۆ بکاتەوە و یەکیان بخات.لە سەدەی بیستەم دا بەشێکی گرنگی خەلکی ئیتالیا روو دەکەنە پارتە کۆمۆنیست و سۆسیالیست و چەپە لاییکەکان بەلام ئەم رێکخراوانە بە گشتی هیچ کاتێك بابەتی لاییسیتەیان نەخستە سەرووی بەرنامەکانی خۆیانەوە.

پورتوگال

لە سەدەی نۆزدەهەم دا کاتۆلیسیسم مەزهەبی فەرمی دەولەتی پورتوگال بوو.بە سەقامگیر بوونی رژێمی کۆماری لە سالی ١٩١٠ دا بنەمای جیاکردنەوەی دەولەت و ئایین رادەگەیەنرێت.دواتر لە دەستووری حکومەتی



سالازار لە سالی ١٩٣٣ دا و هەم لە پێداچوونەوکەەی دا لە سالی ١٩٥١ دا ئەم بنەمایەی سەرەوە دووپات دەکرێتەوە.بە پێی ئەمە لە دەستووردا کاتۆلیسیم بە ((مەزهەبی نەتەوەی)) پورتوگال دادەنرێت و دەستکەوتێکی تایبەتی بۆ دادەنرێ.لە سالی ١٩٤٠ دا رێکەوتننامەی دەولەت و ڤاتیکان،پەیوەندییەکانی ئەم دوانە لە گەل هەلوومەرجی یاسایی کەنیسەی کاتۆلیك لە پورتوگال دا دیاری دەکات.لە سالی ١٩١٧ دا یاسایەك لە بواری ئازادییە مەزهەبییەکان دادەرێژرێت کە تا ئەمرۆش کاری پێدەکرێ.دەستووری ١٩٧٦ دوای شۆرش و هەلوەشاندنەوەی دیکتاتۆری سالازاری دا،بنەما سەرەکییەکانی لاییسیتە دەخاتە روو.لە لایەکەوە دەولەت ئازادی ویژدان و بیروباوەرە مەزهەبییەکان دابین دەکات (ماددەی ٤١ برگەی ١) و هیچ کەسێك لەبەر بیروباوەر و یا ئەنجامدانی ئەرکەکانی ئایین نە بەهرەمەند دەبێت لە دەستکەوتێکی تایبەت و نە ئازار دەدرێت.(ماددەی ٤١،برگەی ٢و٣) و مافی نارەزایەتی ئەگەر لە بەر هۆکارێکی ویژدانی بێت ئەوا دابین و مسۆگەر دەکرێت (ماددەی ٤١،برگەی ٦) لە لایەکی ترەوە دەستوور رایدەگەیەنێ کە کەنیسە و کۆمەلە مەزهەبییەکانی جیان لە دەولەت و دەتوانن ئازادانە کاروبارەکانی خۆیان ئۆرگانیزە بکەن (ماددەی ٤١،برگەی ٤) و دەولەت لە بواری پەروەردە و فێرکردن بێ لایەنە و خوێندنی گشتی (دەولەتی) نامەزهەبییە (ماددەی ٤٣،برگەی ٢و٣) پارتە سیاسییەکان نابێت خەسلەتی مەزهەبییان هەبێت (ماددەی ٥١،برگەی٣) و سەندیکاکان دەبێت بەرامبەر بە ئایینەکان سەربەخۆبن (ماددەی ٥٥،برگەی ٤) ئازادی قوتابخانە تایبەتییە مەزهەبییەکان مسۆگەر دەکرێت (ماددەی٤٣،برگەی ١و٤).سەرەنجام بوونی ئەم خالە گرنگەش کە هەر چاکسازییەکی دەستوور دەبێت بە فەرمی دان بنات بە بنەمای جیاکردنەوەی دەولەت و کەنیسەکان و ئازادی ویژدان و ئایین و خواپەرستی.بەم شێوەیە بە پێی دەستووری سالی ١٩٧٦ بە شێوەیەکی

گشتی لاییسیتە لە پورتوگاڵ دەستەبەر دەبێت.لە لایەك دەوڵەت بێ لایەن و جیا لە کەنیسە ڕادەگەیەنرێ و لە لایەکی ترەوە ئازادییە مەزهەبییەکان لە لایەن دەوڵەتەوە دابین دەکرێت.لە گەڵ ئەمانەشدا دەستووری ناوبراو هەندێك ڕێکخستنی ڕێکەوتننامەکەی ١٩٤٠ ی نێوان دەوڵەت و ڤاتیکان،وەك دەستکەوتەکانی کەنیسەی کاتۆلیك بە بەراورد لە گەڵ کەنیسەکانی تردا دەپارێزرێت.کەنیسەی کاتۆلیك دەتوانێ قوتابخانە و زانکۆی خۆی دابمەزرێنێت.لە قوتابخانەکانی دەوڵەت بە پێچەوانەی دەستوورەوە خوێندنی ئایینی و ئەخلاقی کاتۆلیکی دەخوێنرێت.دەوڵەت بە فەرمی دان دەنات بە هاوسەرگیری فەرمی و لە هەمان کاتدا بە پێی دەستوور مافی جیابوونەوە (تەلاق) ئازادە.یاسای سزادانی مەدەنی لە ساڵی ١٩٢٨ سووکایەتی کردن بە مەزهەب بە تاوان دەزانێ و تاوانبارێش بە شیاوی سزادان دەزانێت.بە شێوەیەکی گشتی ڕژێمی سیاسی پورتوگاڵ بە هۆی بێ لایەنی و جیابوونەوەی دەوڵەت لە کەنیسەدا ڕژێمێکی تا ڕادەیەك لاییکە.بە فەرمی دان بە ئازادییە مەزهەبییەکان دا دەنرێت بەڵام یەکسانی ئایینە جیاوازەکان تەواو نییەچونکە کەنیسەی کاتۆلیك بارودۆخی باڵادەستی و کۆمەڵێك دەستکەوتی خۆی پاراستووە.

## بەلژیکا

بەلژیکا لە ڕوانگەی پەیوەندییەکانی دەوڵەت و ئایین دا خاوەنی پێکهاتەیەکە کە بە گشتی ئەوە ناو لێدەنێن ((جیابوونەوەی ـ دەستنیشانکردن[1])).لە لایەکەوە دەوڵەت بەرامبەر بە کەنیسەکان سەربەخۆیە و هیچ ڕێکەوتننامەیەکی لە گەڵ ڤاتیکان دا واژوو نەکردوە و لە لایەکی ترەوە بە شێوەیەکی فەرمی دانی بە مەزهەبە جیاوازەکان دا ناوە.ئەو مەزهەبانەی کە بە فەرمی دانیان پێدا نراوە بە پێی ڕێکخستنێکی مێژوویی بریتین لە:مەزهەبەکانی کاتۆلیك و پرۆتستانت (لە دەستووری ١٨٣١ دا واتە ساڵێك



دوای سەربەخۆیی بەلژیکا)،مەزهەبی ئانگلیکەن (١٨٣٥)،ئایینی یەهوودییەکان (١٨٧٠) و ئیسلام (١٩٧٤) و مەزهەبی ئەرتەدۆکس (١٩٨٥).لە ساڵی ١٩٧٠ دا لە پێداچوونەوەی دەستووردا بە فەرمی دان دەنرێت بە ((کۆمەڵە فەلسەفییە نامەزهەبییەکان)).دوای ساڵی ١٩٨١ بە فەرمی دان بە ڕەوتی لاییك و ((بنکەکانی لاییسیتە)) دەنرێت لە شارە گەورەکان دا و لە لایەن دەوڵەتەوە یارمەتی داریی دەدرێن.چۆنیەتی تێگەیشتن لە بەداموودەزگایی بوونی بزووتنەوەی لاییك لە بەلژیکا دا لە ڕووناکایی تایبەتمەندی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتەوە دەستەبەر دەبێت.پێکهاتەیەك کە لە سێ بناغەی کاتۆلیك و لیبراڵ و سۆسیالیست پێکهاتووە بەو شێوەیەی کە باس لە (بە بناغە کردنی[2]) کۆمەڵگا دەکرێت.

((بناغە)) پێکهاتەیەکی خۆبەڕێوەبەر و ئایدۆلۆجی و بنەمادارە بە مەبەستی ئۆرگانیزە کردنی هاووڵاتیان لە ناوندە جیاوازەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وەك قوتابخانەکان نەخۆشخانەکان و سەندیکاکان و ئەنجوومەنەکان و دامەزراوە داراییەکان و پارتە سیاسییەکان و هتد.تەنیا بناغەیەك پوختە،واتە ئەم خزمەتگوزارییانەی سەرەوە دابین دەکات،بناغەی کاتۆلیکە.دوو بناغەکەی تر واتە لیبراڵ و سۆسیالیست تەنیا بەشێك لەم خزمەتگوزارییانە دابین دەکەن.ڕەوتێکی تریش بە فەرمی دانیان پێدا نراوە کە لاییکەکانن،بەڵام ئەمان هێشتا بناغەیەکیان پێك نەهێناوە.ئەم ڕێکخستنەوەی سەرەوە ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیستەمە سیاسییەی کە دوای سەربەخۆیی بەلژیکا بە دەستووری ١٨٣١ دا سەقامگیر دەبێت.

سەربەخۆییەك کە بەرهەمی ستراتیژی یەکبوون و یەکگرتنی دوو هێزی سەرەکییە واتە پارتی لیبراڵ و کەنیسەی کاتۆلیك. بەڵام هەر بە زوویی لە دوای سەربەخۆیی بەلژیکا ئەم یەکگرتنە بە تایبەت بە هۆی سیستەمی خوێندنەوە هەڵدەوەشێتەوە.

1.séparation-reconnaissance 2.pilarisation

له ڕاستیدا مێژووی لاییسیته له بەلژیکا مێژووی کێبەرکێ و شەڕ و ئاشتی نێوان ئەم دوو هێزەیە.له لایەك پارتی ڕادیکاڵ خوازیاری دروست بوونی سیستمێکی خوێندنی لاییك و گشتی یە و له لایەکی تر کەنیسەی کاتۆلیك خوازیاری ئەوەیه که کۆنترۆڵ و جڵەوی سیستمی خوێندن له دەستی ئەودا بێت.ئەم پێکهاتەیەی که له سەر ((بناغە)) جیاوازەکان دروست بووە و ئەو ڕژێمەی که له سەر بنەمای ((جیابوونەوە ـــ دەستیناشکردن)) دروست بووە،له ڕاستیدا به ڕەنگدانەوەی ئاڵۆزی نێوان هەر دوو هێزی کاتۆلیك و لاییك له بەلژیکا دا هەژمار دەکرێن.بناغەی کاتۆلیك له بەلژیکادا چەند دەستکەوتێکی بەرچاوی هەیە لەوانە:مووچە پێدانی کاربەدەستانی ئیداری کەنیسە له لایەن دەوڵەتەوە،ئازادی تەواوی کردارەکانی بناغە مەزهەبییەکان،ئازادی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە،پێکهێنانی ئەنجوومەن،دروستکردنی قوتابخانە و زانکۆکان و هتد.سیستمی خوێندنی کاتۆلیك بنەڕەتی (بناغەی)) کاتۆلیك پێك دەهێنێ که چەند ناوەندێکی باڵاتر له خۆ دەگرێ:هاریکاری کرێکاران،نەخۆشخانەکان،بیمە کۆمەڵاتییەکان،ئەنجوومەنە جووتیارییەکان،ژنان،بنکە گەشت و گوزارییەکان و ماڵی بەساڵاچووان .....وهتد.بناغەی لیبراڵیش هەر له سەرەتای پێکهاتنی سەربەخۆی دەوڵەتی بەلژیکاوە دروست دەبێت.کاردانەوەی لیبراڵەکان بەرامبەر به پێکهێنانی زانکۆی کاتۆلیك،دروستکردنی زانکۆی برۆکسێل بوو وەك دامەزراوەیەکی لاییك که داوای له مامۆستاکانی خۆی دەکرد که پابەند بن به ((ئازادی بیرکردنەوەوە)).بەلاّم به پێچەوانەی کاتۆلیکەکانەوە که ڕێکخراوی هاوتەریب به خۆیانیان دروست دەکرد،لیبراڵەکان زیاتر له هەموو شتێك بۆ

[1].Julles Ferry



به لاییك کردنی خزمەتگوزارییە گشتی یەکان هەوڵیان دەدا.له بواری سیستمی خوێندن،پرۆژەکانیان سەبارەت به دژە کلریکاڵ زۆر هاوشێوەی فەرەنسا (واتە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم) بوو.بەلاّم چاکسازی له بورای پەروەردە و فێرکردن له لایەن ئەوانەوە که هاوسەردەمە له گەڵ ڕیفۆرمی جول فێری[1] له فەرەنسا و له ئەویش دەچێت"له بەرامبەر دژایەتی و گێرە شێوێنی بەرفراوانی کەنیسە تووشی شکست هات.له دوای ئەم مێژووە،خێزانی لیبراڵ دامەزراوەکانی خۆی دروست دەکات.

.بەلاّم به گشتی ((بناغەی)) لیبراڵی به سنووورداری و ناتەواوی دەمێنێتەوە.ئەم بناغەیە به شێوەیەکی بەرفراوان پاڵی داوەتە دامەزراوە فەرمییەکان وەك قوتابخانە و نەخۆشخانەکانی دەوڵەت.

بناغەی سۆسیالیست که له بناغەی لیبراڵ بەهێزترە به هەستانەوەو و پێکهاتنی بزووتنەوەی کرێکاری و سۆسیالیستی دروست دەبێت.ئەم بناغەیە له سەدەی نۆزدەهەم به شێوەی ئەنجوومەنەکانی فریاکەوتن و هاوکاری کرێکاران دروست دەبێت.دواتر به پێکهاتنی پارتی کرێکاری بەلژیکا له ساڵی ١٨٨٢ و دروست بوونی بنکە هاوکارییەکان و سەندیکاکان و بنکە گەشت وگوزارییەکان و نەخوشخانەکان وهتد ،بەشێکی گەورەی چینی کرێکاری بەلژیکا له خۆ دەگرێ.به شێوەیەکی گشتی له بواری لاییسیتەدا هەر دوو خێزانی لیبراڵی و سۆسیالیستی بیروبۆچوون و بەرنامەی هاوبەشیان هەبووە و هەیانە و هەر بۆیە لەم خەباتەدا یەکیان گرتووە و یەکیش دەگرن.سەرەنجام بزووتنەوەی تایبەتی لاییك له سەرەتای ساڵانی ١٩٦٠ دا به فەرمی دانی پێدا دەنرێت.کاتێك که پەیمانێکی خوێندن دەبەسترێت له ڕێگەی ئەمەوە له قوتابخانە دەوڵەتییەکان له تەنیشت خوێندنی مەزهەب به هەمان ئەندازە ئەخلاقی لاییکیش دەوترێتەوە.بەلاّم ڕەوتی لاییك هێشتا نەبووە به بناغەی چوارەم.چونکە هێزەکانی لاییك بیروڕایان کۆك نییە له سەر ئەوەی که

لاییسیته ببێته حەوتەمین (ڕیبازی) فەرمی لە لایەن دەوڵەتەوە.بە گشتی پێکهاتەی ((بە بناغەکردن)) و ئەو دەستکەوتانەی کە بناغەی لاییک لەم سیستمە دەستی کەوتووە،بەلژیکای کردووە بە وڵاتێکی نیمچە لاییك.

## وڵاتانی پرۆتستانت ـــ لۆژیکی سێکولاریزاسیۆن

### ئینگلیز

ئینگلیز شتێك بە ناوی لاییسیتەوە ناناسێت.چونکە کەنیسەی ئانگلیکەن لەم وڵاتەدا سەقامگیر بووە.((سەقامگیربوونی[1])) کەنیسە بەم مانایەیە کە ئەم دامەزراوەش مسافێکی دان پێنراوانەی فەرمی هەیە و هەم ملکەچە بۆ جێبەجێکردنی چەند ئەرکێك.پاشا (یا شاژن) سەرۆکی کەنیسەیە و بە فەرمی ((پاسەوانی ئایینە)).لە پەرلەمانی لۆردەکان،ئەسقەفەکانی ئانگلیکەن ٢٦ نوێنەریان هەیە.کەنیسەی ((سەقامگیربوو)) بۆ خەرجییەکانی پاراستنی شوێنە مەزهەبییەکان،لە لایەن دەوڵەتەوە یارمەتی وەردەگرێت بەلاّم قەشەکانی پرۆتستانت هیچ مووچەیەك لە لایەن دەوڵەتەوە وەرناگرن.کەنیسە سەبارەت بە کاروباری ئایینەکان و دامەزراندنی ڕابەرەکانیان لە ژێر کۆنترۆڵی پەرلەمان دایە.بەلاّم لە گەڵ ئەمانەشدا کەنیسەی ئانگلیکەنی ئینگلیز هاوشێوەی ((کەنیسەیەکی دەوڵەتی)) وەك کەنیسەی پرۆتستانتی دانیمارك نییە.لەم وڵاتە بە هەمان شێوە کە دەبیینین کەنیسە وەك یەکێك لە فەرمانگەکانی دەوڵەت هەژمار دەکرێت.لە بواری دەرفەتی کارکردندا بە تایبەت لە ناوەندی پەروەردە و فێرکردن کەنیسەی ئانگلیکەن بە بەراورد لە گەڵ ئایینە مەسیحییەکانی تر لە ئینگلیزدا لە دەستکەوتێکی زیاترەوە بەهرەمەند نییە.

1.Etablissement



بەلاّم ئەم بارودۆخە تەنیا تایبەتە بەئینگلیزەوە.لە وڵاتی گال[1] (لە ١٩٢٠) و لە ئێرلەندای باکوور،کەنیسەی ئانگلیکەن بەرامبەر بە دەوڵەت سەربەخۆیە:لە ئێسکۆتلەنداش کەنیسەی پێرسبیتریەن[2](کە لقێکی جیابووەوەیە لە کالڤینیسم) سەربەخۆیە.لە هەر سێ ناوچەکەدا ((جیابوونەوەی دەوڵەت و کەنیسە)) بەرچاو دەکەوێت.بەلاّم نەبوونی لاییسیتە لە ئینگلیزدا هیچ کاتێك نەبووەتە هۆی ڕەچاونەکردنی ئازادییە مەزهەبییەکان،چونکە بە فەرمی دان بە هەموو ئازادییە مەزهەبییەکان نراوە.ئەو کەنیسانەش کە ئانگلیکەن نین و بە تایبەت کەنیسەی کاتۆلیك بەهرەمەندن لە ئازادییەکی تەواو بە بێ دەستێوەردانی دەوڵەت.لە ژیانی ڕۆژانە دا ڕێز لە بیروباوەڕە مەزهەبییەکان دەگیرێ و هەر لەبەر بیروباوەڕی مەزهەبی دەتوانی خزمەتی سەربازی نەکەیت.زۆربەی قوتابخانە پەیوەستەکانی ئینگلیز بە هەر دوو کەنیسەی ئانگلیکەن و کاتۆلیك، لە لایەن دەوڵەتەوە یارمەتی دەدرێن،قوتابخانەی یەهوودی و موسڵمانیش بوونی هەیە کە یەکەمیان لە لایەن دەوڵەتەوە یارمەتی وەردەگرێ.بە پێی یاسای ١٩٤٤ سەبارەت بە خوێندن لە قوتابخانەکاندا خوێندنی ئایینەکان و دۆعای (گشتی مەسیحی) دەمەوبەیان لە هەموو قوتابخانەکان دا دەبێت ئەنجام بدرێت.بەلاّم خوێندنی ئایینەکان خەسڵەتی خوێندنی ڕێساکانی ئایینی پێوە دیار نییە بەڵکو زیاتر مەبەست ئاشناکردنی قوتابیانە لە گەڵ مەزهەبە گەورە مەسیحی و نا مەسیحییەکاندا.ئازادییە مەزهەبییەکان هەمووی بەرهەمی ئەو گۆڕانە قولانەیە کە بە پێی لۆژیکی سێکولاریزاسیۆن لەم وڵاتەدا ڕوویانداوە.

1.Galles 2.Presbyterien

دەستکەوتنی ئەم ئازادییانە و یەکسانی مافی هەموو ئایین و مەزهەبەکان لە ئینگلیزدا بەدی نەدەهات تاوەکو لە ڕێگای تێکۆشانی کەنیسە مەزهەبییەکان و بە تایبەت بەرگری کۆمەڵێك کەنیسەی بەناو ئازادی،وەك پرۆتستانت بوونی ئەمە ڕەخسا.تێگەیشتن لە مێژووی ئینگلیز تەنیا لە چوارچێوەی ڕۆڵی ناپارێزکارانەی ئەمانەو بە شێوەیەکی گشتی لە ئەنجامی ڕۆڵی پلورالیسمی مەزهەبی و مەسیحییەوە دەستەبەر دەبێت.فراوان کردن و پەرەپێدانی هەموو مەزهەبەکان لە هەمان کاتدا بە مانای ((بەتاڵکردنەوەی)) بارودۆخ و ڕۆڵی لەباری کەنیسەی ئانگلیکەنەوەیە.( ((بەتاڵکردنەوە[1])) یا ((خاڵی کردنەوە چەمکێکە کە فرانسواز شامپیۆن بە کاری دەبات و من ئەمەم لێرەدا لە ئەوەوە وەرگرتووە ).

ئەم ((بەتاڵبوونەوەیە)) هاوکات بەرهەمی ئەو ڕۆڵەیە کە لە سەدەی بیستەم دا دامەزراوە گشتی و خزمەتگوزارییە گشتی یەکانی دەوڵەت[2] بینیویانە.

— لە ١٨٦٩دا، یاسایەك ((سەبارەت بە پێکەوە هەڵکردن)) (ڕەواپێبەخشین) بۆ لقە سەرەکییەکانی پرۆتستانت لە ئینگلیزدا،دان بە چەند ئازادییەکی سنووردار دەنێت.

— لە ١٨٢٨ دا، هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایانەی کە ڕێگری دەکات لە بەشداری کردنی پرۆتستانتە ناپارێزکارەکان لە بەڕێوەبردنی شارەوانییەکاندا.

— لە ١٨٢٩دا، کاتۆلیکەکان بەهرەمەند دەبن لە مافی هاوولاتی بووندا.

— لە ١٨٥٨دا،هەڵوەشاندنەوەی دوایین ئەو جیاکارییانەی دژ بە یەهوود.

— لە ١٨٧٠،یاسای فۆرێستەرچەند ئاسان کارییەك لە ڕێگای دروستکردنی قوتابخانە سەرەتاییە دەوڵەتییەکاندا دەستەبەر دەکات،لە هەمان کاتدا کە قوتابخانە مەزهەبییەکانیش تارادەیەك ئەم مافەیان هەیە.

1.evidement 2.service publics



— لە ١٨٧١ دا،هەڵوەشاندنەوەی ملکەچ بوون بۆ ئانگلیکانیسم لە پەیوەندی لە گەڵ هەڵبژاردنی مامۆستایانی زانکۆی ئاکسفۆرد و کەمبریج.

ئەمڕۆ لە بواری پەیوەندییەکانی دەوڵەت و کەنیسە و بە گشتی سەبارەت بە ڕۆڵ و هەڵوومەجی کەنیسەی ئانگلیکەن لە ئینگلیزدا،هەم لە ناوەوەی کەنیسە و هەم لە کۆمەڵگای سیاسیشدا چەند ناکۆکی و جیاوازییەکی بەرچاو دروست بووە.لە لایەك ((پارێزکاران)) خوازیاری پارستنی ئەم کەنیسەیەی ئێستان وەك نوێنەری زۆرینەی میللەت،لە لایەکی ترەوە ((مۆدێرنەکان)) لە دەوڵەت داوای زیاتری گونجاندنی کەنیسە لە گەڵ گۆڕانە کۆمەلایەتییەکان دەکەن و هەروەها داوای سەربەخۆیی زیاتری دەوڵەت دەکەن.هەندێ کەسیش داوای ((لێدانی سەقامگیربوونی[1] )) کەنیسە دەکەن.بەلام لە گەڵ ئەمانەشدا تاوەکو ئەمڕۆ کێشەی ((کەنیسەی نەتەوەیی)) لە ئینگلیزدا لە لایەن هیچ هێزێکەوە چ مەزهەبی بێت و چ سیاسی و یا لایێك نەبووەتە هۆکاری دروست بوونی شەڕ و کێشە نانەوە.

**ئەنجام:**

لە ئینگلیزدا پرۆسەی سێکولاریزاسیۆن بە مانای گۆڕانی هاوکاتی دەوڵەت و کەنیسەیە بەرۆ دونیایی بوون و چوونە دەرەوە لە ((سەرۆکایەتی ئایین و کەنیسە)) لە ((بەتاڵبوونەوەی)) پێگەی لە بار و تایبەتی ئانگلیکەنیسمەوە دەگاتە ئەنجام.

1.desetablissement

ئەم کەنیسە ((سەقامگیر)) بووە زیاتر لە جاران ڕۆڵی خۆی وەك پاسەوان و ڕەواپێدراوی سیاسی و نوێنەری تەواوی میللەت لە کیس دەچێت.کەنیسەی ئانگلیکەن زیاتر بووە بە سەمبولێکی سادە:سەمبولی شوناسی نەتەوەیی کە لە گەڵ مەسیحییەت دا یەکدەگرێتەوە و سەمبولی دەوڵەت کە دەیەوێ بە شێوازێك گەڕانەوە بۆ مەسیحییەت و هاوکات ڕەوا بەخشین بە خۆی بپارێزێت.

## دانیمارك

دانیمارکیش دیاردەیەك بە ناوی لاییسیتەوە ناناسێت.چونکە کەنیسەی کاتۆلیك و دەوڵەت لێرەدا هیچ کاتێك لە یەك جیانەبوونەتەوەو جوداش نین.یەکەمین دەستووری دانیمارك لە ساڵی ١٨٤٩ دا ڕادەگەینرێت کە لۆتەریسم دەبێتە ((مەزهەبی نەتەوەیی گەلی دانیمارك)) و هەروەها تەواوی ئازادییە مەزهەبییەکانیش دابین دەکرێن.لە ساڵی ١٨٨٦ دا تاوانی سووکایەتی کردن بە تەواوی ئەو مەزهەبانەی کە بە شێوەیەکی یاسایی لە وڵاتدا سەقامگیر بوونە پەرە دەسێنێ.دەستووری ١٩٥٣ پێگەی کەنیسەی پرۆتستانت لە دانیمارك دا دیاری دەکات:کەنیسەی ئینجیلی لۆتەری (مادەی ٤ی دەستوور) کە٩٠٪ خەڵك لە خۆ دەگرێ،هەر بۆیە ((لە لایەن دەوڵەتەوە لایەنگری لێدەگرێت)) (ماددەی ٦٦).پاشای دانیمارك دەبێت پەیوەست بێت بەم کەنیسەوە.(ماددەی ٦).لە ناو حکومەتدا وەزیری کاروباری مەزهەب،وەك پاشا بەڕێوەبردنی ناوەندی کەنیسەی لە ئەستۆدایە.پەرلەمان سەبارەت بە کاروباری کەنیسە یاسا دادەنێت و ئەنجوومەنی باڵای وڵات سەبارەت بە کاروباری مەزهەبی دەسەڵاتی باشیان هەیە.کەنیسە کۆمەڵێك ئەرکی دەوڵەتی وەك ڕەگەزنامە و کاروباری بە خاك سپاردن و هتد لە ئەستۆدایە.بەم شێوەیە لە دانیمارك دا ئێمە ڕووبەڕووی ((کەنیسەیەکی دەوڵەتی)) ڕاستەقینە دەبینەوە کە هیچ جۆرە ئۆرگانیزەکردنێکی ناوەندی سەربەخۆی نییە و بە



تەواوی پەیوەستە بە دەوڵەتەوە.لە گەڵ ئەمانەشدا پارۆدۆکسی ئەم بابەتە لێرەدایە کە ملکەچ بوونی کەنیسە بۆ دەوڵەت،نەك نەبووەتە لەمپەڕ لە بەرامبەر ئازادییە مەزهەبییەکان بەڵکو تەنانەت پەرەپێدانی ئەم ئازادییانەشی ئاسان کردووە.لە دەستووردا ئازادییە مەدەنییەکان بە تەواوی دابین کراون لەوانە:

ئازادی جێبەجێکردنی کاروبارە مەزهەبییەکان،ئازادی بیروباوەڕە مەزهەبییەکان،تەنانەت دامەزراندنی ڕێکخرا و کۆمەڵەش بە بێ ئاگادار کردنەوەی پێشتر...ئەمڕۆ لە دانیمارکدا دان بە یانزە ((مەزهەبی خاوەن بیروڕا جیاوازدا)) نراوە کە یاسا پێگەی ئەمانەی دیاریکردووە.لایەنگرانی ئەم ئایینانە لە پێناو چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیان دا لە لایەن دەوڵەتەوە یارمەتی دارایی وەردەگرن.بە هەمان شێوە کە وترا لە سەرەتای دەوڵەتی مۆدێرنەوە لە دانیمارك پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کەنیسەی لۆتەری بەردەوامە.ئەم بەردەوامییە لە هەمان کاتدا گۆڕانێکی قووڵی لێدەکەوێتەوە.لە ڕاستیدا بە ناوی ئازادی مەزهەبی و بە شێوەیەکی گشتی ئازادی تاکەکەسی یە کە لۆتەریسم وەك ((مەزهەبی نەتەوەیی)) دەبێتە دامەزراوەیەك.دەوڵەت بە بە سەرپەرشتی کردنی کەنیسە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دابین کردنی پلورالیسمی مەزهەبی و هەروەها داکۆکی کردن لە سەربەخۆیی قەشەکان بەرامبەر بە ئەسقەفەکان و هەروەها پاسەوانی خەڵکی ئیماندار بەرامبەر بە کەنیسە.لێرەدا ڕۆڵ و کاریگەری ڕەوتی سێکۆلاریست و چاکسازی خوازی ناوەوەی کەنیسە گرنییەکی زۆری هەیە.لێرەدا دەبێت بە تایبەت ناوی نیکۆلای گرۆندڤیج[1] (١٨٧٢ـ١٧٨٣) قەشەی پرۆتستانت و یەزدان ناس و چاکسازی کەری نەتەوەیی و مەزهەبی و دامەزرێنەری ڕێبازی گرۆندڤیجیزم بهێنین.تیۆرەکانی گرۆندڤیج زیاتر لە هەموو شتێك لە سێکولاریزاسیۆنی هاوبەشی هەم کۆمەڵگا و هەم کەنیسەدا و لە گەڵ ئەو پۆلێنکردنە پسپۆڕانە

و جێکەوتووەدا ڕۆڵی باشیان بینیبووە.گرۆندڤیج لە ناو ئایینەکاندا داکۆکی لە ئەو کەنیسەیە دەکرد کە تەنیا خەریکی کاروباری مەزهەبی بێت.لەم لایەنەوە ئەو کەنیسەی لۆتەری بە دڵ بوو چونکە لایەنگری لە دەوڵەت دەکرد و لەم ڕێگایەشەوە هاوتەریب دەبوو لە گەڵ دەسەلاتی سیاسیدا.ڕیفۆرمەکانی لۆتەری لە دانیمارکدا بە قووڵی کاریگەری کردە سەر ژیان و ئۆرگانیزەکردنی کەنیسە و بووە هۆی دیموکراتیزاسیۆنی دامەزراوەی ئایین.لێرەدا ئاماژە بە چەند بابەتێك دەکەین:

ـــ ماف دەدرێت بە هەر قەشەیەك بۆ هەڵبژاردنی ئازادانەی کەنیسەی کەرتی خویدا[2] (یاسای ١٨٨٥).

ـــ ماف دەدرێت بە هەر کۆمەڵێکی بیست خێزانی بۆ دروستکردنی ئازادانەی کەنیسەی کەرتی خۆیاندا (یاسای ١٨٦٨).

ـــ دانانی ئەنجوومەنە ناوچەییەکانی کەنیسە بە هەڵبژاردن (١٩٠٣).

ـــ دانانی ئەسقەفەکان بە هەڵبژاردن لە لایەن ئەو ئەنجوومەنانەی کە خۆیشیان هەڵبژێردراون (یاسای ١٩٢٢).

ـــ مافی بەدەست هێنانی پلەی قەشەیی لە لایەن ژنانەوە (یاسای ١٩٤٦).

ئەم چاکسازییانەی سەرەوە هەڵبەت لە لایەن بەشی پارێزکارانی کاربەدەستە ئایینی و کەنیسەییەکان ڕووبەڕووی دژایەتی کردن بووەوە بەڵام لە بەر ئەوەی کە دەوڵەت چەند لایەنگرێکی بە هێزی لە ناو کەنیسەدا هەبوو و هەروەها کەنیسەی لۆتەریش خۆی ڕابەرێکی دۆگما خوازی نەبوو ئەم چاکسازییانە بە شێوەیەکی ئاشتییانە جێبەجێکران.

1.N,F.S. Grundtvig 2.paroisse



ئەمڕۆ ئیتر لە دانیمارکدا شێوازێکی دژە کلریکالی (دژایەتی کاربەدەست سالاری ئایینی) بوونی نییە.بەم شێوەیە سۆسیالیست دیموکراتەکان سەرەتا لە بەرنامەکانی خۆیاندا بابەتی جیاکردنەوەی کەنیسە و دەوڵەتیان دانا بوو.ئەوان ڕایان وابوو کە مەزهەب دەبێت بابەتێکی تاکەکەسی بێت بەڵام لە سەرەتای سالانی ١٩٢٠ دا بیروڕایان گۆڕا و بە دامەزراوەیی بوونی ((کەنیسەی نەتەوەیی)) یان قبوول کرد و لە باتی پرۆژەی ((جیاکردنەوە)) بە دیموکراتی کردنی کەنیسە و بەشەکانی تری کۆمەڵگایان وەك ئەرکێکی سەرەکی کرد بە ئامانجی خۆیان.

ئەنجام:

لە دانیمارك دا کەنیسەی لۆتەری لە پلەی کەنیسەیەکی نەتەوەیی دا وەك بەشێك لە دەوڵەت هەژمار دەکرێت و ئەمە بە واتای ئەوەیە لەم وڵاتەدا هەر وەك ئینگلیز لاییسیتە بە مانای جیاکردنەوەی دەوڵەت و کەنیسە بوونی نییە .بەڵام لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا جیاوازییەك بەر چاو دەکەوێ:لۆتەریسم لە دانیمارك دا دیاریکەری شوناسێکی کولتوورییە نەك سیاسی،لە کاتێکدا لە ئینگلیزدا شوناسێکی سیاسی هەیە،واتە لەوێدا کەنیسەی ئەنگلیکەن لە پلەی ((ئایینی سەقامگیربوو)) هاوکات دەیەوێ وەرگێڕانی سەمبولی دەسەلاتێکی سیاسی بێت کە بە شێوەیەك دەگەڕێتەوە بۆ ئایین.

## ئەو وڵاتانەی کە چەند مەزهەبێکی تێدایە

### هۆڵەندا

لە هۆڵەندا چەند مەزهەبێکی سەرەکی بەدی دەکرێت:کەنیسەی ڕیفۆرمەی(یا کالڤینیست) و کەنیسەی کاتۆلیك کە کەمینەیە،بەڵام کەنیسەیەکی گەورە پێك دەهێنێ.ئێمە لێرەدا لە گەڵ بارودۆخی وڵاتێکی چەند مەزهەبی[1] دا ڕووبەڕوو دەبینەوە.کالڤینیسم تا کۆتایی سەدەی هەژدەیەم بە ((مەزهەبی فەرمی)) وڵات دادەنرا،بەڵام لە دوای شۆڕشی فەرەنسا و دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی ئەم وڵاتە لە وڵاتە یەکگرتووەکان (واتە هۆڵەندای ئێستا)،((کەنیسەی فەرمی))هەڵدەوەشێتەوە و ((جیاکردنەوەی دەوڵەت و کەنیسە)) لە ساڵی ١٧٩٨ ڕادەگەیەنرێت.لە گەڵ ئەمانەشدا لە سەدەی نۆزدەهەم دا هاوکات پەیوەندی دەوڵەت لە گەڵ کەنیسەی کالڤینیست دا پارێزراو دەبێت،دەستووری ساڵی ١٨٤٨ لە بەشێکدا لە ژێر ناونیشانی ((سەبارەت بە مەزهەبەکان)) پەیوەندییەکانی دەوڵەت لە گەڵ کەنیسەکان دیاری دەکات.لە ساڵی ١٩٨٣ دا لە پێداچوونەوەیەکی دەستووردا ئەم بەشەی ناوبراو بە تەواوی لادەبرێت و تەنیا ئازادیيە مەزهەبییەکان دەمێنێتەوە:((هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە و ئازادە کە بانگەشە بۆ مەزهەب یان بیروڕای خۆی چ بە شێوەی تاك بێت یان گشتی بکات)) (ماددەی ٦).ساڵێك پێش چاکسازی دەستوور یارمەتییە داراییەکانی دەوڵەت بۆ کەنیسەکانی پرۆتستانت و کۆمەڵگای یەهودییەکان دەپچڕێت"ئەم یارمەتییانە پێك دێت لە مووچە پێدانی کاربەدەستانی ئایینی و دابینکردنی بووجەی ئیداری کەنیسە.لەمە بەدواوە کەنیسە وەك جێگایەکی ئەخلاقی بەهرەمەند دەبێت لە مافە تایبەتییەکان و بە فەرمی دانی پێدادەنرێت و لە ئەنجامدا سەربەخۆیی ئابووری خۆی بە دەست دێنێت.دەوڵەتی هۆڵەندا بە

---

[1].pluri-confessionnel



پلە ساڵی ١٩١٧ دا سیستمی خوێندنی هۆڵەندا لە سەر بنەمای یەکسانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتی کە حەفتا لە سەدی لە دەستی کەنیسەدایە (بە تایبەت کەنیسەی کاتۆلیك) دیاری دەکرێت.دەوڵەت بە تەواوی بووجەی قوتابخانە سەرەتاییە تایبەتییەکان دابین دەکات و تاڕادەیەکیش خەرجییەکانی قوتابخانە تایبەتییەکانی تر لە ئاستی ناوەندی و باڵا و تەنانەت زانکۆکانی کاتۆلیك و پرۆتستانتیش دابین دەکات.سەقامگیر بوونی سیستمێکی وا دوو لایەنە لە ڕاستیدا بە مانای شکست هێنانی ئەو لیبراڵە لاییکانە دێت کە سەرەتا لایەنگیرییان دەکرد لە سیستمێکی گەورەی خوێندنی گشتی و لاییك و کۆمەڵگایەکیش کە پێکهاتبێت لە ((کەسایەتی ڕاستەقینە)) بە بێ گوێدان بۆ باگراوندی مەزهەبی و فەلسەفی ئەوان.بەڵام سەرەنجام ڕۆدەچن بۆ ڕێکخستنی ((قوتابخانەیەکی دوو لایەنە)) لە سیستمی خوێندن دا لە گەڵ ((بناغە بەندی)) کۆمەڵگادا.لە هۆڵەندا لە سەرەتای دەیەی ١٩٢٠ دا هاوکات کە لە بەلژیکاش بە دیان کرد سیستمێك لە سەر بنەمای ((بناغەکان[1])) سەقامگیر دەبێت.ئەم بناغە تایبەتییە بە شێوەیەکی توندوتۆڵ تا ساڵانی ١٩٦٠ بەردەوام دەبێت و دوای ئەوە تووشی بێ هێزبوون و قەیران دەبێت،کە ئەمە لە هەر سێ بناغەی پرۆتستانت و کاتۆلیك و هۆمانیست پێك دێت کە ئەمانە خۆیان بە ڕەوتە هزرییە سەرەکییەکانی هۆڵەندا هەژمار دەکرێن.هەر یەك لەم بناغانەی کە ناومان هێنا،دامەزراوەی جیاوازی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری تایبەت بە خۆیان هەبوو وەك:پارتە سیاسییەکان،سەندیکاکان،بنکە خێرخوازییەکان،نەخۆشخانە کان، قوتابخانەکان،زانکۆکان،ئەنجوومەنە ڕۆشنبیرییەکان،میدیای هەواڵەکان وەك ڕۆژنامە،گۆڤار،ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و هتد.ئەم ((بناغانە)) لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیشدا بەهرەمەند بوون لە یارمەتی دارایی دەوڵەت دا.بناغەی کاتۆلیك هەر لە سەرەتا پوخت ترین و هەماهەنگ ترین بناغە بوو و هەم بە

بەراورد لە گەڵ بناغەکانی تر خاوەن بەرگرییەکی زیاتر بوو.بناغەی پرۆتستانت بە هۆی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی نێوان ((میانڕەوەکان)) و ((نەریت خوازەکان)) کە ئەمانیش هەمان بیروڕای پرۆتستانتەکانیان هەبوو،پەیوەست بوونێکی کەمتری هەبوو.بناغەی هۆمانیست هەم ئەو پرۆتستانتانە دەگرێتەوە کە خۆیان لە بناغەی پرۆتستانت نەدەزانی و هەم زیاتر ئەوانەی لە خۆ دەگرت کە بیروڕای ئازادیان هەبوو.ئەم بناغەیە لە ڕاستیدا لە دوو کەرتی جیاوازی لیبراڵی و سۆسیالیستی پێك دەهات.ئەم دوانە بە بەراورد لە گەڵ بناغەکانی کاتۆلیك و پرۆتستانت سنووردار و ناتەواو بوون و تەنانەت بناغەی لیبراڵ خاوەن قوتابخانەیەکیش نەبوو.

((بناغەبەندی))) کۆمەڵگای هۆڵەندا لە گەڵ ئەوەی کە لێکچوونێکی زۆری لە گەڵ پێکهاتەی کۆمەڵگای بەلژیکادا هەبوو، بەڵام لە لۆژیکێکی جیاوازەوە هەڵدەقوولا. لە بەلژیکادا ئەو سیستمەی کە لەسەر بنەمای ((بناغەکان)) پێك دێت بەرهەمی پرۆسەی ئەو تێکۆشانانەیە کە تا ساڵانی ١٩٦٠دا لە نێوان لاییسیتە و کەنیسەدا بەردەوام دەبێت لە گەڵ ئەوەی کە ((بناغەبەندی)) کۆمەڵگای هۆڵەندا بەرهەمی سیستمێکی ئاشتەوایی بوو کە لە سەدەی نۆزدەهەم دا لە نێوان لایەنە جیاوازەکان لە سەر قبووڵکردنی پۆلێن کردنە مەزهەبییەکان و پێویستی ((پێکەوە هەڵکردن))و((گفتگۆ)) دا بەرقەرار دەبێت.بەڵام بەهەمان شێوە کە ئاماژەمان بۆکرد سیستمی ((بناغەبەندی)) هۆڵەندا لە دوای دەیەی شەستی سەدەی بیستەمدا بە هۆی بە مۆدێرنە بوونی ئابووری و پەرەپێدانی دەوڵەتی خۆش بژێوی و گۆڕانکاری[1] لە بەهای داب و نەریتەکان کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە گشتی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان و بە تایبەت کۆمەڵگای هۆڵەندیش گۆڕانی بە سەر دابێت،جێ لەق دەبێت.



لەمە بەدواوە ئێمە ڕووبەڕووی جوولەیەکی پێچەوانە دەبینەوە بەرەو ((بناغە سڕینەوە)) یا ((لەمپەڕسڕینەوە)) لە کۆمەڵگادا کە هاوسەرگیریی (تێکەڵاوەکان)) بە یەیێك لە لایەنە بەرجەستەکانی هەژمار دەکرێت.لە نێوان تەواوی وڵاتە ئەوروپاییەکان هۆڵەندا زۆرترین ڕێژەی خەڵکی تێدایە کە خۆیان بە ((بێ مەزهەب)) ناساندووە،واتە نزیکەی ٥٠٪ی دانیشتوانەکەی.

ئەڵمانیا

لە ئەڵمانیادا دیاردەیەك بە ناوی ((ئایینی دەوڵەتی)) یا ((کەنیسەی نەتەوەییەوە)) بوونی نییە.هەم لە دەستووری ڤایمارلە ساڵی ١٩١٩ (ماددەی ١٣٧) و هەم لە بناغەیاسای ١٩٤٩ دا کە لە دوای جەنگی جیهانی دووەم لە سەر بنەمای دەستووری یەکەمسدا داڕێژرا (ماددەی ١٤٠)،بە ڕاشکاوی ڕاگەیەنراوە کە لە ئەڵمانیا((کەنیسەیەکی دەوڵەتی بوونی نییە)).دەوڵەتی ئەڵمانیا سەبارەت بە مەزهەب بێ لایەنە لە بەر ئەمەش دەکرێ بوترێ کە دەوڵەتێکی لاییکە بەڵام بە تەواوی لە ئایین جودا نییە چونکە پەیوەندییەکانی لە گەڵ کەنیسە جیاوازەکاندا پاراستووە.هەم دەستووری ١٩١٩ و هەم بناغە یاسای ١٩٤٩ لە چەند بەندێکی جیاوازدا ئەم پەیوەندییانەیان دەستنیشان کردووە.

1.mutation

ئەڵمانیا لە هەمان کاتدا کۆمارێکی فیدراڵە و هەر ناوچەیەکی (لاندێر[1]) بە پێی بناغەیاساکە دەستووری تایبەت بە خۆی هەیە کە دەکرێت لە گەڵ دەستووری لاندێرێکی تردا جیاوازی هەبێت.لە بواری پەیوەندییەکانی دەوڵەت و کەنیسەکان دا هەندێك لە یاسای لاندێرەکان وەك دەستووری
رینانی ـ پالاتینات[2] و یا باد ـ ڤۆرتێمبێرگ[3]،زیاتر لە ڕێکخستنەکانی بناغە یاساکە هاوکاری نێوان دەوڵەت و کەنیسە بە هێز دەکات.
هەندێکی تر وەك دەستووری برێمە[4] و هێسێ[5] لە ئەو ئاستە دیاریکراوەی کە بناغە یاساکە دیاری کردووە تێناپەڕن.تەنیا لە دەستووری هامبۆرگ دا بە ڕاشکاوی هاتووە کە یاسا دەبێت
ناوەندەکانی کاری دەوڵەت و کەنیسە بە ڕوونی لەیەك جیابکاتەوە و هەر جۆرە دەستێوەردانێکی ئەم دوو لایەنە بۆ کاروباری یەکتر قەدەغە بکات.
کەنیسەی کاتۆلیکی ئەڵمانیا هاوکات ڕێکەوتننامەکەی ١٩٣٢ لە گەڵ ڤاتیکاندا بە باوەڕپێکراو هەژمار دەکات و حەوت لاندێرەکەی ئەڵمانیا لە گەڵ ڤاتیکاندا چەند ڕێکەوتننامەیەکەیان واژوو کردووە.بە پێی بناغە یاساکە کەنیسەکانی ئەڵمانیا ئازادی و دەسەلاتێکی ئابووری ـ کۆمەلایەتی بەرچاویان هەیە.لێرەدا ئازادی کەنیسە بە مانای ئازادییەتی لە ئۆرگانیزە کردنی سەربەخۆییانەی خۆی بەبێ هیچ سنووردانان و دەستێوەردانێکی دەوڵەتەوە.(بناغە یاساکە،ماددەی١٣٧).

---

1.Lander
21.Rhenanie-palatinat 3.Bade-wurtemberg 4.Breme 5.Hesse



کەنیسەکان بە پێی (ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان بە مافە گشتی یەکانەوە) بەشێك لە باجەکان بۆ خۆیان دەبەن.ئەم باجانە لە گەڵ ئەو یارمەتییە باشانەی دەوڵەت لە پێناو چالاکییە کۆمەلایەتییەکانی کەنیسەکان،لە بورای پەروەردە و فێرکردن و تەندروستی و باخچەی منالاڵن و هتد......بنەمایەکی بە هێزی ئابووری دەبەخشێتە کەنیسەکان.
کەنیسەکانی ئەڵمانیا هەر وەك ((دامەزراوەگشتی یەکان)) لە بوارە جیاوازە کۆمەلایەتییەکاندا ئامادە بوونیان هەیە و ڕۆڵیان لە لایەن دەوڵەتەوە بە فەرمی دانی پێدانراوە.کەنیسەکان لە سوپا،نەخۆشخانەکان،بەندیخانەکان و دامەزراوە گشتی یەکانی تردا چالاکی دەنوێنن.یەکێك لە گرنگترین ئەو بوارانەی کە کەنیسە دەستێوەردانی تێدا دەکات پەروەردە و فێرکردنە.بە پێی بناغەیاساکە (ماددەی حەوتەم،دێڕی ٣) ((خوێندنی ئایینی یەکێکە لە وانە باوەکانی قوتابخانە گشتی یەکان)) و ((ئەم خوێندنە بە پێی ڕێسای مەزهەبەکان دەوترێتەوە)).لە گەڵ ئەمەشدا دەوڵەت ((مافی چاودێری کردنی)) هەیە و نابێت هیچ مامۆستایەك بە پێچەوانەی حەزی خۆیەوە ناچار بکرێ بۆ ووتنەوەی وانەی مەزهەبی.بەلاّم بە دامەزراوەیی بوونی ڕۆڵی کەنیسەکان لە ((کەرتی گشتی)) دا ڕێگری ناکات لە بەدی هاتنی ئازادییە مەزهەبییەکان دا.دەستووری ١٩٤٩ بە فەرمی ((ئازادی ئیمان و ویژدان)) و ((ئازادی بیروباوەڕی فەلسەفی و مەزهەبی)) دابین دەکات.(ماددەی ٤ ،بڕگەی ١).هەروەها یاسا ((ئازادی لە جێبەجێکردنی ئەرکە ئایینی یەکاندا)) دابین دەکات.(ماددەی ٤ ،بڕگەی ٢).لە کاتی جەنگدا نابێت هیچ کەسێك ناچار بکرێ بۆ خزمەتی سەربازی ((بە پێچەوانەی ویژدانییەوە)) یان لە بەر هۆکاری مەزهەبی یا نامەزهەبی.(ماددەی ٤ ،بڕگەی٣).بەم شێوەیە ئازادی مەزهەب لە مانایەکی بەرفراواندا باسی لێوەدەکرێت و لە بنەماوە هیچ سنوورێکی بۆ دیاری ناکرێت.ئازادی مەزهەبی تەنیا پێك نایەت لە بیروباوەڕ و

داب و نەریتی ئایینی یەوە بەڵکو هەموو ڕەفتار و ئاماجێکی مەزهەبیش لە خۆدەگرێت.لە تێڕوانینێکی مێژووییەوە دەتوانی بڵێی بناغەیاسای ١٩٤٩ لە بواری پەیوەندییەکانی دەوڵەت و کەنیسەکان لە ئەڵمانیادا بەردەوام بوونی بە جێی ئەو ڕیسایانەیە کە لە دەستووری ڤایمار دا دەستنیشان کرابوو واتە:ئازادی تەواوی مەزهەبی،ڕاگەیاندنی بێ لایەنی دەوڵەت و بە دامەزراوەیی بوونی کەنیسەکان وەك ((ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان بە مافی گشتی یەوە)).بەلاّم لە گەڵ ئەمانەشدا بناغە یاساکە لە ماددەی ٤ی خۆیدا بە پەرە پێدانی ناوەندی چالاکی کەنیسەکان و دابین کردنی ئازادییەکانی کەنیسە لە لایەن دەوڵەتەوە،زۆر لەو ڕێکخستنانەی دەستووری ١٩١٩دا دەڕواتە پێشەوەو خوێندنەوەیەکی نوێ و جیاوازی لێوە دەخاتە ڕوو.دوای جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٨) یەکەمین هەنگاوی ئەم کۆمارە گەنجەی ئەڵمانیا بە ڕابەرایەتی سۆسیالیستەکان زۆر ڕاشکاوانە دژ بە کلریکاڵ بوو.لە هەمان کاتدا کە ڕژێمی کۆماری ئازادییە مەزهەبییەکان دەچەسپێنێ و ((بێ لایەنی)) دەوڵەت سەبارەت بە کەنیسەکان ڕادەگەیەنێت (تا ئەو کاتە لە ئەڵمانیا کەنیسەکان بە ((کەنیسەی دەوڵەتی)) هەژمار دەکران)،چەند سیاسەتێکی دژە کەنیسەیی توندیش بە تایبەت دژ بە قوتابخانە مەزهەبییەکان و خوێندنی ئایینی دەنوێنێ.بەلاّم ئەم هەنگاوە ڕادیکالانە لە لایەن هەر دوو کەنیسەی گەورەی کاتۆلیك و پرۆتستانت بەرەنگاری دژایەتی و بەرگری دەبێتەوە و لە ئەنجامدا دەستووری ڤایمار چەند دەستکەوتێکی زۆر لە کۆمەڵگای ئەڵمانیادا دەبەخشێتە کەنیسە.ئەگەر چی کەنیسەکانی ئەڵمانیا خەسڵەتی ((دەوڵەتی[1] )) خۆیان لە دەست دا،بەلاّم لە ئەنجامدا گۆڕان بۆ ((کەنیسەکانی گەل[2])) ی ئەو ولاّتە کە خۆبەخۆ هەموو ئەڵمانییەکانی جگە لەوانەی کە بە ڕاشکاوی پەیوەست نەبوونی خۆیان بۆ کەنیسەکان ڕادەگەیاند،لە خۆ دەگرت.

1.Staatkirchen 2.Volkskirchen



دەستووری ١٩١٩ چونکە ماف و دەستکەوتیکی زۆری بەخشیە کەنیسە بۆیە لە لە لایەن پارتی کاتۆلیکەوە Zenturm لایەنگری لێکرا لە کاتێکدا کەنیسە و ڕای گشتی کاتۆلیك زۆربەیان دژ بە ((دەوڵەتی بێ خودا)) و ((ئەو دەستوورەی کە لە سەر بنەمای ئایین نەبووە)) بوونەوە.لە لایەکی ترەوە پرۆتستانتیسمی ئەڵمانیا تایبەتمەندییەکی مێژوویی خۆی هەیە.هەڵبەت لێرەشدا وەك هۆڵەندا و ولاّتە پرۆتستانتەکانی تر،ڕەوتێکی لیبراڵی لە ناوەوەی پرۆتستانتیسم دا گەشە دەکات کە لە ژێر کاریگەری ڕۆشنگەری[1] و ئەو لۆتەریستانەی وەك
ترۆئیلتیچ[2] و شلایرماخێر[3] و فۆن هێرناك[4] دایە،کە ئەمانە لایەنگری ڕزگاربوونی کۆمەڵگان لە ژێر دەستی کەنیسە و ئایین.پرۆتستانتیسمی ئەڵمانیا کە بەهێزترین ڕەوتی،ڕەوتی لۆتەری و تاڕادەیەك کالڤینیستی یە،کە لە هاوکاری لە گەڵ دەوڵەتدا بۆ پێکهێنانی ئەو شتەی کە ناوی لێدەنێن ((ڕۆحی پرۆس)) بە تەواوی بەشداری دەکات.ئەمە هەمان ((کولتسوور)) یا ((ئایدۆلۆجیای ئەڵمانییە)) کە بە پێی تێڕوانینێکی گشتی لە کۆمەڵگا ڕێگە دەدات بە فیداکاری لە پێناو دەوڵەت و ملکەچ بوون بۆ دەسەلاّتە سەقامگیر بووەکان و تەنانەت ڕۆچوون بەرۆ ڕژێمە ڕەها و دەسەلاّتخوازەکانیش.لە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆجیایەکی وەهادا پرۆتستانتە ئەڵمانییەکان نەك لە گەڵ کاتۆلیکەکاندا لە شەڕ دژ بە کلریکاڵیسم دا یەك نساگرن بەڵکو تەنانەت بە پێچەوانەشەوە،خۆیان دەبنە هەڵگیرسێنەری بزووتنەوەیەکی بەهێزی دژ بە کلریکاڵی:لە نێوان لیبراڵەکان و بە تایبەت لە نێوان سۆسیال دیموکراتەکان خەریك بوو بگۆڕدرێن بۆ هێزێکی کۆمەلاّیەتی و پەرلەمانی گەورە لە ئەڵمانیا دا.

1.Aufklarung 2.E. Troeltsch 3.F. Schleiermacher 4.A. von Harnack

لەم بڕگەیەدا بزووتنەوەی دژە کلریکالی و لاییکی ئەڵمانیا کە سۆسیال دیموکراتەکان سەرۆکایەتی ئەمانە دەکەن ئێمە لە لۆژیکی سێکولاریزاسیۆن دوور دەخاتەوە.لە دوای جەنگی جیهانی دووەم (١٩٤٥) پێشبینی دەکرا کە پرۆسەیەکی هاوشێوەی ڕەوتی ١٩١٨ هەر لە ئەڵمانیا دووبارە ببێتەوە.سۆسیال دیموکراتەکان بۆ جارێکی تر دەبنە بەهێزترین پارتی ئەم وڵاتە و بۆ ئاگاداری،خۆیان بە هۆی تێکەڵبوون لە گەڵ ڕژێمی
نازی دا ڤێزەون نەکردووە (بە هەمان شێوەی کەنیسەی کاتۆلیك) و سوود لەم لایەنەش دەبینن.بەڵام لە گەڵ ئەمانەشدا ئەڵمانیای داگیرکراو،دوای سەرکەوتنی هێزە یەکگرتووەکان بە سەر نازیسم،دەکەوێتە ناو بارودۆخێکی ترەوە.
کۆماری ئەڵمانیا کە لە ساڵی ١٩٤٩ دا لە بارودۆخی ((شەڕی سارد)) دا دروست دەبێت،پێش هەموو شتێك دەبێت ((جەمسەری ئاشتی و برەوی ڕۆژئاوا)) بێت بەرامبەر بە ((ڕۆژهەڵات)).کەواتە لە بەر ئەم مەبەستە و بۆ ڕەوا بەخشین بە دامەزراوە نوێ یەکان و لە گەڵ ئەوەی کە پێشینەیەکی شانازی پێکەریان لە دژایەتی لە گەڵ ڕژێمی نازیدا نییە،کەنیسەکان دەخەنە خزمەتی خۆیانەوە.لە ساڵی ١٩٤٩ دا مەسیحییەت لە تێڕوانینی ئەڵمانییەکان و هێزە داگیرکەرەکان،باشترین شتە کە هاوسەنگی کۆمەڵگا ڕادەگرێت لە سەر بنەمای ((مافی مرۆڤ و دەرەوشاوەیی ئابووری)).
دوای دە ساڵ واتە لە کۆنگرەی بادگۆدێسبێرگ[1] (١٩٥٩) سۆسیال دیموکراتەکانی ئەڵمانیاش ئەم ((بارودۆخە نوێ یە)) لە بەرنامەکانی خۆیاندا بەرجەستە دەکەن واتە:وازهێنان لە هەر گەڕانەوەیەك بۆ مارکسیسم و وازهێنان لە دژایەتی کلریکالی و لە باتی ئەمە پێداگری لە سەر ڕۆڵی گرنگی کەنیسەکان دەکەن لە پێکهێنانی ئەخلاقی کۆمەڵگادا.

1.Bad Godesberg



گەڕانەوە بۆ ڕۆڵی کەنیسە و ئایین لەم بارودۆخە نوێ یەدا،دەتوانرێ لە بناغە یاسای ١٩٤٩ دا بە دی بکرێت.کە لە پێشەکییەکەیدا وا نووسراوە:
((گەلی ئەڵمانیا...بە هۆشیاری لە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە خوا و بەرامبەر بە مرۆڤەکان....)).بەڵام لە دەیەی ١٩٦٠ بە دواوە بە تایبەت لە دوای هەڵوەشاندنەوەی دیواری
بەرلین لە ساڵی ١٩٩١ دا و یەکگرتنی هەر دوو ئەڵمانیا،ئێمە دووبارە بەرەنگاری بارودۆخێکی ناجێگیر دەبینەوە.
لە لایەك هەروەك وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا گۆڕان لە هزرەکان و ڕەفتارە ئەخلاقییەکانی تاکەکان کۆتایی دێنێت بە زاڵ بوونی دامەزراوە مەزهەبییەکان لە سەر کۆمەڵگای ئەڵمانیادا و لە لایەکی ترەوە ڕووداوێکی گرنگی مێژوویی کە دەبێتە هۆی خستنە پاڵی ناوچە ڕۆژهەڵاتییەکانی ئەڵمانیا بۆ سەر کۆماری فیدراڵی لە ساڵی ١٩٩١ دا،هاوسەنگی دەسەڵاتی هێزە مەزهەبییەکان کە جارێکی تر دەبنە زۆرینە،گۆڕانی بە سەردا دێت و ئەمە لە کاتێکدایە کە زۆربەی خەڵکی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتی جاران بە پێچەوانەی کەرتی ڕۆژئاواوە،خۆیان بە ((بێ ئایین)) دەناسێن،بە شێوەیەك کە ئێستا ٢٥%ی دانیشتوانی گشتی ئەڵمانیا باج نادەنە کەنیسە.

## ئەو وڵاتانەی کە ڕووبەڕووی مەسەلەی نەتەوایەتی بوونەتەوە

### ئێرلەندا و یۆنان

پەیوەندییەکانی دەوڵەت و کەنیسە لە هەر دوو وڵاتی ئێرلەندا و یۆنان لە هەلوومەرجێکی تایبەتدا ڕوون دەبێتەوە کە لەوێدا مەسەلەی نەتەوەیی و سەربەخۆیی لە لایەك و مەزهەب وەك بناغەی بیناى هەست و سۆز و شوناسی نەتەوەیی لە لایەکی ترەوە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن.

### ئێرلەندا

لە ئێرلەندا کە ٩٤٪ی دانیشتوانی کاتۆلیکن،بارودۆخی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و ئایین تا ڕادەیەك ئاڵۆزە.چونکە لە چەند لایەنێکەوە ئەم وڵاتە زۆر دوورە لە لاییسیتە و لە هەندێك بورادا نزیکە لێیەوە.ئێرلەندا لە بیست ساڵی ڕابردوو دا چەند گۆڕانێکی لە بورای لاییسیزاسیۆنەوە بە خۆیەوە بینیوە بەڵام هێشتا پانتاییەکی سنوورداری هەیە.دەستووری کۆماری ئێرلەندا کە لە ساڵی ١٩٧٣ دا پەسەند دەکرێت بە فەرمی دەگەڕێتەوە بۆ مەسیحییەت.ئەم یاسایە بە ناوی ((سێ سووچەی پاك و پیرۆزەوە)) ڕایدەگەیەنێت کە ((هەموو دەسەڵاتێك لە ئەوەوە سەرچاوەی گرتووە و کردەوەی مرۆڤەکان و دەوڵەتەکەنایش لە ڕۆژی دواییدا دەکەونە بەر دادوەری ئەوەوە)).لە شەشەمین بنەمای ئەم یاسایەوە هاتووە کە ((هەموو دەسەڵاتەکانی دەوڵەت:یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری لە ژێر چاودێری خودایە و لە خەڵکیشەوە سەرچاوە دەگرێت)).پێشەکی یاساکە ڕایدەگەیەنێت کە دەوڵەت چەند ئەرکێکی بەرامبەر بە مەزهەب لە ئەستۆدایە کە لەوانە ((ڕێزگرتن و نرخ دانانە))بۆی. دەستوور لیستی ئەو کەنیسانەی کە بە فەرمی لە لایەن دەوڵەتەوە دانییان پێدانراوە ئامادە دەکات.لە نێوانیان دا کەنیسەی کاتۆلیك ((وەك پاسەوانی



مەزهەبی زۆرینەی هاووڵاتیان)) ((پێگەیەکی تایبەتی)) هەیە.(ماددەی ٤٤،بڕگەی ١ ).ئەم ڕێکخستنانە بە پێی ڕاپرسی ساڵی ١٩٧١دا لە دەستوور لادەبرێن.لە گەڵ ئەمەشدا لە ئێرلەندا مەزهەبی دەوڵەتی بوونی نییە.جیاکردنەوەی دەوڵەت و کەنیسەکان لە دەستووردا باسی لێوە کراوە.دەوڵەت یارمەتی هیچ کەنیسەیەك نادات.(ماددەی ٤٤،بڕگەی ٢).لە ئەنجامدا کەنیسەی کاتۆلیك لە لایەن دەوڵەتەوە هیچ یارمەتییەکی دارایی وەرناگرێت و خەرجییەکانی خۆی بە کەرەستەکانی خۆی دابین دەکات.لە نێوان کۆماری ئێرلەندا و ڤاتیکاندا هیچ ڕێکەوتننامەیەك نەبستراوە.لە لایەکی ترەوە دەستوور ((ئازادی ویژدان و مەزهەب و ئەنجامدانی ئازادانەی ئەرکەکانی ئایینی)) لە کاتی ڕەچاوکردنی ئاسایشی گشتی و بنەمای ئەخلاقی دا دابین دەکات.(ماددەی٤٤،بڕگەی ٢).دەستوور ڕێگری دەکات لە دەوڵەت ئەگەر هاتوو جیاکاری بکات بە هۆی هۆکاری مەزهەبییەوە.مەزهەبە جیاوازەکان خۆیان مافی بەڕێوەبردنی کاروباری دارایی خۆیان هەیە.هەموو ئەم ڕێکخستنانەی سەرەوە پیشاندەری ئەوەیە کە لە ئێرلەندا لە نێوان کاروباری دەوڵەت و کاروباری کەنیسەدا ((جیابوونەوەیەك)) بوونی هەیە.بەڵام لە گەڵ ئەمانەشدا مەزهەب و بە تایبەت مەزهەبی کاتۆلیك لە کۆمەڵگای ئێرلەندا،لە پەیوەندی لە گەڵ بابەتی شوناسی نەتەوەیی و سەربەخۆیی نەتەوایەتی دا ڕۆڵێکی مێژوویی گرنگ و تەنانەت چارەنووس سازی بینیوە و دەیبینێ.لە سەدەی نۆزدەهەم بە دواوە،بە دوای سیاسی بوونی چین و توێژەکانی کاتۆلیك،کاتۆلیسم لە ئێرلەندا لە گەڵ بابەتی نەتەوایەتی دا تێکەڵ دەبێت.تا ئەو کاتەش داواکردنی سەربەخۆیی تەنیا لە لایەن نوخبەکانی کۆمەڵگاوە واتە تەنیا لە لایەن پرۆتستانتەوە دەردەبڕا.بەڵام لە ساڵی ١٨٢٣ بە دواوە بە دامەزراندنی ئەنجوومەنی کاتۆلیك لە لایەن دانیال ئۆکانێل، ناسیۆنالیزمێکی کاتۆلیکی نوێ بە ئامانجی پێکهێنانی نەتەوەیەکی تەواو کاتۆلیك

دەردەکەوێت.بۆیە تا سەرەتای سەدەی بیستەم لە پاڵ ئەم ناسیۆنالیزمە نوێیە،چەند ڕەوتێکی ناسیۆنالیزمی مەزهەبی کۆنیش بەردەوام دەبن لە سەر خەباتی خۆیان.بە شێوەیەك کە لە نیمەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا،بڕواپێکراوترین کەس بۆ سەرۆکی نەتەوایەتی ئێرلەندا لە لایەن خەڵکەوە،کەسێکی پرۆتستانتە بە ناوی چارلێز پارنێل.پێش ئەمە گەنجە ئێرلەندییەکان لە ڕاپەڕینی ١٨٤٨ دا،ئاڵایەکی سێ ڕەنگ وەك سەمبولی بزووتنەوەکەی خۆیان هەڵدەبژێرن.واتە ئەو ڕەنگانەی کە ئاواتی یەکگرتن خوازی ئەوانی دەردەبڕی.ڕەنگی سەوز پێناسەی کاتۆلیکەکانە،ڕەنگی پرتەقاڵی نیشانەی پرۆتستانتەکانە و ڕەنگی سپیش سەمبولی وازهێنانە لە ناکۆکی و ئاشتی نێوان ئەم دوو کۆمەڵگایەیە.ئەم ئاڵایە نیشانەی شۆڕشگێڕانی ١٩١٦یە،دواتر دەبێتە سەمبولی دەوڵەتی ئازادی ئێرلەندا و سەرەنجام دەبێتە ئاڵای نەتەوایەتی ئێرلەندا.لە ساڵی ١٩٢١ تا ١٩٣٧ تێکۆشانی سیاسی لە پێناو سەربەخۆیی تەواوی ئێرلەندا لە ژێر ڕابەرایەتی کاتۆلیکێك بە ناوی ((دو ڤالرا))،هاوڕێ دەبێت لە گەڵ بە هێزبوونی زیاتری دامەزراوەی کەنیسەی کاتۆلیك لە کۆمەڵگادا.بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٢٣ دا لە ژێر گوشاری کەنیسە بڵاوکراوەکان لە ئێرلەندا دەکەونە ژێر

سانسۆرەوە و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی زۆرێك لە کەسانی بەناوبانگی ئەدەبیاتی جیهانی کە لەوانە وەك جۆرج بێرنارد شاو،جۆرج مۆر......قەدەغە دەکرێت.بەمشێوەیە لە گەڵ ئەوەی کە کاتۆلیسیسم نابێتە مەزهەبی دەوڵەتی ئێرلەندا و هەروەها دەستووری ١٩٣٧ بنەمای جیاکردنەوەی دەوڵەت و کەنیسە پووچەڵ ناکاتەوە،بەڵام بەهرەمەند دەبێت لە هەلومەرجێکی داموودەزگایی و ئایدۆلۆجی لەباردا.چەند نموونەیەك لە ئەو دەستکەوتانە باس دەکەین:



لە دەستووردا لە سەر بنەمای خوێندنەوەی کاتۆلیکی بۆ((یاسای سروشتی )) لایەنگری دەکرێت لە خێزان و خوێندن و خاوەنداریەتی تایبەتی دا.دەوڵەت زۆرێك لە ئەرکەکانی کەرتی گشتی سەرپشك کردووە و کەنیسەی کاتۆلیك بەشێکی گرنگی ئەو ئەرکانەی بە تایبەت لە بواری پەروەردە و فێرکردندا لە ئەستۆدایە.چونکە لە ئێرلەندا قوتابخانە گشتی یەکان (دەوڵەتی) تا ڕادەیەك بوونیان نییە،بۆیە قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەکان بە شێوەیەکی ئاسایی لە ژێر کۆنترۆڵی کەنیسەکانی کاتۆلیك و پرۆتستانت دایە و بەهرەمەندن لە یارمەتی دارایی دەوڵەت.لە بەر ئەوەیە قوتابخانە بە گشتی تایبەتین و خەسڵەتی مەزهەبییان هەیە و خوێندنی ئایینی لە گەڵ ئەوەی کە بە زۆر ناسەپێنرێ (ماددەی٤٤،بڕگەی ٢ دەستوور) بەلاّم یەکێکە لە وانەکان.دەستوور بە فەرمی دان بە مافی جیابوونەوە (تەلاّق) دا نانێت و تەنانەت دانانی ماددەیەکی یاساییشی لەم بارەیەوە قەدەغە کردووە.لە ئەنجامدا بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی ئەم ڕێنماییە لە دەستوردا،ڕاپرسییەك لە ساڵی ١٩٦٨ دا ڕێکخرا،بەلاّم لە گەڵ ئەوەی کە زۆربەی خەڵکی دەنگ دەدەن بۆ مافی جیابوونەوە (تەلاّق) بەلاّم لە ئەنجامدا هاوکات لە ئێرلەندا جیابوونەوە (تەلاّق) هەر قەدەغەیە.

هەروەها لە باربردنی مناڵ کە لە دەستووردا بە قەدەغە ڕاگەیەنراوە (ماددەی ٤٠،بڕگەی ٣)،لە ڕاپرسی ساڵی ١٩٨٣ دا ڕووبەڕووی نارازی بوونی زۆربەی خەڵکی ئێرلەندا دەبێتەوە.

**ئەنجام:**کەنیسەی کاتۆلیك لە گەڵ جیابوونەوەی یاسایی دا لە دەوڵەت بەلاّم بە هۆی ئەو ڕۆڵە مێژووییەی کە لە بەدەست هێنان و پێکەوەنانی شوناسی نەتەوەیی ئێرلەندا هەیبووە و هەیەتی،پێگەیەکی بەرز و لە باری هەیە بە تایبەت لە بواری مۆراڵ و خوێندن و پەروەردە دا.لە بیست ساڵی ڕابردووەوە بزووتنەوەیەکی لاییسیزاسیۆن لە ئێرلەندا دروست بووە کە دەرئەنجامەکانی

هێشتا دەرنەکەتووە.چەند کردارێکی پەیوەندی لە نێوان دەوڵەت و کەنیسەی ئێرلەندا بوونی هەیە کە ((جیابوونەوە))یانی سنووردار کردووە.

## یۆنان

بە پێی دەستوور کە لە ساڵی ١٩٧٥ دا ((بەناوی سێ سووچەی پیرۆزی هاوجەوهەر و جیانەکەرەوە)) پەسەند دەکرێت،لە یۆنان یەك ((کەنیسەی دەسەڵاتدار)) (ماددەی ٣) بوونی هەیە کە کەنیسەی ئەرتەدۆکسە زۆربەی خەڵکی وڵات لە خۆ دەگرێ واتە (٩٦٪).لێرەدا ((کەنیسەی دەوڵەتی)) بەو مانایەی بۆ نموونە لە دانیمارك دا هەیە،بوونی نییە.بەڵام لە باتی ئەمە ((کەنیسەی دەوڵەتی)) بوونی هەیە کە پەیوەندییەکی یاسایی توندووتۆڵی لە گەڵ دەوڵەت دا دروست کردووە و دەسەڵاتی هەیە.بۆیە ناکرێت لە یۆنان دا باس لە لاییسیتە بکرێت.هەلومەرجی کەنیسە لە لایەن دەستووری ١٩٧٥ و یاسای ٢٧ـ٣١ی ئایاری ١٩٧٧ دا سەبارەت بە ((قەواڵەی سەرەکی کەنیسەی یۆنان)) دیاری دەکرێت.بە پێی ئەمانە پەیوەندییەکانی دەوڵەت و کەنیسە لە سەر دوو بنەما دانراوە:جیاکردنەوەی دەوڵەت و کەنیسە بە مەبەستی دوو دامەزراوەی سەربەخۆ لە لایەك و پێکەوە ژیان و کارکردنی ئەم دوانە کە لە هاوکاری کردنی هاوبەشیانەوە ڕەنگ دەداتەوە،لە لایەکی ترەوە.کەنیسە مافێکی گشتی لە خۆ دەگرێ.پێرسۆنێلی کەنیسە بە کارمەندانی دەوڵەت هەژمار دەکرێن و لە ژێر ئەم ناونیشانە مووچە لە دەوڵەت وەردەگرن.دەوڵەت چاودێری کاروباری دارایی کەنیسە دەکات.بەم شێوەیە کەنیسەی یۆنان پەیوەستە بە دەوڵەتەوە.بەڵام ئەم پەیوەست بوونە یەك لایەنە نییە چونکە کەنیسەش دەسەڵاتی بە سەر دەوڵەت دا هەیە.کەنیسە و دەوڵەت لە بوارە جیاوازەکانی پەروەردە و فێرکردن و کاروباری گەنجان و پێداویستی مەزهەبی لە ناو سوپادا.... هاوکاری یەکتر دەکەن.هەندێك پێداویستی کۆمەڵایەتی وەك



ماره‌کردن و هاوسەرگیری......لە لایەن کەنیسەوە دابین دەکرێت.لە قوتابخانەکانی دەوڵەت ڕێنماییە ئایینی یەکان دەوترێتەوە.بەڵام بوونی کەنیسەی ئەرتەدۆکسی دەسەڵاتدار لە پەیوەندییەکی توندۆڵی لە گەڵ دەوڵەتدا نەبووەتە هۆی دژایەتی لە گەڵ ئازادییە مەزهەبییەکاندا.دەستووری ١٩٧٥ ((ئازادی ویژدان ومەزهەب)) دابین دەکات (ماددەی١٣ ،بڕگەی ١).
هەروەها ڕایدەگەیەنێت کە ((هەر مەزهەبێکی بە فەرمی دانراو ئازادە)) (ماددەی ١٤) و ئەرکەکانی ((بە بێ ڕێگری و لایەنگری دەوڵەت)) جێبەجێدەکرێن (ماددەی ١٣ ،بڕگەی٢) لە گەڵ ئەمانەشدا ئازادییە مەزهەبییەکان لە یۆنان لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە سنووردار دەکرێت.بە پێی دەستوور ((ڕێبازی نوێ قەدەغەیە)) (ماددەی ١٣ ،بڕگەی ٢).نووسینی مەزهەب لە ناو ناسنامەدا پێویستە.بە هۆی بیروباوەڕی مەزهەبییەوە هیچ کەسێك ناتوانێ مافەکانی بەرامبەر بە دەوڵەت جێبەجێ نەکات و پێی یاسا هەڵسوکەوت نەکات (ماددەی ١٣ ،بڕگەی ٤).ئازادییە مەزهەبییەکان بە شێوەیەکی پراکتیکی جێبەجێ ناکرێن و تەنانەت جاری وەهاش جیاکاری لەم بوارەدا بەرچاو دەکەوێ.هەڵبەت لە نێوان دەوڵەت و کەنیسەشدا ناسازگاری هەیە ،تەنیا هەندێك کەس نەك تەنانەت چەپەکان باس لە بابەتی ((جیاکردنەوەی دەوڵەت و کەنیسە)) دەکەن.بەڵام گرفتی گەورە، بوونی ئەم هزرەیە کە مەزهەبی ئەرتەدۆکس بەهاوتاکردن لە گەڵ هێلینیسم دا بە بنەمای ویژدانی نەتەوەیی یۆنانییەکان لە ناو هەموو چین و تاقمەکاندا دەزانێت.ڕێك لە کاتێکدا پارتی سۆسیالیست لە یۆنان (جیاکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی کەنیسە و دەوڵەت) لە بەرنامەکانی هەڵبژاردنی خۆیدا دەچەسپێنێ (بەڵێنێك کە هەرگیزلە کاتی دەسەلاتی دا لە ١٩٨١ تا ١٩٨٩ جێ بەجێی نەکرد) ،هەر ئەم پارتە ڕایدەگەیەنێت کە ((پەیوەندییەکانی کەنیسە لە گەڵ نەتەوەی یۆنان دا دەبێت بپارێزرێن)).لە نێوان وڵاتە

جیاوازەکانی یەکێتی ئەورووپا،پەیوەندی کەنیسە و دەوڵەت لە یۆنان هاوکات لە گەڵ ئەمەدا ڕاگەیاندن بۆ تیۆرییەك دەکا کە بە هۆی ئەمە یۆنانی مۆدێرن دەبێت لە جوگرافیای هێلینیسم کە پێش داگیرکاری عوسمانی بوونی هەبوو،واتە لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتیییەکان،دووبارە دروست ببێتەوە.لە گەڵ ئەوەی کە ئەمڕۆ بیرۆکەی ((یۆنانی گەورەی هێلنی)) بەلاوە نراوە، بەڵام هاوکات هزری ((هێلینی ـ مەسیحی)) لە ناوەندی هەست و سۆزی شوناس خوازانەی یۆنانییەکان ماوەتەوە.دوای هەڵوەشاندنەوەی یۆگسلاڤیا و سەرهەڵدانی دووبارەی ناکۆکی و شەڕە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان لە بالکان،هاوپەیوەندی ئەرتەدۆکسیش لەم ناوچەیە گەشە دەکات.هەموو پارتە سیاسییەکانی یۆنان بە بێ جیاوازی ئەم هەستە پەرە پێدەدن،تا ئەو جێگایەش کە هەندێك کەس باس لە پێکهێنانی ((بازنەی ئەرتەدۆکس)) دەکەن بەرامبەر بە ((بازنەی موسڵمانان)).

ئەنجام:لە یۆنان دا دیاردەیەك بە ناوی لاییسیتە وەك جیاکردنەوەی دەوڵەت و کەنیسە بوونی نییە.دەوڵەت لەم وڵاتەدا بێ لایەن نەبووە و پەیوەندییەکی توندووتۆڵی لە گەڵ کەنیسەی نەتەوەیی دا پاراستووە.

پرۆسەی ڕزگاربوونی کۆمەڵگا ئەورووپاییەکان لە زاڵبوونی سیاسی و مەعنەوی کەنیسە ـ هەڵبەت نەك لە ڕۆڵ و دەسەڵاتی مەزهەب و ڕۆح باوەڕی و نموونەی ئەمانە کە هاوکات لە کۆمەڵگادا بەردەوامن ـ بەرهەمی هەر وڵاتێك بووە لە لایەن هەلوومەرج و گۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئایینی و هتد،کە لە ئەنجامدا زۆر جیاواز و جۆراوجۆرە.نموونەی فەرەنسی لاییسیتە،بەهەمان شێوە کە پێشتر باسمان کرد(بگەڕێنەوە بۆ بەشی چوارەم سەبارەت بە لاییسیتە لە فەرەنسا)،تا ڕادەیەك بە جیاواز هەژمار دەکرێ.



بۆ نموونە فەرەنسا تەنیا وڵاتێکی ئەورووپاییە کە لە قوتابخانە دەوڵەتییەکانی هیچ جۆرە خوێندنێکی مەزهەبی یا ڕێنماییەکی ئایینی بوونی نییە.هەر لە پەیوەندی لە گەڵ ئەمەدا،یاسادانان سەبارەت بە قەدەغە کردنی چارشێوی ئیسلامی لە قوتابخانە دەوڵەتییەکانی فەرەنسا کە بەم دواییە لە لایەن پەرلەمانی نەتەوەیی ئەم وڵاتەوە جێ بەجێکرا، ئەوا هیچ کاتێك لەو وڵاتە ئەورووپاییانەی کە ئەزموونی پرۆسەی سێکولاریزاسیۆنیان هەیە(نەك لاییسیزاسیۆن) شتی وەها وێنا ناکرێت. بە دوورکەوتنەوەی ئەو وڵاتانەی وەك ئیتالیا و ئیسپانیا لە ((لۆژیکی لاییسیزاسیۆن)) دەتوانین بڵێین کە ڕەوتی سەرەکی لە ئەورووپای ڕۆژئاوا،پرۆسەی ئەو وڵاتانەیە کە خاوەنی نەریتی پرۆتستانتن و یا ئەو وڵاتانەی کە چەند مەزهەبێکیان تێدایە واتە پێڕەوی لە ((لۆژیکی سێکولاریزاسیۆن)) دەکەن.توێژینەوەکانی ئێمە لە دوو بەشی پێشوو و ئێستادا بە ئاشکرا لایەنە جیاواز و کۆکەکانی ئەم دوو دیاردەیە و ئەم دوو لۆژیکە پیشان دەدن.لە یەك لاوە ((لۆژیکی لاییسیزاسیۆن)) کە لێرەدا جیاکردنەوەی دوو دامەزراوە و دەستێوەرنەدانیان لە کاروباری یەکتر وەك دەستێوەرنەدانی کەنیسە و ئایینەکان لە دامەزراوە کەرتی گشتی (دەوڵەتی) و بێ لایەنی دەوڵەت بەرامبەر بە مەزهەبەکان بوونی هەیە.لەم بارودۆخەدا بوونی داموودەزگایەکی چەق بەستووی دەسەڵاتدار و هیرارکییەتی وەك کەنیسەی کاتۆلیك،بەرگری ئەم دامەزراوە لە گۆڕانکاری و هاوتاکردنی خۆی لە گەڵ جیهانێکی بەردەوام لە گۆڕاندا و سەرەنجام دەسەڵات خوازی و سەرسەختی ئەم دەسەڵاتە مەعنەوییە نێونەتەوەییە لە هیدایەتکردن و کۆنترۆڵی کردنی دەوڵەت و کۆمەڵگا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی تا ڕادەیەك ڕادیکاڵی دژ بە کلریکاڵ (دژبە کاربەدەستانی کەنیسە یا کەنیسە سالاری) و لە ئەنجامدا بەرقەرار بوونی لاییسیتە بە شێوەیەکی یەك لایەنە لە لایەن دەوڵەتێکی پشت بەستوو بەم بزووتنەوە لاییکە،کە هەم دەبێتە پرۆسە و

هەم بەدیهاتنی ((جیاکردنەوەی دەوڵەت و کەنیسەکان)).لە لایەکی ترەوە،((لۆژیکی سێکولاریزاسیۆن)) واتە گۆڕانی هاوکات و کاریگەر بوو بەسەریەکەوە لە نێوان دەوڵەت ـ کەنیسە و کۆمەڵگا،بە تایبەت چاکسازی لە ئایین و کەنیسە،دەبێتە هۆی ((بەتاڵبوونەوەی)) دەسەڵات و زاڵبوونی کەنیسە و ئایین.لێرەدا نە ((جیاکردنەوە)) و نە ((دژە کلریکاڵیسم))،بەڵکو هاوکاری و برایەتی دەوڵەت و کەنیسە (بە تایبەت کەنیسەی پرۆتستانت) دەستەبەر دەبێت.

لە لایەکەوە کەنیسەی چاکسازی کراو سەربەخۆیی و دەسەڵاتی دەوڵەت قبووڵ دەکات و ملکچە بۆی و لە لایەکی ترەوە دەوڵەت لە گەڵ پاراستنی بێ لایەنی خۆی چەند دەستکەوتێك بۆ کەنیسە دابین دەکات"لە دەستووردا ((کەنیسەی نەتەوەیی)) یا ((ئایینی زۆرینەی خەڵك)) واتە لە ژێر ئەم ناونیشانە،بە شێوەیەکی فەرمی دانی پێدا دەنرێت و دەوڵەت لە گەڵ ئەم دامەزراوەیە دەچێتە نێو دابەش کردنی کاری هاوبەشەوە و کەنیسەکان لە کاروباری کەرتی گشتی دا (دەوڵەتی) بەشدار دەکات.بە هاتنە ناوەوەی ١٠ وڵاتی ئەورووپای ڕۆژهەڵات لەوانە پۆڵەندا بۆ یەکێتی ئەورووپا لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٠٤ دا قورسایی وڵاتانی لۆژیکی سێکولاریزاسیۆن لەم کۆمەڵەیەدا زیاتر دەکات.

نموونەی ئاشکرای ئەمانە نامەیەکە کە بەم دواییانە بە بۆنەی دارشتنی دەستووری یەکێتی ئەورووپای گەورە (لە ٢٥ وڵات پێك دێت)،حەوت وڵاتی ئەندامی ئەم یەکێتییە (ئیتالیا،لیتڤانی،پۆڵەندا،پورتوگال،کۆماری چیك و سلۆڤاکیا) بۆ ئەندامەکانی تر نووسیویان و لەوێدا داوایان کردووە کە دەستوور بە ((ڕاشکاوانە)) ئاماژە بکات بۆ ((بنەچەی مەسیحی)) بوونی ئەورووپا.



بەم شێوەیە دوای تێپەڕینی دووسەد و پانزە ساڵ بە سەر شۆڕشی فەرەنسا و دەستپێکی جیابوونەوەی دەوڵەت و ئایین لە ئەورووپادا،هاوکات ئێمە ئەم ڕاستییە بەدی دەکەین کە تێکۆشانی لاییك و شەڕ بۆ لاییسیتە گرفتێکە کە هێشتا کۆتایی نەهاتووە و هاوکات پەیوەندی بەم سەردەمەوە هەیە.

کورتەی سەرچاوەکانی بەشی پێنجەم (بە زمانی فەرەنسی):

1.Champion françoise,Entre laïcisation et sécularisation , Der rapports Eglise-Etat dans l Europe Communautaire, Le Débat, No 77,November-décember 1993
2.Champion françoise, Les rapports Eglise-Etat dans les pays européens de traditine protestante et de tradition catholique. Social compass,décember 1993
3.Bauderot Jean,La laïcité française et l Europe, philodophie politique,No 4,1993
5.Barbier Maurice,La laïcité, L Harmattan,1995
6.Haarscher Guv, La laïcit,ue sais-je?
7.Costa-Lascaux Jasqueline, Les troise âges de la laïcit
8.Pena-Ruiz Henri,Qu est-ce-que la läcité,Gallimard
9.Pietri Gaston,La laïcité est une idée neuve en Europe,sur site internet
10.Institu d étude religion et de la laïcité, Pluralisme religieux et laïcités dans l Union européenne, Bruxelles, Collogue,1994
11.Messner Francis,Liberté religieuse,neutralité et coordination enter Les Etats et les Eglises;l exemple de la République fédérale d Allemande,Le Supplément No 175, décembre 1990
12.Nipperdev Thomas,Reftexions sur l histoire allemande,Paris,Gallmard,1990



13.Gimeneze de Carvajal José,L sortie d um catholicisme d Etat en Espagne,Le Suppléent, No 175, décembre 1990
14.Becarud Jean,Eglise et politique dans l après franquisme (1975-1978), Pouvoirs, No 8, 1979
15.Jemolo Arturo Carlo, L Eglise et l Etat en Italie du Risorgimento á nos jours,suil, 1960
16.Margiotta Broglio Francesco, Vers une séparation contractuelle,le nouveau régime des cultes en Italie. Le Supplément, No 175, décember 1990
17.Hasquin Hérvé,Histoire de la laïcité,princpalement en Belgique, Bruxlles, La Renaissance du livre 1979
18.Ester Peter,Halmann Loek,Les piliers hollandaise,projet,No 255,1991
19.De Voogd Christophe,Histoire des pays-Bas,parise, Hatier,1992
20.Bedarida François,La société anglaise du milieu du 19 éme siécle à nos jjours,Seuil,1990
21.Martin David, A General Theory of Secularisation, Oxford, Blackwoll,1978
22.paris David,Les rapports entre l Eglise et l Etat en République d Irlande, Raison présente No 94, 1990
23.Picard Anne, De la confessionalité au sécularisme;le processus de sécularisation et ses enjeux dans la Républiqed d Irtande des années , sur site internet;www.uhb.fr/langues/cei/ap 1. htm
24.Vlachos Georges,Constitution à létude du prublém des rapports de l Eglise et de l Etat du point

de vue orthodoxe,Annuaire scientifique de la faculté de théologie de I Université d Athénes, 1972
25.Svoronos Nicolas,Histoire de la Gréce moderne
26.Mouvement Europe et Laïcité, Site internet;www.europe-et-laïcité.org
27.Le site d information suer la laïcité,www.laic.info



## بەشی شەشەم
## ((لاییسیتە)) و ((سێکولاریسم))
## ڕەخنەیەك لە سەر تیۆریزەکردنە ئێرانییەکان

زۆرێـك لـە تیـۆریزەکردنی ئێرانییـەکان سـەبارەت بـە ((سێکولاریـسم)) و ((لاییسیتە))پێکهاتووە لە ئالۆزی و هەڵە و شێواوی و یان مانای ئەمانـەیان لە شوێنێکی تردا وەرگرتـووە.لـەم بەشـەدا ڕەخنەیـەك لـە سـەر بیروبـاوەڕی تیۆرزانانی ئێرانی بە ئەم دوو دیاردەیەی کـە ناومـان هێنـا بـە ووردبینـی و ڕوونکردنەوەیەکی زۆر تیۆری و بەکارهێنانی جیاوازی ئەم وتەزایانە و ناکۆکی یان و شیکردنەوەیەکی پوخت بە پێی هەلومـەرجی سیاسی و کۆمەلایـەتی و مێژوویی دەخەینە ڕوو.

**برەوی ئەم دوو چەمکە**

پێویستی مێژوویی کۆمەلگای ئێران بۆ گۆڕانێکی ئازادی هێنەر و دیموکراتی و پێـشکەوتن خواز،بـە تایبـەت دوای ئـەزموونی ئـەم ٢٥ سـاڵە ،بڕیـاری ((جیابوونـسەوەی دەوڵـەت وئـایین)) ی کردووەتـە یـەکێك لـە بابەتـە مشتومڕدروستکەرەکان.((چوونە دەرەوە لە (دەسەلاتی) ئایین))[١]

---

[١].((چوونە دەرەوە لە ئایین)) Sortie de la religion چەمکێکە کە Marcel Gauchet ی بیرمەندی فەرەنسی لە بواری کۆمەلناسی ئایینی،لە باتی ((لاییسیزاسیۆن)) و ((سێکولاریسم)) بە کاری دەبات.((چوونە دەرەوە لە ئایین)) بە مانای ((کۆتایی)) ڕۆلی ئایین نییە لە کۆمەلگادا بـەلکو بە مانای چوونە دەرەوەی کۆمەلگایە لە ژێر((دەسەلاتی)) ئـایین دا،بگەڕێنـەوە بـۆ دوو کتێبـی ئـەم نووسەرە لەم بوارەدا کە بە زمانی فەرەنسییە:

La religion dans la démocrarie.Parcours de la laÏcité
Le désenchantement du monde. Une histoire politique de le 'religion

لە مێژوویی ڕۆژئاوای مەسیحیدا لە ژێر دەسەڵاتداری کەنیسە[1] ئەم ڕێگا پڕ لــە هــەورازەی خــۆی لــە دوو ((لۆژیــك ـــ پرۆســە)) ی جیــاوازەوە دۆزیبیەتــەوە.یــەکێکیان لــە ((سێکولاریــسم)) یــا ((گــۆڕانی بەرەبــەرەو هەماهەنگ و جیهانگری ئایین و دەوڵەت و کۆمــەڵگای مــەدەنی)) لــە دوای ڕەوتێکی ڕادیکاڵ و شەڕئەنگێزانەدا واتە لەوێــدا کــە کاتۆلیکــەکان زۆربــەی دانیــشتوانیان پێــك دەهێنــا و کەنیسەکەشی کــە پێــڕەوی ڤاتیکــان بــوو، دەسەلاتێکی بێ بەرامبەری هەبوو.[2]

بۆیە پەرتووکی کێشەکانی دەوڵــەت واتــە ئــایین و کۆمــەڵگای مــەدەنی لــە ڕۆژئــاوادا لــە شــێوازی ((سێکولاریــسم)) یــا ((لاییــسیتە)) هــیچ کاتێــك دانەخراوە.

ئایا بە شۆڕشی ئێران و گەشەی بونیادگەرایی،ئەمانە بــاس لــە ((گەڕانــەوەی ئایین)) ناکەن؟ئایا ئەمڕۆ لە ڕۆژئاوا لە ناوەندە جیاوازەکــانی وەك فەلــسەفەی سیاسی،کۆمەڵناسی ئایینی،مێژوو (پەیوەندییەکانی دەوڵەت و ئایین)،زانستی ئایینی سیاسی[3]،یاسا،ڕۆشنبیری و هونەر.......باس و مشتومڕسەبارەت بە مانا جیاوازەکــانی ((سێکولاریزاســیۆن)) و ((لاییــسیتە)) و تایبەتمەنــدی و پرۆسەکانیان و ئەنجامەکانی هێشتا بەردەوام نییە؟بەڵام لە کۆمــەڵگای ئێــران ئەو کێشەیەی کە سێ سەد ساڵ پێش لە ڕۆژئاوا ڕێگەچارەی خۆی لە ئــەم دوو دیاردە ناوبراوە دۆزییەوە،ئەوا ئێــستا وەك گرفتێکــی سیاســی ـ کۆمەڵایــەتی وئالۆزییەکی تیۆری ـــ پراکتیکی ڕووبەڕووی ئێمە بووەتەوە.

1.Cléricalisme 3.Théologie politique



۲.بگەڕێنەوە بۆ بەشی پێنجەم.

کەواتە ئەمە بە بێ هۆ نییە کە لە گفتوگۆ سیاسییە باوەکانی وڵاتــی ئێمــەدا بە تایبەت لای کەسانی چالاکی سیاسی و ڕۆشنبیرانی ئــەم وڵاتــە ووشــەکانی ((ســێکولار))،((سێکولاریــسم)) و ((سێکولاریزاســیۆن)) و تاڕادەیــەکیش چــەمکەکانی ((لاییــك))،((لاییــسیتە)) و ((لاییــسیزاسیۆن)) برەوێکــی ڕێژەییان پەیدا کردووە"بە شێوەك کە ئەم چەمکە جیهانگرانەی کە لە ئەورووپا سەریان هەڵداوە یان بە شێوەیەکی ڕوونــتر بڵــێین ئــەم بەرهەمــە یۆنــانی ـــ مەســیحی ـــ لاتینییانــە، ئێــستا ئــیتر هاتوونەتــە نــاو زمــانی سیاســی ئێرانییەکانەوە.بۆ سەلماندنی ئەم بانگەشــەیەی ســەرەوە پێویــستە کــە ســەرنج بدەینە ناوەندی هزری و کرداری سیاسی لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێران کە لــە ژێــر ئەم ناونیشانانە چالاکی سیاسی ئەنجام دەدەن و یا هەر لە چوارچێوەی ئەمانەدا لێــدوانی تیــۆری دەســت پێدەکــەن: ((کۆمــاری لاییــك))،((کۆمــاری ســـــێکولار))،((کۆمــــــاریخوازە لاییکـــــەکان))،((کۆمــــــەڵگای ســــێکولار))،((سێکولاریــــسم و دیمــــوکراتی))،((مانــــا و بنــــەمای سێکولاریــسم))،((شکــست هێنــانی لاییــسیتە؟))،((داڕشــتنی تیــۆرێکی خۆماڵی سەبارەت بە سێکولاریزاسیۆن))،((سێکولاریسم،لە پراکتیکــەوە تــا تیــــۆری))،((نــــەریت و سێکولاریــــسم))،((چــــەند ســــەرەنجێك لەمەڕسێکولاریــــسم))،((ئاهــــەنگی خێــــرای سێکولارریــــسم لــــە ئێــران))،((گــەردوون گــەرایی (سێکولاریــسم)ی فەلــسەفی و فەلــسەفەی گــــەردوون گــــەرایی))،((پــــشتکردن لــــە ئــــایین و ڕوولێکــــردن لــــە سێکولاریسم))،((سێکولاریسم و حکومەتی ئــایینی))،((سێکولاریزاســیۆنی ئیسلام)).............هتد.

بەڵام لە گەڵ ئەمانەشدا دەبێت بوترێت کە زۆربەی لێکدانەوەو شــێکردنەوەو و تیۆریزەکردنە ئێرانییەکان سەبارەت بە ((سێکولاریــسم)) یــا ((لاییــسیتە))

پێکهاتووە لە هەڵە و شێواوی و یان ئەم مانایانەیان لە جێگایەکی تردا وەرگرتووە.شێواوی لە پێناسەکردنی ئەم چەمکە بیانییانە بە تایبەت سەبارەت بە ((سیکولاریزاسیۆن)) و ((سێکولاریسم))،هەروەها گوێ نەدان بەجیاوازی واتایی ئەمانە لە ناوەندی سیاسەت و فەلسەفە و مەزهەب و کۆمەڵناسی دا،هەڵەکردن لە وەرگێڕانی ئەم چەمکانە کە لەوانە وەرگێڕانی هەڵەی ئەمانەیە بە ((عورف)) و ((عورفی))"شیکردنەوەی ئەم چەمکانە بەڕەچاوکردن و وەرگرتنی مانابیان لە ڕەوتە مێژوویە ئاڵۆز و پڕ لە بەرزی و نزمییەکان دا،تێکەڵکردنی ((سێکولاریسم)) و ((لاییسیتە)) و بە هاوتازانینی ئەمانە،بەکارهێنانی نابەجێی ئەم وتەزایانە لە لێدوانی سیاسی و تیۆرییەکاندا و سەرەنجام شێواوی لەو جێگایەدا کە ((پەرەپێدانی)) زیاد لە ئاستی ((سێکولاریسم)) یا ((لاییسیتە))،ئەمانە هەمووی بووەتە هۆی ئەوەی کە مانای سەرەکی ئەمانە لە نێوان کۆمەڵێك دیاردەدا زۆر کاڵ و ئاڵۆز ببینتەوە یا تەنانەت ماناکەی لە دەست بدات.

هەڵبەت ئەم هەوڵدانانە بە تایبەت لە وڵاتێکدا کە تینسووی دانایی و ڕزگابوونە لە چنگی ستەمکاری مێژوودا،ئەگەر ببنە پەرەپێدانی لێدوان لە سەر ((سێکولاریسم)) و ((لاییسیتە)) ئەوا لەم لایەنەوە دەبێت ڕێز و ستاییشیان لێ بکرێت،بەڵام لە هەمان کاتدا هەر لە بەر هەمان شێواوی تیۆری و نەزانکاری کە باسمان کرد،هەڵە تێگەیشتن و ڕێگا ون کردنیشی لێدەکەوێتەوە.بە بڕوای منی نووسەر بیرکردنەوە لە گۆڕەپانێکدا کە بڕیاری ڕزگاری کۆمەڵگاکەمانی ڕووبەڕووی یەکێك لەمگرفتە سەرەکییانەی خۆی کردووەتەوە بە تایبەت لەوەی کە ئەم چەمك و ئەزموونە مێژووییانەی کە لە ڕۆژئاراوە هەڵقووڵاوە بۆ یارمەتی خۆمان دەخوازین،هەر بۆیە پێویستیمان بە وردبینی و ڕووناکاییەکی زۆری تیۆری هەیە لە چۆنییەتی بە کارهێنانی جیاوازی ئەم وتەزایانە و سەرەنجام شیکردنەوەیەکی ڕوونی ئەمانە بە پێی



هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژووییانەوە.هەوڵی ئەم نووسراوە ئەوەیە کە ڕەخنەیەك ئاراستەی بیروباوەڕی تیۆرزانانی ئێرانی بکات سەبارەت بە ((لاییسیتە)) و ((سێکولاریسم)) بە پێی ئەو بنەما و شێوازانەی کە باسمان کرد.

**لە شێواوی تیۆری لە ئێران دا تا ((مشتومڕی سێکولاریزاسیۆن)) لە ڕۆژئاوادا**

ئەم باسەی ئێستا بۆ بەردەوامی و تەواوکردنی بەشەکانی پێشوو سێ تەوەر لە خۆ دەگرێ.

ـــ تەوەری یەکەم پێك دێت لە توێژینەوەو ڕەخنە گرتن لە بیروباوەڕی تیۆرزانە هاوچەرخەکانی ئێران سەبارەت بە ((سێکولاریزاسیۆن)) بە شێوەیەکی تایبەت و هەروەها ((لاییسیتە)) بە شێوەیەکی لاوکی،چونکە لەمبارەیەوە بە زمانی فارسی کارێکی وەها نەکراوە.هۆکارەکانی ئەمەش شی دەکەینەوە.بەڵام پێش هەموو شتێك دەبێت بە ڕاشکاوی بڵێم کە لەم توێژینەوەدا ئێمە دەستمان نەگەیشتووەتە هەموو ئەو نوسراو و وتارەی ئێرانییەکان لە بورای ((سێکولاریسم)) و ((لاییسیتە)) بۆیە لەوانەیە ئەو تیۆرزانانەی کە لێرەدا بیروڕایان سەبارەت بەم بابەتە دەکەوێتە ژێر ڕەخنە و لێکۆڵینەوەوە،تیۆری نوێ تریان خستبێتە ڕوو کە ئێمە بێ ئاگابین لەوانە.کەواتە ئەم باس و توێژینەوەیە بێ کەموکورتی نابێت و نابێت ئەمە بە توێژینەوەیەکی پوخت و کۆتایی پێهاتوو بخەملێنرێت.بە ڕەچاو کردنی ئەو ئاگادار کردنەوانەی سەرەوە دەبێت بڵێم کە لە نێوان ئەو وتار و نووسین و تێزانەی کە خوێندوومەتەوە،ئەم حەوت بەرهەمەی خوارەوەم بە پێی گرنگی ڕەخنەگرتن لێیان هەڵبژاردووە:

١.کتێبی موحەممەدی بەرقیعی بەناوی ((سێکولاریسم،لە تیۆرەوە تا پراکتیك)).

٢.دوو وتار لە عەبدولکەریمی سروش: ((ئایین و دونیای نوێ)) و ((مانا و بنەمای سێکولاریسم)).

٣.توێژینەوەیەکی تیۆری لە لایەن موحەممەد ڕەزای نیکفەر: ((داڕشتنی تیۆرێکی خۆماڵی سەبارەت بە سێکولاریزاسیۆن)).

٤.تیۆرێك لە لایەن سەبید جەوادی تەباتەبایی بەناوی: ((پێشەکییەك لەسەر تیۆری داکەوتنی ئێران)).

٥.تێزێك لە مورادی فەرهادپوور بە ناوی: ((چەند سەرەنجێك لەمەڕ سێکولاریسم)).

٦.وتارێك لە عەلی ڕەزا عەلەوی تەبار بە ناوی ((سێکولاریسم و دیموکراتی ـ لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە)).

٧.وتارێك لە لایەن موستەفا مەلەکیان بە ناوی ((سێکولاریسم و حکوومەتی ئایینی؟!)).

لەم بەشەدا ،توێژینەوەو ڕەخنەی ئەم نووسراوە ناوبراوانە لە شەش تەوەری سەرەکی بابەتی ـ کە دەیبینن ـ ئەنجام دەدەم.هەڵبەت خوێندنەوەی تەواو و بابەتیبیانەی هەر یەك لەم نووسینانە پێویستە و پێویستی بە کاتێکی تریش هەیە.

ـ تەوەری دووەم کە لە گوتارێکی تردا دەخرێتە ڕوو،بە شێوەیەکی سەرەکی گفتوگۆ سەبارەت بە ((سێکولاریسم)) و ((سێکولاریسم)) لە خۆ دەگرێت.دەزانین کە لە ڕۆژئاوادا ئەم دوو دیاردەیە بەشێکن لەو بابەتانەی سەردەمی مۆدێرن کە زۆرترین مشتومڕی لێکەوتووەتەوە بە تایبەت لە ناوەندی فەلسەفە و کۆمەڵناسی و زانستی ئایینی سیاسی و مێژووی ((مۆدێرنە)) دا و هاوکاتیش هەر بەردەوامە.لەم بوارەدا شیکرنەوەیەکی کورتمان لە نووسینەکانی پێشوودا خستووەتە ڕوو[١] .بۆ پوخت کردنەوە و وردبوونەوە لەمانە و لە ژێر ناوی ((مشتومڕی سێکولاریزاسیۆن لە



ڕۆژئاوا)) ،تێڕامانێك دەکەین لە سەر تیۆرە ڕۆژئاواییەکان بە تایبەت هزر و فەلسەفەی ئەڵمانیا ،چونکە لە ڕاستیدا لە ژێر ڕووناکایی ئەمانەیە کە توێژینەوەو ڕەخنە لە سەر تیۆرە ئێرانییەکان دەکەین.

ــ سەرەنجام تەوەری سێیەم ،دەبێت بە ڕاشکاوی بڵێم کە مەبەستی من لە خستنە ڕووی ئەم باسانە لێرەو لە داهاتوودا ،داکۆکی کردنە لە لۆژیك و ڕەوتی ((لاییسیتە)) ـ یا هاوشێوەی ئەمانە ـ لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئێران دا.بە بڕوای منی نووسەر،لە بواری پەیوەندییەکانی دەوڵەت و ئایین و مشتومڕی ((جیاکردنەوەی)) ئەم دوانە ،((لۆژیکی چەمکی لاییسیتە)) بە بەراورد بە ((لۆژیکی چەمکی سێکولاریسم)) کە چەند مانایەکی هەیە و ئاڵۆزە ،ڕوون تر.

١. بگەڕێنەوە بۆ بەشی دووەم و پێنجەم.

ڕاشکاوانەتر دێتە بەرچاو.ئەمە لە کاتێکدایە کە داکۆکی کردن لە ((لاییسیتە)) و تێکۆشان بۆ بەدی هاتنی لە هەلومەرجی ئێستای وڵاتی ئێمەدا زۆر ئاڵۆزتر و پڕلەکێشەتر و مەتەڵ ئاساترە......سەلماندنی بانگەشەیەکی وەها ،هەڵبژاردنێکی ئاوەها و بەدیلێکی ئاوەها بۆ کۆمەڵگای ئێران،هەڵبەت پێویستی بە پێداچوونەوەی پەیوەندییەکانی دەوڵەت و ئایین و ڕەخنەگرتن لە ئەو بیرۆکانە هەیە کە چاودێری کەری ئەمانە بوونە بە درێژایی مێژووی وڵاتەکەمان،بەلانی کەمەوە لە سەردەمی ئامادەبوونی شۆڕشی مەشروتەوە تاوەکو ئێستا.ئەم باسانەی ئێستا بەردەوامی کارەکانی من لە داهاتوودا پێك دەهێنن.

### شەش تەوەرە سەرەکییەکەی ڕەخنەگرتن

لە گەڵ ئەوەی کە لە گفتوگۆ سیاسییەکانی ئەمڕۆدا ((سێکولار)) و ((سێکولاریسم)) و ((سێکولاریزاسیۆن)) بوونەتە چەند چەمکێکی باو،بەڵام

بە گشتی تا ئەم دواییە ئەم چەمکانە هەر لە هزری سیاسی ئێران دا بە نەناسراوی مابوونەوە.تەنیا لەم ساڵانەی دواییدا و لە ئەنجامی ڕەخنەی ئایین سالاری و هەوڵدان بۆ خستنەڕووی بەدیلێکی سیاسی ــ لاییکە ،کە کۆمەڵێك لە ڕۆشنبیران و کەسانی چالاکی سیاسی (ئایینی و نائایینی) ئێرانی بابەتی سێکولاریسم و سێکولاریزاسیۆن و ئەو پرۆسە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و مێژووییانە کە چاودێرە بە سەر ئەمانەوە،دەکەنە بابەتی تێڕامان و کونج کۆڵییەکی جیددی خۆیان.بەڵام لە ((سێکولار)) و ((سێکولاریسم)) نامۆتر لە ولاتی ئیمەدا ،ووشەی نەناسراوی تریشە وەك ((لاییك)) و ((لاییسیتە)) ،لەمبارەیەوە بە بوێرییەکی تەواوەوە دەتوانی بڵێی کە تا ئێستا چ لە بواری مشتومالدانی سەربەخۆی تیۆری و چ لە ناوەندی وەرگێڕانی بەرهەمە مێژووییەکان،کارێکی پێویست بۆ وەلامدانەوەی ئەم بزاوتە نەکراوە.هۆکاری ئەمانەش تا ڕادەیەك ئاشکرایە.زۆربەی ئەو ئێرانییانەی کە سەبارەت بە ((سێکولاریسم)) و ((لاییسیتە)) ئەگەر لێدوانێکیان دابێت،زیاتر ئاشنابیان لە گەڵ ئەدەبیاتی ئانگلاساکسۆن دا هەبووە و دەزانین کە نووسەرە ئینگلیزی یا ئەمریکی یەکانی سەر بە ئەم ئەدەبیاتە ،لە لایەکەوە سەبارەت بە ((سێکولاریسم)) لە ڕوانگەیەکی کۆمەلناسانەوە توێژینەوەیان کردووە و لە لایەکی ترەوە کەمتر باسیان لە ((لاییسیتە)) کردووە،چونکە لە مەڵبەندی خۆیاندا ئەزموونی ئەم دیاردەیەیان نەکردووەو لە ئەنجامدا ئەمە بە باشی ناناسن.بۆیە ئەو تاقمە ڕۆشنبیرە ئێرانییەی کە سەرقاڵی ئەم چەشنە لە دەقە ڕۆژئاواییەکان بوونە تا ئاستێکی باش نەیانتوانیوە بە قووڵی و ڕاستەوخۆیی لە لۆژیکی ((جیاکردنەوەی دەوڵەت و ئایین)) لە ولاتانی بۆ نموونە فەرەنسا کە لانکەی ((لاییسیتە)) یە تێ بگەن.ئەگەر سەیرێکی ئەو کتێبە بیانییانە بکرێت کە ئەم ڕاڤەکارە ئێرانییانە بۆ سەرچاوەکانیان سوودیان لێ بینیووە،دەردەکەوێت کە:



ا/جگە لە موحەممەدی بەرقیعی کە پشت بە ئەمیل دۆرکهاییم دەبەستێ ــ لەڕاستیدا ئەم کۆمەڵناسە فەرەنسییە تەنانەت لە ولاتەکەی خۆیشی دا وەك تیۆرزانێکی ((لاییسیتە)) نایناسن ــ،کۆی ئەو نووسینانەی کە ئێمە ڕاڤەیان دەکەین گەڕانەوەیەك بۆ تیۆرزانێکی ((لاییسیتە))ی تێدا بەدی ناکەین.لەم تاقمە دەبێت سەیدجەوادی تەباتەبایی جیابکرێتەوە چونکە ئەو ((لاییسیتە))بە باشی دەناسێت و بەتەواوی پێداگری دەکات لە سەر جیاوازی ئەمە لە گەڵ سێکولاریسم.

ب/سەبارەت بە سێکولاریسم،زۆربەی ئەو کتێبانەی کە نووسەرانی ئێمە پشتیان پێ بەستووە یان ئینگلیزین یان ئەمریکی (بە تایبەت لە لایەن بەرقیعی و سروش).جگە لەمە زۆر دەگەڕێنەوە بۆ سەر ئەو تاقمە لە بیرمەندانی ڕۆژئاوا کە بە هەمان شێوە کە وتمان:زۆربەیان کۆمەڵناسن و زۆر بە کەمی تیایاندا فەیلەسووف یا فەیلەسووفی سیاسی دەبینین.لێرەشدا موحەممەد ڕەزای نیکفەر و موڕادی فەرهادپور بە خستنە ڕووی هەندێك لە تیۆرەکانی فەیلەسوفانی ئەڵمانیا سەبارەت بە سێکولاریسم خۆیان لە ئەو تاقمە جیادەکەنەوە.دەزانین کە ((سێکولاریسم)) لە ڕووی مێژوویی یەوە سەرچاوەو ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانکارییە هزری و ئایینی یەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەورووپادا وەك ((ڕێنیسانس[1])) و بزووتنەوەی ((چاکسازی)) ئایین و ((ناڕەزایەتی)) بەرامبەر بە کەنیسەی دەسەلاتداری ڕۆما (پرۆتستانتیسم دەرهاوێشتەی ئەم بزووتنەوەیە[2] ) و سەرەنجام ڕەگەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆشنگەری لە سەردەمی مۆدێرندا.

مەڵبەندی ((سێکولاریسم)) لە ڕووی مێژووییەوە، ولاتی تێکەڵ بوونە لە ((ڕیفۆرمی ئایین)) واتە Aufklärung، هەڵبەت لە ئەڵمانیادا.سەبارەت بە ((سێکولاریسم)) زیاتر لە هەموو کەسێك فەیلەسووفانی ئەڵمانی یا

ئەڵمانی زەمانەکان مشتومڕ و هەڵوستەیان لە سەر کردووە، واتە لە هیگڵەوە تاوەکو بیرمەندانی سەدەی بیستەم لەم وڵاتەدا.

---

1.Renaissance

۲.پرۆتستانتیم Protestantisme لە فرمانی Protester هاتووە کە بە مانای ناڕەزایی دەربڕینە.

۳.بە فەرەنسی پێی دەوتری:Les Iumières و بە ئەڵمانی پێی دەڵێن:Aufklärung.

کە نموونەی ئەم بیرمەندانە کەسانی وەك:بلومێنبێرگ[1] ،ئێرنێست کانتورۆڤیچ[2] ،کارل لۆڤیت[3] ،کارل ئیشمیت[4] ،ماکس ڤێبەر[5] ،لۆیی ئیستروس[6] ، ئێرنێست تێرڤالیچ[7] و فێردریش گوگارتێن[8] و هتد.

---

۱.Hans Blumenberg-فەیلەسووفی هاوچەرخی ئەڵمانیا- کە بەرهەمە گرنگەکەی ئەو:Die legitimate der neuzeit – ڕەوابوونی سەردەمی نوێ یە.

۲.Ernse Hartwig Kantorowicz(۱۸۹۵-۱۹٦۳)- مێژووزانی ئەڵمانی پسپۆری سەدەکانی ناوەڕاست-بەرهەمە بە ناوبانگەکە ئەو:

-The kings Two Bobies, A study in Mediaeval Polical Theologyجەستەی دوو پاشا-توێژینەوەیەك لە سەر زانستی ئایینی سیاسی سەدەکانی ناوەڕاست.

۳.Karl Löwith (۱۸۹۷-۱۹۷۳) – فەیلەسووفی ئەڵمانی — کە بەرهەمە گرنگەکانی:Nietzsche Von Hegel zu لە هیگڵەوە تا نیچە – Meaning in History واتای مێژوو.



٤.Carl Schmitt (۱۸۸۸-۱۹۸۵) – یاسازان و فەیلەسووفی سیاسی ئەڵمانیا—کە بەرهەمە گرنگەی:

Théologie politique--- زانستی ئایینی سیاسی.

٥.Max Weber (۱۸٦٤-۱۹۲۰) – یاسازان و کۆمەڵناسی ئەڵمانی.کە بەرهەمە گرنگەکانی ئەو:

ئەخلاقی پرۆتستانت و ڕۆحی سەرمایەداری --- ئەخلاقی ئابووری ئایینە جیهانییەکانە.

٦.Leo Strauss (۱۸۷۹-۱۹۷۳) – فەیلەسووفی ئەڵمانی و مێژوونووسی فەلسەفەی ئەڵمانیا. بەرهەمە گرنگەکانی: Le testament de Spiniza.Ecrits de Leo Strauss sur Spinoza et le judaïsme وەسیەت نامەی ئیسپینۆزا"تێزەکانی لۆیی ستۆس سەبارەت بە ئیسپینۆزا و یەهودییەت-

La Renaissance du rationalisme Politique classiqueڕێنیسانسی عەقڵگەرایی سیاسی کلاسیك.

۷.Ernst troeltsch (۱۸٦٥-۱۹۲۳)--- فەیلەسوفی ئەڵمانی،مامۆستای زانستی ئایینی پرۆتستانتە لە زانکۆی هایدلبێرگ.بەرهەمە بەناوبانگەکەی ئەو ناوی:پرۆتستانتیسم و مۆدێرنەیە.

۸.Friedrich Gogarten (۱۸۸۷-۱۹٦۷)-یەزدان ناس و پاستۆر پرۆتستانتی ئەڵمانی—کە بەرهەمە بەناوبانگەکەی ناوی: Destin et espérance des temps modernes.La séularisation comme probléme théologique

لەپەیوەندی لە گەڵ ئەمانەدا، ئەم بابەتە زۆر سەرنج ڕاکێشە کە موحەممەدی بەرقیعی لە بەشی دووەمی ((سێکولاریسم لە تیۆرەوە تا پراکتیک)) کاتێک کە دێتە سەر باسکردنی ((سێکولاریسم و ڕەوتی پێکهاتنی لە ڕۆژئاوادا))،لە گەڵ ئەوەی کە لە بەشەکانی تری ئەم کتێبە پڕ لە بایەخەی خۆی بە دروستی باس لە ڕۆڵی لۆتەر و پرۆتستانتیسم دەکات،بەلاّم لەو جێگایەی کە فەرەنسا،ئیسپانیا و ئەمریکا و تەنانەت ڕوسیا(؟) بە شێوەیەکی تایبەت وجیا،وەك نموونەی سێکولاریسم هەڵدەبژێرێ و توێژینەوەیان لە سەر دەکات، ئەوا ناوی نموونە بەناوبانگەکان یا ((مۆدێلی)) ئەڵمانیا ناهێنێت کە چەقی سێکولاریزاسیۆنی ئەوروپا بسوو.ڕەخنەگرتن لە تیسۆریزەکردنی ئێرانییەکان دەکرێت لە ژێر ناونیشانی شەش بەشی سەرەکی دا جێ بەجێبکرێت:

١.تێکەڵکردنی ((سێکولاریسم)) و ((لاییسیتە)).

٢.تێکەڵکردنی ((سێکولاریسم)) و ((عورف)) و ((جیاکردنەوەی دەوڵەت و ئایین)).

٣.تێگەیشتنە یەك لایەنەکان لە ((سێکولاریزاسیۆن)).

٤.لێکدانەوەی سادە و بڕیاردانی دڵخوازانە لە سەر((سێکولاریسم)) و ((لاییسیتە)).

٥.تێکەڵکردنی ((سێکولاریسم)) و ((دیموکراتی)) و.....((حکوومەتی دیموکراتی ئایینی)).

٦.شاراوەیی دوو لایەنە:لە تیۆرە ئێرانییەکان و ئەنجام وەرگرتن لە ((سێکولاریسم)).

لە خوارەوە بە پشت بەستن بە نووسراوە ناوبراوەکان،هەریەك لەم ناونیشانانەی سەرەوە ڕاڤە دەکەین.



١.جیاوازی ((سێکولاریسم)) و ((لاییسیتە))

(موحەممەدی بەرقیعی،موحەممەد ڕەزای نیکفەر،سەیید جەوادی تەباتەبایی)

((لاییسیتە)) لە زۆربەی دەقە ئێرانییەکان یا هەر لە بنەماوە باس نەکراوە (کە لەم لایەنەوە بە کەمووکورتییەکی گەورە هەژمار دەکرێت) و یا لە کاتی ئاماژە کردن بۆی زۆر جار لە گەڵ ((سێکولاریسم)) بە هاو واتا دادەنرێت کە ئەمەیان خۆی وتەزایەکی ترە،یا ئەوەی کە لە پێناسەکردنی ئەم دووچەمکە و ڕاڤەکردنیاندا،تێکەڵکردنێکی شێواو و شاراوە بە دی دەکرێت.لە ((سێکولاریسم لە تیسۆرەوە تساوەکو پراکتیك))،کە نووسینی موحەممەدی بەرقیعی یە،ئەم کورتەیە دەخوێنینەوە (ڕوونکردنەوەکان لە لایەن منەوەیە):

((سێکولاریسم دەرئجامی ڕەوتی بە لاییك بوونی کۆمەڵگایە.)) ((هەردوو چەمکی لاییك و سێکولار کە لە فارسیدا بە شێوەیەکی هاو واتا دا بەکار دەبرێن......لە ڕۆژئاواش بە تایبەت لە تەوەری باسە زانستە سیاسی و کۆمەلاّیەتی یەکاندا هەر بە شێوەی هاو واتا بەکاردەبرێن.)) ((هەر دوو چەمکی سێکولار و لاییك چ لە زمانی فارسی و چ لە زمانە ئەوروپاییەکاندا زۆرجار بە شێوەی هاو واتا بەکاردەبرێن.ئەگەرچی جاری وەها بۆ چەمکی سێکولار ڕەچاوی مانایەکی بەرفراون تر بە بەراورد لە گەڵ لاییك دا دەکەن.)) ((لە لاییکەوە تا سێکولاریسم.)) ((ئەگەر پرۆتستانتیسم لە لاییك کردنی کۆمەڵگاو......ڕۆڵ دەبینێ،ئەوەش هر گرنگی دانە بە کاروباری ئەم جیهانە.)) ((سێکولاریسم وەك چەمك و ڕێبازێکی فیکری،چەند ساڵێك دواتر و تەنانەت زیاتر لە یەك سەدە لە دوای بە لاییك بوونی کۆمەڵگا ئەوروپاییەکان دەرکەوت.)) موحەممەد ڕەزای نیکفەر لە ((داڕشتنی تیۆرێکی خۆماڵی سەبارەت بە سێکولاریزاسیۆن)) دەنووسێت (ڕوونکردنەوەکان لە لایەن منەوەیە):

((له پەیوەندییەكی توندووتۆڵی واتایی لەگەڵیدا (ئاماژەیە بۆ سێكولاریسم) ،ئەمە هەر لاییسیزمە.)) ((لاییسیزاسیۆن لە ژێر چەتری چەمكی سێكولاریزاسیۆن دا جێگای خۆی دەكاتەوە.مەبەست لێی بە شێوەیەكی سەرەكی و ڕاشكاوانە جیاكردنەوەی دەوڵەت و ئایینە و هەروەها پێداگرییەكی تەواوە بۆ ئەم جیاكردنەوەیە.لە زمانی فارسی ئەمڕۆدا ،سێكولاریسم و لاییك بە هاو واتای یەك دەزانرێن،بە هەمان شێوە كە هەر لەم چەشنە هاو واتاكردنانە زۆر جار دەڵێن ڕۆشنبیری سێكولار یان ڕۆشنبیری لاییك.)) ((لە ئێران دا......دەتوانین دڵگران بین بەوەی كە ئێمە بۆ ئەوەندە لە دروستكردنی چەمك دا لاوازین و ناتوانین شتێكی ناولێنراومان هەبێت كە بتوانرێ ئەمە بە هاوشانی واتایی سێكولاریزاسیۆن یان بە شێوەیەك بۆ لاییسیزاسیۆن بزانرێت.))

بەڵام ((سێكولاریسم))بەهیچ شیوەیەك ئاكامی ((لاییسیتە)) نییە ،ئەویش ئاكامی شتێك كە موحەممەدی بەرقیعی ئەمە بە خەیاڵی خۆی بەهاو واتای ((سێكولاریسم)) دەزانێت.هەروەها بە پێچەوانەی بیروباوەڕی موحەممەد ڕەزای نیكفەر لاییسیزاسیۆن ناڕواتە ((ژێر چەتری سێكولاریزاسیۆن)).لە ڕاستیدا نە لە ((لاییسیتە)) دەگەینە ئەنجامی ((سێكولاریسم)) نە بە پێچەوانەشەوە.نە ئەم لە ئەو دەكەوێتەوە نە ئەویش لە ئەم دەكەوێتەوە.نابێت بە هیچ شێوەیەك ((سێكولاریسم)) و (لاییسیتە)) بە یەكسان و هاو واتای یەكتر بزانرێت.

ئەمانە لە زمانە بیانییەكاندا هاو واتای یەكتر نین و ئەگەر لە زمانێكدا وەك فارسی بەرامبەر بە یەك دادەنرێن ئەوا لە ئەنجامی ئاگادار نەبوونە بۆ جیاوازییان و یا بە هۆی نەتوانایی ئەم زمان و كولتوورەیە لە وەرگێڕانی ئەم وتەزایانەدا"ئەو وتەزایانەی كە ڕیشەكەیان دەگەڕێتەوە بۆ یۆنان و ڕۆما و مەسیحییەت و مێژووی شارستانییەكان (كولتوور،یاسا سیاسەت) لە وڵاتە ڕۆژئاواییەكان دا.ئەم سێ چەمكە یۆنانی (لاتینی) یە چارەنووسێكی نامۆ و



سەرنج ڕاكێشیان پەیدا كردووە واتە هەر سێ چەمكی:لایۆس و دیمۆس وسێكولار.لە لایۆس،لاییسیتە و لاییك،لە دیمۆس،دیموكراسی و دیموكرات و لە Saeculum و aion لاتینی،سێكولاریسم و سێكولار داتاشراون،سێ چەمكێك كە چارەنووسی مێژووی ڕۆژئاوایان دیاریكردووە ،سێ چەمك كە ٢ تا ٣ هەزار ساڵ لە بەكارهێنانیان لە لایەن هۆمیرۆس و ئەسینایییەكان تێپەڕیوە بەڵام هاوكات لە ناوەندی گفتوگۆی كۆمەڵایەتی و سیاسی و كولتووری ئێرانییەكاندا بوونیان هەیە.هەر سێ چەمكی ((سێكولار)) و ((سێكولاریسم)) و ((سێكولاریزاسیۆن)) بە پێی بنەمای ڕەگی هاوبەشی لاتینی Saeculum یا ( siécleلە زمانی فەرەنسی) دا كە مانای ((سەدە)) یا ((ماوەیەكی سەد ساڵە)) دەدات،دروستكراون.ووشەی Saeculum لە ئینجیل دا وەرگێڕانی aion ی یۆنانییە كە ئەم ووشەیە لای هۆمیرۆس مانای ((هێزی ژیان))،((ژیان)) و ((درێژایی كات)) دەدات.یەكەم مانای سەرەتایی ئەم چەمكە ماوەی تەمەنی مرۆڤ یا جیلێكە ،دواتر لای فەیلەسووفەكان،وەك ئەفلاتۆن،مانای تەمەنی نەمری تاهەتایی لە خۆ دەگرێ.بەڵام ئەم ووشەیە خۆی سەرچاوەیەكی هیند و ئەورووپی هەیە و داتاشراوێكە لە ai-o كە بە هەمان مانای ماوەی تەمەن یا هێزی ژیان دێت. لە سانسكریتیش ayuh,ayus,ayuni,ayu هەر ئەم مانایە دەدات.دواتر لە لاتینی،ووشەی aeunum مان هەیە كە بە مانای كات،ماوە،تەمەن،جیل،سەدە یا قۆناغێكی سەد ساڵە و هەروەها بە مانای تەندروستی و هێزی ژیان...دێت و هاو واتای aion ی یۆنانییە كە بە هەمان شێوە كە وتمان سەرچاوەیەكەیان دەگەڕێتەوە بۆ یەك ڕەگی هاوبەشی هیند و ئەورووپی.سەرەنجام لە زمانی عەرەبیدا ((یوم)) یا ناوی كۆی ((ایام)) مان هەیە كە لێكچوونی لە گەڵ aion ی یۆنانی و aeuum لاتینی دا ئاشكرایە.((یوم)) ی عەرەبی بە مانای

ڕۆژ،ڕۆژەکان،ڕۆژگار سەردەمەکان سەدە سەردەم،ماوەی ژیان سەردەمانێك ی درێژ و جیهانە،کە دەکرێ لە هەمان ڕەگی هاوبەشی هیند و ئەورووپی وەرگیرابێت[1] بەم شێوەیە دەکرێ ((سێکولاریزاسیۆن)) هاوبەرامبەر بە سەدە،ایام و ئەم دونیایە دابنرێت و یا بە مانای هەڵکردن لە گەڵ ڕۆژگاردا،((ئەم دونیایی))،((ایامی)) و ((دونیایی)) لێك بدرێتەوە و یا سەرەنجام بە مانای ((گەردوونیانە)) و ((گەردوون گەرایی)) ڕاڤە بکرێت.ئەم چەمکەی ناوبراو، وەکو چەمکی (concept) لە ناوەندە جیاوازەکاندا بە کارهاتووە و بە کار دەبرێت:لە زانستی ئایینی (مەسیحی) و یاسادا،لە فەلسەفەدا (بە تایبەت فەلسەفەی سیاسی)،لە کۆمەڵناسی،لە سیاسەت و ڕۆشنبیری و هونەر(وەك شێوەکاری)......هتد.

((سێکولاریسم)) بە یەکێك لە بوارەکانی سیاسی ـــ کۆمەڵایەتی هەژمار دەکرێت و پرۆسەی گۆڕانێکی بەرەبەرەو هەماهەنگی ئایین و (دامەزراوەی کەنیسە) و دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنییە لە پێناو پێویستییەکانی ((سەردەمی)) ئێمەدا،کە لە ئەنجامدا کۆتایی دێنێت بە ((دەسەڵاتی ئایین و کەنیسە)) لە سەر کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی دا.

بەڵام ((لاییك)) و ((لاییسیتە)) و ((لاییسیزاسیۆن)) لە لانکەیەکی ترەوە،واتە لە سەرچاوەیەکی ترەوە هەڵقوولاون.هەر سێ کەیان لە ووشەی laikos سەرچاوە دەگرن کە ئەمە خۆی لە laos ی یۆنانییەوە داتاشراوە.ووشەی laos لای هۆمیرۆس ناوێکە کە لە ((سەربازانی ئاسایی)) دەنرا لە بەرامبەر بە سەرکردە و فەرماندەکانی سوپادا.

بە دامەزراندن و پێکهێنانی ((شار))،ووشەکانی Laos و demos بۆ ناولێنانی یەك شت واتە ((خەڵك)) بە کاردەبران.لە گەڵ ئەو جیاوازییەی کە laos بە مرۆڤی تاك یان کەسانی جودا لە یەکیش دەوترێ،لە کاتێکدا demos بە ((ئەندامانی شار))،((هاووڵاتیان)) یا ئەو خەڵکانە دەوترێ کە



لە پەرلەمانی شار یا ecclesia کۆبوونەتەوە"واتە ئەو ((خەڵکانەی)) کە لە یۆنانی سەدەی پێنجەمی پێش زایینی دا لە polis کۆبوونەتەوەو و هەر لە polis دا پێناسە دەکرێن و شوناس وەردەگرن.

((شار)) یا polis ی یۆنانی ـــ ئەسینایی،((شوێنێکە)) کە لە ((هاووڵاتیان)) پێکهاتووە و پەیوەستە بە ((هاووڵاتیانەوە)) شوێنی پێکەوە ـــ ژیان و پێکەوە ـــ شەڕکردنە (stasis)،سەرەنجام ((هاووڵاتیان)) (جگە لە ژنان و کۆیلەکان و بیانییەکان) خەڵکانێکن کە لە بەڕێوەبردنی شار یا کاروباری ((شار ـــ بەڕێوەبردن)) وەك کەسانی ((هاوبەش)) (homoioi) و ((یەکسان)) (isoi) بەشداری دەکەن.

هەروەها ووشەی laoÏ داتاشراوێکی ترە لە laos ،کە بە خەڵکانی ئاسایی کۆمەڵگا(عەوام) دەوترێ بۆ جیاکردنەوەیان لە کەسانی خاوەن پلەوپایە و لەو نووسینانەی کە بە زمانی یۆنانی سەبارەت بە میسری کۆن هەیە

١.ئەو فەرهەنگانەی کە بەکارهاتوون: Dictionnaire étymologique Oxford Latin Dictionnary, ،d Ermcut et de meillet P.G.W Glare "فەرهەنگی هاوچەرخی عرەبی-فارسی،ئازەرتاش ئازەرنوش.

بەو میسرییانە دەوترێ کە ((جیان[1])) لە کاهینەکان و کاربەدەستە ئایینی یەکان.بەڵام laÏc یا laÏque ووشەیەکی لاتینی یە کە لە سەدەی دوانزەهەمی زایینی دا لە گفتوگۆی کەنیسەیی بەکاردەبرێت و بە تایبەت لە دوای سەدەی شانزە لە ئەوروپادا برەو پەیدا دەکات.

---

١.ئەو فەرهەنگەی کە بەکارهاتووە ئەمەیە: Dictionnaire étymolmgy de la mlangue grecque,Pierre Chntraine.

ئەم وشەیەش لە هەمان وشەی یۆنانی laikos دروست بووە.لە زمانی لاتینی دا laikos یا laicus وەك ئاوەڵناو بە كار دەبرێت و بە مانای ئەو شتە دێت كە پەیوەندی بە ((لایۆس)) یا خەڵكی یەوە هەیە و لە خەڵكەوە هەڵقوولاّ بێت و سەرچاوەی گرتبێت.یان بە ئەو شتە دەڵێن كە گشتیەتی هەیە،هاوبەشە،لە دەرەوەی ناوەندی ئیداری و فەرمی یە،نادەوڵەتییە،بەرامبەر بە سەربازی،مەدەنییە (ناسەربازییە).چەمكی لاییك سەرەتا لە ئەو سەدانەی كە بە سەدەكانی ناوەڕاست بەناوبانگن،لە ناوەندی كەنیسەی مەسیحی بەكاردەبرا و دەهاتە سەر زمان،مانای لاییك لەو سەردەمەدا بە شێوەیەكی ئاشكرا پەیوەندی لە گەڵ پێكهاتەی كەنیسەدا واتە كۆمەڵگای ئایینی یەوە هەیە،بەم شێوەیە كۆمەڵگای مەسیحی دابەش دەبێتە سەر دوو ((تاقم)) یان دوو گروپ كە ئەوانیش:

لاییكەكان laics و كاربەدەستە ئایینییەكانن clercs.لاییكەكان ئەو تاقمەی ئەندامی كۆمەڵگای ئایینی یا خەڵكانی ئیماندارن كە بەرامبەر بە كەنیسە هیچ ئەركێكیان جگە لە (غسل تعمید) لە ئەستۆدا نییە،بە كورتی لاییكەكان مەسیحییە ئاساییەكان ((گەلی مەسیح)) یان ئەندامانی ئاسایی كەنیسەن.

بەلاّم كەنیسەش یا ecclesia هەر وشەیەكە كە لە یۆنانی یەوە وەرگیراوە.لە ئەسینای سەدەی پێنجەمی پێش زایینیدا ئەم وشەیە بە پەرلەمانی شار دەوترا كە بە مانای ((بانگهێشت كردن)) یا داوەت كردنە:واتە بانگهێشت كردن و داوەت كردنی خەڵكە بۆ كۆبوونەوە.لە لاتینی و لە زمانی كەنیسەیی دا،بە مانای كۆبوونەوەی ئیمانداران دێت.ئەم چەمكەی سەرەوە خۆی لە ڕەگی kaleo دروستكراوە كە بە مانای بانگكردن و هات وهاوار و ئاگادارکرنەوە و ڕاگەیاندن و خستنە ڕوو دێت.ئەم فرمانانە ئەگەر چی خۆیان سەر بە زمانی لاتینین،بەلاّم لە ڕەگی هیند و ئەورووپی KLE سەرچاوە دەگرن كە وشەی



((كەلام)) لە زمانی ئێمەدا (فارسی) لەوانەیە هەر لەم ڕەگەوە دروستكرابێت.بەم شێوەیە دەكرێت كە ((كەنیسە)) و ((كەلام)) لە یەك ڕەگەوە هاتبن.كاربەدەستانی ئایینی Clercs بەشێكی تری كۆمەڵگای ئایینی پێك دەهێنن كە ((جیان)) لە لاییكەكان.ئەم وشەیە لە Kleros و Kolaphos ی یۆنانی وەرگیراوە كە بە مانای ((كەلەبەر)) یا جیابوونەوەیەك لە ئەنجامی چارەنووسەوە دێت.كەنیسە دارەكان یا كارمەندانی كەنیسە،بەرامبەر بە ئەو كەسانەی چارەنووس ئەوانی لە ئیمانداارنی تر ((جیا)) كردووەتەوە،بە پێچەوانەی لاییكەكان،لە كۆمەڵگای مەسیحی و پێكهاتە هیراركییەتی یەكەیدا خاوەنی پلەو پایە و پیشە و دەسەلاّتن.ئەوان بە نوێنەرایەتی كەنیسە لە حكوومەت و دامەزراوە دەوڵەتییەكاندا،لە ناو ئەنجوومەن و ڕێكخراوە كولتوورییەكان و لە سیستمی پەروەردە و فێركردن....ئەركی بەڕێوەبردنی ڕۆشنبیری و فێركارییان لە ئەستۆدایە.[1]

[1] ورگیراو لە گۆڤارێكی فەلسەفی بەزمانی فەرەنسی: L enseignemnt philosophique

سەرەنجام ((لاییسیتە)) وەك چەمکێکی سیاسی ــ کۆمەلآیەتی کە لە نیمەی دووەمی سەدەی ١٩ دا دەخولقێنرێ،چاودێرە لە سەر داپچڕانێکی دیار و تایبەتدا.پرۆسەیەکی رادیکالْ کە تیایدا دەولّەت[1] و دامەزراوە گشتی یەکان (دەولّەتی) لە کەنیسەکان ((جیا)) دەبنەوە.ئەم ((جیابوونەوەیە)) بەم مانایە دێت کە بە گشتی و بە شێوەیەکی ((سەربەخۆ)) و ((سەربەست)) ــ بێ گەڕانەوە بۆ ئایین یا مەزهەبێك ــ

کاردەکەن لە پێناو بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان.لاییسیتە لەو مانا مێژووییەی کە بە تایبەت لە فەرەنسا دەستی کەوتووە،لە دوو بناغەی لێك جیانەکەرەوە پێك دێت:

١. دەولّەت ئازادیە مەزهەبییەکان دابین و مسۆگەردەکات و دەست وەرناداتە کاروباری ئایینەکان ــ کە سەربەخۆن لە دەولّەت ــ و لەمبارەیەوە دەسەلآتی خۆی ناخەتە گەڕ.

٢. دەولّەت لە ناوەندی کاری خۆیدا واتە لە پانتایی ئەو شتەی کە پێی دەلّێن کەرتی گشتی (دەولّەتی) کە پەیوەستە بە هەمووانەوە،بانگەشە بۆ هیچ مەزهەبێك ناکات و بە فەرمی دان بە هیچ ئایینێکدا نانێت.

١.لە هەرکوێ دا کە باسی ((دەولّەت)) مان کردبێت،مەبەستمان هەمان چەمکی Etat لە زمانی فەرەنسی یا Stat لە زمانی ئینگلیزی دا کە کۆمەلّە یاسای دادوەری و جێبەجێکردن ویاسادان لە خۆ دەگرێت.بە پێی ڕیکەوتن لە سەر ئەم پێناسەیە ووشەی ((حکومەت)) دەدرێتە پالْ دەسەلآتی جێبەجێکردن.



پێش مەرجی ((جیابوونەوەی)) دەولّەت و ئایین،جیابوونەوەیەکی ترە کە ناوی ((جیابوونەوەی دەولّەت و کۆمەلّگای مەدەنییە)) کە لەم سەردەمە مۆدێرنەی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکاندا،پێکهاتنی دەولّەت ــ میللەت و کۆمەلّگای مەدەنی ڕوودەدات.بەمشێوەیە ((سێکولاریسم)) و ((لاییسیتە)) وەك دوو ((لۆژیك ــ پرۆسە)) ی جیاواز و جودا دوو قۆناغ لە ڕەوتێکدا پێك ناهێنن و یا دوو سەردەم نین لە یەك کاتی هاوبەشدا.((سێکولاریزاسیۆن)) لە دوای ((لاییسیتە)) دروست نابێت،بەلّکو لە مانای ((بە دونیایی بوونی)) ئایین و کەنیسە،بە هەمان شێوە کە ئاماژەمان پێدا، واتە لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپادا بەم مانایە دەردەکەوێ.لە لایەکی ترەوە ((لاییسیتە)) سەرچاوەیەکی دیاری نییە،چونکە بە قسەی موحەممەدی بەرقیعی هەشتا سالْ دوای ڕووداوی شۆڕشی فەرەنسایە لە ١٧٨٩،کە بزووتنەوەیەکی کۆمەلآیەتی بۆ بەدی هاتنی ((لاییسیتە)) ــ ئەو چەمکەی کە لەم سەردەمە دەکەوێتە سەر زمانەکان ــ لە فەرەنسادا دروست دەبێت و لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا واتە لە ١٩٠٥ دایە کە یاسای ناسراو بە ((جیابوونەوەی دەولّەت و کەنیسەکان)) لە پەرلەمانی نەتەوەیی ئەم ولآتەدا دەخرێتە ڕوو.لێرەدا بیروڕای جەوادی تەباتەبایی لە ((پێشەکییەك لە سەر تیۆری داکەوتن لە ئێران)) بۆ ڕەتکردنەوەی هاو واتاکردنی سێکولاریسم و لاییسیتە،لە گەلْ ئەوەی کە هەندێ هەلّەیشی تێدایە،بەلآم هەر گرنگی خۆی هەیە:

((جاروبار ووشەی laÏcité لە گەلْ چەمکی secular بە هاو واتا دەزانن کە بە هیچ شێوەیەك ئەمە دروست نییە.laÏcité چەمکێکی فەرەنسییە کە لە سەرەتا بۆ دەربڕینی ئەو سیستمە حکومەتییەی کە لە ئەنجامی شۆڕشی فەرەنساوە دروست ببوو،بەکار دەهێنرا.جگە لە فەرەنسا مەکزیك و تا ڕادەیەکیش تورکیاــ لەو لایەنەوە کە لاسایی کەرەوەی فەرەنسایە ــ ناتوانین هیچ یەکێك لە سیستمە فەرمانڕەواییەکانی ئەوروپا بە لاییك ناو ببەین.))

بەلاّم جەوادی تەباتەبایی بە پێداگری لە سەر ڕاستی هاو واتا نەبوونی ((سێکولار)) و ((لاییك)) خۆی تووشی هەڵەیەك دەكات.

چەمکی laĭcité بە هەمان شێوە کە وتمان و لە بەشی یەکەم وچواردەمدا بە باشی شیمان کردەوە،بۆ یەکەمجار لە تشرینی دووەمی ساڵی ۱۸۷۱ دا لە فەرەنسا،لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی شار لە دەورووبەری پاریس کە ڕاوێژیان لە سەر ((لاییسیتە لە سیستمی خوێندن)) دا دەکرد،دەخرێتە ڕوو.بەلاّم لە ڕاستیدا داهێنانی لاییسیتە بە مانای ((دەستتێوەرنەدانی دەوڵەت لە کاروباری ئایین و کەنیسە)) و ((جیابوونەوەی دەوڵەت و دامەزراوە گشتی یەکان لە ئایین و کەنیسەکان)) و ((ئازادییە مەزهەبییەکان)) بە شێوەیەکی ڕاستەقینە و بەردەوام لە کۆماری سێیەمی فەرەنسا (لە ۱۸۷۰ بە دواوە) و دوای تێپەڕینی ساڵانێکی زۆر لە شەڕی کۆمەلاّیەتی و سیاسی و پەرلەمانی .....جێبەجێدەکرێت.هەڵبەت لە شۆڕشی فەرەنسا و لە ((سەردەمی تیرۆر)) دا ژاکبۆنەکان دژ بە کەنیسە دەست دەدەنە چەند هەنگاوێکی ڕادیکاڵ و لاییکی بەلاّم لە لایەکەوە تەمەنی ئەم قۆناغە زۆر کورت بوو و لە لایەکی تریشەوە بە دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا لە کاروباری ئایین دا،سەرکوتکردن و قەدەغە کردنی ئازادییە مەزهەبییەکان و وێرانکردنی جێگا ئایینی و کەنیسەکان....دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم دەوڵەتە شۆڕشگێڕە یەکێك لە دوو بنەما سەرەکییەکەی لاییسیتە پێشێل بکات،واتە دابین کردنی ئازادییە ئایینی یەکان و دەستتێوەرنەدان لە کاروباری ئایین و ئیمان دا.دوای سەردەمانی شۆڕش،پەیوەندییەکانی دەوڵەت و ئایین لە فەرەنسا چەند قۆناغێکی پڕلە بەرزی ونزمی تێدەپەڕێنێت.



لەوانە ((ڕێکەوتننامەی[1])) ناپلیۆنی یا بەستنی ڕێکەوتننامەیەك لە نێوان دەوڵەتی ئیمپراتۆری و کەنیسەی کاتۆلیکی پەیوەست بە ڤاتیکانەوە،دواتر بە هۆی گەڕانەوەی پاشایەتی یەکگرتووی کەنیسە بەرقەراربوونی دووبارەی دەستکەوتەکانی کەنیسە و ڕاگەیاندنی ڕاشکاوانەی ((ئایینی زۆرینە)) لە بناغە یاساکانی ولاّتدا ڕوودەدات.

سەرەنجام دەبێت دووپاتی بکەینەوە کە ئەگەر بە ڕیك و پێکی و تەنیا لە ولاّتی فەرەنسایە کە لاییسیتە تاڕادەیەك بە شێوەیەکی تەواو و ڕاستەقینە بە دی دێت،بە هەمان شێوەش دەتوانین ((لۆژیکی لاییسیتە)) تا ڕادەیەك لە ماوەی قۆناغە مێژووییەکاندا لە زۆربەی ولاّتانی ڕۆژئاوا دا کە خاوەنی نەریتێکی بە هێزی کاتۆلیکین و بە هەمان ئاستیش لە تێکۆشانی دژە ((کلریکالّی)) بە هێز بوونە،لە بەلژیکا و ئیسپانیا و پورتوگال و تاڕادەیەك و لە چەند قۆناغێشکدا لە ئیتالیا بە دی بکەین.بەمشێوەیە،ئەم بانگەشەیەی جەوادی تەباتەبایی کە لاییسیتە سنووردار دەکات بۆ دوو ولاّتی فەرەنسا و مەکزیك و تاڕادەیەکیش تورکیا،لە گەڵ ئەوەشدا کە ئەمڕۆش ئەم شتە لە ناو ڕای گشتی و ژورنالیستی دا،تەنانەت لە ڕۆژئاواش باوە،بەلاّم لەو ڕوانگەیەی کە پێشمان دا واتە لە ڕوانگەی ڕاڤەکاری ((لاییسیتە)) و ((سێکولاریسم)) وەك دوو ((لۆژیك ــــ پرۆسە))ی جیاوازەوە لە ڕووی ڕاستییە مێژوویەکان،ئەوا بانگەشەکەی جێگای داکۆکیردن نییە.

1.Le Concordat.

لەوانە ((ڕێکەوتننامەی[1])) ناپلیۆنی یا بەستنی ڕێکەوتننامەیەك لە نێوان دەوڵەتی ئیمپراتۆری و کەنیسەی کاتۆلیکی پەیوەست بە ڤاتیکانەوە،دواتر بە هۆی گەڕانسەوەی پاشایەتی یەکگرتووی کەنیسە بەرقەراربوونی دووبارەی دەستکەوتەکانی کەنیسە و ڕاگەیاندنی ڕاشکاوانەی ((ئایینی زۆرینە)) لە بناغە یاساکانی وڵاتدا ڕوودەدات.

سەرەنجام دەبێت دووپاتی بکەینەوە کە ئەگەر بە ڕێك و پێکی و تەنیا لە وڵاتی فەرەنسایە کە لاییسیتە تاڕادەیەك بە شێوەیەکی تەواو و ڕاستەقینە بە دی دێت،بە هەمان شێوەش دەتوانین ((لۆژیکی لاییسیتە)) تا ڕادەیەك لە ماوەی قۆناغە مێژووییەکاندا لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا دا کە خاوەنی نەریتێکی بە هێزی کاتۆلیکین و بە هەمان ئاستیش لە تێکۆشانی دژە ((کلریکالی)) بە هێز بوونە،لە بەلژیکا و ئیسپانیا و پورتوگال و تاڕادەیەك و لە چەند قۆناغێشکدا لە ئیتالیا بە دی بکەین.بەمشێوەیە،ئەم بانگەشەیەی جەوادی تەباتەبایی کە لاییسیتە سنووردار دەکات بۆ دوو وڵاتی فەرەنسا و مەکزیك و تاڕادەیەکیش تورکیا،لە گەڵ ئەوەشدا کە ئەمڕۆش ئەم شتە لە ناو ڕای گشتی و ژورنالیستی دا،تەنانەت لە ڕۆژئاواش باوە،بەڵام لەو ڕوانگەیەی کە پێشمان دا واتە لە ڕوانگەی ڕاڤەکاری ((لاییسیتە)) و ((سێکولاریسم)) وەك دوو ((لۆژیك ـــ پرۆسە))ی جیاوازەوە لە ڕووی ڕاستییە مێژوویەکان،ئەوا بانگەشەکەی جێگای داکۆکیردن نییە.

1.Le Concordat.



٢.تێکەڵکردنی ((سێکولاریسم)) و ((عورف)) و ((جیابوونەوەی دەوڵەت و ئایین))

(موحەممەدی بەرقیعی،عەلی ڕەزا عەلەوی تەبار،عەبدولکەریمی سروش)

لە هەندێك لە دەقە ناوبراوەکاندا،((سێکولار)) و ((لاییك))یان،بە ((عورفی)) و ((سێکۆلاریسم))یان، بە ((جیابوونەوەی دەوڵەت و ئایین)) ناوبردووە،کە لە هەر دوولاوە هەڵەیەکی گەورە ڕوویداوە.

موحەممەدی بەرقیعی لە ((سێکولاریسم، لە تیۆرەوە تاوەکو پراکتیك)) دەنووسێت (ڕوونکردنەوەکان لە لایەن منەوەیە):

((لاییسیتە یا بە عورفی بوون بە مانای جیابوونەوەی مەزهەبە لە دامەزراوە گشتی یەکان و دانە دەستی ئەمانەیە بە دەوڵەت.)) ((هەر دوو چەمکی لاییك و سێکولار...بە گشتی بە عورفی وەردەگێڕدرێن.)) ((سێکولاریسم یا سیستمی عورفی یا جیابوونەوەی ئایین و حکوومەت.))

((لاییك لە زمانی فارسی بە ((عورفی)) و نائایینی و سێکولار بە عورفی و....وەرگێڕدراوە.)) ((لە باتی هەر دوو چەمکی لاییك و سێکولار ووشەی عورفییان بۆ بە کار دەبەین و لە بەر ئەوەی کە لەم نووسینەدا بەکارهێنانی سیاسی ئەم چەمکانە ڕەچاو دەکرێن،بۆیە لە هەموو جێگایەکدا مەبەستمان لەم چەمکانە جیاکردنەوەی دەسەڵاتی ئایینە لە حکوومەت ـــ بە هەمان شێوە کە لە ڕۆژئاوا لە ژێرناونیشانی جیاکردنەوەی کەنیسە لە حکوومەت ناو دەبرێن.)) ((ئەگەر پرۆتستانتیسم لە ...ئامادەکردنی (کۆمەڵگا) بۆ جیاکردنەوەی ئایین لە حکوومەت ڕۆڵ دەبینێت،ئەمە هەر خۆی گرنگی دانیەتی بە کاروباری ئەم جیهانە.)) ((بەم شێوەیە دەبینرێت کە لە ڕۆژئاوادا

## ٢.تێکەڵکردنی ((سێکولاریسم)) و ((عورف)) و ((جیابوونەوەی دەوڵەت و ئایین))

**(موحەممەدی بەرقیعی،عەلی ڕەزا عەلەوی تەبار،عەبدولکەریمی سروش)**

لە هەندێك لە دەقە ناوبراوەکاندا،((سێکولار)) و ((لاییك))یان،بە ((عورفی)) و ((سێکۆلاریسم))یان، بە ((جیابوونەوەی دەوڵەت و ئایین)) ناوبردووە،کە لە هەر دوولاوە هەڵەیەکی گەورە ڕوویداوە.
موحەممەدی بەرقیعی لە ((سێکولاریسم، لە تیۆرەوە تاوەکو پراکتیك)) دەنووسێت (ڕوونکردنەوەکان لە لایەن منەوەیە):
((لاییسیتە یا بە عورفی بوون بە مانای جیابوونەوەی مەزهەبە لە دامەزراوە گشتی یەکان و دانە دەستی ئەمانەیە بە دەوڵەت.)) ((هەر دوو چەمکی لاییك و سێکولار...بە گشتی بە عورفی وەردەگێڕدرێن.)) ((سێکولاریسم یا سیستمی عورفی یا جیابوونەوەی ئایین و حکوومەت.))
((لاییك لە زمانی فارسی بە ((عورفی)) و نائایینی و سێکولار بە عورفی و...وەرگێڕدراوە.)) ((لە باتی هەر دوو چەمکی لاییك و سێکولار ووشەی عورفییان بۆ بە کار دەبەین و لە بەر ئەوەی کە لەم نووسینەدا بەکارهێنانی سیاسی ئەم چەمکانە ڕەچاو دەکرێن،بۆیە لە هەموو جێگایەکدا مەبەستمان لەم چەمکانە جیاکردنەوەی دەسەڵاتی ئایینە لە حکوومەت ــ بە هەمان شێوە کە لە ڕۆژئاوا لە ژێرناونیشانی جیاکردنەوەی کەنیسە لە حکوومەت ناو دەبرێن.)) ((ئەگەر پرۆتستانتیسم لە ...ئامادەکردنی (کۆمەڵگا) بۆ جیاکردنەوەی ئایین لە حکوومەت ڕۆڵ دەبینێت،ئەمە هەر خۆی گرنگی دانیەتی بە کاروباری ئەم جیهانە.)) ((بەم شێوەیە دەبینرێت کە لە ڕۆژئاوادا



وڵاتە جیاوازەکان بە ئامانجە جیاوازەکان و لە ڕیگا جیاوازەکانەوە،ڕەوتی جیاکردنەوەی کەنیسە و دامەزراوە ئایینی یەکانیان لە حکوومەت تێپەڕاندووە،یان بەو شێوەیەی کە لە ئێراندا دەیڵێن ئایینیان لە حکوومەت جیاکردوەتەوە.))

عەلی ڕەزا عەلەوی تەبار لە تێزەکەی خۆی لە ژێرناونیشانی ((سیکولاریسم و دیموکراتی)) بە ڕاشکاوییەکی ڕەهاوە ((سێکولاریسم)) بە ((جیابوونەوەی ئایین و......)) مانا دەکات (ڕوونکردنەوەکان لە لایەن منەوەیە):
((لەوانەیە هاوبەرامبەردانانی فارسی ((جیابوونەوە لە ئایین)) بۆ ئەمە ((مەبەستی سێکولاریزاسیۆنە)) شیاوترە لە دانانی هاو واتاکانی تر بۆی.))
((بەکارهێنانە جیاوازەکانی سێکولاریسم: ..........٢.تایبەتی کردنی ئایین و جیاکردنەوەی لە ژیانی کۆمەڵایەتی.ئەم شێوە بەکارهێنانەی سێکولاریسم داوەتێکە بۆ جیابوونەوەی ئایین و کۆمەڵگا....٣.تێڕوانینێکی تایبەت لە بارەی پەیوەندی نێوان ئایین و دەسەڵاتی سیاسی لە ژێر ئەم بەکارهێنانە،دەکرێت هەربە پێی ئەمانە باس لە سێ بەکارهێنانی ڕێژەیی تر بکرێت ٣,١:جیابوونەوەی ئایین لە حکوومەت Separation of and state (religion ٣,٢:جیابوونەوەی ئایین لە دەوڵەت Separation of religion and government ) ٣,٣:جیابوونەوەی ئایین لە کاروباری سیاسی Separation of religion religion and polities ...بە سەیرێکی بەکارهێنانە جیاوازەکانی سێکولاریسم و بە بەراوردکرنی لە گەڵ بناغە هزرییەکانی دیموکراسی دەتوانرێ بوترێ کە تەنیا یەك شێواز لە سێکولاریسم بۆ هەبوونی دیموکراسی پێویستە کە ئەو شێوازەی سێکولاریسم بریتی یە لە: ((جیابوونەوەی ئایین لە حکومەت)).
هەروەها عەبدولکەریمی سروش لە ((ئایین و دونیای نوێ)) ((جیابوونەوەی دەوڵەت و ئایین)) بە یەکێك لە بەرهەمەکانی ((سێکولاریسم)) دەزانێت و

دەنووسێت ((ڕوونکردنەوەکان و بابەتی پرسیار و شیکردنەوەکانی ناو کەوانەکان لە لایەن منەوەیە):

((وەسفێکی هەڵەمان نەکردووە ئەگەر بڵێین ئێمە لە سەردەمی سێکولاریسم دا دەژین.دەرئجامە سادەکانی سێکولاریسم ئەمەیە کە ئایین و دەوڵەت لە یەك جیاببنەوە...ئەوەی کە سێکولاریسم تەنیا بە پێی بنەمای جیابوونەوەی ئایین لە دەوڵەت پێناسە بکەن،ئەوە هەم ڕێژەییە و هەم گومڕاکەرە،ڕەگی سێکولاریسم زۆر لەمانە قووڵترە.جیابوونەوەی ئایین لە سیاسەت (سیاسەت یا دەوڵەت؟) لە ڕاستیدا یەکێکە لە سەرەتایی ترین ئەو بەرانسەی کە لە لقەکانی ئەو دارە (سێکولاریسم) بتوانی لێبکەیتەوە.))

بۆ توێژینەوەی ئەم بۆچوونانەی سەرەوە سەرەتا دەبێت بە ڕاشکاوی بڵێین کە ((سێکولار)) و ((سێکولاریزاسیۆن)) و ((لاییك)) و ((لاییسیزاسیۆن)) هاوبەرامبەریان لە زمان،کولتوور،فەلسەفە،ئایین، نەریت سیاسەت و کۆمەڵگا و مێژووی ئێراندا نییە و ناتوانن هەیانبێت.

ئەو هەوڵانەی کە بۆ وەرگێڕانی ئەم چەمکانە دراوە و دەدرێت،وەك دروستکردنی چەند هاو واتایەکی وەك ((ئایین ـ جیا)) یا ((ئایین ـ جیاکەرەویی)) و بە تایبەت هاوبەرامبەرکردنی باوی وەك ((عورف)) و ((عورفی)) و ((عورفییەت))،نەك تەنیا ناتەواوە و پەیامەکە ناگەیەنێت بەڵکو لەبنەوماوە هەموویان هەڵەن.هەر بۆیە بەهەمان شێوە کە چەند چەمکێکمان وەك ((دیموکراتی))،((سۆسیالیسم)) و ((ئیمپریالیسم)) لە ووشە ڕۆژئاواییەکانەوە هێناوەتەوە ناو زمانی خۆمانەوە،بۆیە کاری بەجێ ئەوەیە کە لە گەڵ وتەزاکانی ((سێکولار)) و ((سێکولاریسم)) و ((لاییك)) و ((لاییسیتە))ش،کە لە مێژوو و کولتوور و ئایین و سیاسەتی ڕۆژئاواوە هەڵقوولاون و گەشەیان کردووە بە هەمان شێوە ڕەفتار بکەین،واتە ئەمانە بە هەمان شێواز و دەربڕینی ((بیانی)) یا جیهانگریان قبووڵ بکەین و



((بیانکەینە هی خۆمان)).بەلاّم بە هەر شێوەیەك بێت،ئەوەی کە هەڵەیەکی ئاشکرا بێت ئەمەیە کە:((عورف)) بە هاو واتایەکی دروست و بە ئێرانی کراوی ((سێکولاریسم)) یا ((لاییسیتە))ی ڕۆژئاوا بزانین.لە زمانی عەرەبیدا ((عورف)) بەو شتە دەڵێن کە بەناوبانگ و ناسراو و ئاشنا بێت"بەشێکە لە داب و نەریت"باو و ناسراوە"تەنانەت لە خودی زمانی عەرەبیشدا بە ((سێکولار)) و ((سێکولاریسم)) ناڵێن ((عورف)) بەڵکو ئەمانەیان بە ((عیلمانی))،((عەلەمەنت)) و ((عیلمانییەت)) وەرگێڕاوە کە هەم دەتوانێ مانای ((بە زانستی کردن)) و هەم ((عالەمی کردن)) یا ((بە دونیایی)) کردن بدات.هەڵبەت ئەم چەمکەی دووەمیان لە ((سێکولاریسم))وە نزیکترە.((عورف)) لەو مانایەی کە لە کولتوور و مێژووی ئێران دا دەستی کەوتووە،ناتوانێت ناوەڕۆکی ناسراوی مێژوویی ((لاییسیتە)) دەربڕێت واتە هەر دوو بنەمای ((جیاکردنەوەی دەوڵەت و ئایین)) و ((ئازادییە مەزهەبییەکان لە کۆمەڵگای مەدەنی دا))،هەروەها ناتوانێت وەرگێڕانی ناوەڕۆکی ((سێکولاریسم)) بێت، واتە ((سەردەمیانە)) بوونی ناوەندە جیاوازە کۆمەلاّیەتییەکان و بە ((دونیایی)) بوون و گۆڕانی بەرەبەرە و هەمانگی بناغەکانی کۆمەڵگا بەرەو ((چوونە دەرەوە لە دەسەلاّتی ئایین)).لە لایەکی ترەوە ((عورف)) وەك داب و نەریت،بە پێچەوانەی ئەو بانگەشەیەی کە دەکرێ ((نائایینی)) نییە،چونکە دەتوانێ لە گەڵ ئایینەکان و ڕێباز و نەریتە کۆنەکان دا بە خەسڵەتێکی ئایینی یەوە هەڵقوولاّبێت و لە ڕاستیدا هیچ جیاوازییەك و دژایەتییەکی لە گەڵ ئەم ئایینەی ئێستادا نەبێت.لەمبارەیەوە موحەممەد ڕەزا نیکفەر زۆر بە دروستی ئاماژە بۆ ئەم بابەتە دەکات:

((عورف بە مانای ئەو شتە دێت....کە شەرع واژووی بۆ دەکات و یا لەبەرامبەریدا دان بەخۆدا دەگرێت یا هەوڵ دەدات بۆ گۆڕینی،بە دڵنیاییەوە شتێکی بەم چەشنە سێکولار نییە و دەکرێ لە نەریت و خەسڵەتێکی تر و

ئایینێکی ترەوە جگە لەم ئایینەی ئێستا ،هەڵقوولاً بێت)). بەلاّم هەڵەیەکی گەورەی تر، تێکەڵکردنی ((سێکولاریسم)) و وتەزای ((جیابوونەوەی دەوڵەت و ئایینە)).دەبێت دووپاتی بکەینەوە کە ((سێکولاریسم)) لە گەڵ هەر چەشنە چەمکێکی ((جیابوونەوە)) (لە گەڵ ئایین) دا نامۆیە.چەمکی ((جیابوونەوەی[1])) دەوڵەت لە ئایین هیچ جێگایەکی لە هەر دوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی ((سێکولاریسم)) و ((سێکولاریزاسیۆن)) دا نییە.وتەزای ((جیابوونەوە))،((دابڕان)) یا ((کەرت بوونی)) ئایین و کەنیسە تەنیا لە ((لۆژیك ـ پرۆسە)) ی ((لاییسیتە)) دا بەدی دەکرێت.

لە ((لۆژیك ـــ پرۆسە)) ی ((سێکولاریسم))دا ((پەیوەندی)) دەوڵەت و دامەزراوە گشتی یەکان لە گەڵ ئایین و کەنیسە دا هەرگیز ناپچڕێت.

بەلاّم لێرەدا ئێمە زیاتر کارمان بە سەر دەوڵەت و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و کەنیسەیەکدا هەیە کە لە هاوکاری و هاوپەیوەندی لە گەڵ یەکدا ،خۆیان دەگۆڕن و نوێ دەبنەوە و دەبنە ((سەردەمییانە)) و لەم ڕەوتە هاوبەرامبەر و ئاشتیانەو نا ئانتاگۆنیستی یەدا ،ئایین ئەو پێگە زاڵەی خۆی لە ناو کۆمەڵگا دا بەرەبەرە لە دەست دەدات.

---

1.Séparation



لەو ناوچانەی کە ئەزموونی ((سیکۆلاریزاسیۆنیان)) تێپەڕاندووە واتە لە ولاّتە پرۆتستانتەکان یان ئەوانەی کە چەند مەزهەبێکی تێدایە وەك دانیمارك و ئەڵمانیا و هۆڵەندا و ئینگلیز......پەیوەندییەکانی دەوڵەت و کەنیسە (یا کەنیسەکان) هیچ کاتێك لە سەر بنەمای ((جیابوونەوە)) و ((سەربەخۆیی)) تەواوی ئەواندا نەبووە.لە ئینگلیزدا وەك یەکێك لە نموونەکانی ((لۆژیکی سێکولاریسم)) ،پاشا وەك سەرۆکی کەنیسەی ئانگلیکەن ((پاسەوانی ئایینە)).ئەم کەنیسە ((سەقامگیربووە)) مافێکی بە فەرمی زانراوی هەیە ،لە ژێر کۆنترۆڵی پەرلەمان دایە ،نوێنەریان لە ئەنجوومەنی ئەرستۆکراتەکاندا هەیە و بەهرەمەندن لە یارمەتییەکانی دەوڵەت بۆ دابین کردنی ژیانیان.لە ئەڵمانیاش وەك نموونەیەکی تری پرۆسەی ((سێکولاریزاسیۆن)) لە ئەوروپا، بە پێی بناغە یاسای ١٩٤٩ ((کەنیسەی دەوڵەتی بوونی نییە)) و دەوڵەت لە لایەن مەزهەبەوە بێ لایەنە ،بەلاّم هەر ئەم دەوڵەتە بە پێی چەند پەیوەندییەکی یاسایی ،پەیوەندییەکانی خۆی لە گەڵ چەندین کەنیسەی جیاوازدا پاراستووە بۆ نموونە بەشێك لە باجی هاوولاّتیان تایبەت دەکات بە کاروباری کەنیسە.

بە ڕاشکاوی ئەمە بلێم کە ئەگەر ئەمڕۆ لە ڕۆژئاوا هەر دوو دامەزراوەی دەوڵەت و ئایین بە تەواوی سەربەخۆن لە یەك و هەر سێ دەسەلاّتی یاسادان و جێبەجێکردن و دادوەری لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خۆیان و کۆمەڵگا دا پێڕەوی لە هیچ ئایین و کەنیسەیەك ناکەن،ئەمانە هەمووی بەرهەمی ئەو گۆڕانکارییانەیە کە ولاّتە ڕۆژئاواییەکان لە ماوەی سێ سەدە زیاتردا بڕیویانە.بەلاّم هەر لێرەدا دەبێت دووپاتی بکەینەوە کە ئەم ئاکامە هاوبەشانە لە ڕێگا جیاوازەکان و بە خستنە کاری لۆژیکی جیاواز و جاروباریش دژ بەیەك بەهەمان شێوە کە باسمان کرد ،بە شێوەیەکی سەرەکی لە دوو لۆژیك ـــ پرۆسەی ((سێکولاریزاسیۆن)) و ((لاییسیزاسیۆن)) دا هاتوونەتە بەرهەم.لە

کۆتاییدا دەبێت ئەمەش بڵێم کە ((سێکولاریسم)) یا ((لاییسیتە)) بە هیچ شێوەیەك ئایین لە ((سیاسەت)) جیاناکەتەوە (بە بۆچوونی عبدولکەریمی سروش) یا ئایین ((تایبەتی)) ناکات و لە ژیانی کۆمەڵایەتی دا جیای ناکاتەوە (بە پێی قسەی عەلی ڕەزا عەلەوی تەبار).

((جیابوونەوەی دەوڵەت لە ئایین)) بە مانای ڕێگری لە ئایین داران نییە لە چالاکی سیاسی و نە بەمانای بانگەشە کردنە بۆ ((جیاکردنەوەی ئایین لە کۆمەڵگا)) دا.پێش ئێستا ڕوونمان کردەوە کە ڕێك بە پێچەوانەی پێناسە و لێکدانەوەی شێواوی ئاوەهادا،((سێکولاریسم)) و ((لاییسیتە)) بە ڕەتکردنەوەی و هەڵوەشاندنەوەی ئایین سالاری (ئایینی دەوڵەتی یا دەوڵەتی ئایینی) لە ڕاستیدا دەرفەت و هەلێکی لەبار بۆ پەرەپێدان و فراوان بوونی مەزهەب لە کۆمەڵگای مەدەنی دا دەڕەخسێنن.

### ٣.تێگەیشتنە یەك لایەنەکان بۆ ((سێکولاریزاسیۆن))
### (عەبدولکەریمی سروش،سەییدجەوادی تەباتەبایی،مورادی فەرهادپور)

سەرەکی ترین و گرنگترین ڕەخنەیەك کە ئێمە بۆ خوێندنەوە ئێرانییەکان سەبارەت بە ((سێکولاریزاسیۆن)) دەیزانین ئەمەیە کە لەم ((چەمکە پرۆسە)) مێژووییەدا،پێناسە و لێکدانەوەیەکی یەك لایەنە دەخەنە ڕوو و بە دڵنیاییەوە لە ڕووناکایی لێکدانەوەیەکی یەك لایەنە و ناتەواوی ئاوەهادایە کە دەرەنجامی هەڵەی لێ دروست دەبێت.

وتەزای ((سێکولاریزاسیۆن)) زۆر بە ئەستەمی کۆڵ بۆ ((پێناسە)) دەدات،بە شێوەیەك کە لە چوارچێوەیەکی داخراو و چەق بەستوو دا،کۆڵ بۆ پێناسەکردن نادات.لە کاتێکدا کەسانێکی زۆر دەیانەوێت تەواوی تایبەتمەندییەکانی ئەم سەردەمە مۆدێرنە لە ناو ئەم ((هاوکێشە موعجیزە دروستکەرە))



بگونجێنن.فێردریش نیچە بەمشێوەیە باس لە ئەستەم بوونی ((پێناسە کردنی)) هەندێك چەمك دەکات: ((هەر چەمکێك کە تیایدا نیشانە واتاییەکانی پرۆسەیەکی تەواو،کورت کرابێتەوە کۆڵ بۆ پێناسە کردن نادات.تەنیا ئەو شتەی کۆڵ بۆ پێناسە دەدات کە باگراوندێکی مێژوویی لە پشتەوە نەبێت.))

هەڵبەت ئەگەر ئێمە نەمانەوێت وەك نیچە بانگەشەیەکی بەمشێوەیە بکەین،ئەوا دەکرێ هەر شتێك کە مێژوویەکیشی هەبێت ((پێناسە)) بکرێت،بەلام نەك یەك پێناسەی زەق و دڵنیا و بێ شاراوەیی لە لایەن نیشانەناسی[1] بەڵکو تا ڕادەیەك هەوڵ بدرێت هەندێك لە ماناکان و ئەو لایەنە شاراوەییەی کە تا ئێستا دەرنەکەوتوون،دەستەبەر ببێت.

نموونەی ئەمانە ((سێکولاریزاسیۆنە)) کە وەك وتەزا و دیاردەیەکی چەند لایەنە چەند پانتاییەك لە خۆ دەگرێت کە ناکەوێتە چوارچێوەی یەك پێناسە و لێکدانەوەیەکی یەك لایەنە و دیاریکراودا.لەمبارەیەوە لە لایەن تیۆرزانە ئێرانییەکانەوە،دەکرێ سێ جۆر پێناسەی ناتەواو و یەك لایەنە بۆ ((سێکولاریسم)) جیابکرێتەوە.

یەکێکیان خوێندنەوەی عەبدولکەریمی سروشە کە ((سێکولاریسم)) لە ((دژە ئایینی)) و ((عەقلْ باوەڕی)) ئەم سەردەمە نوێ یەدا کورت و سنووردار دەکاتەوە.ئەوی تر بیروڕای سەیید جەوادی تەباتەبایی یە،کە لە ((سێکولاریسم)) دا تەنیا سەرەنج دەداتە لایەنی ((بە دونیایی بوونی مەسیحییەت)).دواتر تێگەیشتنی داشکان خوازانەی مورادی فەرهادپورە کە ((جەوهەری مێژوویی سێکولاریسم))

---

1.Sémiotique

له ((پرۆسەی سەندنەوەی خاوەندارییەتی لە کەنیسە))دا بە دی دەکـات.لـەم سـێ کەسـە ئەگـەر چـی هەریەکـەیان خوێندنەوەیـەکی جیـاوازی بـۆ ((سێکولاریسم)) هەیە،بـەلاّم خۆیـان دەخەنـە دوای یـەك لایـەن بینـی و ((پێناسە))ی یەك لایەنەدا و لە ئەنجامدا پێناسەیەکی ناتـەواو و هەڵـە لـەم دیاردەیەوە دەخەنە ڕوو.

- عەبدولکەریمی سروش

عەبدولکەریمی سروش لەو دوو دەقەیدا کە ناومـان هێنـا ((ئـایین و دونیـای نوێ)) و ((مانا و بنەمای سێکولاریسم)) ) لێکدانەوە یەك لایەنەکەی خـۆی بۆ ((سێکولاریسم)) بەم شێوەیە شی دەکاتـەوە (ڕوونکردنـەوەکان لـە لایـەن منەوەیە):

((لەم سەردەمە نوێ یەدا سێکولاریسم بە مانـای وە لاخـستنی هۆشـیارانەی ئـایین لـە گۆڕەپـانی ژیـان و سیاسـەت دا پێناسـە کـراوە.حکومـەتی سێکولار،حکومەتێکە کە دژایەتی لە گەڵ ئایین دا ناکات،بەلاّم ئایین نە بە بنەمای ڕەوابوونی خۆی دەزانێ و نـە بـە بنـەمای کـاری خـۆی دایـدەنێت.))

((کەواتـە سێکولاریـسم بریتـی یـە لـە گرنگـی دان بـەم دونیـا مادییـە و چاوداپۆشین لەو لایەنانەی کـە کەوتوونەتـە سـەرەوەی ئـەم ژیانـە سنووردارە مادییەوە.ئەم چاو داپۆشـینەش لـە دوو لادا بـەدی دێـت:یـەکێکیان لـە نـاو بیرۆکـەکانی ئێمـەدا و ئـەوی تـر لـەناو ئامانجـەکانی ئێمەدایـە.واتـە مـرۆڤ زانیارییەکانی خۆی تەنیا پەیوەست دەکات بەو شتەی کە لەم دونیا مادییـەی دا دەتوانێ ببیبینێت و بیناسێت.ئەمـەیان واتە سێکولاریسم لـە بیرۆکـەدا.لـە لایەکی ترەوە ئەگەر ئامانجەکانی ئێمەش ببنە سێکولار بەو واتایەیە کە مـرۆڤ



تەنیا بۆ ئەم ژیانە و بژێوی ئەم دونیایـە و هـەر ئـەم جیهانـە هـەوڵ بـدات و تەواوی هەوڵەکانی خۆی خەریك بە ئەم کـارە بکـات....مانـای سێکولاریـسم بەدڵنیاییەوە هـەر ئەمەیـە.)) ((سێکولاریـسم هـەموو ئامانجـەکان دەکاتـە نائایینی، بۆ نموونە ئامانجی سیاسـی و ئامـانجی خوێنـدن و بـە گـشتی هـەر ئامانجێکی تر......بەم شـێوەیە سێکولاریـسم لـە هـەموو لایەنـەکانی ژیانـدا جێبەجێ دەکرێت....و لە ڕاستیدا جێگـای مەزهـەب دەگرێتـەوە، ئـەوەی کـە دەڵێن سێکولاریـسم دژە مەزهـەب نییـە هەڵبـەت قسەیەکی ڕاسـتە وایـە سێکولاریسم دژە مەزهەب نییە بەلاّم لە دژە مەزهەب خراپترە.چونکە جێگر و بەرهەڵستکاری مەزهەبـە...سێکولاریـسم بـەم چەشـنە جێگـای ئـایینی پـڕ کردووەتەوە.

سێکولاریسم ئامـانجێك بۆ کارکردن دەبەخـشێتە ئێوە،ئامانجێـك کـە ئیترهـیچ پێویستییەك بۆ ئایین ناهێڵێتەوە.ڕەنگ و بۆیەکی دونیایی دەداتە بیرکردنـەوەی ئێوە،بە شێوەیەك کە ڕەنگ و بۆی ئایینی لێدەستێنێتەوە.))

((بە لانی کەمەوە ئەمە سێ یا چوار سەدەیە کە لـە ڕۆژئـاوادا سێکولاریـسم بەم ماناو پێناسە ڕوونەی کە ئێستا کردم،لە دایك بووە.واتە یەکەمجار هەوڵیان داوە ئەو زیانانەی کە لە دەستێوەردان و ئەنجامدەران و سەرپەرشتیارانی ئایینی دا دروست دەبێت لابدەن،دووەم جار بگەڕێنـەوە بـۆ عەقڵ،ئـەویش عـەقڵێکی گشتی یە.))

((سێکولاریسم هیچ نییـە جگـە لـە بـە زانـستی بـوون و عـەقلانی بـوونی ڕێگاوشوێنی کۆمـەڵگا...((عـیلمانییەت)) بـە مانـای ((زانـستی بـوون یـا زانستی هەبوون))،دەبێت بە باشترین وەرگێڕانی سێکولاریسم بزانرێت.))

بەم شێوەیە،عەبدولکەریمی سروش مانا و بنەمای ((سێکولاریسم)) بۆ یەکێك لە پانتایەکانی کورت دەکاتەوە: ((نائایینی)) و ((زانستی)) و ((عەقلانی))

بوونی هەموو شتێك لە سەردەمی نویٚ دا،لە بیرۆکە و ئامانجەکان تا بژێوی و حکوومەت،ئەویش لە یەك شیکردنەوەی باو و ڕەهاگەرایانە لە عەقلانییەت و عیلمانیەتی ڕۆژئاوایی.هەر بە پێی پێناسەیەکی یەك لایەنەی ئاوەهایە بۆ ((سێکولاریسم))، کە دەتوانێت بگاتە ئەنجامی دڵخوازی خۆیەوە،واتە بە ڕەها دانانی ((سێکولاریسم)) وەك ((عەقلگەرایی پەتی)) و ((بەرژەوندی خوازی)) هەروەها بە دابەزاندنی ئەم دیاردەیە بۆ ((دونیای بچووکی)) مرۆڤی ((نویٚ)) ی ((داگیرکەر)) بەرامبەر بە دونیای ((مرۆڤی ئایین دار))ی پەیوەست بە ((بوونی خوداوە))،باس لە ((چۆنیەتی ڕێگای دەربازبوون لە سێکولاریسم)) دەکات:

((ئەگەر...مرۆڤ ببێتە گوێڕایەڵی ئەم بیرۆکەیەی سێکولاریسم....ئەوا جیهانی مرۆڤایەتی زۆر بچووك دەبێتەوە.....جۆرێك لە خۆپەرەستی لە عەقلانیەتی پەتی یەوە سەر هەڵ ئەدا...ئایا ئەمە هەمان ڕێگا نییە کە ئەخلاقی سێکولاریسم گرتوویەتە بەر و بە خستنە ڕووی سوودەکان و چێژە کردییەکان (یۆتی لی تاریسم) و دەرخستنی ئەمانە بە شێوەیەکی عەقلی و پراکتیکی،ئەخلاقیان لە بیرۆکەی خودایی دا بیٚ بەری کردووە.....تەنیا باس لە سوود و زیانی کردارەکان دەکەن؟

چیرۆکی سێکولاریسم بەسەر هاتی عەقلێکی نائایینی یە،ئەگەر بە دڕاندن بێت (مەبەست دڕاندنی چارشێوی نێوان ئایین و عەقلی نائایینی یە کە ئەمە هەر ئەو عەقلە فەلسەفییەیە) ئەمە ڕیگای دەربازبوونە لە سێکولاریسم.))

یەکێك لە بنەماکانی ((سێکولاریزاسیۆن)) پرۆسەی ((خۆبەڕێوەبەری)) و سەربەست بوونی مرۆڤی ڕۆژئاواییە لەم جیهانەدا و هەروەها ((ڕزگار)) بوونی ئەوە لە سەرپەرشتی و دەسەلاتی ئایین و کەنیسەکان دا.لەم لایەنەوە سێکولاریسم ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکەی ((ڕۆشنگەری))،لە ڕەخنەگرتن بۆ ئایین و ناڕەزایەتی و شەڕ دژ بە کاربەدەست گەرایی ئایینی.بەلاّم تەنانەت



لەم پانتاییە نائایینی و دژە ئایین سالارییەشیدا،هیچ کاتێك ((سێکولاریزاسیۆن)) بە مانای ((عەقلگەرایی)) ڕەها، ((عیلمانییەتی)) پەتی و ((لێدانی ئایین)) لە کۆمەڵگادا، بەو شێوەیەی کە عەبدولکەریمی سروش پێناسەی بۆ دەکات، نییە.بەڵکو بە شێوەیەکی سەرەکی بە مانای هەڵوەشاندنەوەی دەستکەوتەکان و دەسەلاتەکانی کەنیسە و خاوەن پلەوپایەکانی ئایینی یە لە بوارە جیاوازە کۆمەلاّیەتی سیاسی و کولتووری یەکاندا.بەلاّم ((سێکولاریسم)) لایەنێکی گرنگی دیکەشی هەیە کە بە تەواوی لە تێڕوانینی عەبدولکەریمی سروشەوە (هۆشیارانە؟) بە شاراوەیی ماوەتەوە کە ئەویش ((بە دونیایی بوونی ئایینە)) کە لێرەدا مەسیحییەت و یەهودییەتە.ئەو ئایینانەی کە خۆیان هەلی ((چوونەوە دەرەوە)) لە سەرپەرشتیاری و دەسەلاتداریەتی ئایین دەڕەخسێنن.

لێرەدا واتە لەم مانا دووەمە بۆ ((سێکولاریسم)) و ((سێکولاریزاسیۆن)) ئیتر باسێك سەبارەت بە ((بەرەنگاربوون و جێگری مەزهەب)) بوون و ((لە مەزهەب خراپتر)) و ((لابردنی ڕەنگ و بۆی مەزهەب)) و بیٚ بەری بوون و دەرهێنانی ((ئەخلاق لە بیرۆکەی خودایی)) و یا تەنیا هیچ باسێك ((لە سوود و زیانی کردەوەکان)) نابیستین.

دەزانین کە ((سێکولاریسم)) ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بزووتنەوەی ((چاکسازی ئایین)) و ((پرۆتستانتیسم))، واتە لە ئەو خوێندنەوە تایبەتییە ئایینی یە بۆ پەیوەندییەکانی مرۆڤ لە گەڵ خودا کە بە ڕاستەوخۆیی پەیوەست دەبێت بە ئیمان و ویژدانی ناوکی هەرکەسێکەوە،هەروەها بە سەربەخۆیی لە دەسەلاتەکان و خاوەن پلەوپایەکانی کەنیسە ڕێگا بۆ ((سەربەستی)) مرۆڤ ((لەم جیهانەدا)) خۆش دەکات.بەلاّم لێکدانەوەیەکی تر بۆ ((سێکولاریسم)) بوونی هەیە کە ناوی ((یەزدان ناسی سێکولاریزاسیۆنە)).تێڕوانینێکە کە

((ئیمان)) بەرامبەر بە ((گەردوونگەرایی)) دانانێت بەڵكو بە پێچەوانەوە بە دوای دەرفەتی ((سێكولاریزاسیۆن)) لە ناو خودی ئیماندا دەگەڕێت.

لێرەدا ((گەردوون)) خودا نییە و لە هەمان كاتیشدا دوژمنی خودا نییە لە جیهان دا باسی كەسێك دەكرێت و سوپاسی كەسێك دەكرێت كە ئەوی خولقاندووە.لێرەدا بە هیچ شێوەیەك باسی بوت پەرستی ناكرێت كە جیهان لە ناوخۆیدا نوقم دەكات و سەربەستی جیهانیش وەك سەربەستییەكی خولقاو ڕەتدەكاتەوە.لە یەزدان ناسی مەسیحیدا،بەرجەستە بوونی خودا ((لە جەستەی مەسیح[1]))دا هەم دووپاتكردنەوەی گرنگی جیهانە و هەم بۆ جیاكردنەوەیەتی لە خودا.بەم شێوەیە دەكرێت ((سێكولاریزاسیۆن)) وەك بەردەوامی ((لە سیفەتی خوایەتی لێدانی جیهان،لە لایەن خوداوە))[2] ببینرێت.

جیهانێك كە دراوەتە دەست مرۆڤەكانەوە و دەبێت بە پێی هۆكار و بەڵگەی بینراوەوە بناسرێت.كە لە لایەن سیاسییەوە و لە لایەن دەوڵەتەوە و بە سورد ببنین لە ڕێگا چارەكان و داهێنانە نوێ یەكانی سەردەم بەڕێوە ببرێت و ئۆرگانیزە بكرێت...لێرەدایە كە دەكرێ باس لە مەسیحییەت یا یەهودییەت بكرێت كە بە پێداگری لە سەر سەربەستی مرۆڤەكان لە جیهاندا ـــ لە ((بەرامبەر)) ((خودا)) ی مەسیحی یا یەهودی نەك (( لە بەرامبەر)) لە ((نەبوون)) و یا لە ((مەرگی خودا)) ـــ دەگۆڕدرێ بۆ ((ئایینی چوونە دەرەوە لە ئایین)).[3]

---

1.Incarnation

بگەڕێنەوە بۆ ئەمە: " Dédivinisation du monde par Dieu.٢

C. Geffré, 1976, la function idélogique de la sécularisation, in E. castell,
Herméneutique de la sécularistion.

3.La désenchantement du munde ,Religion de la sortie de la religion.



ـــ سەیید جەوادی تەباتەبایی

بەڵام تێگەیشتنی سەیید جەوادی تەباتەبایی بۆ ((سێكولاریزاسیۆن)) لە ((پێشەكییەك بۆ تیۆری داكەوتن لە ئێران)) دا لە لایەنێكی ترەوە ناتەواو و یەك لایەنەیە.ئەو لەم دیاردەیە،تەنیا یەكێك لە پانتایەكانی واتە ئەو لایەنەی كە پەیوەندی بە ((گەردوون گەرایی مەسیحییەتەوە)) هەیە دەبینێت.كەواتە ئەویش وەك عەبدولكەریمی سروش،هەڵبەت لە ڕوانگەیەكی ترەوە،بە تێگەیشتنێكی یەك لایەنە لە ((سێكولاریزاسیۆن)) و داشكانی ئەمە بۆ ((گۆڕانێك لە بنەما تیۆرییەكانی زانستی ئایینی مەسیحی)) دەگاتە ئەو ئەنجامە دڵخوازەی خۆیەوە واتە ((هەڵگەڕانەوە بۆ حاشاكردن لە بابەتی)) ((سێكولاریزاسیۆن)).

(ڕوونكردنەوەكانی ناو كەوانەكان لە لایەن منەوەیە):

((خساڵی سەرەكی جیاوازی نێوان ئیسلام و مەسیحییەت ئەمەیە كە مەسیحییەت بەو شێوەیەی كە لە یەكەمین سەدەكانی مێژووی ئەم ئایینەوە بەدی كرا،بە پێچەوانەی ئیسلامەوە كە ئایینی دونیاش بوو،ئایینی ((دونیا)) نەبوو و هەر ئەم هۆكارە بووە هۆی ئەوەی كە مەسیحییەت وەك ئایینێكی پیرۆز و بەرفراوان نەتوانێت گرنگی بە دونیا بدات لە سەربەخۆیی و هاوسەنگی ڕاگرتنی لە گەڵ دونیای دواییدا.))

((لە شارستانیەتی مەسیحی دا هیچ مێژوویەك نەدەتوانرا جگە لە مێژووی پیرۆزی، واتە ڕاڤەكردنی بەرجەستە بوون و خۆحەشاردانی كاروباری پیرۆزیەتی و مەڵبەندی ئیمان،وێنا بكرێت.پێكهێنانی مێژوو لە مەڵبەندی مەسیحییەت دا پێویستی بە گۆڕانێك لە بنەما تیۆرییەكانی زانستی ئایینی بوو كە بە شێوەیەكی بار ئەمە بە Sécularisation ڕاڤە دەكەن.))

((زانستی ئایینی مەسیحی ...دان بە هیچ جێگایەك لە دەرەوەی گۆڕەپانی ((پیرۆزی)) دا نانێت و هەر ئەم هۆکارەش بووە هۆی ئەوەی لە سەدەکانی ناوەڕاست،مەسیحییەت بە پێداچوونەوەیەك بۆ بنەماکانی تێگەیشتنی خۆی سەرنج بداتە پەیوەندی نێوان ئایین و دونیا‌ یا شەرع و عورف و عەقڵ و ئیمان.لە ڕاستیدا ئەوەی کە ناوی لێنرا sécularisation هیچ نییە جگە لە پێداچوونەوەیەك (مەبەست پیداچوونەوەیە لە ڕێگای زانستی ئایینی مەسیحییەوە) سەبارەت بە پەیوەندی ئایین و دونیا و دەرخستنی ڕەسەنایەتی و سەربەخۆیی دونیا و مەڵبەندی عورف،بە بەراورد لە گەڵ ((ئایین)) و دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان ئەم دوو گۆڕەپانەی ژیاندا.))

((بە sécularistion قۆناغێکی نوێ لە مێژووی مەسیحییەت و زانستی ئایینی مەسیحی دەستی پێکرد.....sécularistion دەستپێکی قۆناغێکی نوێ یە لە مێژووی مەسیحییەت و ڕووداوێك بوو کە ڕێگای گۆڕانەکانی تری کردەوە.))

((ئیسلام بە پێچەوانەی مەسیحییەت ئایینی دونیاشە.بە سەرنج دان بۆ ئەو پێناسەیەی کە بۆ مەسیحییەت خرایە ڕوو دەکرێ بڵێی کە هەوڵدان بۆ sécularistionی ئیسلام ـ کە بە لانی کەمەوە سەد ساڵە ـ ئەگەر بکرێ واتە گەڕانەوەیەکە بۆ حاشاکردن لە بابەتەکە چونکە sécularistion ی ئیسلام لە ناو ئیسلام خۆیدایە بۆیە ئیسلام پێویستی پێ نەبووە....ئیسلام هەر لە سەرەتاوە secular بووە.))

جەوادی تەباتەبایی بە پێچەوانەی موحەممەدی بەرقیعی و عەبدولکەریمی سروش و یان موحەممەد ڕەزا نیکفەر کە گرنگی بە پانتایی ((ئایینی)) سیکولاریزاسیۆن نادەن واتە ((بە دونیایی بوونی مەسیحییەت)) ،بە ڕاستی پێداگرییەکی باش بۆ ئەم لایەنە لە بابەتەکە دەکات.(ئەگەر چی کەمێك زێدەڕۆییشی تێدەکات).



بەلاّم گرفتی باسەکەی ئەو لەمەدا نییە ،هەروەها وەلاّمی موحەممەد ڕەزای نیکفەر قەناعەت بە ئەو و هەروەها حەسەنی حەنەفیش ناهێنێت،چونکە ئەم وەلاّمە ،هاوکات قاچی لە سەر تێگەیشتنێکی یەك لایەنە لە ((سێکولاریسم)) داناوە و جگە لە ئەمەش دەیەوێت تەنیا بە چەکی ((سێکولاریزاسیۆن)) شەڕی نەیاران یا ڕەخنەگرانی ئەم وتەزایە بکات لە جیهانی ئیسلامدا،کارێك کە بە ڕاستی تەنیا لەم ڕێگایەوە مەحاڵە.موحەممەد ڕەزای نیکفەر لە وەلاّمی حەسەنی حەنەفی ڕۆشنبیری ئایینی میسری،کە وتوویەتی: ((ئیسلام جەوهەرێکی سێکولاری هەیە"بۆیە لە بەر ئەمە پێویستی بە سێکولاریزمێکی تر نییە تا لە شارستانیەتی ڕۆژئاوا وەریبگرێت.)) هەروەها لە وەلاّمی جەوادی تەباتەبایی کە بۆچوونێکی هاوشێوەی ئەمەی دەربڕی بوو و ئێمە لە سەرەوە ئەوەمان باس کرد ،دەنووسێت: (ڕوونکردنەوەکان لە لایەن منەوەیە)((سێکولاریزاسیۆن لقێکە لە پێکهاتنی دەوڵەتی مۆدێرن.ئەم خاڵە دەربڕی بنەمای ڕاستییەکی مێژووییە...ئەگەر چەمکەکانی سێکولار و سێکولاریزاسیۆن بە وردی و هەمەلایەن بەکار ببەین ئەوا ئەم دوو وتەیە (وتەی حەسەنی حەنەفی و جەوادی تەباتەبایی سەبارەت بە سێکولاریسم) دەبێت بە بێ مانا و سەرسووڕهێنەر بزانین.چونکە لەم خاڵە ڕوونەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دەبێت لە ڕاستیدا توێژینەوە لە سەر بابەتی سێکولاریزاسیۆن لە پەیوەندی لە گەڵ شێوە پێبەخشینی دەوڵەتی مۆدێرن دا بکەین نەك ئایین.ئەو قسەیەی حەنەفی کە لەمبارەیەوە دەڵێ:ئیسلام زاتێکی سێکولاری هەیە ،وەك ئەوە وایە بڵێین ئیسلام لە جەوهەری خۆیدا بەرهەم هێنەری دەوڵەتی مۆدێرنە.))

بە ڕای منی نووسەر،ئەم بەڵگەهێنانەوەی سەرەوە ،لەم لایەنەوە ناتوانێت دەربازببێت و قەناعەت پێهێنەر بێت چونکە قەتیس کراوی، شیکردنەوەو و لێکدانەوەیەکی تەواو ((مۆدێرن گەرایانەیە)) لە ((سێکولاریسم)) و

((سێکولاریزاسیۆن)) بەو مانایەی کە دیاردەکە لە یەکێك لە ماناو پانتاییەکانی دا ((دادەشکێنێتەوە)).

لە ڕاستیدا موحەممەد ڕەزا نیکفەر لە بنەمای توێژینەوەیەکی جیاواز و و پێچەوانەوە سەرەنج دەداتە ئەم بابەتە"واتە بە پێچەوانەی هەڵوەستە کردن بۆ یەك بوار و یەك پانتایی لە ((سێکولاریزاسیۆن)):واتە ((سێکولاریزاسیۆن)) وەك لایەنێکی ((مۆدێرنە)) لە دامەزراندن و پێکهێنانی دەوڵەتی ((مۆدێرن)) و هەروەها ((سەربەخۆ)) بوون و ((ئازاد)) بوون لە سەرپەرشتیاری ئایینی و کەنیسەدا کە ئەمە بە یەکێك لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکان هەژمار دەکرێت،هەروەها بە ڕەچاونەکردنی پانتایی ((ئایینی)) ((سێکولاریزاسیۆن)) واتە ((بە دونیایی بوونی مەسیحییەت)) کە ئەمەیان زیاتر لە لایەن جەوادی تەباتەبایی و حەسەنی حەنەفی یەوە گرنگی پێدراوە.

لە ئەنجامدا ئەو ناتوانێ لە چوارچێوەی باس و لێکدانەوەی دوێنەرەکانی بۆ سێکولاریسم ــ لە گەڵ ئەوەی کە ئەم چوارچێوەیە داشکان خوازییە،بەڵام نابەجێ نییە ــ ڕەخنە لە تیۆرییەکانیان بگرێت.لەمەش بترازێ،بە هۆی لایەنی شاراوەیی ((سێکولاریزاسیۆن)) و فرە واتایی ئەم وتەزاییە کە لایەنە ((ئایینی))یەکەی بە یەکێك لە بنەماکانی هەژمار دەکرێت،ئەوا هێنانەگۆڕی بابەتی دەوڵەت و ئایین لە ((جیهانی ئیسلام)) (و لە ئێران) ناکرێت تەنیا بە چەکی چەمکەکانی ((سێکولاریسم)) و ((سێکولاریزاسیۆن)) چارەسەر بکرێت.بە بڕوای من لەم لایەنەوەیە کە لە ناوەندی پەیوەندییەکانی دەوڵەت و ئایین و بابەتی ((جیاکردنەوەی)) ئەم دوانە،مشتومڕ بە چەکی ((لاییسیتە)) و لە سەنگەری ((لاییسیتە))وە زۆر کاراتر و تیژتر دەبێت. پێشتر وتمان کە یەکێك لە ماناکانی ((سێکولاریزاسیۆن)) بە ((دونیایی بوونی)) ئایینە دیارە بە شێوەیەکی ئاشکرا مەبەستمان مەسیحییەتە. لە ڕاستیدا شتێك ((بە دونیایی)) دەبێت کە ((دونیایی)) نییە.((سێکولار)) و



((سێکولاریزاسیۆن)) لە بنەما و ڕەچەڵەکی خۆیان دا،بە هەمان شێوە کە ئاماژەکان بۆکرد و لە باسێکی تردا بە ناونیشانی ((مشتومڕی سێکولاریزاسیۆن لە ڕۆژئاوا)) زیاتر شیدەکەینەوە،چەمکێکی کەنیسەیی ــ یاسایی بووە. لە ئینجیل دا سوود لە ووشەی soeculo بینراوە بۆ ناولێنانی ((ئەم جیهانە)).لە نامەکەی پۆڵسی پیرۆز بۆ ڕۆمییەکان ئەمە دەخوێنینەوە (شیکردنەوەکانی نێوان کەوانەکان لە لایەن منەوەیە):

((مەبنە هاوشێوەی ئەم جیهانە (لە دەقە فەرەنسییەکەدا نووسراوە:دونیای ئێستا) (لە دەقە لاتینی یەکەدا soeculo) (خۆتان لە گەڵ ئەم جیهانەدا مەگونجێنن) بەڵکو بە نوێکردنەوەی بیروڕاکانتان،گۆڕانێك لە ئێوەدا دروست دەبێت،تا بتوانن ئیرادەی خودا بناسنەوە،ئەوەش کە لای ئێوەوە سوودمەند و ڕێك و پێکە بناسنەوە.))[1]

لە حیکایەتخوانی یۆحەناشدا،((ئەم جیهانە)) (soeculo) بەرامبەر بە ((جیهانی بەڵێندراوە)) دایە: ((مەڵبەندی من پەیوەندی بە ئەم جیهانەوە نییە.))[2]

کەواتە لە زاراوەناسی مەسیحی دا،((سەدە)) soeculo چاودێرە لە سەر دووری قووڵی نێوان دوو جیهاندا: لە لایەکەوە مەڵبەندی مەسیح کە ڕۆحی و پیرۆزە و لە لایەکی ترەوە جیهانی ئێستا کە دونیایی[3] و ناپیرۆزە.دواتر ((سێکولاریسم)) لە مانای ((گەیشتن بە سەدە)) بە ئەو پرۆسەیە دەڵێن کە تیایدا قەشەیەك دەست لە پلەوپایەی کەنیسەیی خۆی هەڵدەگرێت و دەگەڕێتەوە بۆ Soeculum واتە (سەدە سەردەم،ڕۆژەکان یا جیهان).

١.ئینجیل،نامەکەی پۆڵس بۆ ڕۆمییەکان"بەشی دوانزەهەم ٣.

٢.ئینجیل،نامەکەی پۆڵس بۆ ڕۆمییەکان"بەشی هەژدەیەم ٣٦.

3.Temporel

لێرەدا و هاوکات لە زاراوەناسی مەسیحی دا ((سەدە)) بەمانای ((ڕێسا)) دێت.ژیان لە ((سەدە)) یا لەم ((جیهانە)) دەکەوێتە جەمسەری پێچەوانەی ژیانی ڕیسایی و تایبەتی کاربەدەستانی ئایینی یەوە (clerc).دوو جۆر ژیان و دوو جۆر ئەرك و پیشە و دوو جۆر مرۆڤی مەسیحی: clerc و laïc بوونیان هەیە"لە لایەکەوە clerc یا ئەو کاربەدەستە ئایینی یانە کە جگە لە سەرقاڵی دونیایی، ژیانی خۆیان بە تەواوی تەرخان دەکەن بۆ کاروباری کەنیسە و خودا و لە لایەکی تریشەوە laïc یا ((گەلی خودا)) کە لەم ((ڕۆژگارە)) دەژین و کۆمەڵگای ئیمانداران پێك دەهێنن.

ئەم دوالیزمە بنەڕەتییە کە هەر لە سەرەتای مەسیحییەت دا لە فێرکاری مەسیحی دا بە جیکایەتخوانی حەوارییەکان بوونی هەبووە،دەبێتە زەمینەیەك کە بە پاڵشتی ئەمە هەڵی ((سێکولاریزاسیۆنی مەسیحی)) و ((چوونە دەرەوە لە ئایین)) دەرەخسێت.دواتر ((سێکولاریزاسیۆن))یان بۆ ناولێنانی گواستنەوەی دارایی و داهاتی کەنیسە بۆ خاوەندارییە تایبەتی یەکان یا دەوڵەت بە کاردەبرد و یان بۆ گۆڕانی پەرستگایەك بۆ زانکۆ یا نەخۆشخانە ئەم ناوەیان بە کار دەهێنا.بەڵام ئەم چەمکە بە پێی تێپەڕینی کات لە ڕۆژئاوادا،بە دروست بوونی ((ڕیفۆرم)) یا بزووتنەوەی چاکسازی ئایین و پرۆتستانتیسم و لە گەڵ سەرهەڵدانی ((ڕۆشنگەری)) و سەرهەڵدانی بزووتنەوەکانی دژە سەرپەرشتیاری کەنیسە (لە ماوەی شۆرش و بزووتنەوە کۆمەلایەتی و سیاسییەکانی سەدەی نۆزدەهەم) چەند مانایەك و پانتاییەکی بەرفراوان لە خۆ دەگرێت.هەر بۆیە ئێمە هاوکات باس لە چەندین واتا و چەندین لایەنی ((سێکولاریزاسیۆن)) دەکەین.هەر لێرەدا تا ئێستا دوو مانای سەرەکی ئەممان خستووەتە ڕوو:یەکێکیان ((ڕزگاربوونە)) لە سەرپەرشتیاری و دەسەلاتی ئایین،لە ژێر کاریگەری بیرۆکەکانی ڕۆشنگەری و بزووتنەوە کۆمەلایەتی ـــ سیاسییەکان"ئەوی تر ((بە دونیایی بوونی



مەسیحییەتە)) لە ژێر کاریگەری چاکسازییە ئایینی یەکان و ((زانستی ئایینی سێکولاریزاسیۆن[1])) دا.بەڵام لێرەدا هەڵەی سەرەکی بابەتەکەی سەییدجەوادی تەباتەبایی (هەروەها بیرمەندە موسڵمانەکانی تریش لەوانە حەسەنی حەنەفی) لەوێدایە کە:

یەکەمجار سەیید جەوادی تەباتەبایی ((سێکولاریزاسیۆن)) تەنیا لە یەکێك لە پانتاییەکانی دا واتە ((بە دونیایی بوونی مەسیحییەت)) یا ((سێکولاریزاسیۆنی مەسیحی)) کورت دەکاتەوە.بە واتایەکی تر،بەهەمان شێوە کە ئەو خۆی بە ڕاشکاوی ئەمە دەردەبڕێت،ئەم چەمکە یا پرۆسەیە تەنیا بە ((گۆڕانێك لە بنەما تیۆرییەکانی زانستی ئایینی)) ڕاڤە دەکات.ئەم یەك لایەن بینییەش لە کاتێکدایە کە پانتاییەکی تری ((سێکولاریزاسیۆن)) لە دیدی ئەودا بە تەواوی بە شاراوەیی ماوەتەوە:ئەوەی کە ناوی لێدەنێن ((ڕزگاربوون لە سەرپەرشتیاری ئایین و کەنیسە)) یا ((چوونە دەرەوە لە ژێر دەسەلاتی ئایین)) یا بە شێوەیەکی گشتی لە ((سەربەخۆیی و سەربەستی جیهانی مرۆڤایەتی لە هەر دەسەلاتێکی میتافیزیکی))،کە لە ڕاستیدا ئەمانە دەستکەوتی بزووتنەوەی هزری و عەقڵگەرایی ((ڕۆشنگەری)) و بزووتنەوە کۆمەلایەتی و سیاسییەکانی دژ بە کاربەدەست سالاری ئایینی ڕۆژئاواییە لە خستنە ڕووی ماناکانی تری ((سێکولاریزاسیۆن)) دا.دووەم،سەیید جەوادی تەباتەبایی ((سێکولاریزاسیۆنی مەسیحی)) بەو شێوەیەی کە پێداگری لە سەر دەکات تەنیا لە پرۆسەی تێپەڕین لە مەڵبەندی پیرۆزییەوە بۆ مەڵبەندی دونیایی کورت دەکاتەوە،بە بێ ئەوەی کە هەڵوەستە بکات لە سەر ناوەڕۆکە جیاواز و چەند لایەنەکانی لە ڕۆژئاوادا.لە ئەنجامدا ئەو بەم سادە تێگەیشتنەی خۆی دەتوانێ بانگەشەی ئەمە بکات کە بابەتێك بە ناوی ((سێکولاریزاسیۆن)) لە ئێران (یا لە جیهانی ئیسلام دا) بوونی نییە!!

1.Théologie de la sécularisation

چونکه بە ڕای ئەو ((سێکولاریزاسیۆن)) هیچ نییە جگە لە ((بە دونیایی بوونی)) مەسیحییەت لە ڕۆژئاوادا،هەروەها چونکە ئیسلام بە پێچەوانەی مەسیحییەتەوە هەر لە سەرەتاوە ((ئایینی دونیا)) بووە و هەیە،بۆیە لە ئەنجامدا پێویستی بە ((سێکولار)) بوونێکی تر نییە.

بەڵام باسی سەرەکی لێرەدایە کە نابێت ((سێکولاریزاسیۆنی مەسیحی)) لە ڕۆژئاوا،تەنیا لە گۆڕانی مەسیحییەت لە ((ئایینی دوارۆژەوە)) بۆ ((ئایینی دونیا)) کورت بکرێتەوە.ئەوەی کە سەیید جەوادی تەباتەبایی بە دروستی ناوی لێدەنات ((پێداچوونەوەی پەیوەندی ئایین و دونیا)) لە لایەن زانستی ئایینی مەسیحییەوە،بەڵام هیچ کاتێك ناوەڕۆکی ئەم بابەتە شی ناکاتەوە، بۆ نموونە گۆڕانی تیۆری ئەم زانستە ئایینی یە لە تێڕوانین و ڕووبەڕووبوونەوەی بۆ پەیوەندییەکانی مەزهەب و کەنیسە یا بەڕێوەبردنی وڵات و بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگا واتە بە شێوەیەك قبووڵکردنی سەربەخۆیی و سەربەستی بواری دەوڵەت و یاسادانانە لە سەرپەرشتی ئایین و کەنیسە لە لایەن زانستی ئایینی مەسیحییەوە،ئەمانە هیچی شی ناکاتەوە.کە ئەمە تایبەتمەندییەکی سەرەکی یە لە مەسیحییەت (قبووڵکردنی سەربەخۆیی وسەربەستی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی وڵات بەرامبەر بە سەرپەرشتیاری ئایین) کە لە ئیسلامدا بوونی نییە،ئەمەش وا دەکات کە هەندێ کەس لەمەدا ((مەسیحییەت)) بە ((ئایینی لادان لە ئایین)) بزانن.

ئەمەش هەمان لایەنی گرنگە کە سەیید جەوادی تەباتەبایی و ئەو هەموو کەسانەش کە باس لە پێویست نەبوونی ئیسلام بە ((سێکولاریسم)) دەکەن،لە پێناسەکردن و لێکدانەوەکانی خۆیاندا بۆ ((سێکولاریزاسیۆنی ڕۆژئاوا)) ڕەچاوی ناکەن.

ئیتر ئەوان ناچار دەبن کە ناوەڕۆکێکی بەم شێوەیە لە ((سێکولاریزاسیۆنی ئایینی)) واتە گۆڕانی بنەما تیۆرەکانی زانستی ئایینی لە پێناو ملکەچ بوون



بۆ ((پەراوێزبوونی ئایین لە کاروباری دەوڵەت و بەڕێوەبردنی وڵات)) و قبووڵکردنی ئەوەش کە ((سەربەستی و سەربەخۆیی کاروباری دەوڵەت و یاسادانان سەبارەت بە ڕیسا ئایینی یەکان))...لە ئیسلامیشدا بوونی هەیە..بەڵام ئەمە بانگەشەیەکە کە تەنانەت بیرکردنەوەش لێی لە دونیای ئیسلامدا زۆر ئەستەمە.

— موورادی فەرهادپوور

بەڵام لێکدانەوەی موورادی فەرهادپوور بۆ ((سێکولاریزاسیۆن)) لە تێزەکەی بە ناوی ((چەند سەرەنجێك سەبارەت بە سێکولاریسم)) سێیەم نموونە و بە یەکێکی تر لە تیۆریزەکردنە یەك لایەنەکانی ڕۆشنبیرانی ئێرانی لەمبارەیەوە هەژمار دەکرێت.

یەك لایەن بینی نووسەر بە تایبەت لە جێگایەکدا دەردەکەوێت کە پرۆسەی ((سێکولاریزاسیۆن)) بە ((وەرگرتنەوەی خاوەندارییەتی لە کەنیسە)) وەك ((جەوهەرێکی مێژوویی)) ڕاڤە دەکات،یان بە هۆی ڕاڤەیەکی کلاسیکی ئاشکرا بۆ نموونە وەك (((مارکسی)) یا ((ماتریالیستی مێژوویی)) ) ،وەك ئەوەی کە سێکولاریسم هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی ((لە بنەماوە هەڵگری ناوەڕۆکێکی مێژوویی)) وەها بێت،دەخاتە چوارچێوەی ((پرۆسەیەکی گشتی تر وەك تێپەڕین لە فیوداڵیزمەوە بەرۆ سەرمایەداری)).چەند بەشێك لەم تێزە لێرە دەهێنین (ڕوونکردنەوەکان لە هەموو جێگاکان دا لە لایەن منەوەیە):

((مەبەست لە سێکولاریزاسیۆن وەسف کردن و باسکردنی گواستنەوەی ئەو سەرزەمینانەیە بۆ ژێر دەسەڵاتداری سیاسی نائایینی کە پێشتر لە ژێر چاودێری کەنیسەدا بوون.))هەڵبەت لە بەر ئەوەی کە ئەم دەستەواژەیەی تا ڕادەیەك ڕوون نییە،باشتر وایە کە لە باتی سەرزەمین بڵێین زەوییەکان یا موڵکەکان.

((به هەر شێوەیەك بێت ـ كورت كردنەوەی دەسەلاتی كەنیسە ـ چونكە دوایین ئامانج لەم هەموو جارجەنجالە هەر ئەمە بوو ـ هەر لە بنەماوە هەلگری ناوەڕۆكێكی ئابووری بوو...بەم پێیە دەكرێ بلێی كە وەرگرتنەوەی خاوەنداریەتی لە كەنیسە جەوهەری مێژوویی سێكولاریزاسیۆن بوو.ناوەڕۆكێكی ئابووری نەك لە دوایین ئەنجامەكانی بەلكو هەر لە سەرەتاوە بە شێوەیەكی هەست پێكراو كاریگەرییەكی بەرچاوی هەبوو و بە بنەمایەكی كاریگەربوو هەژمار دەكرا ـ واتە لە لایەن جووتیاران و ئەرستۆكراتەكان و ئەو شازادانەی كە سێكۆلاریزاسیۆن یان لە ناو ژیانی خۆیاندا ئەزموون دەكرد ـ گومانی تێدا نییە كە ڕاڤەكردن و لێكدانەوەی پرۆسەی وەرگرتنەوەی خاوەنداریەتی وەك جەوهەرێكی مێژوویی سێكولاریزاسیۆن،پەیوەستە بە ڕاڤە كردنێكی گشتی تر و قوولترەوە كە دەكرێ بخرێتە ناو چوارچێوەی ناونیشانی جۆربەجۆرەوە وەك ((قەیرانی مێژوویی ـ پێكهاتەی كۆمەلگای فیودالی))،((تێپەڕینی فیودالیسم بەرەو سەرمایەداری))،((سەرهەلدانی كۆمەلگای بۆرجوازی)) یا ((ڕەگە مێژووییەكانی مۆدێرنە)) و هەر لە ژێر ئەم ناونیشانانە توێژینەوەیان لە سەر بكرێت.)) ((لە ڕاستیدا سێكولاریزاسیۆن خۆی تەنیا یەكێكە لەم ناونیشانانە.))

((لە دەسەلات خستنی كەنیسە تەنیا سنووردار نابێت بە وەرگرتنەوەی خاوەنداریەتی ئابووری لێی،لە تەواوی سەدەی شانزەهەم و حەڤدەیەم هاوكات سێكولاریزاسیۆن بە مانای لە دەسەلات خستنی سیاسی و كولتووریش بووە))

((بەم شێوەیە ئایدۆلۆجیای سێكولاریسم وەك بەشێك لە ئایدۆلۆجیای ڕۆشنگەری دانراوە.خالی دەستپێكی ئەم پرۆسەیە،گۆڕانگارییەكانی سەدەی حەڤدەیەم و ناكۆكییەكانی نێوان نەیاران و خوازیارانی چاكسازی ئایینی بوو،بەلام دوایین بەرهەمی ئەمە لە سەدەی هەژدەیەم دا دەركەوت:سەدەی ڤۆلتێر و ڕۆسۆ.....و گرنگتر لەمانە سەدەی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا بوو.))



((بە هیچ شێوەیەك ڕۆشنگەری ڕووداوێكی یەك لایەن نەبووە بە تایبەت لە پەیوەندی لە گەل ئایین و هزری ئایینیشدا،شێوازەكانی بە دی هاتن و ئاكامەكانی لە ئەلمانیا و فەرەنسا و ئینگلیزدا جیاواز بووە.تەنیا لە فەرەنسا بوو كە بەرەنگاربوونەوەی فەلسەفەی ڕۆشنگەری لە گەل كاتۆلیسم گرنگی یەكی بنەڕەتی پەیدا كرد و زەمینەی بۆ ناكۆكی نێوان سێكولاریسم و كاربەدەست سالاری ئایینی خۆش كرد.)) بە سەرەنج دان بەوەی تاكو ئێستا سەبارەت بە ((سێكولاریزاسیۆن)) وتومانە،هەولدانی مورادی فەرهاد پور بۆ ((دیاریكردنی جەوهەری مێژوویی)) و ((ناوەڕۆكی ئابووری)) بۆ ئەم دیاردەیە بە هەولدانێكی بێ سوود دەزانین.چونكە ((سێكولاریزاسیۆن)) خاوەنی ((جەوهەرێكی مێژوویی)) و ((ناوەڕۆكێكی ئابووری)) نییە بەلكو بە پێی ((شوێنەكان)) و ((كاتە)) جۆربەجۆرەكان،پێكهاتنی مانا و ناوەڕۆك و پرۆسەی جیاوازی لە خۆ گرتووە كە تا ئێستا سێ چەمك ـ پرۆسەیمان جیاكردووەتەوە و شیكردنەوەمان لە سەری داوە:

یەكەمجار لە زاراوەناسی مەسیحی دا،واتە پرۆسەی وازهێنان لە پلەوپایەی كەنیسەیی لە لایەن كاربەدەستانی كەنیسە و لە ئەنجامدا دەست هەلگرتن لەم ژیان و ئەرك و كارە تایبەتییانە بە كەنیسە و ((گەڕانەوە)) بۆ ((سەدە)) یان بۆ جۆرێك لە ژیانی ئاسایی و ((دونیایی)).دووەم لە زانستی ئایینی مەسیحی دا واتە پرۆسەی گۆڕانكاری و گۆڕان لە بنەماكانی چاودێری لە سەر پەیوەندییەكانی ئایین و دونیا،لەوانە قبوولكردنی ((سەربەخۆیی)) و ((سەربەستی)) ئەم دونیایە لە بەڕێوەبردنی كاروباری سیاسی و دادوەری..... خۆیاندا،لە گەل و (لە پێش چاوی خودا)،دیاردەیەك كە ناویان لێناوە ((ئایینی چوونە دەرەوە لە دەسەلاتی ئایین)) و ئێمەش هەر ئەم هاوكێشەیەمان هەلبژاردووە.سێیەم لە كولتووری عەقل گەرایی ((ڕۆشنگەری)) و لە بزووتنەوە سیاسی و كۆمەلایەتییەكانی دژ بە

کاربەدەست سالاری ئایینی،پرۆسەی ((ڕزگار)) بوونی مرۆڤ لە ئایین و مەزهەب و بە شێوەیەکی گشتی لە هەر دەسەلاتێکی میتافیزیکی.بەلاَم پرۆسەیەکی مێژوویی چوارەمیش بوونی هەیە کە مورادی فەرهاد پور بە هەلّە ناوی لێدەنات ((جەوهەری مێژوویی سێکولاریزاسیۆن)).لە کاتێکدا بە ڕاستی وا نییە و تەنیا بە یەکێك لە دیاردەکانی ((سێکولاریسم)) هەژمار دەکرێت کە خەسلّەتێکی یاسایی ــ کەنیسەیی ــ سیاسی ــ ئابووری هەیە.ڕوونکردنەوەیەکی کورت لەمبارەیەوە پێویستە:

لە کۆتایی سەدەی شانزەهەمی زایینی،چەمکەکانی séculariser (١٥٨٦) و sécularisation (١٨٥٩) وەك چەند وشەیەکی نوێ[1] لە زمانی فەرەنسی دا دەرکەوتن.فەرهەنگی وشەی فەرەنسا لە سالّی ١٦٩٠ دا ((سێکولاریزاسیۆن)) بە هەنگاوێك لە یەن دەسەلاّتی پاپاوە پێناسە دەکات،کە پەرستگایەك دەکات بە بە زانکۆ یا نەخوشخانە یا ئەو زەوییانەی کە هی کەنیسەیە دەفرۆشێتە خاوەندارە تایبەتییەکان یا دەولّەت.[1]دواتر هەر لە ئەنجامی ناکۆکییەکان و شەڕە مەزهەبییەکانە کە ئەم چەمکە بە تایبەت دێتە ناو سیاسەت و مێژووی ئەلّمانیاوە"لەو کاتەی کە دانیشتنەکانی ئاشتی ڤێستاڤیلی لە سالّی ١٦٤٨ دا کۆتایی بە شەڕی سی سالّەی نێوان کاتۆلیکەکان و پرۆتستانتەکان هێنا.لە ماوەی ئەو دانیشتنانەدا،ناوبژیکەری فەرەنسی،لۆنگیڤلّ[2]،پێشنیارێك سەبارەت بە ((سێکولاریزە)) کردنی هەندێك لە ئەو مەلّبەندانەی کە پەیوەستن بە کەنیسەوە دەخاتە ڕوو.دواتر لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم،وشەی ((سێکولاریزاسیۆن)) لە پەیوەندی لە گەلّ ڕیفۆرمەکانی ئیمپراتۆرە ((ڕۆشنگەرەکەی)) نەمسا،واتە جۆزێفی دووەم[3] بە کار دەبەن، پاشایەك کە نیوەی پەرستگاکانی ولاّتی گواستەوە بۆ ژێر دەستی خاواندرییە تایبەتییەکان و دەولّەت.

1.dictionnaire de Furetiére,1650 2.Longuevill 3.Joseph II (1741-1790)



هەروەها کاربەدەستە ئایینی یەکانی کرد بە کارمەندی دەولّەت.سەرەنجام ئەو شتەی کە ئەم وشەیەی گۆڕی بۆ وتەزایەکی باو و مشتومڕ دروستکەر لە ئەورووپا،ئەو هەنگاوانە بوو کە ناپلیۆن لە دوای شکست هێنانی ئیمپراتۆریەتی پرۆس لە ژێر ناوی ((سێکولاریزاسیۆن)) جێبەجێی کرد.

لەم شەڕەدا پرنێسەکانی ئەلّمانیا زەوییەکانی لای چەپی ڕووباری ڕاین یان لە دەست دا و لە ئەنجامدا کەوتە ژێر دەستی فەرەنسا.بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیانانەی کە پرنێسەکان لێیان کەوتبوو و لە بەر ئەوە کە بتوانن بیان کەن بە لایەنگری خۆیان یا وایان لێبکەن کە بە بێ لایەن بمێننەوە،ناپلیۆن بە پێی ڕێکەوتننامەی لۆنقێلّ[1] دەست دەداتە چەند کارێکی ((سێکولاریزاسیۆن))ی.بەم شێوەیە خاوەنداریەتی هەندێك لە زەوییەکانی کەنیسە دەبەخشرێتە پرێنسە پرۆتستانتەکانی ئەلّمانیا.لەمانەی کە باسمان کرد دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە چەمکی ((سێکولاریزاسیۆن)) بە مانای ((بە دونیایی کردنی ملّك و مالّی کەنیسە)) زۆر ئالّۆزتر و فرەچەشن تر و چەند لایەنەترە لەو شتەی کە لای مورادی فەرهادپور بە ((وەرگرتنەوەی خاوەنداریەتی لە کەنیسە)) بە ((ناوەڕۆکێکی لە بنەما ئابووری)) و لە باسی ((تێپەڕین لە فیودالیسمەوە بۆ سەرمایەداری)) و ((سەرهەلّدانی کۆمەلّگای سەرمایەداری)) دەردەکەوێت.

1. Le traité de Iuneville (1801)

یەکەمجار دەکرێت کە ((سێکولاریزاسیۆن)) بە مانای گواستنەوە یا فرۆشتنی موڵك وماڵی کەنیسە بێت بە خاوەندارە ((سێکولار))ەکان و یان گۆڕانی شوێنەکانی کەنیسە بێت بۆ دامەزراوەکانی ((سێکولار)) (وەك گۆڕینی پەرستگا بۆ نەخۆشخانە یا قوتابخانە) هەنگاوێك کە بە بڕیاری پاپا یا دەسەلاتێکی کەنیسەیی جێبەجێدەکرێت و لە ئەنجامدا ئیتر ئەمە بە مانای ((وەرگرتنەوەی خاوەندارییەتی)) یا ((لە دەسەلات خستنی)) کەنیسە بە مەبەست و ناوەڕۆکی تێپەڕین بەرۆ سەرمایەداری نییە.

دووەم جار ((سێکولاریزاسیۆنە)) گەورەکان لە ئەڵمانیا و ناوچە پرۆتستانتەکانی تر وەك (نەمسا و باکووری ئەوروپا) نابێت بە یەك لایەن دابنرێت واتە ((تێپەڕین لە فیوداڵیسمەوە بەرۆ سەرمایەداری)) و یا ((سەرهەڵدانی کۆمەڵگای بۆرجوازی))"لە گەڵ ئەمانەشدا کە لەم سەردەمە مێژوویبیانەدا،زۆربەی دیاردەکان کەوتوونەتە ناو چوارچێوەی پرۆسەیەکی بەم چەشنەوە.بەلاّم پرۆسەیەك کە یەك لایەن نەبووە و چەند لایەنێکی جۆربەجۆر و جاروباریش دژ بە یەکی هەیە. لە ڕاستیدا ((سێکولاریزاسیۆن)) لێرەدا بە مانای جێگۆڕکێی خاوەنداریەتییە لە دەستێکەوە بۆ دەستێکی تر واتە لە فیوداڵیەتی کەنیسەیی وە (نابۆماوەیی) بۆ فیوداڵیەتی پێرنسی (بۆ ماوەیی).

((سێکوریزاسیۆنەکان)) لە ئەڵمانیا بە دوای ئاشتی ڤێستاڤیلی و یان ڕێکەوتننامەکی لۆنڤیلْ،لە بەر ئەو زیانانەی کە پێرنسەکانی ئەڵمانیا بەریان کەوتبوو،جێبەجێ دەکرێت.لە لایەکی ترەوە ئەسقەفەکان ڕوو لە پرۆتستنانت دەکەن تاوەکو وەك پێرسۆنێل یا باڵادەستێکی ناوچەیی،مەڵبەندی کەنیسەی ڕۆما بکەنە خاوەندارییەتییەکی بۆ ماوەیی بۆ خۆیان.لەم ڕوانگەیەوە دەکرێ ((سێکولاریزاسیۆن)) بە ((بە بۆماوەیی کردنی موڵك و ماڵی کەنیسە)) ناوببرێت،بەم شێوەیە ئەو خاوەندارییەتییەی کە پەیوەندی بە ((جەستەی مەسیح)) و ((کۆمەڵگای ئیمانداران)) هەبوو(پێناسەیەکی ئایینی -



مەسیحە لە لایەن کەنیسەوە) لایەنی ئەزەلی خۆی لە دەست دەدات و بەم شێوەیە دەبێتە ((دونیایی)) و ((ڕۆژگاری)) واتە ((سێکولاریزە)) دەکرێت.

سێیەم جار نە ((سێکولاریسم)) و نە ((ڕۆشنگەری)) لە ڕۆژئاوا دا هیچ کاتێك وەك ئایدۆلۆجیایەك دانەنراون و پێناسە نەکراون.نە ((سێکولاریزاسیۆنە)) کانی پاپا و ئەسقەفەکان و یا ناپلیۆن ((ئایدۆلۆجی)) بوون و بە پێی پێناسەی کانت،نە ((ڕۆشنگەری[1])).

لە لایەکی ترەوە هەنگاوەکانی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا (١٧٨٩) دژ بە کاربەدەست سالاری ئایینی هەروەها وەرگرتنەوەی خاوەندارییەتی لە کەنیسە دەبێت بە جۆرێکی تایبەت لە ((سێکولاریزایۆن)) دابنرێت.لێرەدا دەوڵەتی شۆڕشگێڕ لە بەر سەلماندنی خۆی وەك دەوڵەتێکی نەتەوەیی و سەرهەڵدانی ((دەسەلاّتداریەتی نەتەوەیی)) و بۆ دابین کردنی پێویستییە داراییەکانی،داهاتەکانی کەنیسە دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.لێرەدا ئەسقەفەکان نابنە ((سێکولار)) تاوەکو زەوییەکانی کەنیسەی ڕۆمایان دەستکەوێت بەڵکو یەکسەر دەوڵەت بە ئەو پەڕی دەسەلاّتەوە دەست دەگرێت بە سەر مەڵبەندی کەنیسەدا.لێرەدا بە ڕاستی دەکرێت وەرگرتنەوەی خاوەندارییەتی لە کەنیسە بە بەشێك لە ئەو پرۆسە درێژخایەنەی پێکهاتنی دەوڵەتی مۆدێرنی بۆرجوازی لە ((جیابوونەوەو)) و ((سەربەخۆیی)) لە کەنیسەدا،ناوببرێت.

---

١.ئیمانۆئێل کانت لە ((ڕۆشنگەری چییە؟)): Qu est-ce-que les .lumiéres?

## ٤.لێکدانەوە سادە و دڵخوازەکان بۆ ((سیکولاریسم)) و ((لاییسیتە))

(موحەممەد ڕەزای نیکفەر)

سەبارەت بە بەکارهێنانی ((سێکولاریزاسیۆن)) هەندێك کەس پێیان وایە لە ماوەی مێژوودا زۆر شتیان خستووەتە سەر ئەم وتەزایە و زیاتر لە توانای هەڵگرتنی خراوەتە سەری و هاوکات دەیخەنە سەریشی.

لە ئەنجامدا ئەم چەمکە کارایی خۆی لە دەست دەدات و زۆر بە کەڵکی بەکارهێنان نایەت.ڕەخنەی ئێمە بۆ هەندێك لە تیۆریزە کردنە ئێرانییەکان سەبارەت بە ((سێکولاریسم)) یا ((لاییسیتە)) هەرلەمبارەیەوەیە.هەندێك کەس لە یاری کردن بەم چەمکانە ئازادییەکی تەواو و بێ سنوور دەدەن بە خۆیان.بە شێوەیەك کە تێگەیشتنی سادە و ئیرادەگەرا و دڵخواز و تایبەتی ئەوان لەم دیاردەیە،بووەتە هۆی ئاڵۆزی و تەنانەت لە ناوچوونی مانای سەرەکی ئەم چەمکە.((داڕشتنی تیۆرێکی خۆماڵی سەبارەت بە سێکولاریزاسیۆن)) لە لایەن موحەمەد ڕەزای نیکفەر یەکێك لە نموونە بەرچاوەکانی ئەم تێگشتنە سادە و دڵخوازانەیە لە ((سێکولاریزاسیۆن)) کە لە خوارەوە سەرنجی دەدەینە.

هەوڵی نووسەر لە داڕشتنی جۆرێك لە ((سێکولاریزاسیۆن)) بە ((شێوازی ئێرانی)) یا بە واتایەکی تر لە بە ((ئێرانی کردنی)) ئەم وتەزایە — شتێك کە ناوی لێناوە ((داڕشتنی تیۆرێکی خۆماڵی...)) — جێگای تێڕامان و ڕێزە،بە تایبەت لەو لایەنەی کە خۆی دەیڵێ:

((شێوازی ئەم وتارە...پێداچوونەوەیەکی چەمکی سێکولاریزاسیۆنە لە ناوەندی بارودۆخی وجودی — مێژوویی ئێستای مرۆڤی وڵات و کولتووری ئێمەدایە.))

ئەم هەوڵدانە فیکرییە تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بە ((پێداچوونەوەی)) بنەماکانی ((مۆدێرنە))وە واتە ڕیساکانی ئازادی ژنان و حکومەتی یاسا و



دیموکراتی و جیابوونەوەی دەوڵەت و ئایین،هەڵوەشاندنەوەی دەستکەوتەکان...دادپەروەری و پێشکەوتنی...ئێرانی ئەمڕۆدا هەبێت،نابێتە جێگای دژایەتی کردن لە لایەن هیچ کەسێکی دیموکراتی و هەروەها ناکەوێتە چوارچێوەی ڕەخنەیی ئێمەوە.بەڵام گرفتی ئەم کارە لەوێدا سەر هەڵ ئەدات کە نووسەر وتەزای ((سێکولاریزاسیۆن)) دێنێتە ناو ئەم باسانەوە و دەیبەوەی لە ناو ئەم ((هاوکێشە)) سنووردار و بەرتەسکەیدا،جێگای زۆریك لە بنەماکان و چەمکەکانی ((مۆدێرنە)) بکاتەوە و ڕەنگیان تیا بداتەوە.بە واتایەکی تر،تایبەتمەندییەکانی ((مۆدێرنە)) بکاتە تایبەتمەندییەکانی ((سێکولاریزاسیۆن)) و بە هەمان شێوەش پێناسەیان بکات.بۆ نموونە لەمانەی خوارەوەدا (ڕوونکردنەوەکان لە لایەن منەوەیە):

((سێکولاریزاسیۆن لە چوارچێوەی کولتووری ئێمەدا واتە سەبارەت بە ئازادی ژنان....پێگەی پرسیارێکی مێژوویی ڕاستەقینە کە ڕووبەڕووی سێکولاریزاسیۆن کرابێتەوە و وەڵامەکەی لە ئێرانی ئەمڕۆدا،هەر بابەتی ئازادی ودادپەروەری و پێشکەوتنە وبابەتی سێکولاریسم بە دەوری هەریەك لەم سێ هێڵەدا دەخولێتەوە...ئەو سێ بابەتەش بە شێوەیەکی بەرفراوان تر ئەمانەن:هەڵوەشاندنەوەی بەهای نەریتەکان و بەهای تاقم و چینایەتی،دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرن،هەروەها سەقامگیربوونی یاسا.بەم پێیە سێکولاریزاسیۆن ملکەچی ڕەوتێکی مێژوویی دەبێت کە هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی لە گەڵ هەر یەکە لەم سێ خاڵەدا خۆیان دەردەخەن.))

((مێژووی نووسراوی سێکولاریزاسیۆن پێکهاتووە لە کۆمەڵێك دێڕی تۆمارکراو لە بەشە جیاوازەکانی کتێبی مێژووی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی نوێ دا.ئەگەر سێ بەش لە بەشەکانی ئەم کتێبە تایبەت کرابن بە چەند بابەتێکی پێکەوە گرێدراوی وەك هەڵوەشاندنەوەی دەستکەوتە چینایەتییە کۆنەکان و دامەزراندنی دەوڵەتی

مۆدێرن و بە یاسایی کردنی کۆمەڵگا،ئەوا دەتوانین بڵێین کە زۆرترین زانیاریمان سەبارەت بە سێکولاریسم لەمانەوە دەست دەکەوێت.))

((بوونی دیاردەیەك بە ناوی یاسا و سیستمی یاسایی،هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵێك لە بەهای نەریتەکان،بوونی سیستمێکی خوێندنی جیاواز لە سیستمی ئایینی،چاودێرییەکی ڕێژەیی لە سەر چۆنیەتی سووڕانەوەی پارە و سەرمایە،چەق بەستنی دەسەلاتێکی بەهێز لە دەستی دەوڵەت،ئامادەبوونێکی ڕێژەیی ژنان لە کۆمەڵگادا،زاڵبوونێکی ڕێژەیی بە سەر سیستمێکی بێسەرووبەر و چەند شتێکی تری بەم چەشنە،ئەمانە هەمووی دەرکەوتەکانی سێکولاریزاسیۆنن.سێکولاریزاسیۆن وەك چەمکێکی یاسایی چەند لایەنێك لە هەڵوەشاندنەوەی بەها کۆنەکان دەست نیشان دەکات و هەر لەم لایەنەوە دەبێتە بەشێکی گرنگی پێکهێنەری ڕەوتی دەوڵەتی مۆدێرن.))

لەم داڕشتنانەی سەرەوە دەتوانین سێ ڕەخنەی سەرەکی بگرین:

ڕەخنەی یەکەم:موحەمەد ڕەزای نیکفەر پێناسەیەکی بێ سەروبەر لە ((سێکولاریزاسیۆن)) دەخاتە ڕوو"تێکەڵکردنێکە کە ئەم نووسەرە لە نێوان بنەما جۆربەجۆر و بەرفراوانەکانی مۆدێرنە وەك ئازادی،پێشکەوتن و مافی مرۆڤ و دەوڵەت و یاسا.....و وتەزایەکی بەرتەسك و سنوورداری وەك ((سێکولاریزاسیۆن)) ئەنجامی دەدات.ئەگەرچی ((سێکولاریسم)) لە یەکێك لە مانا و پانتاییەکانی دا وەك لایەنێك لە ((مۆدێرنە)) هەژمار دەکرێت،بەڵام هاومانا و یەکسان نییە لە گەڵ ((مۆدێرنە)) دا.ئەوەی تاوەکو ئێستا لە پێناسە و ڕاڤەکردنی ((سێکۆلاریزاسیۆن)) باسمان کردووە پیشانی دەدات کە ئەم چەمکە ــ پرۆسە مێژووییە،لە یەکێك لە ماناکانیدا بە بەشێك لە بزووتنەوەی ڕۆشنگەری هەژمار دەکرێت بەڵام لە هەمان کاتدا بنەما جیاوازەکانی ((مۆدێرنە)) لەناو خۆیدا کۆناکاتەوە.ئەو هەوێنە جۆربەجۆرانەی کە لە نووسینەکانی موحەمەد ڕەزای نیکفەر بە دروستکەری



((مۆدێرنە)) هەژمار دەکرێن نابێت و ناکرێت هەموویان بە ((دەرکەوتەکانی سێکولاریسم)) دابنرێت واتە ئازادی،دادپەروەری،پێشکەوتن،هەڵوەشاندنەوەی بەهای چینایەتی،دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرن و سەقامگیربوونی یاسا..چاودێری لە سەر کرداری سووڕانەوەی پارە...گرتنە دەستی دەسەلات لە لایەن دەوڵەتەوە،ئازادی ژنان،یەکسانی ژن و پیاو و هتد.

بەلانی کەمەوە ((سێکولاریزاسیۆن)) لە ڕۆژئاوادا لە سەدەی حەڤدەیەمەوە دەسپێدەکات لە کاتێکدا زۆرێك لە ئەو دیاردە سیاسی و کۆمەلایەتییانەی و یاسایی و ئابوورییەی کە ناومان هێنا وەك یەکسانی ژن و پیاو،بە بەشێك لە دەستکەوتە مرۆییەکانی سەدە هاوچەرخەکان هەژمار دەکرێت واتە (کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەدەی بیستەم).

ڕەخنەی دووەم لەوێدایە کە تێگەیشتنێکی بێ سنوور و بەرفراوان لە ((سێکولاریزاسیۆن)) و ((خستنە سەری)) لە ڕادەبەدەر بۆی دەبێتە هۆی ئەوەی کە مانا سەرەتایی و سەرەکییەکەی ئەم وتەزایە لە نێوان کۆمەڵێکی زۆری وتەزا و دیاردەی تردا،ئەگەر لە ناونەچێت ئەوا کاڵ و شاراوە دەبێت.بە واتایەکی تر ترسی ئەوە هەیە کە ئەم هاوماناکردنە لە گەڵ زۆرێك لە بابەتەکانی تری وەك پیشکەوتن و دیموکراتی و یەکسانی سووڕانەوەی پارە و هتد سێبەر بخاتە سەر یەکێك لە بنەما ناوکی ، سەرەکییەکانی ((سێکولاریزاسیۆن)) کە ئەویش پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و ئایینە و ئەمە پەراوێز بخات.

سەرەنجام ڕەخنەی سێیەمی ئێمە ئەمەیە کە چەمکی ((سێکولاریزاسیۆن)) ئەوەندە ((توانا)) و ((ڕوون)) نییە کە بە یارمەتی ئەمە بتوانی ((تیۆریکی مۆدێرن))ی ئێرانی (یا تەنانەت تیۆری جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت) پێك بهێنی و دروستی بکەی.

ئەم چەکە واتە چەمکی ((سێکولاریزاسیۆن)) توانای تاقیکردنەوەیەکی کارای بەم چەشنەی نییە.((سێکولاریزاسیۆن)) چەمکێکە کە چەند واتایەکی زۆر و شاراوەی هەیە،سەرێکی دەگەڕێتەوە بۆ زانستی ئایینی مەسیحی ((بە دونیایی کراو)) و سەرێکی تری دەگەڕێتەوە بۆ بنەمای عەقڵگەرایی ونائایینی ڕۆشنگەری"بۆیە بە هیچ شێوەیەك کۆڵ بۆ ئەوە نادات کە بیخەیتە ناو یەك چوارچێوەیەی دیارەوە.

**٥.تێکەڵکردنی ((سێکولاریسم)) و ((دیموکراتی)) و ((حکومەتی دیموکراتی ئایینی))**

**(موستەفا مەلەکیان،عەلی ڕەزا عەلەوی تەبار)**

دەکرێ جۆرێکی تر لە شێواوییە تیۆرییەکان لەو دەقە ناوبراوانەدا لە تێکەڵکردنێکی نابەجێی ((سێکولاریسم)) و ((دیموکراتی)) و ((حکومەتی دیموکراتی ئایینی)) بە دی بکەین.موستەفا مەلەکیان لە ((سێکولاریسمی و حکوومەتی ئایینی)) و عەلی ڕەزا عەلەوی تەبار لە ((سێکولاریسم و دیموکراتی)) بە پێشەنگی ئەم جۆرە تێکەڵکردنانە هەژمار دەکرێن.ئەوان هەوڵ ئەدەن بە پێی گونجاندنی ((زۆرینە)) لە گەڵ ((دیموکراتی))،بکەونە گونجاندنی دوو لایەنی جیاواز واتە ((سێکولاریسم)) و ((حکومەتی ئایینی)).لە کاتێکدا دەزانین کە لەم ((گونجاندنە)) وەهمی و خەیاڵییەدا،تەنانەت بە پشتیوانی ((ڕای زۆرینەش)) کە بە تەنیا پێوەر دادەنرێت،ئەوا نە بە شێوەیەکی ڕاستەقینە ((دیموکراتی)) بەدی دەکەین و نە ((سێکولاریسم)) کە بەو شێوەیەی لە سەرەتاوە باسکراوە و نە ((لاییسیتە)).

لەم تێکستەی خوارەوە ڕوونکردنەوەکان لە لایەن نووسەر خۆیەتی:



**ــ موستەفا مەلەکیان**

((ئەوەی تاوەکو ئێستا باسمان کرد بەرگریکردنێك بوو لە سێکولاریسم.ئەم بەرگرییە خۆی لە پەیوەندی ئەوەدایە کە بە ناڕەزایی بەرامبەر بە حکوومەتی ئایینی دادەنرێ،واتە مەبەستی دووەمی من ئەمەیە کە لە گەڵ هەبوونی ئەم بنەمایەنەی سێکولاریسمیشدا، حکومەتی ئایینی دەکرێ دروست ببێت،بە مەرجێك بە هەمان شێوە کە باسم کرد نەگونجاو نەبێت لە گەڵ بنەماکانی سێکولاریسم دا.....ئەو مەرجانە کامانەن؟مەرجێك ئەمەیە کە کاتێك زۆربەی دانیشتوانی کۆمەڵگایەك دەڵێن (بە شێوەیەکی ئایدیالیستی)زۆربەی ئەو شتە ئایینی یانەی کە ئێمە بڕوامان پێی هەیە ناتوانن بە دی بێن و هیچ بەڵگەیەك بۆ پشت ڕاستکردنەوە و یان بەدرۆ خستنەوەیان بوونی نییە،ئەوا هەر پەیوەستین بەم بڕوایانەمانەوە و هەر ئەمانەش بە بنەمای حکومەتی خۆمان دەزانین و دەمانەوێت لەو کۆمەڵگایەی کە خۆمان دروستی دەکەین،بڕوا ئایینی یەکان بنەمای بڕیارە گشتی یەکان بێت.ئەوا لەم کاتەدا دەتوانین حکومەتی ئایینی مان هەبێت (چونکە بە پێی بنەما ئایینی یەکانە) بە شێوەیەك کە لە گەڵ سێکولاریسمیشدا دەگونجێ"چونکە خەڵکیش دەڵێن ئێمەش هەر ئەمەمان دەوێت.))

**ــ عەلی ڕەزا عەلەوی تەبار**

((چ پەیوەندییەك لە نێوان دیموکراتی و سێکولاریسم دا هەیە؟ئایا بۆ دەستکەوتنی دیموکراتی پێویستە کە سێکولار بێت و سێکولاریسم قبووڵ بکەیت؟

((بە سەیرکردنێکی تر بۆ بەکارهێنانە جیاوازەکانی سێکولاریسم و بە بەراورد کردنی لە گەڵ بناغەکانی دیموکراتی دا دەکرێ بڵێی کە تەنیا یەك لایەن لە سێکولاریسم بۆ هەبوونی دیموکراتی پێویستە.ئەو لایەنەی سێکولاریسم بریتی

یە لە ((جیابوونەوەی دەوڵەت و ئایین)).هەر لەسبارەیەشەوە دەبینت زۆر بە وردی ئەم بیروڕایە دەربڕی.

ئەگەر مەبەست لە تێکەڵ بوونی ئایین و حکومەت ئەمە بێت کە حکومەت ڕەوابوونی خۆی لە بەها ئایینی یەکانەوە دەست دەکەوێت.وانە بە پاڵدانەوە لە سە رخوێندنی ئایینی خۆی لە سەر حەق پیشان دەدات و داوا لە خەڵك دەکات کە گوێ ڕایەڵی بن،ئەوا ئەم کارە لە گەڵ دیموکراتی دا ناگونجێ..بەڵام ئەگەر هاتوو زۆرینەی کۆمەڵگایەك بە هۆی بەهائایینی یەکانەوە ڕەوابوونی حکومەتێك قبووڵ بکەن،ئەوا سوود بینین لە ئایین لەم بوارەدا هیچ گرفتێك دروست ناکات و نابێتە هۆی کێشە نانەوە لە کاروباری دیموکراتیدا.))

((بەڵام ئەگەر مەبەست لە بە ئایینی بوونی حکومەت،دانانی مافێکی تایبەتی بێت بۆ ئایین داران و ڕاڤەکەرانی ئایین،یا خوێندنەوەیەکی تایبەتی ئایین یا مەزهەب بێت بۆ ئەمە،ئەوا ئەمە لە گەڵ دیموکراتی دا ناگونجێت...))

((بۆیە ئەگەر بە ئایینی بوونی حکومەت بە مانای ((مافێکی تایبەت و ڕەوابوونێکی هەتاهەتایی)) بێت،ئەوا ناتوانرێ حکومەتێکی دیموکرات و لە هەمان کاتدا ئایینیت هەبێت"لەم کاتەدا بوونی سێکولاریسم بۆ دیموکراتی پێویستە.))

موستەفا مەلەکیان و عەلی ڕەزا عەلەوی تەبار پێکەوە ڕێگا بۆ حکومەتێکی ئایینی دەڕەخسێنن،بەڵام ئەمجارەیان حکومەتێك کە ڕەوابوونی خۆی بە شێوەیەکی دیموکراتی لە دەنگی خەڵکەوە بە دەست هێنابێت.ئەوان لە نێوان دیموکراتی و ئەم حکومەتە ئایینی یەی کە مەبەستیانە،هیچ ناکۆکییەك بە دی ناکەن،چونکە ((خەڵکیش دەڵێن ئێمەش هەر ئەمەمان دەوێت)) یا ئەوەی کە زۆرینەی کۆمەڵگا بە پاڵپشتی بۆ زمان وبەها ئایینی یەکان ڕەوابوونی ئەو حکومەتە قبووڵ دەکەن.



ئەوەی کە موستەفا مەلەکیان و عەلی ڕەزا عەلەوی تەبار لە نێوان حکومەتی ئایینی دڵخوازی خۆیان و ((دیموکراتی)) هەڵبەت بە شێوەیەکی بەرفراوانی واتاییدا ــ دیموکراتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ــ هیچ ناکۆکییەکی ئاشکرا بەدی ناکەن"ئەوەی کە ئەوان ((دیموکراتی)) تەنیا لە دیموکراتی سیاسی و ئەمەشیان تەنیا لە دەنگی خەڵکیدا کورت دەکەنەوە،ئەمانە هەمووی دەرخەری تێگەیشتنێکی داشکان خوازانەو و یەك لایەنەی ئەوانە بۆ دیموکراتی،کە ئەمانە ناکەوێتە چوارچێوەی ئەم بابەتەی ئێمەوە.بەڵام ئەوەی کە ئەوان وادەزانن بوونی حکومەتێکی ئایینی بە مەرجێك دەنگی زۆرینەی خەڵکی لە سەر بێت،لە گەڵ ((سێکولاریسم)) دا دەگونجێ،هەڵەیەکی زۆر نابەجێ و نەشیاوە، کە ئەمە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە گەڵ ئەم بابەتەی ئێمەدا دروست دەکات.لە ڕاستیدا ئەوان دەڵێن کە ئەگەر حکومەتی ئایینی ــ هەڵبەت نەك وەك ((ماف و ڕەوابوونێکی هەتاهەتایی)) (عەلی ڕەزا عەلەوی تەبار) ــ پاڵپشتێکی دیموکراتی لە لایەن دەنگی خەڵکەوە هەبێت،ئەوا ئیتر پێویستی بە سێکولاریسم نییە (عەلی ڕەزا عەلەوی تەبار) و یان هیچ نەگونجانێکی لە گەڵ بنەماکانی ((سێکولاریسم)) دا نییە (موستەفا مەلەکیان).

لێرەدا لە لایەکەوە ئەم دوو وتەزایە لە گەڵ یەکدا تێکەڵ دەکرێن،((سێکولاریسم)) و ((دیموکراتی)) یان ((ڕەوایەتی حکومەت لە لایەن خەڵکەوە))،لە لایەکی ترەوە بە گونجاو زانینی ((سێکولاریسم)) و حکومەتی ئایینی،هەڵەیەکی ئاشکرا ڕوودەدات.

بەهەمان شێوە کە پێشتر بە ڕاشکاوی وتمان ((سێکولاریسم)) لە یەکێك لە مانا سەرەکییەکانیدا چاودێرە لە سەر پەیوەندییەکانی نێوان ئایین و دونیا:ئایینێك کە بە دونیایی دەکرێت و دونیایەکیش کە سەربەخۆ و سەربەست دەبێت لە سەرپەرشتیاری ئایین.لێرەدا بە تایبەت بەڕێوەبردنی

دەوڵەت لە ناوەندی دەسەڵات و سەرپەرشتیاری ئایین دا ((دێتە دەرەوە)).بەمشێوەیە ((سێکولاریسم)) (یان لاییسیتە) ڕەتکەرەوەی هەر چەشنە ((حکومەتێکی ئایینین))،بە بێ گوێدان بۆ هەڵبژاردنێکی دیموکراتییانەی ئەم حکومەتە،چونکە ئەم بابەتەیان پەیوەندی بە ((لاییسیتە)) و ((سێکولاریسم)) نییە.

بە شێوەیەکی گشتی هیچ پەیوەندییەك لە نێوان ((سێکولاریسم)) و ((سێکولاریزاسیۆن)) لە لایەك و ((ڕەوابوونی دیموکراتی حکومەت دا)) لە لایەکی ترەوە نییە.((سێکولاریسم)) و ((دیموکراتی)) ئەگەر چی لە هەندێك شوێن دا یەك دەگرنەوە،بەڵام دوو دیاردەی جیاواز پێك دەهێنن و هاوواتا و یەکسان نین.ناوەڕۆك و بابەتی ئەمانش هەر لە یەکەوە جیاوازە.بە واتایەکی تر مۆدێلی حکومەت (یا دەوڵەت) و پەیوەندییەکانی خەڵکی لە گەڵیدا،ئەوەی کە ئەم حکومەتە هەڵبژێردراوی خەڵکە یا نە،ئەوەی کە حکومەت لە لایەن خەڵکەوە ڕەوابوونی هەیە یانە،ئەوەی کە خەڵکی هەر ئەم حکومەتەیان دەوێت یا نە......هیچ کسام لەم پرسیارانە بە شێوەیەکی ئاشکرا،پرسیارێکی ((سێکولاریسم)) یا ((سێکولاریزاسیۆنانە)) نین.

بەڵام ((دیموکراتی)) لە مانا سیاسییەکەیدا،چاودیرە لە سەر پەیوەندییەکانی خەڵکی لە گەڵ حکومەت و (بە شێوەیەکی گشتی دەوڵەت) و لە مانایەکی گشتی و بەرفراواندا چاودێرە لە سەر هاوبەشی خەڵکی لە گرتنە دەستی کاروباری خۆیاندا و یان دەست بە سەراگرتنی کاروباری خەڵکییەوە لە لایەن خودی خەڵکییەوە (دیموکراتی بە مانا یۆنانییەکەی هەر((دەسەڵاتی خەڵکییە)) ).لەم مانایەی دواییدا دەتوانی پەیوەندییەك لە نێوان ((سێکولاریسم)) و ((دیموکراتی)) بە دی بکەی واتە سەربەستی و سەربەخۆیی خەڵکی یا دەسەڵاتداری خەڵکی لە سەر کاروباری خۆیان بە ڕزگاربوونیان لە هەر دەسەڵاتێکی تردا.چوونەدەرەوە لە سەرپەرشتیاری ئایین (



لە سێکولاریسم و لاییسیتە دا) بە لایەنێك لە پرۆسەی دەسەڵات گرتنە دەستی خەڵکی لە بەڕێوەبردنی کارەکانی خۆیان (لە ناو دیموکراتی) دا هەژمار دەکرێت.

لە گەڵ ئەمانەشدا سێکۆلاریسم و دیموکراتی بە جۆرێك پەیوەست نین بە یەکەوە کە ئەمیان مەرجی بەدیهاتنی ئەویان بێت.((سێکولاریسم)) بە بێ ((دیموکراتیش)) دەتوانێ بوونی هەبێت،بە هەمان شێوە کە ((دیموکراتیش)) دەتوانێ بە بێ ((سێکولاریسم)) بوونی هەبێت،بەڵام ئەمەیان بێ گومان بە شێوەیەکی سنووردار و ناتەواو دەبێت!بەڵام ئەوەی کە ئاشکرایە سێکولاریسم یا لاییسیتە لە گەڵ ((حکومەتی ئایینیدا)) ناتەبایە،واتە وەك دژە یەکییەك کە لە ناوخۆیاندا هەیە،دژیەکییەك ئاشکراو و ڕوون کە لە گەوهەری واتایی و چەمکی هەر یەکێکیاندا بوونی هەیە!

**٦.ئەنجامی:شاراوەیی دوولایەنەی نێوان ((سێکولاریزاسیۆن)) و تیۆرە ئێرانییەکان**

**لەمانەی کە تێپەڕین دەتوانین بگەینە چ ئەنجامێك؟**

سەرقاڵ بوون بە تیۆرە ئێرانییەکان بەلانی کەمەوە ئەوانەی کە لە ماوەی ئەم وتارە دا بە شێوەیەکی کورت لە لایەن ئێمەوە توێژینەوەیان لە سەرکرا،دەریدەخات ئەم تیۆرانە تووشی شاراوەیی و ئاڵۆزییەکی بەرفراوان هاتووەن.

پێناسە و ڕاڤەکردن و تێگەیشتنەکان لە ((سێکولاریسم)) یا تاڕادەیەك لە ((لاییسیتە))،لە هەندێك لایەنەوە هەڵە و یەك لایەنە و داشکان خوازە"لە هەندێك لایەنی ترەوە بە پێچەوانەوە سادە وبەرفراوان (تۆتالیتارە)،لە لایەنێکی تریشەوە تایبەتی و دڵخوازانەیە.

به گشتی ((سیکۆلاریزاسیۆن)) لە گەڵ یەکێك لە لایەنەکانییەوە یا پانتاییەکانیەوە یەکسان دەکرێت:لای هەندێك لە لایەن ((بە دونیایی بوونی مەسیحییەت))"لای هەندێکی تر لە گەڵ ((مۆدێرنە)) دا"سەرەنجام لە جێگایەکی تردا لە گەڵ ڕەوتی مێژوویی ((وەرگرتنەوەی خاوەنداریەتی...)).

بەلاّم لە هەموو ئەم بارودۆخانەدا ،هاوکات یەکێك لە مانا بنەڕەتی و سەرەکییەکانی ئەم ((پرۆسە ـ لۆژیکە)) بووەتە ((قوربسانی)) یەك لایەن بینی یا فراوان بینیەوە واتە ئالۆزکردنەوەی و تەنانەت لە ناوبردنیشی و ئەم مانایە بریتی یە لە ((چوونە دەرەوە لە دەسەلاّتی ئایین)).

سەرەنجام وتەزاکان و دیاردەکانی ((سیکۆلاریزاسیۆن)) و ((لاییسیتە)) و ((عورف)) و ((دیموکراتی)) و ((بە دونیایی بوون)) و جیابوونەوەی دەوڵەت و ئایین)) و ((حکومەتی دیموکراتی ئایینی))....ئەمانە هەمووی بە بێ سەرەنج دان بۆ جیاوازییان و دژیەکییان،لە هەولێکی جێگۆڕکێکردنیان یا یەکسان کردنیان یا گونجاندیان،کە هەندێك جار نابەجێ و بێ سوودیشە ،تێکەڵ و پێکەڵ دەکرێن وتێکەلاّو دەبن....

بەرهەمی ئەم شێواوی و تێکەڵکردن و لاسایی کردنەوە گشتی یانە ،لە لایەن زۆربەی ئەو تیۆرزانانەوە کە توێژینەوەمان لە سەریان کرد بەلاّم نەك هەموویان (بۆنموونە موحەمەد ڕەزا نیکفەر)، بووەتە هۆی ئەوەی کە ((سیکۆلاریزاسیۆن)) و ((لاییسیتە)) ببنە قوربانی دەستی ئەم ((شەڕە)).بەلاّم ئەم شاراوەییە تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ تیۆرەکان و تێگەیشتنە شێواوەکانی ئێرانییەکان بەڵکو ڕیشەیەکی دەگەڕێتەوە بۆ جێگایەکی تریش:واتە لە ناو خودی وتەزای ((سیکۆلاریزاسیۆن)) دا! لە ماوەی ئەم نووسینەدا ئاماژەمان بۆ ئەم لایەنە کرد و هەندێك لە لایەنەکانیشیمان ئاشکرا کرد.



ووتمان کە ((سیکۆلاریزاسیۆن)) وتەزایەکی پارادۆکساڵ و فرە مانایە.هەم ڕەگێکی مەسیحی ـ کەنیسەیی ـ یاسایی هەیە و لە مانەیەکدا دیاریکەری ((بە دونیایی بوونی)) مەسیحییەتە و هەم ڕەگێکی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆشنگەری (Aufklarung) و بەم شێوەیە وەك یەکێك لە وتەزاکانی ((ڕێنمایی)) ((مۆدێرنە)) کار دەکات.

((سیکۆلاریزاسیۆن)) لە لایەکەوە هەر وەك ((ڕزگاربوونی)) مرۆڤایەتی لە دەسەلاّت و سەرپەرشتیاری مەزهەب،وەك دروشم و یا بەرنامەیەکی سیاسی دەخرێتە ڕوو و لە لایەکی ترەوە هەروەك ((گواستنەوەی)) ناوەڕۆکەکان و پرۆژەکان و مۆدیلە پێکهاتووەکانی مەڵبەندی ئایینی (مەسیحی) بۆ سەردەمی ئێستا کە بە بابەتی ((سیکۆلاریزاسیۆن)) بەناوبانگە ـ ((نوێ)) بوونی ((سەردەمی نوێ)) دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

هەرلە بەرئەمە ناڕوونی و شاراوەیی ((سیکۆلاریزاسیۆن)) ،وای کردووە کە ئەم وتەزایە لە هەموو لایەنەکاندا وەك هزری سیاسی و کۆمەڵناسی و بە تایبەت فەلسەفەی سیاسی مشتومڕێکی زۆری لە سەر بکرێت.

هەر لە هیگڵەوە کە باس لە ((گەردوون گەرایی)) (Verzeltlichung) مەسیحییەت و ((ڕاستی بەخشین)) (realization) بە مەزهەب و نەك ((توانەوەی)) دەکات و لە ئەم ووشەیە وتەزایەکی نوێ دروست دەکات بۆ ڕاڤەکردنی ((سەردەمی مۆدێرن)) هەروەها تا هایدگەر کە ((سیکۆلاریزاسیۆن)) بە ((نابیرۆکەیەکی سەرلێشێواو)) ناو دەبات و یان دێریدا کە ((سیکۆلاریزاسیۆن)) و ((لاییسیزاسیۆن)) بە چەند((چەمکێکی زیادەی مەسیحی)) دەزانێ....هەروەها ئەم وتەزایانە لای فۆیرباخ و مارکسی گەنج و نیچە ((جێگۆڕکێی)) پێی دەکرێت یان ((ڕادیکاڵیزاسیۆن)) دەکرێت و یان ((ئاوەژوو)) دەکرێت و یان لای کۆمەڵناسی مێژوویی ڤێبری ((پووچوڵ دەبێتەوە))....سەرەنجام ئەنجامی ئەم ((مشتومڕە فەلسەفییە)) و ڕەخنەی

((بابەتی سیێکولاریزاسیۆن)) (سیێکولاریزاسیۆن وەك وتەزایەكی ناڕەوای سەردەمی مۆدێرن) لە لایەن هانس بلۆمینبێرگ ـــ لە ڕەخنەی بۆ تیۆری كارڵ ئیشمیت ـــ ئەمانە هەمووی ئەو ئاستە جیاوازانەی ئەو باسەن كە بە ناونیشانی ((مشتومڕی سیێکولاریزاسیۆن لە ڕۆژئاوادا)) دەبێتە بابەتی تێڕامانی من و ناونیشانی نووسینی داهاتووی منە لەمبارەیەوە.

***



## كتێبە چاپكراوەكانی یانەی قەڵەم

| ژ | ناوی كتێب | بابەت | ناوی نووسەر | ناوی وەرگێڕ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | فریوو خۆحەشاردان | چیرۆك | عەتا محەمەد | |
| ٢ | ئایین (هزر سیاسەت) | فیكری | كۆمەڵێك نووسەر | یاسین عومەر |
| ٣ | بەیەكداكێشانی شارستانێتی | فیكری سیاسی | سامئیل هانتینگتۆن | ئاوات ئەحمەد |
| ٤ | سوەیلا | ڕۆمان | شارام قەوامی | |
| ٥ | ڕۆژی هاتنەكەی عودەی | چیرۆك | ئاوات عەبدوڵڵا | |
| ٦ | سیماكانی عەقڵانیەتو خورافە | | فالح عەبدولجەبار | ئاوات ئەحمەد |
| ٧ | وەنەوشەكەی چیرۆك | چیرۆك | كۆمەڵێك نووسەر | شیرین.ك |
| ٨ | نەبەهەشت لەسەر زەویدایە | فیكری | كۆمەڵێك نووسەر | ئومێد عوسمان |
| ٩ | فیمینیزم | فكری | نورە فەرج | عەبدوڵلا تاهیر |
| ١٠ | لەڕوانگەی خۆرئاواوە | فكری | كۆمەڵێك نووسەر | ئومێد عوسمان |
| ١١ | منداڵباز | ڕۆمان | فەرهاد پیرباڵ | |
| ١٢ | كیمیاگەرانی وشە | لێكۆڵینەوەی | كۆمەڵێك نووسەر | یاسین عومەر |
| ١٢ | گوزارشتی مۆسیقا | هونەری | فواد زەكریا | حەمە كەریم |
| ١٤ | خەمەكانی ڕۆشنگەری | فكری | هاشم ساڵح | ئاوات ئەحمەد |
| ١٥ | یەڵماز گۆنەی | | كۆمەڵێك نووسەر | حەمە كەریم |
| ١٦ | هەناسەی پێخەفەداخراو | چیرۆك | چنوور سەعیدی | |
| ١٧ | سادقی هیدایەت | لێكۆڵینەوە | حەمە كەریم عارف | |
| ١٨ | یادەوەرییەكانی كۆلانێكی خاپووركراو | چیرۆك | سیامەند هادی | |
| ١٩ | قالاو یەعنی قەفەسێكی خاڵی | شیعر | كەمال ئەمینی | |
| ٢٠ | تیانووسی پاشای هیچ | شیعر | یاسین عومەر | |
| ٢١ | لەسێبەری پرسیاردا | دیدار | سەمەد ئەحمەد | |
| ٢٢ | زەمین وەك پرتەقاڵێك شینە | شیعر | پۆل ئیلوار | فەرهاد پیرباڵ |
| ٢٣ | گێلاسی خوێن | ڕۆمان | عەتا محەمەد | |
| ٢٤ | حەرامترین | چیرۆك | عەلی پێنجوێنی | |
| ٢٥ | ڕەنگە كاڵبووەكانی دنیا | شیعر | گەروسەبدولەلیكیان | مەریوان هەڵەبجەیی |
| ٢٦ | كۆنترۆڵی میدیا و ڕاگەیاندن | ڕاگەیاندن | نوام چۆمسكی | كەریم قادر پوور |
| ٢٧ | مۆزارت، منداڵی ئەفسووناوی | هونەری | ئەنیس مەنسور | مامۆستا ئەحمەد |
| ٢٨ | ئەفرێنەرانی خۆر ئاوا | فكری | هاشم ساڵح | ئومێد عوسمان |
| ٢٩ | دەریایەك لەوشە | دیدار | مهاباد قەرەداغی | |
| ٣٠ | داهێنان و مەرگ | لێكۆڵینەوە | سەلاح حەسەن | |
| ٣١ | ژنێ لەبەردەم وەرزێكی | ژیان و بەرهەم | فروغ فروغزاد | ئازاد بەرزنجی |
| ٢٢ | گەڕان بەدوای قولاییدا | چیرۆك | پاتریك زوسكیند | شیرین. ك |
| ٣٣ | پابەندبوونی ئەدەبی | لێكۆڵینەوە | رمجان الصباغ | ئاری عوسمان |
| ٣٤ | مێرووله و كۆتر | منالان | ئیزۆپ | جەبار سابیر |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٥ | منو باپیرەو نەنە | منالآن | ستیوارت همپڵ | جەبار سابیر |
| ٣٦ | دیالۆگ، خەندە، ئازادی | لێکۆڵینەوە | میخائیل باختین | هادی محەمەدی |
| ٣٧ | مامزێر | رۆمان | کاروان کاکە سوور | |
| ٣٨ | ئێمە گوناهین | چیرۆك | هیوا ئەمین نژاد | |
| ٣٩ | شەبەنگی بوون، زایەڵەی.. | راڤەی دەق | هەندرێن | |
| ٤٠ | خۆشم ئەوێی شێتەگیان | منالآن | ستیوارت همپڵ | جەبار سابیر |
| ٤١ | فریشتەکان | چیرۆك | رەسوڵ یۆنان | جەبار سابیر |
| 42 | پاییزی عومری من | شیعر | ژاوێن شاڵی | |
| ٤٣ | نەتەوەو حەکایەت | لێکۆڵینەوە | رێبوار سیوەیلی | |
| 44 | گەمەی پاقیژە | شانۆنامە | ژان ژینێ | دلاوەر قەرەداغی |
| ٤٥ | ماجەراکانی سەلمانی فارسی | رۆمان | یوسف عیزەدین | |
| ٤٦ | گەڕانەوەی خوشکەکان | چیرۆك | هەورامان وریا قانع | |
| 47 | تارژەنی رەنگ | حیکایەت | عەتا محەمەد | |
| ٤٨ | ئەوەی دنیا رزگار دەکات جوانییە | کۆدیدار | هیوا قادر | |
| 49 | پیاسەیەك بە تەنیا | وتارو لێکۆڵینەوە | توانا ئەمین | |
| ٥٠ | دەروازەیەك بۆ فەلسەفەی دادپەروەری | فەلسەفی | د.حسێن بەشیریە | رەزا مەنوچەهری |
| ٥١ | یار لە باخە | شیعر | هیوا قادر | |
| ٥٢ | سوارەکان بە قاچاخ بوك دەگوازنەوە | رۆمان | کاروان کاکە سوور | |
| ٥٣ | جیهانی سێیەم و جیهانی مۆدێرن | لێکۆڵینەوە | لوقمان رەئوف | |
| ٥٤ | باران رەدوکەوتووی قەسیدەکانی با | شیعر | ئەنوەر رەشید عەولا | |
| ٥٥ | کچی ناو تابلۆکە | چیرۆك | توانا ئەمین | |
| ٥٦ | ڤیسکۆنتی دوولەت بوو | رۆمان | ئیتالۆ کالفینۆ | و: جەبار سابیر |
| ٥٧ | ئیستاتیکای گێڕانەوە | لێکۆڵینەوە | ئارام سدیق | |
| ٥٨ | چاوەڕوانی | رۆمان | ئارام کاکەی فەلاح | |
| ٥٩ | زێوان | شیعر | سەباح رەنجدەر | |
| ٦٠ | فەهرەست | رۆمان | عەتا محەمەد | |
| ٦١ | لاییسیتە چییە؟ | لێکۆڵینەوە | شیدان وەسیق | فازل مەحمود وەلی |
| | | | | |